## پێشەکی

## نائەقڵانییەت، دیاردەیەکی نێودەوڵەتیی قۆناغی ئیمپریالیزمە

ئـەم کتێبـە بانگەشـەی ئـەوە ناکات نـە ببێت بـە مێژوویـەک بۆ فەلسـەفەی کۆنەپەرسـتیی و نـە تەنانەت بە کورتەیەکیـش دەربارەی مێـژووی ئەو فەلسـەفەیە. نووسـەر کە لێرەدا باسـی پەرەسـەندن و فراوانبوونی نائەقڵانییەت وەک ڕێچکە باڵادەسـتەکەی نێو فەلسـەفەی بۆرژوازیـی دەکات، زۆر چـاک دەزانێـت نائەقڵانییـەت هیچی تر نییە بێجگە لە یەکێک لە ڕێچکە سـەرەکییەکانی فەلسـەفەی کۆنەپەرستیی بۆرژوازییەت. ئەگەرچی هیچ فەلسەفەیەکی کۆنەپەرست بەبێ ڕادەیەک لە نائەقڵانییەتبوونی نییە، بەڵام فەلسەفەی کۆنەپەرستیی بۆرژوازییەت زۆر لـە سـنوورەکانی فەلسـەفەی نائەقڵانییەتـی ڕاسـتەقینە بـە واتا تایبەتەکەی تێدەپەڕێنێت.

بـەڵام ئـەم دەستنیشـانکردنە سـەرەتاییە بەتەنهـا بـەس نییـە بۆ ناسـاندنی بابەتەکەمان بەجۆرێکی ورد و دروسـت، چونکە لەنێو کۆی ئـەو بابەتانـەدا کە تیایـدا قەتیس دەبێـت مێژوویەکی تێروتەسـەل و بێکەموکـووڕ نییە بییەوێت ببێت بە مێژوویەکی تەواو بۆ نائەقڵانییەت، بەڵکـو تەنهـا لێکۆڵینەوەیەکە لە ڕێـگای شـیکردنەوەی قۆناغەکانی و نوێنـەرە هـەرە گرنـگ و هـەرە نموونەییەکانییەوە هێڵە گشـتییەکەی پەرەسەندنی نائەقڵانییەت دەخاتەڕوو. ئەوکات ئەم هێڵە گەورەیە بەبێ چەند و چوون وەک وەڵامە کۆنەپەرستە هەرە واتادار و کاریگەرەکەی کێشە مێژووییە گەورەکان دەردەکەوێت، کە لەوەتەی سەدوپەنجا ساڵە خراوەتەڕوو.

مێـژووی فەلسـەفە بـە هەمان شـێوەی مێـژووی هونـەر، یاخود

مێــژووی وێژە، بەو جۆرەی مێژوونووســانی بۆرژوا بیردەکەنەوە، نە بەتەنها مێژووی بیر و بۆچوونە فەلســەفییەکانە و نە بەتەنها مێژووی فەیلەسووفەکانە، چونکە لەڕاستییدا پرسەکان و ڕەوتی چارەسەرەکان نەشــونماکردنی هێــزە بەرهەمهێنــەکان و پەرەســەندنی کۆمــەڵ و فراوانبوونــی ململانــێ چینایەتییەکان بە فەلســەفەی دەبەخشــن. هێڵە سەرەکییەکانی هەموو فەلسەفەکان تەنها بە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی ئەو هێزە ســەرەتاییە کاریگەرانە بواری ئاشکرابوون بە خۆیان دەدەن. ئەگەر بمانەوێت کێشــە فەلسەفییەکان بخەینەڕوو و چارەسەربکەین و پەیوەندییەکانیان لە گۆشەنیگای ئەو شتەوە ببینین، کە بە پەرەسەندنی ناونشــینی فەلســەفە ناودەبرێت، ئەوکات ئێمە بەبــێ چەند و چوون لە وێناکردنێکــی ئایدیالیــی و کاریکاتێریی پەیوەندییــە گەوهەرییەکانەوە ســەر دەردەکەین، تەنانەت ئەگەر فەیلەســووفانی ڕێکردوو لەسەر ئەم ڕێچکەیە زانینی پێویست و ویستی خۆیی ئەوەیشیان هەبێت بە بابەتیی بمێننەوە. بابەتێکی تەواو بەڵگەنەویستە ڕوانگەی ئەو کەسانەیئەو شتە پێکدێنن کە بە ”مێژووی ڕۆح“ ناودێری دەکەن، سەبارەت بەو کەسانە هەرگیز هەنگاوێک نییە بۆ پێشەوە، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ پاشەوە: خاڵی هەنگاوهەڵهێنانەکە هەمیشــە ئایدیۆلۆژییە، کەواتە شــێواوە. بە سادەیی خاڵێکــی زۆر ئاڵۆزتــرە و بەجۆرێکــی زۆر کاریکاتێرییانــە ئایدیالییە. بەمەبەســتی باوەڕهێنــان بەوە هەر هێندە بەســە دیڵتــای (Dilthey) و فێرگەکــەی لەگەڵ مێژوونووســە هیگڵییەکانی فەلســەفە لە نموونەی ئێردمان (Erdmann)، بەراورد بکەین.

ئەمە وێڕای ئەو جەختکردنەوەیەی کە بازاڕییەکان جەختی لەســەر دەکەنەوە واتای ئەوە ناگەیەنێت کێشــە فەلســەفییە پەتییەکان پێویستە پشتگوێ بخرێن. بەپێچەوانەوە تەنها ئەو شێوازە بوار بە جیاکردنەوەی ئەو پرسە گشتییانە، کە کەڵکێکی هەمیشەییان هەیە لەو بەناو زانستانە دەدات، کە کەڵکی هیچ ناگرن، ئەودژواریی و ئاڵۆزییانەی لای مامۆستایان شــیرینن. کتومت ئــەو ڕێگایەی لە ژیانی کۆمەڵایەتییــەوە ڕەتدەبێت و

لەدواییدا دەگەڕێتەوە بۆی، ئەو شتەیە کە مەودای ڕاستەقینەی خۆیان بە بیرە فەلسەفییەکان دەبەخشێت و قووڵییان دەستنیشان دەکات تەنانەت بە واتا فەلسەفییەکەیش بەدیارییکراویی. لەڕاستییدا زانینی ئەوەی بیرمەندان تا چ ڕادەیەک دەرکیان بە شوێنی تایبەتی خۆیان، واتە ئەرکی کۆمەڵایەتی و مێژوویيان کردووە، بابەتێکی لاوەکییە. لە بواری فەلسەفەیشدا دیسان گرنگ ئامادەگییەکانی زەین نییە، بەڵکو دۆخ و قەومماوەکان گرنگن، واتە گوزارشتی بابەتییانەی بیرەکان و کەڵکی پێویستیان لە ڕووی مێژووییەوە. بەم واتایە هەموو بیرمەندان لەبەردەم مێژوودا لە ناوەڕۆکی بابەتیی فەلسەفەکەیان بەرپرسیارن.

بەم پێیە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان زانینی ئەوە دەبێت، کە ئەڵمانیا لەسەر زەمینی فەلسەفە بە کام ڕێگادا گەیشتە هیتلەر. هەر بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین ئەوە ڕوونبکەینەوە، کە ڕەوتی دۆخ و قەوماوە مێژووییەکان چۆن لەنێو فەلسەفەدا ڕەنگدەداتەوە و ژمارەیەک ڕشتەی فەلسەفیی کە لە خۆیاندا دانەوەی ڕەوتی پەرەسەندنێکی ڕاستەقینەن، چۆن توانییان ڕێکردنی ئەڵمانیا بەرەو هیتلەریزم خێرا بکەن. بابەتی ئەوەیش کە ئێمە لێکۆڵینەوەکەمان لەنێو بەشی هەرە ڕووتی پەرەسەندنێکی فراوانتردا قەتیس دەکەین، واتای ئەوە ناگەیەنێت ئێمە لەنێو کۆی دۆخ و قەوماوی بزواودا پتر لەو گرنگییەی کە هەیەتی، گرنگیی بە فەلسەفە دەدەین، بەڵام خواردنی مافی هۆکارە فەلسەفییەکانیش لایەنی کەم بە هەمان ڕادە مەترسیدارە و بە هەمان ڕادە دژبەرییکردنی قەوماوە.

ئەمانە ئەو ڕوانگانەن کە شێوازی لێکۆڵینەوەمان لە بابەتەکەیان دەستنیشانکردووە. بابەتی یەکەم بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردندا، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئەرکی کۆمەڵایەتیی سیستەمێک لە سیستەمەکانە. ئێمە ویستمان پەردە لەسەر هەموو پێشینانە ئایدیۆلۆژییەکانی "دیدی جیهان"ی نەتەوەیی-سۆشیالیستیی[1] هەڵبماڵین، تەنانەت کاتێک کە —

[1]- یاخود نیشتمانیی- سۆشیالیستی، واتە نازیی. پارتی نازیی، «پارتی کرێکارانی ئەڵمانی نەتەوەیی- سۆشیالیستییە».

بەڕوواڵـەت- لە هیتلەریزمەوە دووربوون و تەنانەت ئەو کەسـانەیش کـە -لـە ڕووی خودییـەوە- هەرگیز ئەو چەشـنە نیازانەیـان نەبوو. یەکێک لە تێزە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە ئەوە دەبێت هیچ فەلسەفەیەک «بەری و بێتاوان» نییە، بەتایبەتی لە پەیوەندییدا بە کێشەکەی ئێمەوە، ئەمەیش کتومت بە واتا فەلسـەفییەکەی: بەگوێـرەی ئەو لایەنگیرییەی لایەنگیریی ئەقڵ دەکاتیاخود لە دژی دەوەسـتێتەوە، هەر فەلسەفەیەک لە فەلسـەفەکان سروشـتی فەلسـەفیی خۆی و ڕۆڵی لە پەرەسـەندنی کۆمەڵـدا دەچەسـپێنێت. یەکـەم لەبەرئـەوەی کـە خـودی ئەقڵ خۆی ناشێت شـتێکی بێلایەن بێت بە ژوور سەری پارتەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییـەوە بگەڕێت، چونکە لە هەموو سـاتێکدا ڕادەی بەجێیی و نابەجێیی بەرهەسـتی دۆخی کۆمەڵایەتیی و ئاراسـتەی پەرەسەندنێک پێچەوانە دەکاتەوە، کە ئەو بە شێوەیەکی ڕووت گوزارشتی لێ دەکات و بە هەمان جۆریش دەتوانێت پێشـکەوتنی ئاسـان بکات، یاخود پەک بخات. بەڵام ئەم دەستنیشانبوونە کۆمەڵایەتییەی ناوەڕۆک و شێوەکانی ئەقڵ لەگەڵ ڕێژەگەراییەکی مێژووییدا یەکسان نایەتەوە. تەنانەت ئەگەر ناوەڕۆک و شـێوەکانی ئەقڵ لەبەردەم شـیانی برێک دەستنیشانبوونی کۆمەڵایەتی و مێژووییشـدا بن، سروشـتی پێشـکەوتنخوازانەی دۆخ، یاخود ئاراسـتەیەکی پەرەسەندن هەر بە شتێکی بابەتیی دەمێنێتەوە و کاریگەرییەکەی بە هۆشیارییەکەیەوە بەند نییە. ئەوکات پرسەکە زانینی ئەوەیە، ئاخۆ ئەم هەڵەداوییە بۆ پێشەوە ئەقڵە، یاخود نائەقڵە، ئەمەیش ئەو بابەتەیە کە لەسـەر بناغەکەی پەسـەند دەکرێـت، یاخود دەدرێتە دواوە: وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دابەشبوونی زەینەکان دەچەسپێنێت و شوێنە چینایەتییەکان لەنێو فەلسەفەدا دەستنیشان دەکات.

ئاشـکراکردنی گۆڕانـی سیسـتەمێک و ئەرکـە کۆمەڵایەتییەکـەی، بایەخێکـی زۆری هەیـە، بەڵام ئەوەیش هێشـتا هەر بـەس نییە. بەڵێ، بابەتێتیی پێشـکەوتن کەرەستەی شقڵکردنی دیاردەیەکی دابڕاو، یاخود ئاراستەیەکی هزریی بە کۆنەپەرستیی دەبەخشێت، بەڵام ڕەخنەکردنێکی

دروست مارکسی-لینینییانەی فەلسەفەی کۆنەپەرستیی نابێت هەر تەنها بەوە بەس بکات. باشتر بڵێین پێویستە لەسەری لە بواری بەرهەمهێنانی فەلسەفییدا دەمامک لە ڕووی ناڕاست و شێواندنی پرسە سەرەکییەکان و کەمکردنـەوەی سـەرکەوتنەکانی و لەناوبردنـی دەسـتکەوتەکانی و... هتد. هەڵبماڵێت، پێویسـتە لەسـەری بەچەشـنێکی بەرچاو ئەنجامە فەلسەفییە پێویست و بابەتییەکانی زادەی هەڵوێستە کۆنەپەرستییەکان ڕوونبکاتەوە. ڕەخنەی ناونشین تا ئەو ڕادەیە قۆناغێکی بەسوود و بگرە پێویستە کاتێک ئەو شتەی کە دەویسترێت ڕانان و خستنەڕووی ئاراستە کۆنەپەرسـتییەکانە لە فەلسـەفەدا. مارکسیستانی کلاسـیک بەردەوام ئـەم ڕەخنە ناونشـینەیان بەکارهێناوە، ئەنگڵس لەنێـو دژی دۆهرینگ و لینیـن لەنێـو ئەزموونگەریی ڕەخنەییـدا بەو جۆرەیـە. ڕەتدانەوەی ڕەخنەی ناونشـین کە بە یەکێک لـە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەیەکی تەواو دادەنرێـت لەدایکبوون و ئەرکی کۆمەڵایەتی و سروشـتی چینایەتی و هەڵماڵینی دەمامکەکان و... هتد. دەگرێتەوە، بەبێ چەند و چوون بەرەو دەمارگیریی فەلسەفیی هەنگاو دەنێت، واتە بیرکردنەوە بەو جۆرەی کە هەر شتێک سەبارەت بە مارکسیی- لینینییەکی هۆشیار بەڵگەنەویستە، پێویسـتە لە ڕوانگەی خوێنەرەکەیشیدا بە هەمان شێوە بێت. سەبارەت بە هەڵوێسـتی سیاسیی کۆمۆنیسـتەکان، لینین دەڵێت: «گرنگ ئەوەیە ئەو شـتەی لە دیدی خۆماندا بە تێپەڕیوی دەزانین، بە هەمان شێوە لە دیدی چین و لە دیدی خەڵکییشدا بە تێپەڕیوی نەزانین». ئەمە هەروەها کتومت سەبارەت بە ڕانانی مارکسییانەی فەلسەفە دەگونجێت. هەڵبەتە دژبەریی نێوان ئایدیۆلۆژیا بۆرژوازییە جیاوازەکان و سەرکەوتنەکانی ماتەریالیزمـی دیالەکتیـک و مێژوویی بنەمای میتۆد و ڕەخنەکەی ئێمە پێکدەهێنێت، بەڵام بەڵگەی فەلسـەفییانەی بابەتیی لەسەر نایەکانگیریی ناوخۆیـی، یاخود لەسـەر دژبەرییـەکان لەنێو فەلسـەفە جیاوازەکاندا پێویسـتە بخرێتەڕوو ئەگەر بەڕاستیی بمانەوێت بە چەشنێکی بەرچاو دەمامک لە ڕووی سیما کۆنەپەرستانەکەی هەڵبماڵین.

ئەم ڕاســتییە گشتییە بەتایبەتی سەبارەت بە مێژووی نائەقڵانییەتی نــوێ دروســتە، چونکــە ئەمە بەو جــۆرەی ئــەم کتێبەمــان دەیەوێت ڕوونیبکاتــەوە لەنێو ململانێیەکی هەمیشــەیی لە دژی ماتەریالیزم و لە دژی شێوازی دیالەکتیکدا لە دایک بوو و کاری کرد.

لەوەیشــدا هەر دیسان ئەم خەباتە فەلســەفییە دانەوەیەکی خەباتی چینەکانــە. بەدڵنیاییــەوە ڕێکەوت نییە شــێوە هەرە پەرەســەندووەکە، شــێوە هەرە باڵاکەی دیالەکتیکی ئایدیالی، هاوپەیوەند لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنســی و بەتایبەتی لەگەڵ ئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانیدا گەشەی کرد. مۆرکــی مێژوویــی ئەم دیالەکتیکە کە پێشــینە گەورەکانــی بریتیبوون لــە ڤیکۆ (Vico) و هێــردەر (Herder)، دەبوو چاوەڕوانی شۆڕشــی فەڕەنسی بێت تاکو وەک هۆشیاریی شێواز و لۆژیکێکی گەشەکردووی گەوهەریی لەنێو دیالەکتیکی هیگڵییدا دەربکەوێت، چونکە لێرەدا دۆزەکە داکۆکیکردنێکــی مێژووییــە لە بیرۆکەی پێشــکەوتن و گەشــەپێدانێکی پێشــکەوتنخوازانەتری بیرۆکەی پێشکەوتنە، بەجۆرێک کە زۆر لە وێنا و بۆچوونەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەریی تێدەپەڕێنێت. (ئەمە تەنانەت بە شــێوەیەکی ڕێژەیی دوور ئەو هۆکارانە کەمناکاتەوە کە کارئاســانییان بۆ گەشــەکردنی دیالەکتیکی ئایدیالی کرد. هەر هێندە بەسە ئەو ڕەوتە نوێیانەی نێو زانســتە سروشــتییەکان وەبیربهێنینــەوە، ئەو ڕەوتانەی ئەنگڵــس لەنێو کتێبەکەیدا دەربارەی فۆیربــاخ ڕوونیکردنەوە). قۆناغی یەکەمــی گــەورەی نێــو نائەقڵانییەتی نوێ بەو جۆرە لە گەشــەکردنی تێکۆشان لە دژی چەمکی ئایدیالییی دیالەکتیکی و مێژوویی پێشکەوتن دەڕوانێــت: ئــەو قۆناغــەی لــە شــیلینگ (Schelling) تــا کیرکەگارد (Kierkegaard)، لە هەڵگەڕانەوە دەرەبەگایەتییەکە لە دژی شۆڕشــی فەڕەنسی تا بەرهەڵستیکردنی پێشکەوتنی بۆرژوا درێژ دەبێتەوە.

لەگــەڵ ڕۆژانی حوزەیرانی (١٨٤٨)دا، پتر لەوەیش لەگەڵ کۆمۆنەی پاریســدا، پرۆلیتاریای پاریس هەڵوێســتەکە بە شــێوەیەکی ڕیشــەیی دەگۆڕێت: لەمەودوا فەلسەفەی پرۆلیتاریا کە ماتەریالیزمی دیالەکتیکیی

و مێژووییـــە، دەبێــت بەو نەیارەی کــە تایبەتمەندییەکانــی بەجۆرێکی چارەنووسسازانە کار لە پەرەسەندنی نائەقڵانییەت دەکات. ئەم قۆناغە نوێیە لە نیچەدا نوێنەری یەکەم و هەرە درەوشاوەی خۆی دەبینێت. لە ماوەی ئەم دوو قۆناغەدا، نائەقڵانییەت لە دژی شـــێوە باڵا پێدراوەکەی بیرۆکەی پێشـــکەوتن لەو سەردەمەدا دەجەنگێت، بەڵام بە برێک چەکی لە ڕووی چلۆنایەتییەوە جیاواز، تەنانەت لە ڕوانگەیەکی فەلســـەفییانەی پەتییەوە، بەگوێرەی ئەو نەیارەی کە بەرەو ڕووی دەچێت، دیالەکتیکی ئایدیالیی بۆرژوا، یاخود دیالەکتیکی ماتەریالی، فەلسەفەی پرۆلیتاریی، سۆشـــیالیزم. لە قۆناغــی یەکەمدا ئەنجامدانــی ڕەخنەیەکی تا ڕادەیەک پاکانەبۆکراو هێشـــتا شـــیانی هەیـــە، کە کەموکووڕیی و ســـنوورەکانی دیالەکتیکــی ئایدیالیی، کە ئەویش هەر دیســـان بەرمەبنای برێک زانینی تۆکمە دامەزراوە، ئاشــکرا دەکات. لە قۆناغــی دووەمدا بە پێچەوانەوە دەبینین فەیلەســـووفە بۆرژواکان چی تر نە توانای ئەوەیان ماوە و نە ئارەزوویش دەکەن لێکۆڵینەوەیەکی ڕاســـتەقینە و لەپێناوی هەوڵدان بۆ بەرپەرچدانەوە و بەدرۆخســـتنەوەیان بە شێوەیەکی لە شۆخیی بەدەر لە نەیارەکانیان بکۆڵنەوە.نیچە بەو جۆرەیە، لەوەتەی نیچەوە هەرچەند نەیارە نوێیەکە پێداگرتر دەربکەوێــت- بەتایبەتی لەوەتەی ئۆکتۆبەری (١٩١٧)وە- ویست و توانای بەرپاکردنی شەڕێکی سەرڕاستانە لە دژی نەیارە ڕاســـتەقینە و بەچاکیی ناســـراوەکە بەجۆرێکی ئاشکراتر نەمان کە چەکی زانســـتیی بەکاربهێنێت، شێواندنەکان و درۆهەڵبەستنەکان و دیماگۆگیـــا بەرەو شـــوێنگرتنەوەی وتووێژێکی زانســـتیی وەجاخزادانە داشکایەوە. ئەم ڕاستییە هاوکات دانەوەی ڕوونی ململانێیەکی چینایەتی بوو، کە زیاتر تاوی ســـەندووە. ئەو شـــتەی مارکس لەدوای شۆڕشـــی (١٨٤٨) تۆماری دەکــرد: "تواناکانی بۆرژوا بەرەو لەناوچوونن"، پەیتا پەیتا ڕوونتر دەچەســـپێت. ئەمە نەک هەر سەبارەت بەو وتووێژەی کە باسکرا دروستە، بەڵکو لە هەموو بونیادێک و لە گەشەپێدانی هەریەک لە فەلسەفە نائەقڵانییەکانیشدا ڕاستە. دوور لە پرسە سەرەکییەکە ژەهری

داکۆکیی و پاساودان و پەسندان دەگاتە دەوروبەر؛ ستەم، دژبەریی، بێبناغەیی، بەڵگە سۆفستائییەکان و... هتد، زیاتر و زیاتر فەلسەفە نائەقڵانییەکانی دواتر شقڵ دەکەن. ئەوکات دابەزینی فرسەندی فەلسەفی دەبێتە نیشانەیەکی دیاری پەرەسەندنی نائەقڵانییەت. "ڕوانگەی جیهانی نەتەوەیی- سۆشیالیستی" دەیتوانی ئەو ڕێچکەیە بەچەشنێکی ڕوونی سەرسوڕهێن ئاشکرا بکات.

بەڵام ئەو شتەی پێویستە لە هەموو ئەوانەدا جەختی لەسەر بکرێتەوە، یەکێتیی پەرەسەندنی تەوژمی دژ بە ئەقڵە. داکشاویی ئاستی فەلسەفیی هەرگیز بەس نییە بۆ دەستنیشانکردنی مۆرکی مێژووی نائەقڵانییەت. ئەم قەوماوە لە ماوەی ئەو خەبات- یاخود بەناو خەبات-ـەدا چەندین جار تۆمارکرا کە بۆرژوا لە دژی هیتلەر کردی. ئەگەرچی ئامانجی ئەم تۆمارکردنانە زۆر جار سروشتێکی دژ بە شۆڕشیان هەبوو، چونکە ڕووەو بەرگرییکردن لە فاشیزم هەنگاویان دەنا؛ لە کاتێکدا کە هیتلەر و ڕۆزنبێرگ-یان لە کەشتییەکەوە بەردەدایە خوارەوە هەوڵیاندەدا پارێزگاریی لە "ناوەڕۆک، یاخود گەوهەر"، واتە لە شێوە هەرە کۆنەپەرستانەکەی سەرمایەداریی مۆنۆپۆل و شیان و توانای ئیمپریالیزمێکی ئەڵمانیی دوژمنکاریی نوێ لە داهاتوودا بکەن. دەست هەڵگرتن لە هیتلەر "کە خاوەند ئاستێکی ئێجگار نزم بوو"، بەمەبەستی پاراستنی "بەها ڕاستەقینەکان"، کە شپینگلەر (Spengler) و هایدیگەر (Heidegger)، یاخود نیچە نوێنەرایەتیی دەکات، کشانەوەیەکی ستراتیژییە لە بواری فەلسەفە و لە بواری سیاسەتدا، ئاگربەستە لەپێناوی کۆکردنەوەی هێزە کۆنەپەرستییەکان و بەهێزکردنیان لە ڕۆژێکدا، کە مەرجەکان باشترن بۆ هێرشێکی نوێی ڕێکخراوتر، کە بەشە کۆنەپەرستە پەڕگیرەکان ئەنجامی دەدەن.

بەرامبەر بەم ئاراستە خاوەند ڕیشە قووڵانە پێویستە لەسەر دوو خاڵ جەخت بکرێتەوە. یەکەم؛ بەیانکردنی ئەوەی دابەزینی ئاستی فەلسەفیی دیاردەیەکی بێ چەند و چوون و خودان بنەچەیەکی

کۆمەڵایەتییە. دابەزینی کەسـایەتیی فەلسەفیی ڕۆزنبێرگ بۆ نموونە بە بەراورد بە کەسـایەتیی نیچە، خاڵە گرنگەکە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕاستیی ئەوەی ڕۆزنبێرگ سەبارەت بە بێنرخییە ئاکاریی و هزرییەکەی قەرزاربـاری ئەوەیە، کە بوو بە ئایدیۆلۆژیسـتی تەواوی نەتەوایەتیی-سۆشیالیسـتیی. سـەبارەت بەوەیش ئاخۆ پاشەکشـەی ستراتیژیی بە ئاراستەی نیچە، یاخود شپینگلەردا، ئەو پاشەکشەیەی پێشتر هێمای بۆ کرا، شێوەی هێرشێکی فەلسەفیی نوێ بەخۆوە دەگرێت، ئەو کەسەی لە ئەستۆی خۆی دەگرێت بەبێ چەند و چوون پێویستە لەسەری، وێڕای ئەوە زانین و ئاشنایی و توانا کەسییەکانی هەرچییەک بن، لە ئاستێکی دیسـان نەویتر لە ئاسـتی ڕۆزنبێرگدا بێت، چونکە لەڕاسـتییدا ئاستی فەلسەفیی هەر بیرمەندێک لە کۆتاییدا ئەو توانا و شیانانە دەیچەسپێنن کە بۆی جێهێڵدراون، توانا و شـیانی ئەوەی بچێتە ناو ئەم، یاخود ئەو مەودای شـیکارییکردنی پرسەکانی سـەردەمەکەی خۆی و بڵندکردنی ڕووەو ئەم، یاخود ئەو ئاستلە ڕووتکاریی، واتە ئەو مەودایەی ڕوانگەی ئەو چینە بۆی جێدەهێڵێت کە شـانی لەسـەر دادەدات، توانا و شـیانی چـوون بەرەو کۆتایی و قووڵایی ئەو پرسـانە. (پێویسـتە ئەوە لە بیر نەکەین "من بیردەکەمەوە"ی دیکارت، یاخود "خودا واتە سروشـت"ی سـپینۆزا لە سـەردەمی خۆیاندا دوو وەڵامی بوێرانە لایەنگیری بڕێک پرسـیاری تا ئەوپەڕی ڕادە هەنوکەیی بوون). زۆرداریی "بلیمەتانە" و مۆرکە سـەرپۆتەکەی، کە لە کاتی بەراوردکردنی نیچە بە فەیلەسووفە کلاسـیکییەکاندا دەردەکەوێت، هەروەها بەرتریەکـەی لە بونیادەکانی شـپینگلەر کـە بەتاڵتر و هەروەهـا پووچترن، یاخـود بەرترییەکەی لە دیماگۆگیـا بێناوەڕۆکەکـەی ڕۆزنبێـرگ، لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە دەستنیشانکراون. کاتێک کە هەوڵدەدەن نائەقڵانییەتی نوێ لەنێو پرسی چەند دەستەیەکی دابڕاو و ڕووتدا قەتیس بکەن، لەڕاستییدا دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لە گەوهەر و ناوەڕۆکە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکەی و ئەو ئەنجامانەی لێیکەوتنەوە، بشـارنەوە. وێـڕای ئەوەی هەر هەوڵێکی لەم

جـۆره خاوەند مۆرکێکی سیاسـییە، هاوکات، ئەمەیش ئەو شـتەیە کە پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە، لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بە هەموو کلۆجێک بێسـوودە. (لەدواییدا، لەنێو ئەو پاشـکۆیەدا کە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا دێت، پێویسـتە لەسـەرمان ئەوە ڕوونبکەینەوە لە سالانی پاش شەڕەکەدا ئەوە لە ژێر چ شێوەگەلێکی ڕاستەقینەدا دەرکەوت).

ئەم سـەرنجە لەگەڵ سـەرنجێکی تردا لە پەیوەندییەکی تۆکمەدایە. ئێمـە لەنێو ئـەم کتێبـەدا هەوڵدەدەین بەوردیی و تێروتەسـەلیی ئەوە ڕوونبکەینەوە کە نائەقلانییەت لە هیچ ساتەوەختێک لە ساتەوەختەکانی پەرەسـەندنیدا خودان سروشـتێکی "ناونشـین" نەبووە، وەک ئەوەی کێشـە بەرباسـخراوەکان و چارەسـەرە پێشـنیازکراوەکان ڕۆژێک لە ڕۆژانبەروبوومـی کشـانی دیالەکتیکـی ناوخۆیـی هزری فەلسـەفیی بووبن. بە پێچەوانـەوە ئێمە دەمانەوێت ئەوە ڕوونبکەینەوە کە قۆناغە جیاوازەکانی نائەقلانییەت ئەو وەلامانەن کە کۆنەپەرستیی بە کێشەکانی ململانێـی چینەکانی دەداتەوە. لە ناوەڕۆک و شـێوە و ڕێگا و تەنانەت شێوازیشـیدا ئەم وەلامەی کۆنەپەرسـتیی بە پێشـکەوتنی کۆمەلایەتی دیالەکتیکێکـی تایبەت بـە خۆی نایچەسـپێنێت، بەڵکو بـە پێچەوانەوە ئەو نەیارە دەیچەسـپێنێت کە لە برێک مەرجدا بۆرژوای کۆنەپەرسـت ناچار بە شـەڕکردن دەکات. ئەمەیە کە پێویسـتە بە بنەمای سەرەکیی پەرەسەندنی نائەقلانییەت دابنرێت.

بـەلام لەگەڵ ئەوەیشـدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کـە نائەقلانییەت- لە سـنوورەکانی چوارچێوەی کۆمەلایەتیی ناسـێنراو بەو شـێوەیەدا کە باسـکراوە- هیچ یەکەیەکی هزریی بەردەسـت ناخات. کتومت بە هۆی ئەو شـقڵەوە کە باسـمانکرد، دژوارییـەکان، دژوارییەکانی گەوهەر و شێواز، کە خراونەتە بەردەم نائەقلانییەت، بەچەشنێکی تۆکمە یەکانگیر دەبن و شـقڵی یەکەیەکی قووڵ و سەرنجڕاکێش بەردەست دەخەن. بە سووک زانینی تێگەیشتن و ئەقڵ، ستایشکردنی بێڕادە، یاخود بێپێوانەی دەرک، تیۆرییەکـی زانینـی ئەریسـتۆکراتییانە و توڕدانی پێشـکەوتنی

مێژوویی کۆمەڵ، دروســتکردنی ئەفســانە... برێــک بابەتن تا ڕادەیەک لای هەموو نائەقڵانییەکان بەدی دەکەین. وەڵامدانەوەی فەلســەفییانەی نوێنەرانــی بۆرژوا و ئەو بەشــە لە ئەریســتۆکراتییەتی دەرەبەگایەتیی کە لە بەردەم پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتییدا دەمێنێتەوە، دەشــێت لە بڕێک بارودۆخ و لای هەندێک لە خەڵکیی، شــێوەیەک بەخۆوەبگرێت خاوەنی تایبەتمەندیی نیانیی و درەوشــانەوەیە، بەڵام دەمێنێتەوە ئەو ناوەڕۆکە فەلســەفییەی کە لای هەمــووان بەدی دەکەین، لە هەمــوو قۆناغەکاندا تایبەتمەندیــی ڕۆتینێکــی زۆر و هەژارییەکی تــەواوی هەیە. لەلایەکی دیکــەوە، بەو چەشــنەی ڕوونمانکــردەوە، لەو ســۆنگەیەوە کە زەوی تەرخانکــراو بۆ مشــتومڕ و شــیان و توانای ئەوەی لەنێو سیســتەمە هزرییەکەیانــدا لایەنی کەم ڕەچاوی بڕێک لە دانەوەکانی قەوماو بکەن، هەرچەند بیشێوێنن، لەو سۆنگەیەوە ئەم زەوییە و ئەم شیان و توانایە بــەردەوام دێتەوە یــەک- پەرەســەندنی کۆمەڵیش ئەوەیان بەســەردا دەســەپێنێت-، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەوە دەکەوێتەوە ئەگەرچی بڕێک لە بابەتــە ئایدیۆلۆژییە یەکلاکەرەوەکان هەر خۆیانن، بەڵام ئەو ئاســتەی تیایدا چارەســەر دەکرێت زیاتر و زیاتر لێــژ دەبێتەوە. ئەگەرچی ئێمە دەتوانین ئــەم پەیوەندییە لەنێو هزردا ڕوونبکەینــەوە؛ هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکبوونی ڕێســا کۆمەڵایەتییە کۆنەپەرســتەکانی نائەقڵانییــەت پێچەوانــە دەکاتــەوە، هەرچییــەک بێــت بێجگــە لــەوە گۆڕانکاریی، یاخود بارگۆڕینەکانی چلۆنایەتیی لەنێو مێژوویەکدا کە لە شیلینگەوە دەچێت بۆ هیتلەر. قەوماوی ئەوەی نائەقڵانییەتی ئەڵمانی بە هیتلەریزم کۆتایی هات، تەنها بەو ڕادەیە پێویستەکە ململانێ چینایەتییە بەرجەستەکان- لەو شوێنەدا کە بەدڵنیاییەوە ئایدیۆلۆژیا دێتە ناوەوە- ئەم ئەنجامەی لێ کەوتەوە. لە ڕوانگەی پەرەســەندنی نائەقڵانییەتەوە، ئەنجامەکانی ئەم ململانێ چینایەتییە بەم پێیە بڕێک قەوماون هیچ شتێک ناتوانێــت بیانگۆڕێــت، بڕێک قەومــاو کە بەم، یاخود بەو شــێوە لەنێو فەلسەفەدا ڕەنگدەداتەوە، بڕێک قەوماو کە نائەقڵانییەت بەم، یاخود بەو

شێوە وەڵامیداوەتەوە، بەڵام- لە هەمان ڕوانگەوە- بڕێک قەوماون هیچ شتێک ناتوانێت بیانگۆڕێت. ئەمە هەرگیز واتای ئەوە ناگەیەنێت ئەو قەوماوانە- لە ڕوانگەی مێژوویی بابەتییەوە- چارەنووسێکی بێ چەند و چوون بوون.

بەم پێیە ئەگەر ئێمە دەمانەوێت بە شێوەیەکی دروست لە پەرەسەندنی نائەقڵانییەتی ئەڵمانی تێبگەین، پێویستە لەسەرمان کۆی ئەو توخمانە لەنێو زەینماندا بپارێزین: ئەو پاشکۆیەتییەی کە نائەقڵانییەتی لە پەرەسەندنیدا تێدایە، لەبەردەم ململانێ چینایەتییە یەکلاکەرەوەکان لە ئەڵمانیا و لە جیهاندا کە بابەتێکە بیرۆکەی پەرەسەندنێکی "ناونشین" پەرێز دەکات، یەکبوونی بابەتەکان و شێوازەکان یەکبوونێکی قووڵ کە کرژبوون و چوونەوەیەکێکی بەردەوامی کایەی جێهێڵدراو بۆ فەلسەفەیەکی ڕاستەقینە هاودەمێتی کە بابەتێکە شقڵێکی زیاتر و زیاتر بەرگرییکارانە- ستایشکارانە و دیماگۆگییانەی پێدەدات، کە دواجار وەک دوا ئەنجامێک دابەزینی بێ چەند و چوون و بەردەوام و خێرای ئاستی فەلسەفیی بە شوێندا دێت. ئێمە تەنها بەیاریدەی ئەو بنەمایانە دەتوانین لەوە تێبگەین هیتلەر چۆن توانی بە هۆی بێفەڕیی دیماگۆگیی هەموو بابەتەکانی هزری فەلسەفیی کۆنەپەرستی چەسپاوەوە ببێتە "تاج لەسەرنانێکی" ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی مێژووی نائەقڵانییەت.

کەواتە ئامانجی ئەم کتێبە دەرخستنی ئامانجەکان و بابەتەکان و ئاراستەکانی پەرەسەندنی نائەقڵانییەتە لە ئەڵمانیا. بەم پێیە ئێمە تەنها هەر بەوە بەس دەکەین کە بەیاریدەی شیکارییەکی پێشکەوتوو گرنگترین گرێکانی ئەو پەرەسەندنە لە ژێر ڕۆشناییدا دابنێین. ئێمە بانگەشەی نووسینەوەی مێژوویەکی تەواوەتی بۆ نائەقڵانییەت و باشتر بڵێین بۆ کۆی فەلسەفەی کۆنەپەرستانە ناکەین، کە تیایدا باسی هەموو ڕێچکەکان و هەموو کەسایەتییەکان بکەین، یاخود بیانژمێرین. لە هۆشیارییەوە و بە مەبەست دەستبەرداری ویستی تەواوەتی دەبین. بۆ نموونە کاتێک کە دۆزەکە بریتی دەبێت لە نائەقڵانییەتی

ڕۆمانتیکیـــی ســـەرەتای ســـەدەی نۆزدەیـــەم، ئێمە تەنهـــا لای نوێنەرە هەرە درەوشاوەکەی کە شـــیلینگ-ە، دەستنیشانبوونە گەوهەرییەکانی ڕووندەکەینەوە. زۆر بەکەمیی باســـی فریدریش شـــلیگل (Schlegel)، بادەر (Baader)، گۆرس (Goerres) و... هتد، دەکەین. هەروەها ئەم کتێبە لە لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی شلایرماخەر (Schleiermacher) نوقســـان دەبێـــت، کـــە تێـــزە چلۆنایەتییە-تایبەتییەکانی تەنهـــا بە هۆی کێرکەگاردەوە پەسەندکردنێکی کۆنەپەرستانەی بەرفراوانی پەیدا کرد. هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی قۆناغی دووەمی فیختە (Fichte) و نائەقڵانییەتەکەی نوقسان دەبێت، کە تەنها لە ڕێگای فێرگەی ڕیکرت (Rickert)ەوە بـــە کەڵـــک و کردەیی پەرەســـەندنی گشـــتیی سیســـتەم دەگات لەگەڵ لاســـک (Lask)، بەتایبەتی و بە شێوەیەکی ڕاگوزارانە و بەشەکییانە. هەروەها لە فایس (Weisse) و فیختەی لاو و لە کەسانێکی تـــری بێجگە لە ئەوانیش دەگەڕێین. هاوکات، لـــە قۆناغی ئیمپریالیزمدا، هوســـێرل (Husserl) بـــەرەو ئاســـتی دووەم هەنـــگاو دەنێت، چونکە ئـــەو ڕێچکە نائەقڵانییانەی کە شـــێوازەکەی ئـــەو لەوەتەی بنەماکانەوە دەیخاتەڕوو، تەنها لای ماکس شـــیلەر (Max Scheler) ڕاگەیەنراوە، بەتایبەتی لای هایدیگەر. بە هەمان شێوەیش لیۆپۆڵد زیگلەر (Leopold Ziegler) و کیزرلینگ (Keyserling) لەدوای شپینگلەر (Spengler) و یاسپەرس (Yaspers) لەدوای هایدیگەرەوە و... هتد، دەسرێنەوە.

هەروەها ئەو ڕاســـتییە ســـەرباری ئەوەی ســـەرەوە دەبێت کە ئێمە لەو ســـۆنگەیەوە وەک تەوژمی ســـەرەکیی فەلســـەفەی کۆنەپەرست لە هەردوو سەدەی (١٩ و ٢٠)دا لە نائەقڵانییەت ناڕوانین، هەر بۆیە ئێمە بەدڵنیاییەوە ژمارەیەک بیرمەندی قەڵەمڕەو و کۆنەپەرســـت پشـــتگوێ دەخەین، بەڵام هزری ئەوان نائەقڵانییەتی لە چارە نەنووسراوە. ئێدوارد فۆن هارتمان (Hartmann)ی هەڵبژێر شان بە شانی نیچەی نائەقڵانیی بەو چەشنەن، هەروەها پۆڵ دو لاگارد (Lagarde) کە لە پشت نیچەوە خۆی دەشـــارێتەوە، هەروەها مۆلەر ڤـــان دین بروک (Moeller Van

den Bruck) لەو قۆناغەدا کە ڕاســتەوخۆ زەمینەسازیی بۆ فاشیزمی ئەڵمانی دەکات، لەگەڵ کەسانی تری بێجگە لە ئەوان و... هتد.

ئومێد دەکەین ئەم دەستنیشــانکردنانە بە شــێوەیەکی ڕوونتر هێڵی ئاراســتەکاری پەرەســەندنی گشــتی دەربخــات و ڕۆژێک لــە ڕۆژان مێژوونووســانێکی داهاتووی فەلســەفەی ئەڵمانی، نیــگاری ئەم هێڵەی فەلسەفەی کۆنەپەرست لە ئەڵمانیادا تەواو و چاک بکەن.

وێــڕای ئــەوە، ئەو ئامانجەی کە مەبەســتمانە و هەمان مەرجەکانی بابەتە لێکۆڵراوەکان ڕێگای ئەوەی نەداین بەم تەوژمە کە لە شیلینگەوە بــۆ هیتلەر دەچێت ئەو شــقڵی یەکبوونە بدەیــن کە لە دۆخ و قەوماوی کۆمەڵایەتییدا هەیبوو. بەشــەکانی دووەم و ســێیەم و چوارەم تەقەللا دەکــەن دەقــاودەق تابلــۆی فەلســەفەی نائەقڵانــی بکێشــن. ئێمە ئەو بەرنامەیە بەدیدەهێنن کە پێشتر ڕاگەیەنراوە؛ ڕوونکردنەوەی ئەو هێڵی پەرەسەندنەی لە شیلینگەوە دەچێت بۆ هیتلەر. ئێمە بە هۆی ئەم کارەوە بابەتەکەمانمــان بــە کۆتایی نەگەیاند. بە پلەی یەکەم دەبوو لایەنی کەم بەرمەبنای نموونەیەکی گرنگ ئەوە ڕوونبکەینەوە کە چۆن نائەقڵانییەت وەک ڕەوتێکی ئاراستەکاری کۆنەپەرستی سەردەمێک لە سەردەمەکان، دەتوانێــت بەســەر هەموو فەلســەفەی بۆرژوای ئەم ســەردەمەدا زاڵ ببێت. بەشــی پێنجەم لەم بابەتە ســەبارەت بە نیو-هیگڵیزمی ئیمپریالی دەکۆڵێتــەوە، کــە تەنهــا بــە ناوهێنانی پێشــەوا ســەرەکییەکانی بەس دەکات. بە پلەی دووەم، لە بەشــی شەشــەمدا، دەمێنێتەوە ئەوەی ئەوە ڕوونبکەینەوە، چۆن ئەو جووڵانەوەیەی سروشــتە فەلســەفییەکەیمان شیکردەوە لە بواری سۆسیۆلۆژیای ئەڵمانییدا دەرکەوت. ئێمە بڕوامان وایــە بە هــۆی ئــەو لێکۆڵینەوەیــەوە کە بەجیــا لە توخمێکــی خاوەن گرنگییەکــی لەو جۆرە دەکۆڵینەوە و خۆمان لە چارەســەری ڕانانی لە کــۆی فەلســەفەدا دەپارێزین ڕۆشــنیی و یەکانگیرییەکمان قازانج کرد. دواجــار، ئەمەیــش خاڵی ســێیەمە، لەنێو بەشــێکی تایبەتدا کە بەشــی حەوتەمە، باســی پێشەوا مێژووییەکانی تیۆری نەژادەکان دەکەین. ئەو

شــوێنە ناوەندیی، یاخود ســەرەکییەی کە هەڵبژێرێکــی بێنرخی وەکو ه. س. چەمبیرلیــن (H. S. Chamberlain) توانــی لەنێــو فاشــیزمی ئەڵمانییــدا داگیــری بــکات، بــەو هۆیەوە ڕۆشــناییەکی زۆر باشــتری دەســت دەکەوێت؛ چونکە چەمبیرلین خاوەنی "پێکهات"ی نائەقڵانییەتی فەلسەفیی سەدەی ئیمپریالییە (فەلسەفەی ژیانگەرا) و تیۆری نەژادەکان و داروینیزمــی کۆمەڵایەتیشــیان لەگەڵدایــە. ئەمەیش ناوبــراو دەکاتە پێشینی ڕاستەوخۆی هیتلەر و ڕۆزنبێرگ-ی فەیلەسووفی "کلاسیک"ی نەتەوایەتیی- سۆشیالیســتی. وەک ئاشکرایە تابلۆی گشتیی سەردەمی هیتلەریی لە سەرەتادا لەم ڕوانگەیەوە دەرک دەکرێت، ئەوەیش ڕوونە ئەنجامەکانی هەردوو بەشی چوارەم و شەشەم نابێت هەرگیز لە کایەی بینین بزر بن. هەڵبەتە ئەم شێوازی ڕانانە پتر لە مەترسییەکی هەیە؛ بۆ نموونە جۆرج زیمیل (Simmel)، کە سۆســیۆلۆگێکی دەستڕۆیشــتوو بــوو، لێکدانەوەی خۆی بەتایبەتی لەنێو بەشــی تەرخانکراو دەربارەی فەلســەفەی ژیانگەرای قۆناغی ئیمپریالیدا دەدۆزێتەوە. لە نێوان ڕیکرت و ماکس ڤیبەر (Max Weber)دا، لە نێوان دیڵتای و فرایەر (Freyer) دا، لە نێوان هایدیگەر و ک. شــمیت (C. Schmitt)دا، بڕێک پەیوەندیی توندوتۆڵ هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشــدا بە پێویستمان زانی لەنێو چەند بەشــێکی جیاوازدا لێیانبکۆڵینەوە. ئەوانە ژمارەیەک خەوشــن پێویستە لێــرەوە هێمایــان بــۆ بکەین، بەڵام ئێمــە ئومێد دەکەین ڕۆشــنیی هێڵە گشتییەکە قەرەبووی ئەو مەترسییانە بکاتەوە.

هیچ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییمان بەرچاو نەکەوت، یاخود بە دەگمەن بــەر چاومــان کەوتن، کە بتوانین ئەم کارەی پێ پشتئەســتوور بکەین. مێژوویەکی مارکســییانە بۆ فەلســەفە هێشــتا بوونی نییە، لە سۆنگەی ئەو شێوازەیشــەوە کە کێشەکان دەخەینەڕوو، کارەکانی مێژوونووسە بۆرژواکان نەیاندەتوانی هیچ خزمەتێکمان بکەن. بێگومان ئەوە ڕێکەوت نییە. مێژوونووسانی فەلســەفە، مێژوونووسە ئەڵمانەکانمان مەبەستە، ڕۆڵی مارکس و مارکســیزم پشــتگوێ دەخەن، یاخــود لە بایەخی کەم

دەکەنەوە. لەبەر ئەم هۆکارە ناتوانن هەڵوێستێکی دروستی ئەگەرچی لە نزیکەوە لێبووردەیش بێت، نە دەربارەی قەیرانە گەورەکەی فەلسەفەی ئەڵمانی لە سالآنی (١٨٣٠و ١٨٤٠)و نە دەربارەی سەرەوخواربوونەوەی دواتری وەربگرن. تەنانەت لەسەر ئاستی قەوماوەکانیش. بەگوێرەی هیگڵییەکان فەلسەفەی ئەڵمانی لە هیگڵدا دەوەستێت. بەگوێرەی نیوکانتییەکان لەگەڵ کانتدا دەگاتە لوتکە و ئەو پشێوییەی جێنشین و جێگرەوەکانی تیایدا نایانەوە تەنها بە گەڕانەوە بۆ مامۆستا زاڵبوون بەسەریدا شیانی هەیە. ئێدوارد ڤۆن هارتمان دەیەوێت "پێکهات"ێک بەدیبهێنێت هیگڵ و نائەقڵانییەت (نائەقڵانییەتی شیلینگی کۆتایی و نائەقڵانییەتی شۆپنهاوەر) پێکەوە کۆ بکاتەوە. لە هەموو دۆخەکاندا بەو جۆرە دەردەکەوێت، کە سەبارەت بە مێژوونووسانی بۆرژوا ئەو قەیرانە بڕاوەیەی لەنێو فەلسەفەی ئەڵمانییدا هەیە، واتە قەیرانی داڕووخانی هیگڵیزم، سەر بە گۆڕەپانی مێژووی فەلسەفە نییە. پاشان مێژوونووسانی فەلسەفە لە قۆناغی ئیمپریالییدا، بەتایبەتی لەپێناوی پاڵپشتییکردن لە چوونە پاڵ نائەقڵانییەتەوە، هەوڵدەدەن هیگڵ لەگەڵ ڕۆمانتیکییدا ڕێکبخەن، یاخود کانت لەگەڵ هیگڵدا ڕێکبخەن، ئەمەیش بابەتێکە دەبێتە مایەی نەهێشتنی ململانێ سەرەکییەکانی ئاراستەکە بە هۆی هزرەوە، بەمەبەستی زەقکردنەوەی پەرەسەندنێکی تاک و تەنها، کە نە هیچ کێشەیەک و نە هیچ دژبەرییەکی تێدا هەیە، بە دیارییکراویی بەرەو نائەقڵانییەتی قۆناغی ئیمپریالی هەنگاو دەنێت. فرانز میهرینگ (Franz Mehring)، کە تاکە مێژوونووسی مارکسییە و وێڕای ئەوە پەسەندیی و چاکەکانی زۆرن، فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی تەنها کانتی لێ بترازێت، بەچەشنێکی خراپ دەناسێنێت، هەروەها بەپێی پێویست بەڕوونیی و بە شێوەیەکی کاریگەر تایبەتمەندییە چلۆنایەتییەکانی قۆناغی ئیمپریالی شینەکردەوە، تاکو بتوانێت ئەو پرسانە ڕوونبکاتەوە کە ئێمە دەیانخەینەڕوو.

تاکە کتێب کە لایەنی کەم سەرەتایەک بۆ کنەکردن و توێژینەوە لە

کێشــەکانی فەلســەفەی ئەڵمانی دەدات بە دەســتەوە، ئەو کتێبە ئێجگار زەنگینەیە کە کارل لۆفیت نووسیویەتی و ناونیشانەکەی بەم چەشنەیە؛ لــە هیگڵ تا نیچــە، چونکە ئەم کتێبــە، لەنێو مێــژووی بۆرژوازییانەی فەلســەفە لە ئەڵمانیادا، یەکەمین هەوڵە بــۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی ئۆرگانــی لە نێوان داڕووخانی هیگڵیزم و فەلســەفەی مارکســی لاودا، بــەلام بابەتی ئەوەی لۆفیــت نیچە دەکاتە خاڵی گەیشــتنی هەموو ئەم جووڵانەوەیــە، بەبــێ ئــەوەی لەگەڵ ئەوەیشــدا دەمامکەکــەی لە ڕوو دابماڵێــت، بەرتــر و بە شــێوەیەکی باش دەیســەلمێنێت کە ئەو کێشــە ڕاســتەقینەکانی ئــەم قۆناغەی نەبینیوە و کاتێک کە ڕووبەڕوویشــیان دەبێتەوە، بە شێوەیەکی توند بەراوەژوو دایاندەنێت. وێڕای ئەوە وەک ئاراســتەیەکی ســەرەکی ڕێچکەیەکی تاک و تەنها دەستنیشــان دەکات لــە هیگڵــەوە دەردەچێت. ئەمەیش ئــەو ئەنجامەی لــێ دەکەوێتەوە کە ڕەخنەکردنــی ڕاســت و ڕەخنەکردنــی چەپ- کێرکــەگارد و مارکس- دوو بابەتــن لــە یەک ئاســتدا و ئەگەرچــی ئێمەلە هەموو پرســەکاندا ناچاریــن دژبەرییان تێبینی و تۆمار بکەیــن، بەلام هۆکاری ئەمە تەنها بــۆ هەڵبژاردنــی جیاوازی ئەو دوو کەســە دەگەڕێتــەوە، هەرچی هێڵە ســەرەکییەکانە لێکدی نزیــک دەمێننەوە. هەڵبەتە ئەمــە ئەو ئەنجامەی لــێ دەکەوێتــەوە کە لۆفیت لە نێــوان هیگڵییەکانی قۆناغــی داڕووخان (ڕۆجــە-Ruge، بــاوەر) و فۆیرباخ و مارکســدا تەنها بڕێک جیاوازیی بچووک لە ڕێژەی جۆری یەک ئاراستەدا دەبینێت، نەک بڕێک دژبەریی چلۆنایەتی. لەو سۆنگەیەوە کتێبەکەی لۆفیت قەرزاری ئەو زانینە فراوان و وردەیە کە ســەبارەت بە شــوێن و پێگەیەکی تا ڕادەیەک نزیک لەنێو مێژووە بۆرژوا نوێیەکانی فەلســەفەدا هەیەتــی، ئێمە بڕگەیەکی بەپێی پێویســت گرنگ و درێژی لێ دەگوازینەوە، تاکو خوێنەر خۆی بتوانێت ببینێــت چۆن ئەم شــێوازە دەبێتە مایەی دانانــی مارکس و کێرکەگارد لــە یەک ئاســتدا و هەڵهێنجانــی بڕێک ئەنجامی نزیک لــە ئەنجامەکانی هەندێک لە زەمینەســازکارانی فاشــیزم لەوانەی بــە "چەپڕەو" ناودێر

دەکرێن (بۆ نموونە فیشەر Fischer لەنێو کتێبەکەیدا؛ مارکس و نیچە، دۆزینەوە و ڕەخنەکردنی داڕووخان، بەو جۆرەیە) لۆفیت دەنووسێت: "ماوەیەکی کەم بەر لە شۆڕشی ١٨٤٨، مارکس و کێرکەگارد ویستێکی یەکلاکردنەوە و بەلاداخستنیان دەربڕی پێکهاتەکانی هێشتا واتای خۆی پاراستووە: مارکس لەنێو مانیفێستی کۆمۆنیستی (١٨٤٧)دا و کێرکەگارد لەنێو جاڕنامەیەکی وێژەیی (١٨٤٦)دا. یەکێک لە دوو بڵاوکراوەکە بە "ئەی کرێکارانی هەموو دەوڵەتان یەکبگرن!"، ئەویتریان بەو بیرۆکەیە کۆتایی دێت کە پێویستە لەسەر هەر مرۆڤێک بۆ ڕزگاربوونی تایبەتی خۆی کار بکات، بەبێ ئەوە پێشبینیکردنی پێشکەوتنی جیهان لە گاڵتەجاڕییەک بەولاوە زیاتر نابێت. ئەم دژبەرییە لە گۆشەنیگایەکی مێژووییەوە لەڕاستییدا دوو ڕوواڵەتی یەک وێرانکردنی جیهانی بۆرژوا و مەسیحییە و هیچی تر. لەپێناوی شۆڕشگێڕکردنی جیهانی سەرمایەداریی بۆرژوادا، مارکس بە شوێن پاڵپشتێک لەنێو جەماوەری پرۆلیتاریادا دەگەڕێت، بەڵام کێرکەگارد لەپێناوی پەلاماردانی مەسیحییەتی بۆرژوادا پشت بە تاکەکەس دەبەستێت، چونکە کۆمەڵی بۆرژوا لە دیدی مارکسدا کۆمەڵی "ژمارەیەک تاکەکەسی گۆشەگیر"ە، تیایدا هەموو مرۆڤێک بەرامبەر بە "بوونە چلۆنایەتییە- گشتییەکەی خۆی" ترازێنراوە، سەبارەت بە کێرکەگارد مەسیحییەت جەماوەرێکە یارمەتی دەدات، بەڵام چی تر هیچ شوێنکەوتەیەکی مەسیحی تێدا نەماوە، بەڵام لەو سۆنگەیەوە هیگڵ لە ناوەڕۆکدا چارەسەری ئەم دژبەرییە ڕاستەقینانەی سەبارەت بە کۆمەڵی بۆرژوا لەنێو دەوڵەتدا و سەبارەت بە دەوڵەتیش لەنێو مەسیحییەتدا دیارییکردووە، هەر بۆیە مارکس و کێرکەگارد قووڵکردنەوەی جیاوازیی و دژبەریی نێوان ئەو سنوورانە هەڵدەبژێرن کە هیگڵ دابەشی کرد. مارکس لە دەرگای ئەو نامۆبوونە دەدات، کە سەرمایەداریی سەبارەت بە مرۆڤ دەینوێنێت و کێرکەگارد لە دەرگای ئەو نامۆبوونە دەدات، کە مەسیحییەت سەبارەت بە مەسیحی دەینوێنێت".

سـەرەنجام: شـەویکە کە تیایدا هەمـوو مانگاکان ڕەنگیان ڕەشـە. بەڵگەنەویسـتە کە لیکۆڵینەوەی لەم چەشـنە بە هیچ کلۆجیک ناتوانیت نووسینەوەی مارکسییانەی میژوو بەرەو پیش پاڵپیوەبنیت.

دواجار پیویسـتە باسی دوایین پرس بکەین کە ئەمەیە؛ بۆچی تەنها برِیـک تیهەڵکیشـکردنی لێ بترازیت لە نموونـەی کیرکەگارد و گۆبینو (Gobineau)، بـە تەنها هەر لە نائەقڵانییەتـی ئەڵمانییمان کۆڵییەوە؟ ئیمە لەنیو بەشی یەکەمدا هەوڵدەدەین لیکۆڵینەوەیەکی کورت دەربارەی ئەو مەرجە تایبەتانە بکەین کە ئەڵمانیایان کردە نیشتمانی نائەقڵانییەتی هەڵبژیردراو، بەڵام ئەمە هیچ شتیک لەو ڕاستییە ناگۆڕیت کە نائەقڵانییەت دیاردەیەکـی نیودەوڵەتییـە و لـە هەموو شـوینیک پەلامـاری چەمکی پیشکەوتنی بۆرژوا و سۆشیالیستیی دا. هەروەها هیچ گومانیکیش لەوەدا نییـە ئەو دوو قۆناغەی ئیمـە لییاندەکۆڵینـەوە، پەیدابوونی ژمارەیەک نوینـەری دیار و بەرچاوی کۆنەپەرسـتیی کۆمەڵایەتی و سیاسـی لە چەند دەوڵەتیکی ئیجگار فرە جۆردا بەخۆوە بینی. بەم چەشـنە لەپاش شۆڕشـی فەڕەنسی لە ئینگلتەرا بورک (Burke) هەبوو و لە فەڕەنسا لەپاش ماوەیەکی کەم بۆناڵد (Bonald) و دو میستەر (de Maistre) و بیجگە لە ئەوان هەبوو. لەڕاستییدا ئەو کەسانە بۆ کاریک لە ئەڵمانیا هەوڵیانـدەدا. ئەگەرچی هەوڵەکەبـۆ نموونە لەلایەن مین دو بیران–ەوە (Maine de Biran) دەسـتی پیٚ کرد، بەڵام ئەوەی گومانی تیدا نییە ئەوەیە ئەو خۆیشـی نەیدەتوانی پیشـبینیی دروسـتکردنی هەمان ئەو ئەنجامە چەسـپاو و دەوڵەتییانە بکات کە شـیلینگ، یاخود شۆپنهاوەر دروستیانکرد و وەکو ئەوان بنەماکانی نائەقڵانییەتی نویی نەنووسییەوە، یاخـود ڕوون نەکردەوە. ئەمەیش ئەنجامی ئەو ڕاسـتییەیە کە مین دو بیران بە پیچەوانەی ڕۆمانتیکیکی کۆنەپەرستی هۆشیارەوە تیۆریسینی ناوەندی میان بوو. گەشەکردنی نائەقڵانییەت لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا ڕۆڵی پیشـەوای ئەڵمانیا لەم بوارەدا دەسەلمینیت. بەڵگەنەویستە لیرەدا ئیمـە یەکەم کەس بیرمان بـۆ لای نیچە دەچیت، چونکە ئەو لە بناغە و

هەروەها لە شێوازیشدا نموونەی کۆنەپەرستیی فەلسەفیی نائەقڵانییەت بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە ڕووسیای قەیسەرییدا وەکو یەک. هیچ ئایدیۆلۆژیستێکی تر لە ئایدیۆلۆژیستانی کۆنەپەرستیی، گەرچی لە دووریشەوە بێت، ئەو چەشنە کاریگەرییەی دانەنا و دانانێت. پاش ئەوەیش دیسان ئەڵمانیا بریتییە لە شپینگلەر، شپینگلەر وەکو نموونەی تێگەیشتنە نائەقڵانییەکانی مێژووی فەلسەفە تا بە توینبی (Toynbee) دەگات، دەمێنێتەوە. هایدیگەر وەکو نموونەیەک بۆ بوونگەرایی فەڕەنسی خزمەتی کرد، لەپاش ماوەیەکی زۆر لەو کاریگەرییەی یەکلاکەرەوەیەی کە کاری کردە سەر ئۆرتیگا ئی گاسیت (Ortega Y Gasset). کاریگەرییەکی قووڵ و مەترسیداریشی لەسەر هزری بۆرژوا لە ئەمەریکا و... هتد هەیە.

هۆکارە گرنگ و یەکلاکەرەوەکانی ئەم جیاوازییانە تەنها لەنێو مێژوویەکی بەرجەستە و بینراوی دەوڵەتە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت. تەنها ئەم لێکۆڵینەوە مێژووییە لەباریدایە ئەو ئاراستە چلۆنایەتییانە ڕوونبکاتەوە، کە لە ئەڵمانیا بە شێوەی "کلاسیکی"ی خۆی گەیشت و دوایین ئەنجامەکانی خۆی تێدا ناسی، بەڵام لەنێو دەوڵەتانی تردا تەنها نیمچە گەشەکردنێک پەرەی دەسەند. بەڵێ لەوێ دۆخی مۆسۆلینی لەگەڵ سەرچاوە فەلسەفییەکانیدا هەیە کە ئەمانەن: جەیمس (James)، پاریتۆ (Pareto)، سۆریل (Sorel)، بیرگسۆن (Bergson)، بەڵام لێرەیشدا دیسان کاریگەرییەکی دەوڵەتیی بەدی ناکەین لە ڕووی فراوانی و قووڵییەوە هاوتای کاریگەریی ئەڵمانەکان بێت لە قۆناغی زەمینەسازکەر بۆ فاشیزمدا، بەتایبەتی لە سایەی هیتلەردا. بەڵێ، ئێمە دەتوانین لە هەموو شوێنێک تێبینیی دەرکەوتنی هەموو بابەتەکانی نائەقڵانییەت بکەین وەک دیاردەیەکی نێودەوڵەتیی، بەتایبەتی لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، بەڵام دەگمەن، یاخود تێپەڕە ئەنجامگیریی ئەوە بکرێت لە هەموویان ئەنجامە شیانییەکان هەڵبهێنجرێت و نائەقڵانییەت ببێت بە فەلسەفە قەڵەمڕەوەکە، بەو جۆرەی لە ئەڵمانیا دەبینرا؛ لەم

بــوارەدا هەژموونــی ئەڵمانیــی بابەتێکــی بێچەنــد و چــوون و گومان هەڵنەگرە. (هەرچی ســەبارەت بە قۆناغی ئێستایشــە، لە پاشبەندەکەدا دەربارەی دەدوێین).

دەشــێت بوونی ئەم ئاراســتەیە ســەرەتا لە ماوەی بــەر لە جەنگی یەکەمی جیهانەوە هەست پێ بکرێت. کتومت وەک لە ئەڵمانیا نائەقڵانییەت پەرەسەندنێکی زۆر تا ڕادەیەک لە هەموو دەوڵەتانی گەورەی سەردەمی ئیمپریالیزمــدا بەخۆوە دەبینێت. پراگماتیزم لای ئەنگلۆساکســۆنییەکان و بۆتــرۆ (Boutroux) و بیرگســۆن و کەســانی بێجگە لــە ئەوان لە فەڕەنسا و کرۆچە (Croce) لە ئیتاڵیا بەو جۆرەن. هەموو ئەو شێوانە وێــڕای نزیکیی قووڵــی دوایین بنەما ئایدیۆلۆژییەکانیــان تایبەتمەندیی فرەچەشــنییەکی لەڕادەبەدەریــان هەیــە. ئەمــە یــەک لــەدوای یــەک ئەنجامی بڕێک تەرز و ئاســتی یەکێتیی ململانێی چینەکانە لە دەوڵەتی پەیوەندیــداردا. هەروەهــا زادەی کەلەپــووری فەلســەفیی نەتەوەیی و نەیــارە ئایدیۆلۆژییە ڕاســتەوخۆکانە. لە کاتی ئەو شــیکارییە وردانەدا کە بۆ قۆناغەکانی پەرەســەندنی ئەڵمانیای دەکەین، پاشکۆیەتییان، بەو جۆرەی پێشتر هێمامان بۆ کرد، بۆ بڕێک هەلومەرجی مێژوویی ئاشکرا، ڕووندەکەینەوە. ئەگەر دەست بە ڕوونکردنەوەی ئەو بنەما کۆمەڵایەتی و مێژووییە قەوماوانە نەکەین، هیچ شیکارییەکی زانستیی شیانیی بوونی نییە. بەهەرحاڵ ئەمە سەبارەت بەو پێودانانە دروستە. بە هیچ کلۆجێک ناتوانێت باســی دامەزراندن و تەنانەت دەســتپێکردن بــە دامەزراندنی پێناســەیەکی زانستییانەی فەلسەفەکان و جووڵانەوەی ئایدیاکان بکات. هیچ شــتێکی تــر ناکات، بێجگە لــە هێماکردن بۆ بڕێک لە ســیما هەرە گشتییەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەدا کە ئەو سیمایانە لە شوناسی تایبەتمەندییەکانــی ئابووریــی ئیمپریالییەوە دەزێــن، بەهەرحاڵ لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاســت و تەوژمی پەرەســەندنە جیــاوازەکان بەگوێرەی دەوڵەتــان کە وێڕای چوونیەکیی بنەماکان بڕێک جیاوازیی ئاشــکرایان لێ دەکەوێتەوە.

لێرەدا تەنها بە هەندێک نموونە دەتوانین ئەو بیرۆکەیە ڕوونبکەینەوە کـە بەخێرایـی هێڵەکانـی دەکێشـین. بڕێـک پێویسـتیی ئایدیۆلۆژیی چوونیـەک، دەستنیشـانکراو بـە یـەک چلۆنایەتی لەلایـەن ئابووریی ئیمپریالیییەوە، توانی لە سـایەی بڕێک مەرجی کۆمەڵایەتیی ئاشـکرای جیاوازدا چەند شـێوەیەکی جیاواز لە نائەقڵانییەتی فرەجۆر و تەنانەت لە یەکەم بینیندا بڕێک نائەقڵانییەتی دژبەر، بە دونیا بهێنێ. هەر ئەوەندە بەسـە بیر لە کرۆچە و ویلیام جەیمـس و پراگماتیزم بکەینەوە. ئەم و ئەویش، سەبارەت بە پێشینەکانیان لە بواری فەلسەفەدا، هەست دەکەن ناچـارن بەربەرەکانێـی باوێک لـە باوە هیگڵییەکان بکـەن. ئەوەی ئەم بابەتـە لـە قۆناغێکی ئیمپریالیی تەواودا شـیانی هەبێت، ئەو جیاوازییە ڕووندەکاتـەوە کـە لە نێوان پەرەسـەندنی فەلسـەفە لـە ئەڵمانیا و لە دەوڵەتانی تری خۆرئاوادا هەیە. لە ئەڵمانیا، شۆڕشـی (١٨٤٨) کۆتایی دارمانـی هیگڵیـزم شـقڵ دەکات. شـۆپنهاوەری نائەقڵانییـش ئەودەم دەبێت بە مامۆسـتای هزریی ئەڵمانیای پاش شۆڕشـەکە لەو قۆناغەدا کـە تیایدا زەمینەسـازیی بـۆ دامەزراندنی ڕایخ لەلایەن بیسـمارکەوە دەکرێـت. لـە دەوڵەتانی ئەنگلۆساکسـۆنی و لە ئیتاڵیا بـە پێچەوانەوە، فەلسـەفەی هیگڵیـزم لـەو قۆناغەدا لەسـەر گێڕانی ڕۆڵێکـی گرنگ و یەکلاکـەرەوە و تەنانـەت زیاتـر لە جاران بـەردەوام دەبێـت، چونکە لەنێو ئەم دەڵەتانەدا بیرۆکەی پێشـکەوتنی بۆرژوا هێشتا بیرۆکەیەکی ناسـراو نییە، بەو جۆرەی کە لە ئەڵمانیا، کە دۆخی قەیرانێکی ئاشـکرا بەرقـەرارە، ناسـراوە. قەیران لەنێـو ئەم دەوڵەتانەدا تەنها شـاراوە و کرمۆکەییانەیە، تیایاندا بیرۆکەی پێشـکەوتن، لە ئەنجامی ڕووداوەکانی (١٨٤٨)دا، لە شـێوەیەکی گۆڕاو و هەڵبزڕکاودا دەردەکەوێت. ئەمەیش وەک ئاقیبەتێـک هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە دیالەکتیکی هیگڵیی کە هیرزن (Herzen) بە ”زانسـتی جەبری شۆڕش“ ناوزەدی دەکرد، ئـەو مۆرکە شۆڕشـگێڕانەیە بەتەواویی لەدەسـت دەدات: هیگڵ زیاتر و زیاتـر لـە کانت و کانتیزم نزیـک دەکرێتەوە. ئەمەیش دەشـێت ئەم

هیگڵیزمەبەتایبەتـی لــە دەوڵەتانــی ئەنگلۆساکسـۆنییدا، لەگــەڵ ئــەو فەلســەفەیەدا کە بە پەرەسەندنگەراییەکی لیبراڵییانە پێشدەکەوێت و لە بارەیەوە موژدە دەدات (بەتایبەتی فەلســەفەکەی هێربەرت سپنســەر-Herbert Spencer) تەریـب دابنرێـت. با ســەرپێییانە هێما بۆ ئەوە بکەیـن هیگڵیزمــی ئەڵمانییش دیســان ڕەوتێکی گەڕانەوەی هاوشـێوە بـۆ کانت بەخـۆوە دەبینێت، بەڵام ئاوابوونی گشـتیی ئەم فەلســەفەیە وا دەکات دیاردەکــە بــە بەراورد بــە دەوڵەتانی خۆرئـاوا کەمبایەختر بێت. هێندە بەســە بیر لە پەرەسەندنی ڕۆزانکرانتس (Rosenkranz) و پەرەسەندنی فیشەر (Vischer) بکرێتەوە، فیشەر کە گەڕانەوەی بۆ کانت لێکدانەوەیەکی نائەقڵانییانەی کانت بە شـوێن خۆیدا دەهێنێت، بە جۆرێک لە جۆران ڕۆڵی پێشەوایەک بۆ ئیمپریالیزم دەگێڕێت.

کرۆچــە بــە هیـچ کلۆجێـک نەکەوتــە ژێـر کاریگەریـی فیشــەر (Vischer)، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشــدا پەیوەندیی لەگەڵ هیگڵ (هەروەها پەیوەندییەکانیشـی لەگــەڵ ڤیکـۆ Vico کە کرۆچە بــە "دۆزەرەوە" و ناسـێنەری دادەنرێت) دەکەوێتە سەر هەمان هێڵ، هێڵی نائەقڵانییبوون. بــەم پێیە لــە هیگڵیزمــی ئەڵمانیی قۆناغــی ئیمپریالــی زۆر نزیکە بەو جـۆرەی لەدواییدا دەردەکەوێـت، بەڵام لەگەڵ ئــەم جیاوازییە ئێجگار گرنگــەدا، کــە ئەویش ئەوەیــە لە ئەڵمانیـا فەلســەفەی هیگڵیزمی نوێ بــە قەولی ئــەوان ئایدیۆلۆژیــای کۆمەڵی تەرخانکراوە بۆ ســەرلەنوێ کۆکردنەوەی کۆنەپەرسـتیی (بە نازیزمیشــەوە)، بــەڵام کرۆچە لەگەڵ لیبراڵیزمــی قۆناغی ئیمپریالیزمی بەپێی پێویسـت کۆنەپەرسـت، بەڵام بەرهەڵست و نەیاری فاشیزمدا دەمێنێتەوە. (هیگڵییە ئیتاڵییە گەورەکەی تر، جینتیلی- Gentile، لەڕاسـتییدا، بۆ ماوەیەک، تیۆریسێنی "قۆناغی چەسـپان"ی فاشـیزم بوو). کرۆچــە کاتێک دەڵێت لەنێـو هیگڵ-دا ئەو بەشــەی کە "زیندوو"ە لەو بەشە کە "مردوو"ە جیادەکاتەوە، مەبەستی لــە جیاکردنــەوەی "نائەقڵانییەتــی لیبراڵیــی میانڕۆ"یە لــە "دیالەکتیک و بابەتییبــوون". ناوەڕۆکــی ســەرەکیی، یاخود گەوهەریــی ئەم دوو

ئاراستەیە، داکۆکییکردنە لە دژی مارکسیزم. ئەوەی لێرەدا لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە یەکلاکەرەوە و گرنگە، بەخودکردنی ڕیشەییی مێژووە کە لە ڕووی ڕیشەییەوە لە هەر یاسایەک بێبەشە. "یاسایەکی مێژوویی، چەمکێکی مێژوویی، دژبەرییەکی- لە سیفەتدا ڕاستەقینەن"، بەو جۆرەی کرۆچە دەڵێت. مێژوویش، بە قەولی ئەو لە شوێنێکی تردا، هەمیشە مێژووی کاتی ئێستایە. لێرەدا نەک هەر تەنها نزیکایەتییەکی نزیک لەگەڵ فەلسەفەی ئەڵمانیی ڤیندلباند (Windelband) و ڕیکرت (Rickert)دا دەردەکەوێت، کە دەست بە بەنائەقڵانییکردنی مێژوو دەکات، بەڵکو هاوکات ئەو چۆنێتییەیش دەردەکەوێت کە کرۆچە بە هۆیەوە لەنێو خودگەراییەکی نائەقڵانییدا کێشەیەکی دیالەکتیکیی ئاشکرا چارەسەر دەکات؛ مەبەست لە کێشەیزانینی ئێستایە (واتە قۆناغە هەرە باڵاکەی پەرەسەندنێکی مێژوویی) کە کلیلی زانینی پلەکانی ڕابووردووی مێژوویی کەمپەرەسەندووتر دەدات. مێژوو دەبێت بە هونەر، ئەمەیش شتێکە، بە بڕوای کرۆچە، لە یەک کاتدا کەماڵ، بە واتایەکی شێوەکیی ڕووت و دەرک، وەک تاکە ئۆرگانی بەرهەمهێنانەکی و بەرەوپیرچوونەکیی ڕاستەقینەی پێویستە. هەروەها ئەقڵ لە هەموو کایەکانی کاراییی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ پەرێز دەگرێت، تەنها پراتیکی ئابووریی لێ بترازێت- ئەم پراتیکەیش لەنێو سیستەمەکەی ئەودا لاوەکییە- لەگەڵ کایەی پارێزراو بۆ لۆژیک و زانستە سروشتییەکان- کە ئەمیش دیسان کایەیەکی لاوەکییە و ڕۆحی سیستەمەکە لە قەوماوی ڕاستەقینە جیایدەکاتەوە. (لێرەدا سەرلەنوێ تەریببوون لەگەڵ ڤیندلباند و ڕیکرت-دا دەردەکەوێت). بەکورتیی، کرۆچە "سیستەمێک"ی نائەقڵانیی دامەزراند تاکو بۆرژوای هەلپەرستی بێئابڕوو لە قۆناغی ئیمپریالییدا بەکاریبهێنێت. سەبارەت بە پەڕگیرانی کۆنەپەرستیی، ئەم فەلسەفەیە، لەوەتەی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانەوە، بەس نییە؛ لای پاپینی (Papini) و ئەوانی تر، لە دژی کرۆچە، نەیاریی و بەرهەڵستییەکی ڕاستڕەوانە سەرهەڵدەدات، بەڵام- بە پێچەوانەی

ئەوەی لە ئەڵمانیادا ڕوویدا- بابەتێکی جێی سەرنجە ئەم نائەقڵانییەتە لیبراڵیی-کۆنەپەرستە لە دژی کرۆچە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە یەکێک لە تەوژمە باڵادەستەکانی هزر لە ئیتاڵیادا ماوەتەوە.

بە هۆی سروشتە فەلسەفییەکەیەوە، پراگماتیزم- کە لێرەدا تەنها نوێنەرە دیارەکەی بە هەند وەردەگرین، واتە؛ ویلیەم جەیمس- تایبەتمەندییەکی نائەقڵانیی زۆر ڕیشەییتری هەیە، بەبێ ئەوەی ئەنجامەکانی وێڕای ئەوە دوورتر لەوەی لای کرۆچە بڕوات. بەسادەیی، جەماوەر، کە دەبوو جەیمس هەوێنی خۆی لە فەلسەفەیەکی نائەقڵانیی پێبدات، تەواو جیاواز بوو. بەڵێ، ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووی فەلسەفەوە لە پاشخانە ڕاستەوخۆکە بڕوانین، واتە لەو پێشینە ڕاستەوخۆیانەی ئەرگۆمێنتەکەی پێیانەوە پەیوەستە، ئەوا دۆخی جەیمس هەندێک چوونیەکیی لەگەڵ دۆخی کرۆچەدا دەخاتەڕوو. لە هەردوو دۆخەکەدا ئێمە لەبەردەم دوو بەناو هیگڵییداین، کە لەڕاستییدا کەم تا زۆر دوو داپۆشراون، دوو کانتیین، بەڵام ئەو هەڵوێستەی جەیمس سەبارەت بە پێشینەکانی وەریدەگرێت هەرگیز چی تر بە هەڵوێستی کرۆچە نەماوە، بەڵام کرۆچە بە ڕوواڵەت لە ئیتاڵیا درێژە بە لاساییکردنەوەی هیگڵ (یاخود ڤیکۆ) دەدات- کە بە کردەوە دەیگۆڕێت بۆ نائەقڵانییەت-، جەیمس لە وڵاتە ئەنگلۆساکسۆنییەکاندا، لە دژی ئەم باوە، بەشداریی لە خەباتێکی ئاشکرادا دەکات.

ئەم مشتومڕە ئاشکرایە نزیکایەتییەکی زۆر لەگەڵ ئەوەدا دەردەخات کە لە ئەوروپادا لە هەمان سەردەمدا ڕوو دەدات، بەڵام ماخ و ئافیناریۆس دەڵێی پەلامار و هێرشە سەرەکییەکانیان بەرەوڕووی ئایدیالیزمێکی کۆن دەکەن، بەڵام لەڕاستییدا ئەوان پێداگرانە لە دژی ماتەریالیزمی فەلسەفیی تێدەکۆشن، چونکە لای جەیمس شتەکە بەو جۆرەیە. ئەو شتەیش کە دیسان لێکدییان نزیکدەکاتەوە ئەوەیە؛ ئەم یەکێتییەی تێکۆشانێکی ئاراستەکراو لەڕاستییدا لە دژی ماتەریالیزم و جەنگێکی دیکەی وەهمیی لە دژی ئایدیالیزم ئەوە هاودەمێتی کە دەڵێن

گوایە فەلسەفە "نوێ"یەکەیان لە سەروو دژبەریی درۆزنانەی نێوان ماتەریالیزم و ئایدیالیزم داناوە و دەشیا فەلسەفە "ڕێگای سێیەم" بدۆزێتەوە. ئەم نزیکایەتییە تا ڕادەیەک هەموو پرسە سەرەکیی، یاخود گەوهەرییەکان لە فەلسەفەدا دەگرێتەوە. کەواتە پێویستە خاڵی دەستپێکردن بێت بۆ سەنگاندنی پراگماتیزم، بەڵام جیاوازییەکان، بەتایبەتی لە دیدی ئێمەدا، لایەنی کەم هەمان گرنگییان هەیە. یەک لەدوای یەک، ئەو نائەقڵانییەتەی بەچەشنێکی شاراوە لەنێو ماخیزمدا هەیە و کە تەنها پەیتا پەیتا دەردەکەوێت، لای جەیمس تەواو ئاشکرایە کە کتومت گەشە دەکات و پەلدەهاوێت. ئەم جیاوازییە لەوەدا دەردەکەوێت ماخ و ئافیناریۆس بەر لە هەر شت لەپێناوی دامەزراندنی بنەمایەکی گنۆزیۆلۆژی بۆ زانستە وردەکان کۆشش دەکەن و لەگەڵ ئەم کارەیشدا ویستی خۆیان بۆ ئەوە ڕادەگەیەنن کە لە میتافیزیکدا بە بێلایەن بمێننەوە، بەڵام جەیمس دەڵێت گوایە بە هۆی فەلسەفە نوێیەکەیەوە وەڵامێکی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە پرسە میتافیزیکییەکان دەداتەوە. کەواتە ئەو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوو لە ژمارەیەک ناوەندی تا ڕادەیەک ڕێژەیی نانێت، بەڵکو ڕووەو بەجێهێنانی پێویستییە میتافیزیکییە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤی سەر شەقام هەنگاو دەنێت. بە ڕواڵەت هیچ شتێکی تر لە نێوانیاندا نییە تەنها جیاوازیی لە زاراوەکاندا نەبێت، کاتێک کە ئەوان، ئەو ماخییانە، "ئابووریی هزر" دەکەن بە محەکی ڕاستیی گنۆزیۆلۆژی، بەڵام جەیمس تەنها و بە سادەیی (سەبارەت بە هەر تاکێک) ڕاستیی بە سوود بەراورد دەکات. جەیمس، بە هۆی ئەم کارەیەوە، لەلایەک کەڵکی تیۆری زانینی ماخ ڕووەو تێکڕای ژیان فراوان دەکات، ئاوازێکی بەڕوونیی ژیانگەرانەی پێدەدات، لەلایەکی ترەوە بەهایەکی گشتیتری پێدەدات زۆر لە چوارچێوەی "ئابووریی هزر" تێدەپەڕێنێت، کە ئەوکات هێشتا تەکنیکی بوو.

لێرەیشدا دیسان هەڵسوکەوتی سەرەکیی نائەقڵانییەت بەرامبەر بە دیالەکتیک بەڕوونیی دەردەکەوێت. ئەوە تێزەیەکی سەرەکییە لە

ماتەریالیزمـی دیالەکتیکـدا کە دەڵێت پراتیک محەکی تیۆریی ڕاسـتیی پێکدەهێنێت، دروسـتیی و نادروسـتیی دانەوەی قەومـاوی بابەتیی کە بە شـێوەیەکی سەربەخۆ لە هۆشـیاریی ئێمە لەنێو هزردا هەیە، تەنها لەنێو پراتیک و بە هۆی پراتیکەوە بەدیدێت. جەیمس کە سنوورەکان و بـێ توانایی ئایدیالیزمی میتافیزیکیی زۆر چاک تێبینیی کردووە و زیاد لـە جارێک باسـکردووە (چونکە بۆ نموونە گوتوویەتـی کە ئایدیالیزم جیهـان "لە ئەزەڵەوە بە تەواوکـراو و بێکەموکووڕ" وێنا دەکات، بەڵام پراگماتیـزم دەیەوێـت جیهان لـە گۆڕانەکەیدا بگرێتە دەسـت)، وێڕای ئەوە لە تیۆریی و هەروەها لە پراتیکیشـدا هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ قەومـاوی بابەتییـدا قـت دەکات، بەو هۆیەیشـەوە دیالەکتیـک دەبێتە خودگەراییەکـی نائەقڵانیـی. جەیمـس، بێ پێچ و پەنا، پـێ لەم گۆڕینە دەنێت، چونکە فەلسـەفەکەی هەوڵی بەجێهێنانی پێویستییەکانی مرۆڤی ئەمەریکیی سـەر جادە دەدات. لە کاروبارەکانی ڕۆژانەدا، پێویسـتە لە ژێـر زەبـری مایەپووچبووندا، تێبینیـی قەوماو و پابەندبـوون پێیەوە بکرێـت (بەبێ گوێـدان بە زانینی ئەوەی ئاخۆ ڕاسـتیی ئـەم قەوماوە بابەتییە و سـەربەخۆبوونی لە هۆشـیاریی لە لایەکی دیکەوە لەسـەر ئاسـتی تیۆریـی دراونەتە دواوە)، بەڵام هەموو بوارەکانی تر دەشـێت بۆ جـەوری نائەقڵانیـی جێبهێڵرێن. جەیمس دەڵێـت: "جیهانی کردەیی کارەکان لەلایەنـی خۆیـەوە لـە چاوانی سیاسـەتوان و سـەربازیی و ئـەو مرۆڤەدا جیهانێکـی زۆر ئەقڵییە، کە ڕۆحی بازرگانیی بەسـەریدا زاڵە... بەڵام سـەبارەت بە مگێزێکی ئاکاریی، یاخود هونەریی جیهانێکی نائەقڵییە".

لێـرەدا ئەرکێکی ئێجگار گرنگی نائەقڵانییـەت دەردەکەوێت؛ یەکێک لـە ئەرکـە کۆمەڵایەتییە سـەرەکییەکانی بـۆ بەرژەوەندیـی بۆرژوای کۆنەپەرسـت ئەوەیـە، کە "ئاسـودەیی"ـەکی میتافیزیکـی گرێدراوە بە وەهمـی ئازادییەکـی تەواو و وەهمی سـەربەخۆیی تایبەت و کەسـیی و بەرتریـی ئاکاریـی و کولتووریـی، ئەو بەرترییەی لـە پراتیکدا بەبێ

هیــچ مەرجێک خۆی وەک بابەتێک لە خزمەتی بۆرژوای کۆنەپەرســت و گرێدراو بە چارەنووســی ئەودا دەبینێتەوە. دواتر لە شــوێنێکی تردا بە تێروتەســەلیی، دەبینین چۆن "ئاســودەیی"ەکی لــەم جۆرە بناغەی گوێپێنەدانــی "هــەرە بــاڵا"ی نێــو نائەقڵانییەتیش دیســان پێکدەهێنێت بــەو جۆرەی لای شــۆپنهاوەر و کێرکەگارد هەیــە. جەیمس بە ڕێگای کەلبیزمێکی ســاویلکانەی خاوەنکاری ئەمەریکیی شــاد و دڵنیا لە خۆی کتومــت گوزارشــت لەمــە دەکات. پێویســتییە میتافیزیکییەکانی بابیت (Babbit) بەجێدەهێنێت کە (سینکلەر لویس Sinclair Lewis ئەوەی بــە شــێوەیەکی نایــاب ڕوونکردووەتــەوە)[١]، کە باس لە دەســتداریی مافــی دەرکێکی تایبەت و کەســیی دەکات کە لــە پراتیکی کردەییدا ئەو بیرۆکەیــە جێدەکاتــەوە کە دەڵێت ڕاســتیی و بەرژەوەندیــی لە ژیانی ئەمەریکییەکــی ڕاســتەقینەدا دوو چەمکــی چوونیەکن. بە شــێوەیەکی سروشــتیی، کەلبیــزم و دووربینیــی جەیمس، لــە ڕووی هزرییەوە لە شــوێنێکی برێک باڵاتر لە کەلبیزم و دووربینیی بابیت-دان. بەم جۆرە جەیمس، لە پاڵ نکوڵییکردنیدا لە ئایدیالیزم دەست لەوە هەڵناگرێت وەک پێویســت ســڵاوێکی ڕێز-ی پراگماتییانەی لێ بکات؛ لەو ســۆنگەیەوە ئایدیالیزم هەســت، یاخود ئاگایی ئاسودەیی میتافیزیکییانە پتر دەکات، ئایا بۆ ژیانی ئێستا بەسوود نییە؟ سەبارەت بە هەموو ئایدیالیستەکان بەڕەهایــی، جەیمــس دەنووســێت: «پشــوویەکی ئاکاریی دەســتەبەر دەکات. هەر ئەمەیشــە دیسان ڕاستیی هەموو فەلســەفە ئایینییەکان»، بــەڵام ئەم دڵنیاییــە کەم کاراتر دەبوو ئەگــەر ڕەتدانەوەی ماتەریالیزم و بەنــاو بەرپەرچدانەوەیەکــی ئــەو فەلســەفەیەی لەخۆنەگرتایــە کــە بناغەیەکــی زانســتیی هەیە. جەیمس، وەکو کەلبییەک، لێرەدا شــەڕێکی ئاسان بۆ خۆی ساز دەکات، چونکە ئەو وەکو پراگماتییەکی تەبا لەگەڵ

١- «بابیت»، نووسینی؛ سینکلەر لویس، یەکێک لە باشترین و گرنگترین کارەکانی وێژەی ئەمەریکییە. ژیاننامە و سایکۆلۆژیای ئەمەریکییەکی نموونەییە، وردە خاوەنکارێکی خۆشگوزەرانە و... هتد.

خۆیدا، هیچ بەهانەیەکی بابەتیی لە دژی ماتەریالیزم نادات؛ تەنها برەو بــەوە دەدات ماتەریالیــزم لەو ڕووەوە کە بنەمــای لێکدانەوەی جیهانە بــە هیچ کلۆجێک لە باوەڕبــوون بە خودا «بەکەڵکتر» نییە. «کاتێک کە ماتەریالیێک بە سۆنگەی جیهان ناوزەد دەکەین هیچ کام لە توخمەکانی لێ داناماڵین، هەروەها ئێمە زەنگینتری ناکەین ئەگەر ئەو ســۆنگەیە بە خــودا ناودێر بکەین... خودا، ئەگەر لەوە زیاتری نەکرد کە گەردیلەکان کردیــان، هەمان مافی ســەبارەت بە پێزانینی ئێمــە هەیە، نەک زیاتر لە گەردیلەکان». بەم چەشــنە بابیت دەتوانێت باوەڕی بە خودا هەبێت، بە خودای هەر ئایین، یاخود دەستەیەکی ئایینیی، دژبەریی ئەو مەرجدانانە ناکات کە زانســت بەســەر جەنتڵمانێکی سەردەمییانە (up to date) و بەســەر مرۆڤێکی پێشکەوتوویدا دەســەپێنێت، کە پێ بەپێی سەردەم و زانست ڕێدەکات.

لای جەیمس نابینین- بیرۆکەی دروســتکردنی ئەفســانەکان لەگەڵ هەمــان ناوەڕۆکــدا دەربکەوێــت وەک لای نیچــە دەردەکەوێــت- کــە تیۆرییەکــەی دەربــارەی زانین و دەربارەی ئاکار بڕێــک تایبەتمەندیی پراگماتیی هەن، بەڵام جەیمس بنەمایەکی گنۆزیۆلۆژیی بۆ ئەم بیرۆکەیە دروســت دەکات و لەسەر بابیتەکان (Babbitt) لە هەموو چەشنەکانی دەکاتــە ئەرکێکی ئاکاریی بۆ کەڵــک و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەو ئەفســانانە دروســتبکەن، یاخود پەســەند بکەن کە پەسەندکردنیان بۆیان دەسەلمێنێت، کەڵکی زیاترە؛ پراگماتیزم پێشــتر ویژدانی هزریی باش و پێویستی پێدەبەخشین. بەو گەلۆریی و سەرپۆتییەی هەیەتی پراگماتیزم ئەو بازاڕە فەلسەفییە بوو کە ئەمەریکا بەر لە جەنگەکە پێویســتی پێی هەبوو، خۆی و ئەو ڕوانگەیەیسەبارەت بە گەشەکردن و دڵنیایی بێ سنوور هەیەتی.

بەڵگەنەویســتە پراگماتیــزم چەند زیاتر بەرەو ئــەو دەوڵەتانەی تر تەشەنەی سەند کە ململانێی چینەکان تیایاندا توندتر و پەرەسەندووتر بوو، ژمارەیەک توخم کە تیایاندا تەنها شاراوە بوو زوو بە زوو پێلێنانی

خۆیان دەست کەوت. ئەمە زۆر بەڕوونیی لای بیرگسۆن دەردەکەوێت. نەک ئەوەی کە پراگماتیزم کارتێکردنێکی ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر بیرگسۆن، بەڵکو بە سادەیی مەبەست ئەوەیە ئێمە لێرەدا لەبەردەم دوو ئاراستەی تەریبداین، تەریبییان- لەلایەنی خودییەوە- ئەو ڕاستییە پشتڕاستدەکاتەوە، کە جەیمس و بیرگسۆن ڕێزێکی باڵا لە نێوانیاندا هەبووە. کۆڵکەی هاوبەشی نێوانیان ڕەتدانەوەی قەوماوی بابەتیی و شیانێتی بۆ ئەوەی شێوە زانینێکی ئەقڵییانە بزانرێت؛ کورتکردنەوەی زانین بۆ تەنها کەڵک و بەرژەوەندیی تەکنەلۆژیی، بانگەشەکردن بۆ لێکۆڵینەوەیەکی دەرکگەرانەی پەتیی ئەو قەوماوە ڕاستەقینەیەی کە بڕیار دەدات لە گەوهەردا نائەقڵییە. ئەم مەیلە بنەڕەتییە هاوبەشە پێشگیریی لەوە ناکات لە نێوانیاندا بڕێک جیاوازیی لە تۆکمەکردن و بنەچەدا هەبێت کە ناتوانرێت پشتگوێبخرێت، بڕێک جیاوازیی کە پێویستە لەنێو جیاوازیی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییانەدا سۆراخ بکرێن کە جەیمس و بیرگسۆن تیایدا چالاکییەکانیان ئەنجامداوە، تەریب لەگەڵ ئەوەیشدا لەنێو جیاوازیی ئەو نەریتە فەلسەفییانەدا کە تیایدا پەیوەست دەبوون، یاخود لە دژی تێدەکۆشان. بیرگسۆن، لەلایەک بە جۆرێکی زۆر لە جەیمس بوێرانەتر و توندتر، نازانمخوازیی نوێ- تا بە میتۆلۆگیا دەگات بڵاودەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە لایەنی کەم لە سەردەمی کاریگەرییە دەوڵەتییە هەرە زۆرەکەیدا، زیاتر خۆی تەرخانی ڕەخنەکردنی بۆچوونە زانستییەکان کرد، لە ڕووی نکوڵییکردنەوە لە مافیان لە گوزارشتکردن لەبڕێک ڕاستیی بابەتیی و لەوەی کە- لە ئاستی فەلسەفەی گشتیدا- ئەفسانە بایۆلۆژییەکان لە شوێنی زانستەکان دابنێت، وەک لەوەی خۆی تەرخانی شیکردنەوەی بڕێک کێشەی کۆمەڵایەتی بکات. کتێبەکەی ئەو دەربارەی ئاکار و ئایین کە لە کاتێکی زۆر درەنگدا چاپ و بڵاوبووەوە، گەرچی بە نزیکەیی و بە نەرمیی نواندنیشەوە بێت ئەو زایەڵە لەڕادەبەدەرەی نەبوو کە کارەکانی دەربارەی ئەفسانە بایۆلۆژییەکان هەیانبوو. دەرکی

بیرگسـۆنیی ئارەزووی دەرەوە دەکات بەرەو وێرانکردنی بابەتایەتیی و ڕاسـتیی زانینی زانستیی و بەشێوەیەکی وەرچەرخاو بەرەو ناوەوە، دەبێتە تێهەڵکێشـبوونی تاکەکەسـی مشەخۆری گۆشـەگیر-ی دابڕاو لـە ژیانی کۆمەڵایەتی بە قۆناغی ئیمپریالیـزم. (ڕێکەوت نییە ئەو کارە وێژەییەی کـە زۆرترین کاریگەریی بیرگسـۆنی بەرکەوتووەکارەکەی پرۆستە Proust).

دژبەرییەک لێرەدا لە ڕووی جۆرییەوە، نەک تەنها لەگەڵ جەیمسدا، بەڵکـو لەگـەڵ ئەڵمانـە هاوسـەردەمەکانی بیرگسـۆنی سەرسـام بە بیرگسۆنیشـدا هەیە، چونکە "دەرکی بلیمەتانە" لای دیڵتای، دەرک بەو چەشـنەی زیمیل و گۆندۆڵف وێنای دەکەن، "بینینی گەوهەرەکان" لای ماکس شـیلەر، دەربارەی نیچە و شـپینگلەریش هیچ شتێک ناڵێین!، لە بنەمادا ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە. لێرەدا پشتکردنە بابەتیبوون و ئەقڵیبوون، بەبێ هیچ ئاڵۆزیی و ناڕۆشـنییەکی شیانیی، بۆ وەرگرتنی هەڵوێسـتێک کە بەتوندیی لە دژیپێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە. لای بیرگسـۆن، ئەمە تەنها بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ دەردەکەوێت، کۆنەپەرسـتیی و سۆفیسـتیی کتێبەکەیشـی دەربارەی ئـاکار و ئایین هەرچەند و هەرچۆنێک بێت ئەو لەم ئاراسـتەیەدا لە شوێنێکی دوورلە پشـت نائەقڵانییەتی هاوسـەردەمە ئەڵمانەکانیـدا دەمێنێتەوە. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کاریگەریی بیرگسۆن ناشێت لە فەڕەنسایش دیسان لە هەمان ئاراسـتەدا پیادە بکرێت؛ بڕوانە سۆریل... بەڵام ئەم کاریگەرییە لەسـەر کەسانێکی تریش دیسان هەستپێکراوە، لە پیگی (Péguy)یەوە (کە ڕووەو کاتۆلیکیزمێکی کۆنەپەرست پەرەی سەند) تا بە سەرەتاکانی ئەو کەسە دەگات، کە بەکرێگیراوی ئایدیۆلۆژیی ژەنەڕاڵ دیگۆل بوو و ئەو کەسەیش ڕیمۆن ئارۆن (Raymond Aron)ـە.

بـەڵام هێـرش و پەلامـارە سـەرەکییەکەی بیرگسـۆن لـە دژی بابەتیبوون و مۆرکی زانسـتیی ئەو زانینەیە کە زانستەکانی سروشت دەیڕەخسـێنێت. ئەم بەرهەڵسـتییە ڕووت و ڕەقە لە نێوان ئەقڵییەت و

دەرکی نائەقڵییدا بیرگسۆن لەسەر ئاستی تیۆری زانین بەرەو ئەوپەڕی ئەو سنوورەی پاڵدەنێت کە بیرمەندانی بەر لە جەنگە ئیمپریالیستییەکە پێیگەیشـتن. ئەوەی لای ماخ تەنها سەبارەت بە تیۆری زانین بەتایبەتی گونجاوە، ئەوەی لای جەیمس تیۆری ئەفسـانە تاکەکەسییە خودییەکان دادەمەزرێنێـت، لای بیرگسـۆن دەبێـت بـە ڕوانگەیەکـی یەکانگیر بۆ جیهان کە لە یەک کاتدا ئەفسـانەیی و نائەقڵییە. زانسـتەکانی سروشت کە بیرگسـۆن هاوشـێوەی ماخ، یاخود جەیمس هـەر باوەڕبوونێکیان بـە زانینـی بابەتییانـەی قەوماو نکوڵیی لـێ دەکات و تەنهـا کەڵکێکی تەکنەلۆژییـان پێدەبەخشـێت، بـەو جۆرە بـە تابلۆیەکـی میتافیزیکیی ڕەنگاوڕەنـگ و بزواو بەرهەڵسـتیی دەکات؛ جیهانی ناژیان و بێگیانیی لـە شـوێندا بـە جیهانێـک بەرهەڵسـتیی دەکات کە جیهانـی جووڵە و ژیـان و کات و بەردەوامییـە. لەو شـوێنەدا کە ماخ هیچ شـتێکی تری نەدەکرد، تەنها دەربڕینی هاوارکردنێکی نا- زانمخوازانە نەبێت ڕووەو خودێتیی دەرککردنی ڕاسـتەوخۆ، بیرگسۆن سەرلەبەری فەلسەفەیەک بڵاودەکاتـەوە کە لەسـەر دەرکێکی بە شـێوەیەکی ڕیشـەیی نائەقڵیی شاندادەدات.

لێرەیشـدا دیسـان بەسـادەیی مۆرکی بنەڕەتیی نائەقڵانییەتی نوێ دەبینیـن. شکسـتهێنانی شـێوازی میتافیزیکیی و میکانیکیـی لەبەردەم دیالەکتیکی قەوماودا، کە ئەنجامی قەیرانی گشتیی زانستە سروشتییەکانە لـە قۆناغی ئیمپریالییدا، بیرگسـۆن بە هـۆی زانینی جووڵەی قەوماوی دیالەکتیکیـی بەرقەولـی یاسـاکانەوە بەرهەڵسـتیی نـاکات. بـە تەنها ماتەریالیزمـی دیالەکتیـک دەتوانێت ئەوە بکات. بـە پێچەوانەوە ڕۆڵی بیرگسـۆن داهێنانی ڕوانگەیەکە دەربارەی جیهان کە لە پشـت دیاردە سەرنجڕاکێشـەکانی ژیانـی بـزواوەوە پارێزگاریی لە چەسـپاوییەکی کۆنەپارێز و کۆنەپەرست دەکات. هێندە بەسە ئەم دۆخە بە نموونەیەک شـیبکەینەوە کە لە کێشـەیەکی سـەرەکییەوە وەریدەگرین؛ بیرگسۆن بەربەرەکانێـی مۆرکی میکانیکی و مردووی تیۆرییەکانی پەرەسـەندن

نموونەی سپنسەر دەکات، بەڵام هاوکات لە بواری بایۆلۆژیادا بیرۆکەی بۆماوەیی تایبەتمەندییە پەیداکراوەکان دەداتە دواوە. بەم هۆیەیشـــەوە لەو کێشـــەیەدا کـــە تیایـــدا ئەنجامدانـــی چاککردنێکـــی دیالەکتیکییانەی داروین شـــیانی هەبوو و پێویســـت بوو، بەو جۆرەی کە خوێندکارانی متســـورین لە ڕێگای پاڵپێوەنانی لێکۆڵینەوە لەم پرســـە لەسەر بنەمای ماتەریالیزمـــی دیالەکتیک ئەوەیان ڕوونکردەوە، لە دژی پەرەســـەندنی دروست هەڵوێست وەردەگرێت. بیرگسۆن بە هۆی ئەم کارەوە بیرۆکە بەر لە هەر شتێکی تر بەو جووڵانەوە گەورەیەوە گرێ دەدات کە ماخ و ئافیناریۆس لەپێناوی وێرانکردنی بابەتییبوونی زانستە سروشتییەکاندا دەستیانپێکرد، ئەویش ئەو جووڵانەوەیەیە کە لە قۆناغی ئیمپریالییدا لە فەرەنسایشـــدا دیســـان برێک نوێنەری بەرچاوی لە نموونەی پوانکارێ (Poincaré) و دوهیم (Duhem) لە پاڵ نوێنەرانێکی تردا هەبوو.

واتـــای میتافیزیکیـــی ئەم چەشـــنە ئاراســـتە گەورانـــە، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسادا کە نەریت و باوەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەریی هـــەن و ماتەریالیزم و ناخوداباوەڕیی هەن، بە بەراورد بە ڕیشـــەکانی لە ئەڵمانیادا، ڕیشـــەکانی زۆر قووڵترن، بەڵام وەک بینیمان بیرگســـۆن بە ئاراســـتەی دروســـتکردنی پێداگرانـــەی برێک ئەفســـانەی نائەقڵییدا زۆر دوورتـــر دەڕوات. گورزەکانـــی خۆی لەســـەر ئاســـتی فەلســـەفی لـــە بابەتییبـــوون و ئەقڵگەرایـــی و لـــە بەرتریی ئەقڵ دەوەشـــێنێت، کە نەریتێکی دێرینی فەرەنســـییە. لەپێناوی دیدێکی نائەقڵانییانە بۆ جیهاندا خەبـــات دەکات. بـــەم هۆیەیشـــەوە بناغەیەکـــی فەلســـەفیی بـــە برێـــک ڕەخنـــەی ســـەرمایەداریی دەدات کـــە دەکەونـــە لای ڕاســـت لـــە بەری کۆنەپەرســـتیی، ڕەخنەیەک کە دەیان ساڵ بوو تەشەنەی دەسەند. بەم ڕەخنە ڕاســـترەوانە لە دژی ســـەرمایەداریی وەهمـــی جۆربوون لەگەڵ دوایین ئەنجامەکانی زانســـتەکانی سروشـــت دەبەخشـــێت. تا ئەو کاتە زۆربەی ئایدیۆلۆژیستانی کۆنەپەرســـتی فەرەنسا بەناوی پادشایەتیی و کاتۆلیکیزمـــی پاپاییزمـــی پەرگیرەوە هێـــرش و پەلامارەکانی خۆیان

بەرپــا دەکــرد، ئەمەیش بابەتێک بــوو کارەکانی لەنێــو برێک ناوەندی ئێجگار کۆنەپەرستدا قەتیس دەکرد، بەڵام فەلسەفەکەی بیرگسۆن ڕوو لــەم ناوەنــدە کولتوورییە توڕانە لە گەندەڵیی و بەدیی ســەرمایەداریی کۆمــاری ســێیەم دەنێت کە بەرەو چەپ بە ئاراســتەی سۆشــیالیزمدا سۆراخی ڕێگای خۆی دەکات.

وەک هــەر نائەقڵانییەکــی زیندووی گرنگ بیرگســۆن ئەم کێشــەیە لــەو ڕێگایــەوە "قووڵدەکاتــەوە" کــە جەخت لەســەر ئــەوە دەکاتەوە بەرهەڵســتییەکی فەلســەفیی گشــتییە لــە نێوان ئەوەی کــە مردووە و ئــەوەی کە زیندووە، بە جۆرێک کە بەبێ ئەوەی بیرگســۆن پێویســتی بەوە بێت کە بیدرکێنێت بۆ ئەو ناوەندانە ئاسان بوو تێبگەن ئەوەی کە مرد، دیموکراتیی ســەرمایەداریی بوو و ئەو بەرهەڵســتییەی کە ئەوان بەرهەڵســتیی ئــەم دیموکراتییە دەکــەن، پاکانەی خۆی لە فەلســەفەی بیرگســۆنیزمدا دەدۆزێتــەوە. چــۆن ئەوە بە شــێوەیەکی بەرهەســت لێکدەدرێتەوە؟ ئەمە ئەو شــتەیە کە ئێمە لە کاتی قسەکردنماندا لەسەر سۆریل (Sorel) بۆمان ڕووندەبێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە بیرگســۆن لە فەڕەنســادا لە قۆناغی قەیرانەکەدا لە دەوروبەری ســاڵی (١٩٠٠)، کە لەنێو برێک شــتی تریشدا بە دۆزەکەی دریفــۆس ناودێر دەکرێت، کاریگەرییەکی هەیە دەشــێت بە کاریگەریی نیچە لە ئەڵمانیای بیســمارکییدا لە ســەردەمی هەڵوەشــاندنەوەی یاسا هەڵاوێردەکان لە دژی سۆشیالیســتەکان بەراورد بکرێت. جیاوازییەکە لەو شوێنەوە ســەرچاوە دەگرێت کە فەلسەفە ژیانگەرا نائەقڵانییەکەی نیچە بێ پێچ و پەنا بانگەشــە بۆ سیاســەتێکی کۆنەپەرســتی ئاشکرای ئیمپریالیســتانەی ناحــەز بــە دیموکراتــی و سۆشیالیســتی دەکات، بــەڵام لای بیرگســۆن ئەم ئامانجانە کە بەئاشــکرا ســەرکوت ناکرێن، تەنها لەســەر ئاستی فەلســەفەی گشــتی ڕادەگەیەنرێن، یاخود لە ژێر پەردەیەکی بێلایەنانەدا دەشاردرێنەوە. ئەم بێلایەنییە سیاسییە کە لای بیرگسۆن دەبینرێت، نەک هەر تەنها پشێویی لە ناوەندە کولتوورییەکان

لە ناوجەرگەی قەیرانێکی ئایدیۆلۆژییدا زیاتر دەکات، بەڵکو دەخوازێت چەواشەیان بکات و بە لاڕێی کۆنەپەرستییاندا بەرێت. (ئەم کاریگەرییەی بیرگسۆن دەشێت بەر لە هەر شتێک لای پیگی Péguy لێیبکۆڵرێتەوە). باشـاری کۆمۆنیسـت جۆرج پۆلیتـزەر، کـە فاشیسـتە هیتلەرییەکان تیرۆریان کرد، بەچاکیی گەوهەری کۆنەپەرستی تەڵکراوی بیرگسۆنیی ناسـاندووە: "ئەوەی من لەگـەڵ هەموو ژیاندا جۆربـم، ئەوەی لەگەڵ هەمـوو ژیانـدا بشـنێمەوە و بلـەرزم، ئەمە لەڕاسـتییدا واتـای ئەوە دەگەیەنێت، کە لە ئاسـتیدا سـارد و سـڕ و بێدەربەست بمێنمەوە: زیچ و هەیەجـان و هەسـت و سـۆزە ڕاسـتەقینەکان لەنێو هەسـتەوەریی گەردوونییدا نوقوم دەبن. پۆگرۆم وەکو شۆڕش لەنێو بەردەوامییدایە؛ کاتێک هەوڵدەدەم سـاتەکانی بەردەوامیی بە شـێوە تـاک و تەنیاکانی بگـرم، کاتێک بە سەرسـوڕمانەوە لە دینامیکی ئاڵۆزکاویی سـاتەکانی ڕادەمێنم، کتومت ئەوە لە یاد دەکەم کە لەلایەک پۆگرۆم و لەلایەکی تر شۆڕش هەیە"[1].

لێرەدا ئەو شتە دەبینین کە بیرگسۆن لە نیچە کە دیارترین نوێنەری نائەقڵانییەتی خۆرئاوایە، ئەو مرۆڤەی کە لە ئەڵمانیای نوێدا باشـترین شـێوەی گەشـەکردن هەمان ئەم ئاراستەیە بەرجەسـتە دەکات، نزیک دەکاتەوە. هاوکات دەیشـبینین چۆن- بە هۆی پەرەسـەندنی جیاوازی ئەو دوو دەوڵەتەوە- بیرگسـۆن سـەبارەت بە پێگەیاندنی بەرهەسـت و میتۆدیـی دیدێکی کۆنەپەرسـت و نائەقڵانیی بۆ جیهاندابەبێ چەند و چوون لەپاش نیچەوەیە.

ئـەم جیاوازییـە هەروەهـا لە پەیوەندیـی هەردووکیاندا بـە نەریتە فەلسـەفییەکانەوە دەردەکەوێـت. لە کاتێکـدا کە لە ئەڵمانیادا شـیلینگ لەو کاتەوە لە تەمەنی پیریێتییەکەیدا هێرشـێکی لە دژی ئەو ئەقڵانییەتە بەرپاکرد، کە دیکارت دروستیکرد، ئەو هێرشەی لەدواییدا لە سەردەمی

---

[1] - جۆرج پۆلیتزەر: بیرگسۆنیزم، لەخشتەبردنێکی فەلسەفیی، ل٩٦، پاریس، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، ١٩٤٧.

هیتلەریزمـــدا دەگات بــە ترۆپکی خۆی کاتێک کە هزری پێشـــکەوتووی بــۆرژوا بە یــەک جار بــە لاوە دەنێت و کۆنەپەرســـتە جـاڕدراوەکان دەپەرســـتێت، بیرگسۆن و بیرگسۆنیزم ســـەر گۆڕانێک لە لێکدانەوەی فەیلەسووفەکانی پێشـــکەوتن دەکەون، گۆڕانێکی وێڕای ئەوە خاڵیی لە گفتوگۆ. بەدڵنیاییەوە بیرگسۆن ڕەخنەی پۆزەتیڤیستەکان و کانت دەکات، بەدڵنیاییەوە بیرگســـۆن گرنگیی بە سۆفیستە فەڕەنسییەکان دەدات، بە مــەدام گویۆن (Mme Guyon)، بەڵام نە بیرگســـۆن و نە هەوادارانی ڕۆژێک بە ڕاشـــکاویی و بێچەند و چوون نەریتە فەڕەنسییە گەورەکان دەدەنە دواوە. ئەمە لای جێگرەوەکانیشـــی دیسان ڕوونادات. ژۆن وال (Jean Wahl) لە پاڵ کەسانێکی تردا، ناوبراو لە بوونگەراییەوە نزیکە، هەوڵدەدات بیرگسۆن بە دیکارتەوە گرێبدات، کۆجیتۆیەکی تری تەریب بە کۆجیتۆی یەکەم دادەڕێژێت: "من بەردەوام دەبم کەواتە من هەم".

تۆمارکردنی ئەوەی بیرگســـۆن ڕێز لە هەندێک لە ســـنوور دەنێت لە کاتی بڵاوکردنەوەی نائەقڵانییەتەکەیدا، ئەوە ناگەیەنێت کە لە فەڕەنسادا ئایدیۆلۆژیایەکـــی کۆنەپەرســـتی خەباتـــکار بوونـــی نەبووە. تـــەواو بە پێچەوانـــەوە هەموو قۆناغی ئیمپریالیی پێ ســـیخناخ بووە (با لە بۆرجە Bourget، باریـــس Barrés، مـــوراس Maurras و کەســـانێکی تـــر بیربکەینەوە)، بەڵام فەلسەفەی نائەقڵانیی تیایدا شوێنێکی زۆر بچووکتر لەوەی گرتووە کە لە ئەڵمانیادا گرتویەتی، لە بواری سۆسیۆلۆژیایشـــدا هێرشـــە کۆنەپەرســـتە ئاشـــکراکە بەهێزتر و لەوەی لە ئەڵمانیا بەهێزتر بوو. گەشـــەکردنی دواکەوتووی سەرمایەداریی لە ئەڵمانیا و بەدیهاتنی یەکێتیی نەتەوەیی لە شێوە کۆنەپەرستە دەرەبەگایەتی و بیسمارکییەکەیدا وەک ئەنجـــام ئـــەوە بوو، کە سۆســـیۆلۆژیا وەک زانســـتێکی نموونەیی قۆناغی بەرگریکارانـــەی پاکانەکارانەی بۆرژوا تەنها بە دژواریی توانی لە ئەڵمانیادا خۆی بســـەپێنێت. پاش ئەوەی پاشـــماوەکانی ئایدیۆلۆژیای دەرەبەگایەتـــی بـــە لاوە نا. ئێمە لە کاتی گونجـــاوی خۆیدا هێما بۆ ئەوە دەکەین کە سۆســـیۆلۆژیای ئەڵمانی لە هێرش و پەلامارەکانیدا لە دژی

دیموکراتی لەسەر ئاستێکی فراوان ئەنجامەکانی کارەکانی خۆرئاوای بێگومان گونجاو بەگوێرەی پێویستییە ئەڵمانییە جۆرایەتییەکان بەکارهێنا.

ئێمە لێرەدا ناتوانین گەرچی بە شێوەیەکی تێکڕاییش بێت لە سۆسیۆلۆژیای خۆرئاوایی بکۆڵینەوە. سۆسیۆلۆژیای خۆرئاوایی برەوی بەوەدا کە داهێنەرانی ئەم زانستە بۆرژوا نوێیە دەستپێکردبوو؛ دابڕینی وردی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە بناغە ئابوورییەکانیان، سپاردنی لێکۆڵینەوە لە دیاردە ئابوورییەکان بە کایەیەکی تری زانستیی دابڕاو لە کایەی زانستیی یەکەم. بە هۆی ئەم کارەوە ئەو داهێنەرانە لەو کاتەوە ئامانجێکی بەرگریکارانەی پاکانەکراویان دەپێکا لەو ڕێگایەوە کە لە دەستنیشانکردنەکانی کۆمەڵی سەرمایەداریی- کە لە ڕووی کاریکاتێرییەوە شێوێنراون و ڕووەو بەرگریی پاکانەکارانە کێشکراون- یان بە جۆرێک کۆڵییەوە وەک ئەوەی وتەزا"ئەزەلییەکان"ی هەموو کۆمەڵێک بن بە "داماڵینی مۆرکی ئابووریی" لە سۆسیۆلۆژیا بە هەمان گورز "مۆرکە مێژووییەکەیان لێ دادەماڵی". ئەوەی ئامانجی شێوازێکی لەم جۆرە ئەوە بێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەم و زۆر ئەستەمایەتیی سۆشیالیزم و ئەستەمایەتیی هەر شتێک ڕوونبکاتەوە، شتێکە پێویستی بە بەڵگە نییە. ئێمە لەنێو ئەو بابەتە فرانەدا کە سۆسیۆلۆژیای خۆرئاوا پراتیکی کرد، تەنها دوو بابەت هەڵدەبژێرین، بەڵام ئەم دوو بابەتە دوو بابەتی سەبارەت بە مێژووی فەلسەفە گرنگن. یەکەم؛ ئەو بوارەی بە "سایکۆلۆژیای جەماوەر" ناودێر دەکرێت و نوێنەرە هەرە دیارەکەی گوستاڤ لو بۆن (Gustave le Bon)ە، سایکۆلۆژیای جەماوەر بە شێوەیەکی گشتی سایکۆلۆژیای ڕەمەک و بەربەریزم، بەرامبەر، یاخود دژ بە ئەقڵانییبوون و کەلتوور و هزری تاکەکان دادەنێت. ئەمەیش ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە هەرچەند کاریگەریی جەماوەر لەسەر ژیانی گشتیی زیاتر بێت، مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر دەستکەوتەکانی کەلتوور زیاتر دەبێت. بەم پێیەکاتێک لەم لایەنەوە بەناوی زانستەوە

لە دژی دیموکراتی و سۆشیالیستیی بانگەواز دەکرێت، سۆسیۆلۆگێکی کاریگەری تر لە سۆسیۆلۆگانی قۆناغی ئیمپریالی کە ئەویش پاریتۆ (Paréto)یە، سرودی دڵنەوایی بەناوی سۆسیۆلۆژیایەوە بەتایبەتی دەچڕێت. دروست ئەگەر مێژووی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان- بە شێوەیەکی تێکڕایی زبر- لە ڕستێک لە گواستنەوەی دەستەبژێر بەولاوە زیاتر نەبێت، ئەوا بناغە ئەزەڵییەکانی "کۆمەڵی سەرمایەداریی، لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژیا ڕزگار دەکرێت و هیچ دەرفەتێک نییە بۆ قسەکردن لەسەر نموونەیەکی نوێ- نموونەیەکی سۆشیالیستیی- کۆمەڵ. میشیلس (Michels)ی ئەڵمانی کە چووبووە پاڵ مۆسۆلینی، ئەم بنەمایانەی بەسەر جووڵانەوەی کرێکاراندا جێبەجێ کرد؛ بەرمەبنای ئەو سەرنجەی کە دەڵێت؛ لە سایەی مەرجەکانی ئیمپریالیزمدا (کە لە یادی دەچێت وەک مەرجەکانی ئیمپریالیزم دەربارەیان بدوێت) بیرۆکراتییەتێکی کرێکاریی لە دایک دەبێت، ئەنجامگیریی ئەوەی دەکرد، کە بوونە بۆرژوای هەموو جووڵانەوەی کرێکاریی یاسایەکی سۆسیۆلۆژییە.

لەنێو فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیای خۆرئاواداجۆرج سۆریل کە لینین ڕۆژێک لە ڕۆژان بە "مامۆستایەکی بەناوبانگی پشێویی" ناوزەدی کرد، شوێنێکی تایبەتی هەیە. (لەو بارەیەیشەوە هەق بە لینین بوو؛ مەگەر ئایا لای سۆریل بەڵگەنەویست و ئەنجامگیرییە هەرە دژبەرەکان بە تێکەڵیی نابینین؟). باوەڕەکانی سۆریل نموونەیەکە دەربارەی ڕۆشنبیری- وردە بۆرژوا. لەسەر ئاستی ئابووریی و لەسەر ئاستی فەلسەفییش وەک یەک پێداچوونەوەی مارکس لەلایەن بیرنشتاین-ەوەی لا پەسەندە. لەگەڵ بیرنشتایندا ئەوە دەداتە دواوە کە دیالەکتیکی ناوەکیی پەرەسەندنی ئابووریی بەبێ چەند و چوون دەبێتە مایەی بەرپابوونی شۆڕشی پرۆلیتاریی. بەم پێیە لەگەڵ بیرنشتایندا سۆریل دیالەکتیک وەک شێوازێکی فەلسەفیی بەلاوە دەنێت و پراگماتیزمی جەیمس و بەتایبەتی دەرکی بیرگسۆنیی لە شوێنی دادەنێت. لە سۆسیۆلۆژیای سەردەمەکەی خۆیەوە بیرۆکەی نائەقڵانییەتی جووڵانەوەکانی جەماوەر

و له پاریتۆوه وێنای پاریتۆ دەربارەی دەســتەبژێر دەخوازێت. دواجار ئەو پێیوایە پێشــکەوتن بە شێوەیەکی نموونەیی وەهمێکی بۆرژوایانەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشــدا لایەنی گەوهەریی لە بەهانەکانی کۆنەپەرستییدا پەسەند دەکات.

له پاڵ هەموو کتێبە بۆرژوا ئایدیالی و کۆنەپەرستەکانیدا، سۆریل بە قەڵەمبازێکی مەترسیداری نائەقڵانیی بە شێوەیەکی نموونەیی تیۆرییەک دەربارەی شۆڕشی "بێگەرد"ی پڕۆلیتاریی، ئەفسانەی مانگرتنی گشتی، ئەفســانەی توندوتیژیی لە خزمەتی پڕۆلیتاریــادا، بڵاودەکاتەوە. هەموو ئەمانــە هەمان وێنــەی یاخییبوونــی وردە بۆرژوا پێکدەهێنن؛ ســۆریل قیــن و ڕقی لە کەلتــووری بۆرژوایە بەبێ ئەوەی بتوانێت لەســەر کام خاڵی بەرهەست لەو کاریگەرییەی دەرباز بێت کە هەموو بیرکردنەوەی ئەوی دەستنیشــانکردووە. هەر بۆیە تەنها بە قەڵەمبازێک لە نادیار و لە هیچی پەتییدا دەتوانێت قین و ڕقی خۆی دەرببڕێت. ئەو شتەی سۆریل بــە "پڕۆلیتاریا" ناودێری دەکات لە هەڵبژێرییــەک بەولاوە پتر نییە، کە هەموو نیشــانەکانی بەرهەڵستیی نیشانەکانی بۆرژوا دەکەن، بەڵام هیچ ناوەڕۆکێکی بەرهەستی نییە؛ هیچ جارێک لە دەرەوەی ناوەڕۆکە بۆرژوا و شــێوە بۆرژواکانەوە بیر ناکاتەوە. دەرکی بیرگســۆنیی نائەقڵانییەتی بەردەوامیی قەوماو لێرەدا ئاوازی یۆتۆپیای نائومێدیی ڕەها وەردەگرن. چەمکی ئەفســانەی ســۆریلی زۆر بەچاکیی ئەم هەڵبژێرییە دەردەخات کــە هیــچ ناوەڕۆکێکی نییە. ســۆریل بەچەشــنێکی لەپێشــترانە هەموو سیاســەتێک دەداتــە دواوە، مانگرتنــە تەریکە خودان ئامانج و شــێوازە بەرهەستەکانیش لای ئەو بە هیچ کلۆجێک هیچ گرنگییەکیان نییە؛ دەرکی نائەقڵانیی، ئەفســانەی پووچــی وەرگیراو لە خەونەکانییــەوە، دەکەونە دەرەوەی هەر قەوماوێکی کۆمەڵایەتییەوە و لە قەڵەمبازێکی زیچ، یاخود وروژەیی لەنێو هیچدا بەولاوە زیاتر نییە.

بەڵام ئەوە کتومت ئەمەیە کە ســەبارەت بە توێژێک لە ڕۆشــنبیران لە قۆناغی ئیمپریالییدا مۆرکێکی جادووگەرانە بە ســۆریل دەبەخشــێت،

چونکــە ئەم چەشــنە لە نائەقڵانییــەت دەتوانێت ئــەو تورەییە بچنێتەوە کە ســەرمایەداریی دەیبزوێنێت و بە هۆی برێک ڕســتەی گەورەوە ئەم تورەییە لە هەر خەباتێکی ڕاستەقینە لە دژی سەرمایەداریی دووربخاتەوە؛ ئەگەرچی پادشــایەتیی لای سۆریل لە قۆناغێکی ڕاگوزار بەولاوە زیاتر نییــە، بەڵام ئێمە ناتوانین قەوماوی ئــەوە وەک تەنها قۆناغێکی ڕاگوزار تەماشــا بکەیــن، کە ئــەو توانی لە کۆتایــی جەنگی یەکەمــی جیهاندا لە یەک کاتدا دڵبەســتەی مۆســۆلینی و لینین و ئیبرت (Ebert) بێت. ئەو بێدەربەستییەی پۆلیتزەر وەک خەوشێک لە بیرگسۆندا ڕەخنەی دەکات لای ســۆریل لە شــێوەیەکی چالاکی کارگەردا دەردەکەوێت، بەڵام ئەمە ئامانجەکانی ڕۆشــنتر ناکاتەوە. هەڵبەتــە ڕێکەوت نییە تیۆرییەکەی ئەو دەربــارەی ئەفســانە کە بەتەواویی لە نــاوەڕۆک خاڵییە، لایەنی کەم بۆ ماوەیەک خزمەتی مۆســۆلینی بــکات. بەڵێ لێرەدا جۆرێــک لە گۆڕینی پشــێویی خۆبەخــۆ و نائەقڵانیی ســۆریل بۆ دیماگۆگیایەکــی بەچاکیی هۆشیار ڕوویدا. بەڵام ئەو گۆڕینە– شتە گرنگەکەیش ئەمەیە– دەیتوانی بەبێ هیچ پێویســتبوونێک بە گۆڕینی شێواز و ناوەڕۆک بە شێوەیەکی گەوهەریی، ڕوویدات. ئەفســانەکەی ســۆریل بە ڕادەیەکی هێند تایبەت ئەفسانەیەکی سۆزدارییە و بە ڕادەیەکی ئەوتۆ خاڵیی و بێناوەڕۆکە، کە بەبێ هیچ کۆششێک توانی ببێتە ئەفسانەی فاشیزمی خودان بەکارهێنانی دیماگۆگیی. مۆسۆلینی کاتێک کە دەڵێت: ”ئەفسانەی تایبەت بە خۆمانمان دروست کرد. ئەفسانە باوەڕ و ئارەزووە. پێویست نییە ڕاستەقینە بێت. بــەوە دەبێــت بە ڕاســتەقینە کە ئاژنــە و بزوێنــەر و باوەڕێکە، چونکە ئازایی دەبەخشــێت“، ئەمە سۆریلێکی پەتییە. تیۆری زانینی پراگماتییش بە هەمان شــێوەی دەرکی بیرگســۆنیی کتومت وەک دوو گوازەرەوەی ئایدیۆلۆژیای فاشیزم خزمەتیان کرد.

فاشــیزمێک وێڕای هەموو خواستەکانی هەرگیز لەو تیرۆر و تۆقینە سەرتاپاگیرە نزیک نەبووەوە کە هیتلەریزم بە جیهاندا بڵاویکردەوە. (بۆ نموونە واتای خۆی هەیە کە فاشیزمی مەجەڕیی هۆرتی ببینین، هۆرتی

لەگــەڵ ئیتاڵیــادا برێک پەیوەندیی سیاســیی توندوتۆڵــی هەبوو، وێڕای ئەوە دەچوو بۆ ئەڵمانیا بە شــوێن ئایدیۆلۆژیاکەیدا دەگەڕا، کە ئەوکات هێشــتا بەر لە فاشیستیی بوو). هەروەها گومانیشی تێدا نییە پەیوەندیی ئایدیۆلۆژیی نێوان مۆسۆلینی لەلایەک و جەیمس و بیرگسۆن و سۆریل لەلایەکــی تــرەوە زۆر لــەو پەیوەندییــە لاوازتر و ڕووواڵەتیتــر بوو، کە هیتلــەری بــە نائەقڵانییەتی ئەڵمانییەوە گرێــدەدا. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ هەموو ئەم پارێزانەی قەبوڵ بێت، ئەوا قەوماوی لەم جۆرە لێکدانەوەیەکی باشی تێزەیەکە کە پتر لە جارێک دایدەڕێژین؛ ئەو تێزەیەیش ئەوەیە کە لەنێو فەلســەفەدا هیچ هەڵوێستێکی "بەریی، یاخود بێتاوان" بوونی نییە! ئەوەی کە ئەوە خودی بیرگســۆن خۆی نەبێت ئاکار و فەلسەفەکەی بۆ مێژوو بۆ ئەنجامە فاشیســتەکانی خستەڕوو، بەس نییە بۆ تۆمارکردنی بەرپرســیارێتیی ئەو لەبەردەم مرۆڤایەتییدا، لە سۆنگەی ئەو ڕاستییەوە کە مۆســۆلینی لە فەلســەفەکەی ئــەوەوە و بەبێ ســاختەکردنی توانی ئایدیۆلۆژیایەک بۆ فاشــیزم هەڵبهێنجێــت. لەبەرچاوگرتنی نەبوونی ئەو خســتنەڕووە کە هێمای بۆ کراوە، قایلبــوون دەبێت بە کردنە دەرەوەی شــپینگلەر، یاخود ســتیفان جــۆرج (Stefan George) لــەوەی دوو پێشــینی ئایدیۆلۆژیــی هیتلــەرن بە بیانــووی ئەوەی نازیــزم کە لەنێو قەوماوەکانــدا پراتیک بوو چێــژی تایبەتی ئەوانــی بەجێنەدەهێنا. تەنها قەوماوی پەتیی ئەوەی پەیوەندییگەلی لەم جۆرە کە ئێستا باسمان کرد، دەشێت دابمەزرێنرێن، پێویستە هۆشدارییەکی بەدەر لە شۆخیی بێت بۆ هەمــوو بیریارە جوامێرەکان لە خۆرئاوا، چونکە ئەوە دەســەلمێنێت کە شــیانی ئایدیۆلۆژیایەکی فاشیستیی کۆنەپەرست و شەڕانگێز لە هەموو نواندنێکی فەلسەفیی نائەقڵانییەتدا هەیە. کەی و لەکوێ و چۆن شیانێکی لــەم جــۆرە- بە ڕووواڵــەت بەریــی و بێتــاوان- دەتوانێــت قەوماوێکی فاشیســتانەی تۆقێنەر بە دونیا بهێنێت، ئەمە ئەو شــتەیە کە نە لەلایەن فەیلەســووفەکانەوە و نە لەسەر ئاســتی فەلسەفەیش بڕیاری لە بارەوە دەدرێت، بەڵام تێگەیشتن لەم پەیوەندییانە، بەبێ ئەوەی سادەبکرێتەوە،

پێویسته هەستی بەرپرسیاریتیی لای بیریاران دەمەزەرد بکاتەوە. ئەوە وەهمێکــی مەترســیدار و فریودانێکــی بەدی خودە کــە مرۆڤ هەردوو دەستی لەوە بشوات، کە دەشێت "لەدواییدا" ڕوودات و بەناوی کرۆچە، یاخود جەیمسەوە بە گاڵتە لە مێژووی نائەقڵانییەتی ئەڵمانیی بڕوانێت.

دواجــار ئومێد دەکەیــن تێبینییەکانمان ئەوەیــان ڕوونکردبێتەوە کە وێڕای ئەو ڕایەڵانەی خزمایەتیی ڕۆحیی کە بیرگسۆن و سۆریل لەگەڵ مۆســۆلینیدا کۆدەکاتــەوە، ڕۆڵــی نائەقڵانییەتی ئەڵمانیی بە شــێوەیەک کــە گومان هەڵناگرێت یەکلاکەرەوە و چارەنووسســاز بــوو. ئەڵمانیای هەردوو سەدەی نۆزدە و بیست هەر بە وڵاتی نائەقڵانییەتی "کلاسیکی" دەمێنێتەوە، ئەو ســەرزەمینەی پەرەسەندنی هەرە فرە و هەرە فراوانی بەخۆوە بینی و بەم پێیە کە تیایدا دەشــێت بە زۆرترین کەڵک و ســوود لێیبکۆڵرێتەوە، کتومت وەک چۆن مارکس لە ئینگلتەرا لە سەرمایەداریی کۆڵییەوە.

بە بڕوای ئێمە ئەم قەوماوە یەکێک لە لاپەڕە هەرە نەنگەکان لە مێژووی ئەڵمانیادا پێکدەهێنێت. کەواتە ئایا نەدەبوو بەوردیی لێیبکۆڵرێتەوە تاکو لەپاش زاڵبوونیان لە ڕیشــەوە بەســەر ئــەم ڕابــووردووەدا بەتوندیی پێشگیریی لە ئەڵمانەکان بکرێت دووبارەی بکەنەوە، یاخود دەستی پێوە بگرن؟ گەلی دورەر (Dûrer) و تۆماس منتزر و گۆتە و کارل مارکس، هێند شــتی مەزن لە مێژوویدا هەن و هێند ئاسۆی مەزنی بۆ داهاتووی هــەن، کە هیــچ بیانوویــەک ناهێڵێتــەوە بۆ ئــەوەی لــە لێکدانەوەیەکی بێبەزەییانــەی ڕابووردوویەکــی ســامناک و ئــەو میراتییە مەترســیدار و زیانبەخشــە ســڵبکاتەوە کە ئەو ڕابووردووە جێیهێشــتووە. بەم واتا دووفاقــە- ئەڵمانــی و دەوڵەتییــە- ئەم کتێبە دەیەوێت بۆ ڕۆشــنبیرانی جوامێر پەند و هۆشدارییەک بێت.

**بوداپیست، مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٢**

# بەشی یەکەم

## دەربارەی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی پەرەسەندنی مێژوویی ئەڵمانیا

بە شـێوەیەکی گشـتی دەتوانرێت بگوترێت چارەنووسـی تراژیدیی گەلـی ئەڵمان لەوەدایە، درەنگ داخڵ بە پەرەسـەندنی بۆرژوازیی نوێ بـوو، بەڵام ئەم ڕشـتەیە کە هێشـتا زیاد لە پێویسـت گشـتییە بڕێک ڕوونکردنـەوەی مێژوویـی بەرهەسـتتری پێویسـتە، چونکە پڕۆسـە مێژووییەکان دروسـت بڕێک پڕۆسەی مێژوویی بە شێوەیەکی هەژەند ئاڵۆز و دژبەرن و ناتوانرێت بگوترێت قەوماوی زوو گەیشـتن، یاخود درەنـگ گەیشـتن خۆی لـە خۆیدا باشـێتییە، یاخود زیانە. بـا تەنها لە شۆڕشـە دیموکراتییە بۆرژوازییەکان بڕوانین؛ لەلایەک گەلی ئینگلیز و گەلی فەڕەنسی لەسەر باهوی گەلی ئەڵمان قازانجێکی ئاشکرایان کرد، لە ئەنجامی ئەوەدا کە شۆڕشی بۆرژوازیی دیموکراتی لای گەلی یەکەم لـە سـەدەی حەڤدەیەمدا ڕوویـدا و لای گەلی دووەم لـە کۆتاییەکانی سـەدەی هەژدەیەمدا قەومـا، بەڵام لەلایەکی ترەوە گەلی ڕووسـی بە شێوەیەکی دیارییکراو قەرزاری پەرەسەندنێکی سەرمایەداریی درەنگە، بـەوەی توانی شۆڕشـە بۆرژوازییـە دیموکراتییەکەی بۆ شۆڕشـێکی پڕۆلیتاریی وەربچەرخێنێت و بەو هۆیەیشـەوە خۆی لەو کێشـەوبەرە و ئازارانە بپارێزێت، کە هێشـتا گەلی ئەڵمانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشـدا تیایاندا بەشـدارە. کەواتە پێویستە سەبارەت بە هەر دۆخێک لە ڕووی بەرهەستەوە ڕەچاوی ڕۆڵی کاریگەرییە ئالوگۆڕەکانی پاڵنەرە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بکەین. لەپاش خسـتنەڕووی ئەو پارێزانە پێویسـتە

لــه مێــژووی نوێی ئەڵمانیادا ئەوە تێبینی و تۆمار بکەین پەرەســەندنی پاشــکەوتووی ســەرمایەداریی لەگەڵ هەموو ئەو ئەنجامە کۆمەڵایەتی و سیاســی و ئایدیۆلۆژییانــەدا کە گرتنییەوە، پاڵنــەرە یەکلاکەرەوە و گرنگەکە پێکدەهێنێت.

لە سەرەتای ســەردەمە نوێیەکاندا گەلە ئەوروپییە گەورەکان لەنێو برێک نەتەوەدا خۆیان ڕێکخست. هەرێمێکی نەتەوەیی یەکگرتوو شوێنی دابەشــبوونی دەرەبەگایەتی گرتەوە. لەنێو هەریەکێکیاندا ئابوورییەکی خودان مۆرکێکــی نەتەوەیی پێکهات، وێــڕای جیاوازییە چینایەتییەکان یــەک کەلتــووری نەتەوەیی تێکڕای گەلی یەکخســت و لــە ئامێز گرت. لە مێژووی گەشــەکردنی چینی بۆرژوازییدا و لە تێکۆشــانیدا لە دژی دەرەبەگایەتی پادشایەتیی ڕەها لە هەموو شوێن و جێیەک بۆ ماوەیەک وەک ئەندامی جێبەجێکاری ئەم یەکخستنە دەرکەوت.

بەهەرحــاڵ لــەم قۆناغــی گواســتنەوەیەدا ئەڵمانیــا ڕێچکەیەکــی جیاوازی گرتە بەر. ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە ئەڵمانیا لە هەموو پێداویستییە مێژووییەکانی ڕەوتی گشتیی پەرەسەندنی سەرمایەداریی لە ئەوروپادا دوورکەوتەوە و بە شــێوەیەکی تەواو جیا و ســەربەخۆ بوو بە نەتەوە، بەو جۆرەی مێژوونووسە کۆنەپەرستەکان و بە شوێن ئەوانیشــدا فاشیســتەکان گوتویانە. ئەڵمانیا، بەو جۆرەی مارکسی لاو بەچاکیی دەڵێت؛ "بەشــداریی ئازارەکانی ئەم پەرەســەندنەی کرد بەبێ ئەوەی بەشــداریی چێژەکانی و شــادییە کەمەکانی بکات". پاشــان بۆ ئەم ســەرنجە ئەم پێشــبینییانەی ســەربار کرد: "ئەڵمانیــا لە ئەنجامی ئەوەداڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی لە ئاســتی دارمانی ئەوروپادا دەبینێتەوە بەر لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ئاستی ڕزگاربوونی ئەوروپا بگات"[١].

لەڕاســتییدا، ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە سەرەتای

---

١- ئەو وتەیە لەنێو ئەم کتێبەی مارکسدا هاتووە: ڕەخنەکردنی فەلسەفەی مافی هیگڵیزم، دەستپێک. بڵاوکراوە لەنێو کۆی کارەکانی مارکس-ئەنگڵس: دەربارەی ئایین-دا.

ســـەردەمە نوێیەکانــدا، خاوەنــی کان و پیشەســازیی و بازرگانــی، بە شــێوەیەکی خێرا گەشــە دەکات، وێڕای ئەوە بە شــێوەیەکی خاوتر لە گەشەکردنی ئینگلتەرا، یاخود فەڕەنسا، یاخود هۆڵەندا. ئەنگڵس تێبینیی ئــەوەی کرد یەکێک لــە توخمە نالەبارەکان لە مێــژووی ئەڵمانیای ئەو ســەردەمەدا ئەوەبــوو هەموو دەوڵەتــە هەرێمایەتییە جیــاوازەکان لە ئەڵمانیــادا لەلایەن بەرژەوەندییە ئابوورییە هاوبەشــەکانەوە زۆر کەم یەکگرتووتــر بــوون بــە بــەراورد بە هەرێمــە گەورەکانــی دەوڵەتانی خۆرئاوا. بەم جۆرە بۆ نموونە بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی شارەکانی هانسا پێکەوە لە دەریای باکوور و باڵتیک ئەگەر دەربڕینەکە لە شوێنی خۆیدا بێت، هیچ شــتێکی هاوبەشــیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی شــارە بازرگانییەکان لە باشــوور و ناوەڕاســتی ئەڵمانیادا نەبوو. لە سای ئەم مەرجانەدا، گۆڕانی ڕێگا گەورەکانی بازرگانی کە بە شوێن دۆزینەوەی ئەمەریــکا و ڕێگای دەریایی هنددا هــات، پەڕینەوە، یاخود ترانزێتی بە ئەڵمانیادا ڕاگرت و ئەمەیش بڕێک ئەنجامی کارەساتباری هەبوو، چونکە لەو کاتەدا کە تیایدا ئەورووپای خۆرئاوا وێڕای ئەو ململانێ چینایەتییانەی لە ژێر پەردەی شەڕەکانی ئاییندا تیایدا بەڕێوە دەچوون، بەخێرایی ڕێگای بەرەو ســەرمایەداریی دەگرتە بەر و بە کۆمەڵی بۆرژوازیی بناغەیەکی ئابووریی دەبەخشی و کارئاسانیی بۆ ڕوونبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای ئەم کۆمەڵە دەکرد، ئەڵمانیا پارێزگاریی لە هەموو کەساســییەکی پەیوەست بە گواســتنەوە لە ســەدەی ناوەندەوەبۆ ســەردەمە نوێیــەکان دەکرد. پووچێتی و گێلیی کۆنەپەرستیی دەستپێشخەر لە ئەڵمانیا بە کاریگەریی بڕێک توخمی کۆمەڵایەتیی تایبەت بەم قۆناغە گواستنەوەییە، مەترسییان زیاتر دەبوو؛ وەرچەرخانــی دەوڵەتە دەرەبەگایەتییەکان بۆ ژمارەیەک دەوڵەتــی ڕەهــای قەبــارە بچــووک کە ئەو ســیما پێشــکەوتنخوازەی دەســەڵاتی ڕەهایان نەبوو، کە یارمەتیی چەســپانی بۆرژوازیی دەدات، چەوســاندنەوەی جووتیــاران کە بەتاوتر بووو هەروەهــا لە ئەڵمانیادا لەشــکرێک لە بێکارەی بە دونیا دەهێنا، ڕێژەیەکی بەرین لە توخمی لە

ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕیشەکێشکراو، کتومت وەک یەکەم سەرەتای کەڵەکەبوون لە ئەڵمانیا (بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە مانیفاکتۆر بوونیان نییە ئەم خەڵکە ناتوانێت بۆ خەڵکانێکی عەوامی بەر لە پڕۆلیتاریا گەشە بکات؛ خۆراک بە باندی سەربازان و ڕێگران دەدات).

هەموو ئەم هۆکارانە واتای ئەوەی دەگەیەنێت؛ چینەکان لە سەدەی شانزەیەمدا لە ئەڵمانیا شێوەیەکی جیاواز لەو شێوەیە وەردەگرێت کە لە خۆرئاوا لە دەرەوەی ئەڵمانیادا هەیەتی و ئەنجامەکانیشی تەواو جیاواز دەبن. لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤگەرایی لە ئەڵمانیا بەشدارییەکی زۆر کەمتر لەو بەشدارییەی کرد کە لە خۆرئاوادا لە پێکهێنانی ویژدانی نەتەوەییدا کردی، بەڵکو کاریگەرییشی لەسەر پێکهاتنی یەک زمانی نووسراوی نەتەوەیی کەم بوو. تایبەتمەندیی دۆخی ئەڵمانیی ئەو ڕۆژگارە ئەوە بوو تەوژمی ئایدیۆلۆژیی و ئایینیی بزواوی نێوان سەدەی ناوەڕاست و سەردەمە نوێیەکان بەتوندیی بەسەر هێزی مرۆڤگەرایی عەلمانییدا لە شێوە هەرە دواکەوتووەکەیدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زاڵ بوو. دروست نەک هەر مارکسییەکان بە تەنها، بەڵکو ماکس ڤیبەر (Max Weber) و ترۆیلتش (Troeltsch) ئەوەیان فێری سۆسیۆلۆژیای بۆرژوازیی کرد کە لەدایکبوونی چاکسازیی پڕۆتێستانتی و بەدونیاهاتنی سەرمایەداریی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بە یەکدییانەوە دەبەستێت، بەڵام چاکسازیی کالڤینیی لە خۆرئاوا بەیداخی شۆڕشە بۆرژوازییە گەورەکانی سەرەتا بوو، شۆڕشەکانی هۆڵەندا و ئینگلتەرا. قۆناغی یەکەمی هەڵکشانی سەرمایەداریی ئایدیۆلۆژیاکەی پێبەخشی، بەڵام لە ئەڵمانیا لۆتەریزم هەر لەگەڵ سەرکەوتنی بەدەستهێنا دەسبەجێ دەستی بە پاساودانی ملکەچبوون بۆ ستەمکاریی دەوڵەتە بچووکەکان کرد و ئەو بەرگە ئایینییەی بە قەرز دا پێی کە قیافەی خۆی پێ گۆڕی، بەم هۆیەیشەوە پاشخانێکی فەلسەفی و بناغەیەکی ئاکاریی بە دواکەوتنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی وڵات بەخشی.

ئەم پەرەســەندنە ئایدیۆلۆژییە بە شێوەیەکی سروشتیی لەڕاستییدا تەنها ئەو ململانێ چینایەتییانە پێچەوانە دەکاتەوە، کە بوون و ئاراستەی پەرەسەندنی ئەڵمانیای بۆ تەواوی چەندین سەدە چەسپاند. ئێمە لێرەدا بیر لەو ململانێیانە دەکەینەوە کە لە شــەڕی جووتیارانی ساڵی (١٥٢٥) دا بــە ترۆپکــی خۆی گەیشــت. ئەم شۆڕشــە بەتایبەتی شکســهێنانی، ئــەو بارەی کە بە هۆیــەوە باری داهاتووی ئەڵمانیــای قورس و گران کــرد، لەلایەکی ترەوە ئەو دۆخە ئابوورییە گشــتییە ڕووندەکەنەوە کە دەربــارەی دواین. هەموو شۆڕشــە جووتیارییە گــەورەکان لە کۆتایی ســەدەی ناوەڕاســتدا ژمارەیەک جووڵانەوە بوون ئاراستە و واتایەکی دوولایەنەیــان هەبــوو؛ چونکــە لەلایەک برێــک شــەڕی داکۆکیکارانە بوون، شــەڕی دواخســتن بوون ئــەو جووتیارانە کردیانن، کە هێشــتا بەندە بوون و بۆ داکۆکییکردن لە شوێن و پێگەکانی "سەردەمی چاکی کــۆن" کردیان کە پەرەســەندنی هێزە بەرهەمهێنە ســەرمایەدارییەکان بەیەکجاریــی پایەماڵــی دەکــرد. لەلایەکــی تــرەوە ژمارەیەک شــەڕی پێشــڕەوانەی کەم تــا زۆر پێشــوەختانە بوون، مژدانەهێنی شۆڕشــە بۆرژوازیی و دیموکراتییەکان بوون. دۆخی تایبەتی ئەڵمانیا کە پێشــتر باســمان کرد، لە ماوەی شەڕی جووتیاراندا بە شێوەیەکی زۆر باشتر لە هــەر جموجوڵێکی تــر مۆرکی هــەردوو یاخیبوونــە جووتیارییەکە ئاشــکرا دەکات. لایەنە پێشــکەوتنخوازەکەی لەگەڵ بەرنامەکەی ڤیندل هیپلەر (Wendel Hippler) لەپێناوی چاکسازییکردنی ڕایش و لەگەڵ جووڵانــەوەی عەوامیی بە فەرماندەیی تۆمــاس مونتزیردا. هەمان دۆخ بۆڕخواردنی جووتیارانی کردە دەردێک کە دەرمانی نەبوو. ئەو شتەی ئیمپراتــۆر نەیدەتوانــی بەجێیبهێنێــت، جووتیارەکان ویســتیان بیکەن، ئەمە بوو؛ یەکخســتنی ئەڵمانیا و لەناوبردنی ڕەوتە دەرەبەگایەتییەکان بــۆ دابەشــبوونی ســتەمگەرانە و کەرتبوونــی ڕەهــا. بەڵگەنەویســتە شکســتهێنانی جووتیــاران ئــەو ڕەوتانــەی بەهێز کرد. دابەشــبوونی دەرەبەگایەتیی سادەی پێشوو دەرەبەگایەتییەکی نوێ شوێنی گرتەوە؛

میــره بچووکــەکان، ســەرکەوتوو و بــراوە و ســوودمەندی ململانــێ چینایەتییەکان، دابەشبوونی وڵاتیان کردە تاهەتایی. لەپاش بۆڕخواردنی ئەم شــەپۆلە شۆڕشــگێڕییە گەورەیەی یەکەم، شــەپۆلی چاکســازیی ئایینیی و شــەڕی جووتیاران، ئەڵمانیا بە هەمان شــێوەی ئیتاڵیا لەبەر برێــک هــۆکاری تر بوو بە ژمارەیەک لە گچکە دەوڵەتی ســەربەخۆ لە ڕووی شێوە و پارچەوە. لە سۆنگەی بوونیشییەوە بەو شێوەیە دەبوو ئەڵمانیا ببێت بە بابەتێک بۆ سیاســەتی ســەرمایەداریی تازە لەدایکبوو و شانشــین و پادشــایەتییە ڕەها گەورەکان. بەم چەشنە، دەوڵەتانێکی نەتەوەیی بەهێزی وەکو ئیســپانیا، یاخود فەڕەنســا، یاخود ئینگلتەرا و بنەماڵەی بەهێزی هابسبورگ و ژمارەیەک هێز کە بە شێوەیەکی تێپەڕ دەرکەوتن، لە نموونەی ســوید، لە ســەدەی هەژدەیەمیشەوە ڕووسیا، بڕیاریان لە چارەنووســی گەلی ئەڵمانی دا. لەو سۆنگەیەوە ئەم بابەتە سیاســییە ســەبارەت بە ئەو؛ بابەتی وەبەرهێنانێکی بــە بەر بوو، هەر بۆیە دەوڵەتان بڕیاریاندا درێژە بە دابەشبوون بدەن تیایدا.

کاتێک ئەڵمانیا بوو بە گۆڕەپانێک بۆ جەنگ بۆ ئەوروپا و قوربانیی کێشمەکێشی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە گەورەکان، کەوتە دۆخێکەوە، نەک هەر لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لەلایەنی ئابووریی و کەلتووریشەوە وێران بوو. ئەم دارمانە بە هەژارکردنی گشتی و وێرانکردنی گەورە و داکشانی بەرهەمی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی و داڕووخانی ئەو شارانەدا کە پێشتر پێشکەوتوو بوون، دەناسرێتەوە. هەروەها لە کەلتووری گەلی ئەڵمانییــدا دەردەکەوێــت کە لە دەســتپێکردنی ئابووریی و کولتووریی گەورەی هەردوو ســەدەی شــانزەیەم و حەڤدەیەمدا بەشداریی نەکرد. جەمــاوەری ئەڵمانیی، بەو بۆرژوازییە کولتوورییەیشــەوە کە دەســت بــە دەرکەوتــن دەکات، لە دەوڵەتــە گەورەکانی خۆرئــاوا هەر بە زۆر پاشــکەوتوو دەمێنێتــەوە. هۆکارەکانی ئەم پاشــکەوتنە بە پلەی یەکەم ماتەریالییە، بەڵام لەلایەنی خۆیەوە برێک لە تایبەتمەندییە ئایدیۆلۆژییە تایبەتــەکان بە مێــژووی ئەڵمانیای دەستنیشــانکرد؛ یەکــەم، ئەوپەڕی

بەدبەختیــی، کورتبینیــی، بیرۆانگەیی، ئــەو تایبەتمەندییانــەن کە ژیان لەنێو میرایەتییــە ئەڵمانییە بچووکەکاندا جیادەکەنەوە، بەتایبەتی ئەگەر بە ژیان لە فەرەنســا، یاخود لــە ئینگلتەرا بەراوردی بکەین. دووەم، کە لەگەڵ یەکەمدا لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدایە، پاشکۆیەتییەکی تۆکمەتر و بەرهەستتر هەبوو کە ڕایەتەکە بەرامبەر بە پادشا و بیرۆکراتییەکەی تیــادا بــوون و کــە پەراوێزێکــی زۆر کەمتــری بــۆ بەرهەڵســتییەکی شــیانیی، یاخــود تەنانەت هەڵوێســتێکی ڕەخنەیی پەتیی دەهێشــتەوە. بــا ئەوەیش بۆ قســەکانمان زیــاد بکەین و بڵێین لۆتەریــزم، لە کاتێکی دواتریشــدا باوەڕی خواپەرســتیی، ئەوانیش دیســان هەردووکیان لەم بــوارەدا بەشــدارییانکرد و ئــەم پەراوێزە لــە بنەڕەتدا بەرتەســکەیان لەلایەنــی خۆییەوە بەرتەســکتر کرد، کاتێک پاشــکۆیەتیی ماتەریالییان بــۆ بەرقەولییەکی ڕۆحیی وەرگۆڕی و لای ڕایەتی میرەکان ئەم دۆخە ڕۆحییــە بەندەیەیان پەرەپێدا، کــە ئەنگلس بە ”زەلیل“ ناودێری دەکات. بەهەرحــاڵ ئەم پاڵنەرانــە کاریگەرییەکی ئاڵوگۆڕ لــە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام هەموویان خواستی کەمکردنەوە تا ئەوپەڕی لە بواری جێهێڵدراو بــۆ ڕۆحــی ڕەخنەییــان هەبوو. هــەر بۆیــە ئەڵمانــەکان نەیاندەتوانی لــەو جووڵانــەوە شۆڕشــگێڕییە بۆرژوازییانەدا بەشــداریی بکەن، کە ئارەزوویان دەکرد پادشــایەتیی ڕەها-کە ئەمەیــش بۆ خۆی قۆناغێک بوو هێشــتا بۆ ئەڵمانیایەکــی یەکگرتوو بەدینەهاتبوو- بە شــێوەیەکی حکومەتیی گونجاوتر لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریی نوێدا بگۆڕێت. دەوڵەتــە بچووکــەکان، کە ناکۆکیی دەوڵەتە زلهێزەکان بە شــێوەیەکی دەستکرد بە زیندوویی دەیهێشتنەوە، تەنها وەک بەکرێگیراوی دەوڵەتە زلهێزەکان دەتوانن هەبن و کاتێکیش کە چاو لە سەردارەکانیان دەکەن، تەنها لەو ڕێگایەوە درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن، کە بەبێ هیچ پێشگر و پارێزێک گەلی ڕەنجکێشان دەچەوسێننەوە.

لە ســای مەرجگەلی لەم جۆرەدا نە بۆرژوازییەتێکی زەنگین، بەهێز و ســەربەخۆ شــیانی پێکهاتنــی هەبــوو و نە دەســتەی ڕۆشــنبیرانی

پێشکەوتنخوازی شۆڕشــگێڕی تەریب. بۆرژواکان و وردە بۆرژواکان لــە ئەڵمانیــا لە هەر بۆرژوایەکی تری بێجگە لە خۆیان زیاتر پاشــکۆی تەختی پادشــایەتییەکان بوون. هەر بۆیە ئەوان بەندایەتی و بەدبەختیی و ناکەســیی و پووچێتییــەک پیشــان دەدەن، دژوارە ئێمە لە نموونەی لە شــوێنێکی تر لــە ئەوروپای خۆرئاوادا بدۆزینەوە. لەو ســۆنگەیەوە کــە ژیانی ئابووریی بە چەســپاو دەمێنێتەوە، هەر بۆیــە ئێمە هاوکات پێکهاتنی ئەو چینە عەوامییانە نابینین کە دەکەونە دەرەوەی ڕیزبەندیی و ڕێکخســتنی چینە داخــراوە دەرەبەگایەتییەکان، کە لە شۆڕشــەکانی ســەرەتای ســەردەمە نوێیەکاندا توخمی هەرە دینامیکییان پێشــکەش کــرد. ئەو توخمانەی لە ســەردەمی شــەڕی جووتیارانیشــدا دیســان، لەگەڵ تۆماس مونتزیردا، ڕۆڵێکی گرنگ و چارەنووسسازیان گێڕا، لەو قۆناغەدا کە ئێستا لێیدەکۆڵینەوە و بەو ڕادەیەی کە ماوە بووەتە چینێکی کۆمەڵایەتیی بەندە و شــیانی ئەوەی هەیە دەمی چەور بکرێت، بووەتە جۆرێک لە "پڕۆلیتاریای پەڕپووت"، بەڵام شۆڕشی بۆرژوازیی ئەڵمانی لە ســەرەتای ســەدەی شــانزەیەمدا وێڕای ئەوە بناغــەی ئایدیۆلۆژیی کەلتوورێکی نەتەوەیی لە شــێوەی زمانی نووســینێکی نەتەوەیی نوێدا بەخشــی، بەڵام ئەویش دیســان لــە قۆناغی داکشــانە نەتەوەییە هەرە گەورەکەدا لە پاشەکشــێدایە و چەق دەبەســتێت و بەرەو بەربەرییەت دەگەڕێتەوە.

تەنهــا لە ســەدەی هەژدەیەمــدا و بەتایبەتــی لە نیــوەی دووەمیدا ســەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئابووریی ئەڵمانی دەستپێدەکات. هاوکات و بــە هەمــان گــورز چینــی بۆرژوازیــی پەرە بــە هێــزە ئابووریی و کەلتورییەکانی خۆی دەدات، بەڵام ئەم بۆرژوازییەتە هێشتا لەوە لاوازتر بوو بتوانێت ئەو لەمپەرانە لاببات کە کۆسپن لەسەر ڕێگای بەدیهێنانی یەکێتــی و تەنانەت خســتنەڕووی پرســەکە بە شــێوەیەکی بــەدەر لە شۆخیی و بە شێوەیەکی سیاسی، بەڵام هۆشیاربوون بە پاشکەوتوویی ئەڵمانیا بە شــێوەیەکی گشتی دەستپێدەکات، هەستی نەتەوایەتی بەئاگا

دێتەوە، خواستی یەکێتی گەشە دەکات، وێڕای ئەوە بەبێ ئەوەی بڕێک دەستەی سیاسی، تەنانەت ناوخۆیی، بتوانن لەسەر ئەو بناغەیە پێکبێن، بەڵام دەوڵەتە ستەمکارە گچکەکان زیاتر و زیاتر هەست بە پێداویستیی ئابووریــی چۆڵکردنی شــوێنی خۆی بۆ بۆرژوازییەت و بەلاداخســتنی چینایەتیــی نێوان خانەدانیــی و وردە بۆرژوا دەکات لەو شــوێنەدا کە خانەدانیــی پارێزگاریی لەو ڕۆڵە پێشــەنگەی خۆی دەکات، کە ئەنگڵس تا دەوروبــەری (١٨٤٠) دەیکاتە مۆرکی تایبەتمەنــدی دۆخی ئەڵمانیی دەســت بە پێکهاتن دەکات. ئەو شــێوەیەی ئەم بەلاداخستنە بەخۆوەی دەگرێــت بیرۆکراتیزەکردنــە، کە لە ئەڵمانیا و لە هەر شــوێنێکی تر لە ئەوروپادا یەکێکە لە شــێوە گواســتنەوەییەکانی پاکتاوکردنی دەرەبەگ و خەباتکردنی بۆرژوازییەت لەپێناوی دەســتگرتن بەســەر دەســەڵاتی دەوڵەتدا. لە چوارچێوەی ئەڵمانیای دابەشــبوو بەسەر چەند دەوڵەتێکی بچووکی بە شێوەیەکی گشتی بێتواناادا، بەلاداخستنەکە چەند شێوەیەکی بەدبەختانە بەخۆوە دەگرێت؛ بە شــێوەیەکی گشــتی خانەدانەکان پلە و پۆســتە بیرۆکراتییە باڵاکان لەنێو دەستی خۆیاندا دەهێڵنەوە و فەرمانە نــزم و نەوییــەکان بۆ بــۆرژواکان جێدەهێڵن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشــدا، وێــڕای ئــەم شــێوە کەســاس و داماو و پاشــکەوتووانەی نێــو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بۆرژوازییەتی ئەڵمانی لایەنی کەم لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیــی، ئامادەســازیی خۆی بۆ گەیشــتن بە دەســەڵات دەکات. لەپاش مانەوەی لە پەراوێزی تەوژمە پێشــکەوتنخوازەکانی خۆرئاوادا، لە ئێســتادا پەیوەندیی لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆشنگەرییدا گرێدەدات، کە لە ئینگلتەرا و فەڕەنساوە دێت، چاوی لێ دەکات و تەنانەت بڕێک لە شێوە ڕەسەنەکان پەرەپێدەدات.

ئەمــە دۆخــی ئەڵمانیایــە کاتێــک قۆناغــی شۆڕشــی فەڕەنســی و ئیمپراتۆریای ناپۆلیۆنی تێدەپەڕێنێت. ڕووداوە گەورەکان لەم قۆناغەدا (کە لە ماوەیدا گەلی ئەڵمان، لەلایەنی سیاســییەوە، هەر وەکو بابەتێک مایــەوە لەنێو ئەو ململانێیەدا کە لە نێــوان هێزەکاندا هەبوو، هێزەکانی

بۆرژوازییەتی نوێ کە خۆی ڕێکدەخســت، لە بەری لای فەڕەنســاوە و ئەو هێزانەی لە دژی هاوپەیمانییان کردووە و ئینگلتەرا پاڵپشــتییان لێ دەکات، هێزەکانی دەوڵەتە ستەمکار و دەرەبەگایەتییەکان لە ئەوروپای ناوەڕاســت و خۆرهەڵات) بە شێوەیەکی لە ئاسایی بەدەر بەشدارییان لــە خێراکردنی پەرەســەندنی چینی بۆرژوازییەت و هۆشــیاربوونی بە خۆیدا کرد. ئەم ڕووداوانە لە ئەڵمانیادا خواســتی یەکێتیی نەتەوەیی لە هەر کاتێکی تری لەوەوبەر بەتین و تاوتر کرد، بەڵام هاوکات ئەمە ئەو سەردەمەیشــە کە تیایدا ئەنجامەکانی دابەشــبوونە سیاسییە بەزیانەکە تــاوی ســەند. لە ڕووی بابەتییــەوە لەو کاتەدا لە ئەڵمانیا سیاســەتێک لەســەر بناغەیەکی نەتەوەیی بوونی نییە. بەشــێکی زۆر لە پێشــڕەوی ڕۆشــنبیرانی بۆرژوازیی ئەڵمان؛ کانت، هێــردەر (Herder)، بویرگەر (Buerger)، هیــگڵ، هۆڵدەرلیــن (Hoelderlin)، بــە پەرۆشــییەوە پێشــوازیی لە شۆڕشی فەڕەنســی دەکەن. ژمارەیەک بەڵگەی نوێ، لە نموونەی ڕاپۆرتەکانی گەشتەکانی گۆتە، پیشانی دەدەن ئەم پەرۆشییە، بــەدوور لەوەی لــە هەندێک ناوداردا قەتیس ببێت، لەســەر ئاســتێکی فراوان لەنێو چەند چینێکی تری بۆرژوازییدا بەربڵاو بوو، بەڵام بزاوتی دیموکراتــی و شۆڕشــگێڕیی هیچ فراوانبوونێکی تــری نەبوو، تەنانەت لــە خۆرئاوای ئەڵمانیایشــدا کە پەرەســەندووترە. بەڵێ، شــاری ماینز چووە پاڵ کۆماری فەڕەنســییەوە، بەڵام هەر بە گۆشەگیریی مایەوە و دەســتگرتنی سوپاکانی نەمسا- پڕوسیا بەســەریدا لە ناوچەکانی تری وڵاتدا هیچ دەنگێکی نەدایەوە. پێشــەوای ڕاپەڕینی شــارەکەیش جۆرج فۆرســتەر (G. Forster)، کە زانا و مرۆگەرایەکی پایەبەرز بوو، کۆچ دەکات بۆ پاریس و لەوێ بە لەبیرکراویی سەر دەنێتەوە.

ئەم دابەشبوونە لە قۆناغی ناپۆلیۆنییدا بەردەوام و تەنانەت فراوان دەبێت. ناپۆلیۆن توانی لە خۆرئاوا و باشوور و تەنانەت لە ناوەڕاستی ئەڵمانیــا (لە: سەکســۆنیا) هاوپەیمــان و هەوادار بدۆزێتــەوە. هاوکات دەرکی بەوەیش کرد ئەم هاوپەیمانییە- کۆنفیدراسیۆنی ڕووباری ڕاین-

تەنهـا بەو مەرجە دەیتوانی بژی لـەو دەوڵەتانەی کە پێکەوە لکێنراون، دەرەبەگایەتـی پاکتاو بکات. ئەمە لە ڕێنانیا تا ڕادەیەک بە شـێوەیەکی بەریـن و فـراوان جێبەجـێ کرا، لە شـوێنی تری بێجگە لـەوێ کەمتر جێبەجێ کرا. تەنانەت مێژوونووسـێکی شۆڤێنیی و کۆنەپەرستی وەکو ترایتشـکە (Treitscke) ناچاربێت سـەبارەت بە ڕێنانیا تێبینی بکات و بڵێت؛ "ڕژێمی کۆن لە ڕیشـەوە پایەماڵکرابوو و گەڕاندنەوەی شـیانی نەبوو. لەپاش ماوەیەک دەوڵەتۆچکە کۆنەکان، تەنانەت یادیشـیان نەما. ئەو مێژووەی دروسـت بیرەوەرییەکـی زیندووە لەنێو دڵ و دەروونی نـەوەی نوێی ڕێنانیادا، تەنها لەگەڵ هاتنە ناوەوەی فەڕەنسـییەکان بۆ ڕێنانیادا دەستپێدەکات".

بەڵام لەو سـۆنگەیەوە دەسـەڵاتی ناپۆلیۆن نەدەشـیا بەس بێت بۆ ئەوەی هەموو ئەڵمانیا بکرێتە پاشـکۆی ئیمپراتۆریای فەڕەنسـی، هەر بۆیە دابەشبوونی وڵات مەترسییەکەی زیاتر کرد. دەسەڵاتی ناپۆلیۆنیی لە چاوی چەندین چینی فراوان لە دانیشـتوان وەک چەوساندنەوەیەکی بیانـی دەرکـەوت، لە دژیشـی، بەتایبەتی لە پڕوسـیا، جووڵانەوەیەکی میللیـی نەتەوەیـی نەشـونمای کـرد لەو شـەڕانەدا بـە ترۆپکی خۆی گەیشت، کە بە "شەڕە ڕزگارییخوازەکان" ناودێر دەکرێت.

ئەم دابەشبوونە سیاسییەی ئەڵمانیا بەرامبەر بوو بە دابەشبوونێکی تـر لەسـەر ئاسـتی ئایدیۆلۆژیـی، چونکە گـەورە ئایدیۆلۆژیسـتانی پێشکەوتنخوازی ئەوکات، بەتایبەتی گۆتە و هیگڵ، هاوسۆزی بیرۆکەی یەکخستنی ئەڵمانیا بوون لە سای ناپۆلیۆن و پاکتاوکردنی دەرەبەگایەتی بە سەرپەرشـتیی فەڕەنسـییەکان. ئەم چەشـنە بۆچوونە بڕێک پرسی دروسـت دەکرد؛ خاوەنەکانی ناچارکرد لە بیرۆکەی نەتەوەدا لە ڕووە کولتوورییەکـەی بەولاوە زیاتـر ڕەچاو نەکەن، بەو جـۆرەی ئەمە بە ڕوونییەکی بەڵگەنەویست لەنێو فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح-دا دەردەکەوێت.

چەنـد دژبەرییەکـی هاوشـێوە لەنێـو ئایدیۆلۆژیـای پێشـەوایانی سـەربازیی و سیاسـیی شـەڕە ڕزگارییخوازەکاندا بەدی دەکەین، کە

ڕاپەڕینی پڕوسی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ نەمسا و ڕوسیایان بە ئامانجی ڕزگاربوون لە جەوری فەڕەنسا و بەدونیاهێنانی نەتەوەیەک لە ئەڵمانیادا بەکارهێنا. شتاین (Stein)، شارنهۆرست (Scharnhorst)، گنایزناو (Gneisnenau)، ویستیان داهێنانە کۆمەڵایەتی و سەربازییەکانی شۆڕشی فەڕەنسی ببەنە وڵاتەکەیانەوە، چونکە دەیانزانی تەنها سوپایەکی ڕێکخراو لەسەر بنەڕەتی ئەم بنەمایانە دەتوانێت لە دژی ناپۆلیۆن بچێتە گۆڕەپانی ڕمبازێنەوە. بەهەرحاڵ ویستیان نەک هەر بەبێ بەرپاکردنی شۆڕش ئەو نوێگەرییە شۆڕشگێڕییانە ببەنە وڵاتەکەیانەوە، بەڵکو هەروەها ویستیان پڕوسیا- کە بە هەوڵی ئەوان چاکسازیی کرابوو- سازانێکی هەمیشەیی لەگەڵ ئەو پاشماوەیە لە دەرەبەگایەتی و لەگەڵ ئەو چینانەدا بکات، کە هێشتا لە ژیانی ئابووریی و لە بواری ئایدیاکاندا نوێنەرایەتییان دەکرد. ئەم کۆششە، کۆششی سازانی ناچاریی کە ئایدیۆلۆژیا لەسەر ئاستێکی هزریی ئایدیالی دەیگواستەوە و دەیگۆڕی، ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ ئەڵمانیای پاشکەوتوودا، ئەنجامەکانی ئەوەبوو لەلایەک زۆر کات ئەو خواستی ئازادبوون و یەکێتییە شۆڤێنییە ئیجگار بەرتەسکەی خاوەنەکانیان کردە قینێکی کوێرانە و کورتبین بەرامبەر بە فەڕەنسییەکان، لەلایەکی تر لەنێو ئەو جەماوەرەدا کە هێنرابوونە نێو جووڵانەوەکەوە نەیانهێشت ئایدیۆلۆژیایەک بۆ ئازادیی ڕاستەقینە لە دایک ببێت. بەم چەشنە، بەتایبەتی خۆپاراستن لە دامەزرانی هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ ناوەندە کۆنەپەرستە ڕۆمانتیکییەکاندا شیانی نەبوو، کە پێیانوابوو تێکۆشان لە دژی ناپۆلیۆن پێویستە بە گەڕاندنەوەی تەواوەتیی ڕژێمی کۆن کۆتایی بێت. بە شێوەیەکی سروشتی ئەم دژبەرییانە لای نوێنەری فەلسەفیی جووڵانەوەکەیش دەردەکەوێت؛ فیختە (Fichte)لە دوا قۆناغیدا، شایانی باسە فیختە سیاسەتوان و کۆمەڵناسێکی لە ژمارەیەکی زۆر لە پێشەوایانی سیاسی و سەربازیی جووڵانەوە نەتەوەییەکە زۆر قووڵتر و ڕیشەییتر بوو.

وێڕای ئەو دابەشبوونە قووڵانەی نێو سەرکردایەتیی سیاسی و ڕۆحیی گەلی ئەڵمان، سەرەڕای بێسەروبەریی زۆر سەبارەت بە ئامانج و ئامرازەکانی خەباتکردن لەپێناوی نەتەوەیەکی یەکگرتوودا، لەم کاتەدا بۆ یەکەمین جارە لەوەتەیشەڕی جووتیارانەوە، یەکێتیی نەتەوەیی بابەتی داخوازییەکانی جووڵانەوەیەکی فراوان لە جەماوەر بوو، چەندین چینی گرنگ لە نەتەوەی ئەڵمانی ڕامالّی. ئەوکات- بەو جۆرەی بۆ یەکەمین جار لەسەر زاری لینین ئەوە گوترا- پرسی یەکێتیی نەتەوەیی بوو بە پرسی سەرەکیی شۆڕشی بۆرژوازیی لە ئەڵمانیادا.

ئەگەر لە مێژووی سەدەی نۆزدەیەمی ئەڵمانی بڕوانین، دەتوانین لە هەر یەکێک لە قۆناغەکانیدا ڕاستیی و دروستیی تێزەکەی لینین تێبینی بکەین، چونکە لەڕاستییدا خەباتکردن لەپێناوی یەکێتیی نەتەوەییدا باڵی بەسەر هەموو مێژووی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا کێشا. ئەو شێوە تایبەتەیش کە دواجار ئەم پرسەی تێدا چارەسەرکرا بە تێکڕای هزری ئەڵمانی لەوەتەی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە شقڵی تایبەت بە خۆی بەخشی.

ڕیشەی بنەڕەتیی پەرەسەندنی ئەڵمانیا لێرەدایە. دەتوانین بەئاسانییش ئەوە ببینین چۆن ئەم تەوەرە، کە هەموو شتێک لە دەوری دەسوڕێتەوە، لە ئەنجامی پەرەسەندنی پاشکەوتووی سەرمایەدارییی لە ئەڵمانیادا بەولاوە زیاتر نییە. گەلانی تری گەورە لە خۆرئاوا، بەتایبەتی فەڕەنسا و ئینگلتەرا، لە ڕۆژگاری پادشایەتیی ڕەهاوە یەکێتیی نەتەوەیی خۆیان بەدیهێنا، بە دەربڕینێکی تر یەکێتیی نەتەوەیی لەنێو مێژووەکەیدا یەکێک لە یەکەمین ئەنجامەکانی ململانێ چینایەتییەکانی نێوان بۆرژوازییەکان و دەرەبەگایەتییەکانە. لە ئەڵمانیا بە پێچەوانەوە شۆڕشی بۆرژوازیی ناچارە دەست بەسەر ئەم یەکێتییە نەتەوەییەدا بگرێت تاکو بناغەکانی مسۆگەر بکات. (تەنها ئیتاڵیا پەرەسەندنێکی هاوشێوەی بەخۆوە بینی کە ئەنجامە ڕۆحییەکانی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییانەدا کە لەلایەکی ترەوە مێژووی هەردوو گەلەکە

دەریدەخات، لە هەندێک ڕووەوە چوونیەکە، بابەتێک کە شـــایانی باسە لــە ڕابووردوویەکی نزیکدا دەرکــەوت...). بڕێک هەلومەرجی مێژوویی تایبــەت کــە ئێمــە ناتوانین بــە وردیی باســیان بکەین، کاریکــی وایان کرد لە ڕوسیایشــدا بە هەمان شــێوە یەکێتیی نەتەوەیی لە ســەردەمی پادشـــایەتیی ڕەهاوە بەدیهات. پەرەسەندنی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی لە ڕوسیا و مێژووی شۆڕشە ڕوسییەکان لێدەگەڕێن بەو جۆرە هەموو ئەو ئەنجامانە کە لەم قەوماوانە هەڵدەقووڵێن و جیاوازیی لەگەڵ ئەوەدا کە لە ئەڵمانیادا ڕوویدا، دەربکەون.

بــەم چەشــنە، لــەو وڵاتانــەدا کــە یەکێتیــی نەتەوەیــی تیایانــدا لە ڕێــگای بڕێــک ململانێــی چینایەتیــی کۆنتــرەوە بەدیهات، لە ســایەی پادشـــایەتیی ڕەهـــادا، ئەرکی شۆڕشـــی دیموکراتیـــی بۆرژوازیی تەنها ئەوەیــە یەکەم جــار لەنێو دەوڵەتــە نەتەوەییەکەدا ئەو پاشــماوەیە لە ســتەمکاریی بیرۆکراتیی دەرەبەگایەتی لەناوبەرێت کە دەشــێت تیایدا مابێتــەوە، ئــەوەی ئەم دەوڵەتە لەگــەڵ ئەو ئامانجانەدا بســازێنێت کە کۆمەڵــی بۆرژوازیــی بە شــوێنیانەوەیە. ئەمــە لە ئینگلتــەرا لە ڕێگای چاکسازییکردنی پەیتا پەیتای دامەزراوە نەتەوەییە کۆنەکانەوە ڕوویدا، لــە فەڕەنســا بــە وەرچەرخاندنــی شۆڕشــگێڕانەی دەزگای دەوڵەتی خــودان مۆرکێکــی بیرۆکراتیــی و دەرەبەگایەتی ڕوویــدا (بابەتێک کە پێشــگریی نەکرد لەوەی لە هەندێک لە قۆناگە کۆنەپەرستییەکاندا بڕێک نوشوســتیی ئەوتــۆ ڕوویاندا، بــەڵام لەگەڵ ئەوەیشــدا هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێتیی نەتەوەیی نەخســتە ژێر پرســیار، یاخود مەترسییەوە). ســەروەختێک لە سای ئەم چەشــنە مەرجانەدا شۆڕشــی دیموکراتیی بۆرژوازیــی ڕوودەدات و پاش ئەوەی ژمارەیــەک ململانێی چینایەتی، کە چەندین ســەدەیان خایاندووە زەمینەســازییان بۆ کردووە، ئەوکات کەڵــک لە قەوماوی ئەوە وەردەگرێت کە بەجێهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و گونجاندنی لەگەڵ پێویســتییەکانی کۆمەڵی بۆرژوازیی نوێدا دەشێت لە ڕووی ئۆرگانییەوە و بە شــێوەیەکی بەپیت و فەڕ لەگەڵ تێکۆشـــانی

شۆڕشـگێڕانەدا لـە دژی دامـەزراوە ئابووریـی و کۆمەڵایەتییەکانـی دەرەبەگایەتییدا پەیوەسـت بن (پرسـی جووتیـاران تەوەری هەردوو شۆڕشی بۆرژوازیی فەڕەنسی و ڕوسی بوو).

سـەبارەت بە شۆڕشـی بۆرژوازیی ئەڵمانی، وەک ئاشکرایە بابەتی ئەوەی وەک پرسـێکی سـەرەکی دۆزێکی تری تەواو جیاوازی هەبوو سـەبارەت بەو شۆڕشـە ڕشـتێک مەرجی نالەباری لێ کەوتەوە. بەم جۆرە دەبێت شـۆڕش لە ئەڵمانیا بە یەک گورز، یاخود یەک پێداکێشان ئەو دامەزراوانە لەناوبەرێت کە بۆ نموونە لە فەڕەنسا لە ماوەی چەندین ململانێی چینایەتیدا کە چەند سـەدەیەکیان خایاند، هەڵوەشێنرابوون و داڕمێنرابوون. دەبێت ئەویش دیسان بە یەک گورز و پێداکێشان بڕێک دامەزراوە و ڕێکخستنی نەتەوەیی دروست بکات کە لە ئینگلتەرا، یاخود لە ڕوسـیا زادەی پەرەسـەندنێک بـوون، ئەوانیش هەمدیـس چەندین سەدەیان خایاند.

بـەڵام تەنهـا ئەرکـە بابەتییەکان نیـن ئەوەیـان زۆر دژوارتر کرد. ئەو چلۆنایەتییەی بە هۆیەوە پرسـی سـەرەکیی شۆڕش دەخرایەڕوو، بڕێک ئەنجامی لەو هەڵوێسـتەدا لێ دەکەوتەوە کە چینە جیاوازەکان لە بەرامبەریدا وەریدەگرن، بەو هۆیەیشـەوە بڕێک هەلومەرج دەسازێنن، کـە تەنها و تەنها دەشـیا بەدیهێنانی تەواوەتیی شۆڕشـی بۆرژوازیی دیموکراتـی پەکبخـەن. ئێمـە تەنها بـە پێداگرتـن لەسـەر هەندێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو دۆخە بەس دەکەین. بەر لە هەر شـت دژبەریی نێوان دەرەبەگایەتیی- کە دەزگای پادشایەتیی و خانەدانەکان نوێنەرایەتـی دەکـەن- و بۆرژوازییـەت، دەبینێـت تـا ڕادەیەکی زۆر هێـور بووەتـەوە؛ چەندێک پەرەسـەندنی سـەرمایەداریی بەهێز بێت، تەنانەت سەبارەت بەو چینانەیش کە بەرژەوەندییەکیان لە هێشتنەوەی پاشـماوەکانی دەرەبەگایەتییدا هەیە، پێویسـتیی بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی نەتەوەیـی- هەڵبەتە بەگوێـرەی ڕوانگەی ئەوان، بەتینتـر دەبێت! هەر هێنـدە بەسـە کە لـەم ڕووەوە و بە پلـەی یەکەم لە ڕۆڵی پڕوسـیا لە

بەدیهێنانــی یەکێتیی نەتەوەییدا بیر بکەینەوە. لەلایەنی بابەتییەوەبوونی پڕوســیا وەک پڕوسیا هەمیشە گەورەترین لەمپەر بووە لەسەر ڕێگای یەکێتیــی نەتەوەیی ڕاســتەقینەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشــدا ئەم یەکێتییە بــە نوکی ڕمە پڕوســییەکان بناغەکەی داندرا! لەوەتەی ســاڵی (١٨١٣) وە تا دامەزراندنی ئیمپراتۆریا لە ســاڵی (١٨٧١)دا ئەو پرسەی شڵەژان و پشــێویی خســتە نێو ڕیزی شۆڕشــگێڕە بۆرژوازییەکانەوە، پرســی زانینــی ئــەوە بــوو ئاخۆ یەکێتیــی نەتەوەیی پێویســتە بە پشــتیوانیی هێزی ســەربازیی پڕوســی دابمەزرێنرێت، یاخود بەرتــر تەنها لەپاش پایەماڵکردنی ئەو هێزە. لە ڕوانگەی ئایندەی دیموکراتییەوە لە ئەڵمانیا ڕێگاچارەی دووەم باشــتر و دوورتر دەبوو، بەڵام سەبارەت بە بڕێک تاقم و دەســتەی بڕیاربەدەســتی بۆرژوازییەتی ئەڵمانــی، بەتایبەتی لە بۆرژوازییەتی پڕوســی، لێرەدا ئامادەســازیی بۆ دەرفەتی ســازانێکی چینایەتیی بەقازانج دەکــرا، وەک ئامرازێک بۆ دەربازبوون لە ئەنجامە میللییە لەڕادەبەدەرەکانی شۆڕشێکی بۆرژوازیی دیموکراتی و هاوکات شــیانی بەدیهێنانــی ئامانجــە بابەتییەکانی بەبێ بەرپاکردنی شــۆڕش، ئەگــەر بــە باجی دەســتهەڵگرتن لە ســەرکردایەتیی سیاســی دەوڵەتە نوێیەکەیش بێت.

لەنێــو ســەربازگەی بۆرژوازییەتــدا بەتایبەتــی دۆخەکــە هیــچ باشــتر نەبــوو. شــوێنی گرنــگ و ســەرەکیی پرســی نەتەوەیــی وا دەکات بۆرژوازییەتــی گــەورە کە ئــارەزووی ســازانە چینایەتییەکان دەکات، بتوانێــت هەژموونی خۆی بە شــێوەیەکی ئاســانتر و تۆکمەتر دابمەزرێنێت، وەک لە فەڕەنسا لە سەدەی هەژدەیەمدا، یاخود لە ڕوسیا لــە ســەدەی نۆزدەیەمدا. ســازدانی وردە بۆرژوا و خەڵکــی عەوام لە دژی ئەو نەخشــە و پلانانەی بۆرژوازییەتی گەورە هەیەتی لە ئەڵمانیا زۆر دژوارتــر بــوو، ئەمەیش لە پــاڵ بڕێک هۆکاردا لەبــەر تاکە یەک هــۆکاری ســادە ئەویش ئەوەیــە یەکێتیــی نەتەوەیی ئەگــەر لە چەقی شۆڕشی بۆرژوازییدا بێت لەنێو خەڵکی عەوامدا ئاستێک لە هۆشیاریی

و ئاگایی زۆر زیاتر لەوە دەخوازێت، کە بۆ نموونە پرسـی کشتوکاڵیی دەیخوازێـت، کە بە شـێوەیەکی زۆر توندتـر دەردەکەوێت و دژبەرییە ئابوورییەکانـی نێـوان چینـە جیـاوازەکان لەبەر چـاوی خەڵکیی زۆر بەرهەسـتتر دەکات. یەکێتیی نەتەوەییداندراو لە چەقی هەموو شـتێکدا زۆرجـار بوار دەدات، لەبەرئەوەی سیاسـیی پەتیی دەردەکەوێت، بوار دەدات بە پەردەپۆشـکردنی ئەو کێشە ئابوورییە ڕاستەوخۆ و ڕوونانە کە چارەسەری هەر پێشنیازێک دەیشارێتەوە. گۆڕانی نیشتمانپەروەریی شۆڕشگێڕانە بۆ شۆڤێنیزمێکی ناحەزی شۆڕشلێرەدا زۆر لەوە ئاسانتر دەبێت کە لە ژمارەیەک لە شۆڕشی بۆرژوازیی دیموکراتیی تردا، بەتایبەتی چونکە بۆرژوازییەتی گەورە بە ئامانجی سازانە چینایەتییەکانی خۆی و لەپاش (١٨٤٨) بۆناپارتییەکی بیسـمارکیی تازە لەدایکبووە، هۆشیارانە بەو ئاراسـتەیەدا پاڵدەنێن، بەڵام سـەبارەت بە خەڵکیی ئاشـکراکردنی مانۆڕێکـی لەم جۆرە بەر لە دەسـتگرتن بەسـەر یەکێتیـی نەتەوەییدا تاقییکردنەوەیـە، تاقییکردنەوەیەک کە کـەم توندوتیژتر بوو، لە کاتێکدا کە چەندین سـەدەیە بابەتەکە بەڵگەنەویسـت بـووە. بەڵکو ئەم ڕەوتە ڕووەو شـاردنەوەی پرسـەکان شـێوەیەکی بابەتیی بەخۆوە دەگرێت. دروستتا ئەو کاتەی ئەو دەوڵەتە تایبەتانەمابوون کە ئەڵمانیا لەنێو یەک دەوڵەتـدا پێکدەهێنـن، بابەتێک کە کۆتایی نەک سـەرەتای گۆڕانەکەیە، پرسی یەکێتیی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتانەدا وەک پرسێکی سیاسـەتی دەرەکی دەربارەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتە ئەڵمانییەکان لە نێـوان خۆیاندا و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی گەورەی دەرەوەدا مابـووەوە، کە بە هـۆی مێژووی ڕابووردووەوە هێشـتا ڕێگەپێدراون دەسـت لە کاروباری ناوخۆیی ئەڵمانیا وەربدەن. وەک ئاشـکرایە ئەم دۆخـە ژمارەیەک بەهانـەی بەڕوواڵەت بەجێ بە دەسـتەوە دەدات بۆ دوورخستنەوەی خەڵکیی لەم پرسە "نامۆ و بیانییانە"، دوورخستنەوەی تەنانەت ئەو خەڵکانەیش کە هەستی دیموکراتی و شۆڕشگێڕانە تیایاندا بەئاگایە، تاکو بیانخاتە نێو شۆڤێنیزمێکی کوێرانەوە، وەک فرانکۆفۆبیای

(١٨٧٠) بە نموونە.

بەمەبەستی تێگەیشتن لەم دۆخە کە پێداویستییەکانی لەنێو سیاسەتی دەرەکییدا زۆر دوور دەڕوات، وردبینییەکی زۆر زیاتر لەوە پێویستە کە تێگەیشتن لە پرسە سەرەکییەکان لە شۆڕشە بۆرژوازییەکانی تردا پێویستێتی. بە شێوەیەکی سروشتی لەنێو هەموو شۆڕشە دیموکراتییەکاندا پەیوەندییەک لە نێوان سیاسەتی ناوخۆیی و سیاسەتی دەرەکییدا هەیە، بەڵام خەڵکی عەوامی شۆڕشی فەڕەنسی دەیتوانی بۆ نموونە لەوە تێبگات کە دەسیسەکانی کۆشک لەگەڵ هێزە بیانییە دەرەبەگایەتییەکاندا هەڕەشە لە شۆڕشەکە دەکەن. بۆ ئەوان زۆر ئاسانتر دەبوو وەک لە جەماوەری ئەڵمانی لە شۆڕشی (١٨٤٨)دا دەرک بەو پەیوەندییە ڕاستەقینەیە بکەن کە لە نێوان یەکێتیی نەتەوەیی و سیاسەتی بیانییدا هەیە، ئەوەی بەتایبەتی لەوە تێبگەن کە یەکێتیی نەتەوەیی تەنها لە ماوەی شەڕێکی شۆڕشگێڕانە لە دژی ڕوسیای تزارییدا دەشیا ڕووبدات، وەک چۆن مارکس بەبێ وچان بیرۆکەکەی زۆر بەڕۆشنیی لەنێو ڕۆژنامەی ڕاینی نوێدا بڵاودەکردەوە. ئەم دژوارییە، لە پاڵیشیدا هەژموونی بۆرژوازیی گەورە، تەنانەت بە شێوازی سازاندنە چینایەتییەکان، بەتاوتر بوون، چونکە ئەو مەترسییەی لە هەر شۆڕشێکی بۆرژوازییدا هەیە، مەترسیی گۆڕانی شەڕە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان بۆ شەڕی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن، ئەوکات لە دۆخە ئەڵمانییەکەیدا لە هەر هەڕەشەیەکی تر گەورەتر بوو و لە سیاسەتی ناوخۆییدا بڕێک ئەنجامی زۆر مەترسیدارتری لێ دەکەوتەوە.

هەموو ئەم هۆکارانە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە جەماوەری ئەڵمان لە هەر شوێنێکی تر زیاتر پڕوپاگەندەی شۆڤێنیزم بەخێرایی و توندیی تووشی هات. وەرچەرخانی نیشتمانپەروەرییەکی شۆڕشگێڕانەی ڕەوا بۆ شۆڤێنیزمێکی کۆنەپەرست دوو ئەنجامی هەبوو؛ خاوەن زەوی و زارەکان کە لەگەڵ هەوادارانی پادشایەتی و بۆرژوازییەتی گەورەدا لە هاوپەیمانێتیدا بوون توانییان بە شێوەیەکی زۆر ئاسانتر سەبارەت بە

سیاسەتی ناوخۆیی جەماوەر لەخشتە بەرن. شۆڕشە دیموکراتییەکەیش لەو ڕووەوە باشـترین هاوپەیمانەکانی خۆی لە دەسـت دا. بەم جۆرە بۆرژوازییەتـی ئەڵمانـی لـە سـاڵی (١٨٤٨)دا توانـی دۆزی پۆلۆنی بە ئاراسـتە کۆنەپەرست و شـۆڤێنییەکەی خۆیدا بەکاربهێنێت، کاتێک کە جەماوەر نە سەبارەت بە بەرهەڵستییکردنی ئەو جووڵانەوەیە گەیشتنە ئەنجام- و جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، وێڕای ئەو هۆشدارییانەی مارکـس بەرلەوەی کار لە کار بترازێت لەنێـو ڕۆژنامەی ڕاینیی نوێدا دانی- و نە سەبارەت بەوەی پۆلۆنییەکان بکاتە هاوپەیمانی سروشتیی ئەڵمانیـای شۆڕشـگێڕ، هاوپەیمانـە ڕاسـتەقینەکانی لـە شـەڕێکدا کە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیی بەخۆوە دەگرت؛ شـەڕکردن لە دژی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکان.

ئـەم دەسـتبەرداربوونەی هەلومەرج کە زادەی ئەو دابەشـبوونەیە لەو کاتەدا لە ئەڵمانیادا باڵادەسـت بوو، کە تیایدا شۆڕشـی دیموکراتی سەبارەت بە ئەمرۆ لەلایەنی خودییەوە لەو ڕاستییەدا دەردەکەوت، کە بۆرژوازییەت و وردە بۆرژوا و خەڵکی عەوام و پڕۆلیتاریا شۆڕشیان بەرپاکـرد، بەبـێ ئەوەی سـاز و ئامادەبـن بۆی، چونکە دابەشـبوون بەسـەر چەنـد دەوڵەتێکـی بچووکـدا لەڕادەبـەدەر لـە بەرژەوەندیی پەروەردەیەکـی دیموکراتـی و شۆڕشـگێڕانەی چینـە نزمەکانی گەلو دامەزراندنی بڕێک نەریت و خووی شۆڕشگێڕانە لەنێو خەڵکی عەوامدا نەبـوو. هەموو ئەزموونە سیاسـییەکەیان ژمارەیەک شـەڕی بچووک بـوو لـە چوارچێـوەی لاوازی بڕێـک دەوڵەتۆچکەدابەشـدارییان تێدا کردبـوو. بەرژەوەندییەکانی تێکڕای ئۆمەت لـە بەتاڵییدا، لە دوورڕا لە ژوور ئـەم ململانێیانـەوە دەخولایەوە و بەئاسـانیی دەبوون بە بڕێک دەستەواژەی کلۆر و بێناوەڕۆک. ئەم فرازیۆلۆژیایەی ئایدیۆلۆژیستانی بۆرژوای هەرە باڵادەست کە پەرلەمانی فرانکفۆرت نموونەکەیەتی زۆر بەئاسـانیی دەیتوانی- چ بیر لەوە بکاتـەوە، یان نا، چ ئەوە بخوازرێت، یان نا- هەڵبخزێتە نێو کۆنەپەرستییەوە.

ڕاستیی ئەوەی چەقی جووڵانەوەی دیموکراتی بۆرژوازیی لە ئەڵمانیا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە دەوڵەتۆچکەکانی باشووردا بوو، لەویٚ کە ڕێچکە دیموکراتییەکان کە زۆر بەچاکیی بە ڕۆحی وردە بۆرژوایەک زاخاو درابوو لە چوارچێوەی بەشێک لە پارێزگایەک نەدەترازا، بەربووەوە نێو ئامێزی سۆزدارییەکی درامیی پووچەوە، ئەم دۆخەی توندتر کردەوە. بەشی هەرە پێشکەوتووی ئەڵمانیا، لە ڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە، کە ڕێنانیایە، مەزنترین بەش بوو لە پڕوسیا، بەڵام چەشنێک لە جەستەیەکی نامۆی تێدا هەبوو، دوور لە پایتەختی سیاسی، لە وردە بۆرژوای بەندە لە بەرلین. بێجگە لەوە، لەو کاتەوەی ڕژێمەکەی ناپۆلیۆن دوایین سەختییەکانی پاکتاو کردبوو، بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانی ئەم هەرێمە بە جۆرێکی لیٚ هاتبوو بە بەرژەوەندییەکانی پاشماوەی پڕوسیا بەراورد نەدەکرا کە بەتوندیی هەر بە دەرەبەگایەتی مابووەوە.

بە پێداگرتنی زیاتر لەسەر نالەباریی هەلومەرج ڕاستیی ئەوە سەرباری ئەمە دەبێت کە شۆڕشی دیموکراتیی بۆرژوازیی لە دەوڵەتێکی دابەشبوودا، ناوەندێکی ڕێکخەری نەبوو، بۆ نموونە وەک ئەوەی پاریس لە سەدەی هەژدەیەمدا ناوەند بوو. هەردوو دەوڵەتە کۆنەپەرستە گەورەکە، پڕوسیا و نەمسا، بە هەڵسوکەوتیان ناوەندی ڕێکخەری هێزی سەربازیی و بیرۆکراتی بوون. لە بەرامبەردا هێزە شۆڕشگێڕەکان تیایاندا زیاتر دابەش بوو بوون. ئەنجوومەنی نیشتمانیی دانیشتنەکانی خۆی لە فرانکفۆرت گرێدەدا و کۆڵن مەڵبەندی دیموکراتیی شۆڕشگێڕانە بوو. شەڕە چارەنووسسازەکان بەگوێرەی خۆبەخۆیی تایبەت بە خۆیان لە بەرلین و ڤیەننا قەومان بەبیٚ هیچ پێشڕەوایەتییەکی ئایدیۆلۆژیی ڕوون، هەر لەگەڵ هەردوو پایتەختەکە بۆڕیان خوارد، دەسبەجیٚ ئەو کڵپەسەندنانە دامرکانەوە کە لە درێسدن، بالاتینا و بێجگە لەو شوێنانە سەریانهەڵدابوو، یەک لەدوای یەک دامرکانەوە.

ئەمانــە ئــەو هۆکارانــەن چارەنووســی شۆڕشــی دیموکراتییان لە ئەڵمانیادا دیاریی کرد، نەک تەنها ســەبارەت بە دۆزی نەتەوەیی، بەڵکو هەروەها لە هەموو ئەو بوارانەدا کە تیایاندا پاکتاوکردنی سەختییەکانی دەرەبەگایەتی پێویســت بــوو. هەر بۆیە لینین بەهایەکــی نێودەوڵەتیی نموونەیی بەم پەرەســەندنە بەخشــیوە و بەو جۆرە ناساندوویەتی کە یەکێکە لە چارەســەرەکانی کێشەی پێکهاتنی کۆمەڵی بۆرژوازیی نوێ، ئەو چارەســەرە هەرە لەبارەی کە لینین بە "پڕوسی" ناوزەدی دەکات. ئەم ئەنجامە کە لینین دەیگاتێ، نابێت تەنها بەســەر دۆزی کشــتوکاڵدا بە واتا بەرتەســکەکەی جێبەجێ بکرێت، بەڵکو پێویســتە لە یادمان بێت کاتێک کە هەر پەرەســەندنێکی سەرمایەداریی و سەرخانی سیاسی کە سەرمایەداریی لەنێو کۆمەڵی بۆرژوازیی نوێ لە ئەڵمانیادا گرتوویەتییە بەر، لەبەرچاو دەگرین.

گەشــەی خۆبەخــۆی بەرهەمهێنانــی ســەرمایەداریی دەشــیا ئەو پاشماوەیە لە دەرەبەگایەتی کە لە ئەڵمانیا ماوە پەکی بخات. پەکیدەخات، بــەڵام نایوەســتێنێت. (پێشــتر ئــەو گەمــارۆ کیشــوەرییەی ناپۆلیۆن سەپاندبووی، هەندێک دەستپێکردنی سەرمایەداریی لە ئەڵمانیادا بەدونیا هێنا)، بەڵام ئەم پەرەســەندنە خۆبەخۆیەی ســەرمایەداریی لە ئەڵمانیا لە ســەردەمی مانیفاکتۆردا ڕوونادات بــەو جۆرەی لە ئینگلتەرا، یاخود فەڕەنسادا ڕوودەدات، بەڵکو لە سەردەمی سەرمایەداریی ڕاستەقینە و لە سەردەمی سەرمایەداریی نوێدا دەقەومێت. بیرۆکراتیی دەرەبەگایەتی و ستەمگەریی لەنێو دەوڵەتۆچکە ئەڵمانییەکاندا، بەتایبەتی بیرۆکراتییەتی پڕوســیا، بەبێ چەند و چوون بەیدەســتی بەشــدارییکردنێکی کارا لەم پەرەسەندنە و لە پشتیوانییکردنیدا بوو.

زۆر جــار ئەوە ڕوویــداوە، کتومت لە دۆزە چارەنووســســازەکاندا، کتومــت لە دژی ویســتی ئــەم بیرۆکراتییــە و بەبێ ئــەوەی کەمترین دەرککردن دەرک بە ئاستی ئەوە بکرێت، کە بەرمەبنای دەستپێشخەریی ئەو و بە پاڵپشتیی ئەو دەستی پێ دەکرا. لەم ڕووەوە ئەو گێڕانەوەیەی

ترایتشکە دەربارەی لەدایکبوونی تسـۆلڤارین (Jollverein) {یەکێتیی گومرگیی} دەیخاتەڕوو، کەڵکێکی تایبەتی هەیە، ترایتشـکە کە هەمیشە پێ لەسـەر زرنگیی سیاسـیی بنەماڵەی هۆهینزۆلرن و بێکەموکووڕیی پیشـاندانی وێنـا و بۆچوونیان بۆ بەرژەوەندیـی نەتەوەیی دادەگرێت؛ ”ئەم پەرەسـەندنە- مێژوونووسی ناوبراو دەڵێت- لە بەشێکیدا کە کەم نییە لە دژی ویسـتی ماڵی پڕوسـیا خۆی ڕوویدا. لێرەدا کاری هێزێک لـە هەناوی هێزەکانی سروشـتەوە دەبینین. هیچ شـتێک لە نیازەکانی فریدریک-گلیۆمـی سـێیەم دوورتـر نەبـوو، لەوەی بیەوێـت بە هۆی یەکێتییەکـی گومرگیـی ئەڵمانییـەوە زەمینە بـۆ لێکجیابوونەوە لەگەڵ نەمسـا خـۆش بکات، لەڕاسـتییدا ئەو بیری لەوە دەکـردەوە دووانەی نەمسـایی- پڕوسـی ڕزگاربوونی ئەڵمانیایە. ئەوە سروشـتی شتەکان بوو دۆخەکەی گەیاندە تسۆلفراین، بەم چەشنە ئەڵمانیایەکی ڕاستەقینە پێکهات، کە بەشـداریی بەرژەوەندییـە ئابوورییەکان یەکیدەخات، بەڵام لە فرانکفۆرت وەک چۆنپێشـتر لە ڕاتیسـبۆن، لەنێو تیۆری پەتییدا ون دەبوون. فریدریک-گلیۆمی چوارەمیش دیسـان دڵبەستەی نەمسا بوو، سـۆزی بۆ نەمسـا لە سـۆزی بۆ دەوڵەتەکەی خۆی زیاتر بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا ئاوێتەبوونی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە دەرەوەی نەمسا لە دەوری پڕوسـیا بەشـێوەیەک بـەردەوام بوو کە تاقـەت نەدەگیرا. ئەگەرچی لەپاش (١٨٥١) دەوڵەتانی ناوەند بە دڵێکی شادەوە ئارەزووی بەهەلاکەتبردنی پڕوسیایان دەکرد، هیچ دەوڵەتێک تیایاندا زاتی ئەوەی نەکـرد پەکی یەکێتیی گومرگیی بخات. پەیوەندییەک بوو ئەو دەوڵەتانە چی تر نەیاندەتووانی لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە“.

ئـەوەی لـەم تابلۆیـەدا کە ترایتشـکە نیـگاری دەکێشـێت بەکەڵکە نائەقڵانییەتە نیمچە سۆفیگەرانەکەیەتی؛ نەشونماکردنی سەرمایەداریی ئەڵمانی، پەیدابوونی بەرژەوەندییە گەورەکانی لەسەر شانۆی سیاسی، سەرەدەرییەکردن و دۆشدامانی دەوڵەتۆچکەکانی پادشایەتیی پڕوسی لەئاسـت ئەم پەرەسەندنەدا، ئەمانە هەموویان بە چەشنێک دەردەکەون

وەک ئـــەوەی تراژیدیایەک بن قەدەر ســـەرچاوەکەیان بێت. ئەگەر ئەم بۆچوون و وێنایە تەنها سەبارەت بە ترایتشکەی مێژوونووس دروست نەبووایە شــتەکە نیمچە بەڵایەک دەبوو، بەڵام ترایتشــکە لێرەدا بەپێی پێویســـت گەواهێکی جێباوەڕی دۆخێکی زەینیی گشــتییە لە ئەڵمانیادا. لـــە کاتێکـدا کە چەندین وڵات لە ماوەی خەبات و تێکۆشــاندا شــێوەی سیاسیی هەنووکەی خۆیان بە سەندن سەندووە کە بە بەرهەمی کاری خۆیانــی دەزانن، بـــەڵام بوونی میللەت بۆ ئەڵمانەکان وەک بەخششـــی شاراوەی بڕێک هێزی نائەقڵانیی و لە سروشت بەدەر دەردەکەوێت.

ئەم "ڕێگا پڕوسییە"ی مێژووی ئەڵمان بڕێک کاریگەریی و شوێنەواری تری ڕاســـتەوخۆتری هەبوو. ئەو مەرجانەی تیایــدا یەکێتیی نەتەوەیی بەدیهات، کارێکی وای کرد لە ژمارەیەک لە ناوەندە سەرمایەدارییەکاندا دەسبەجێ هەســـتیانکرد کەوتوونەتە ژێر باری پاشــکۆیەتیی دەوڵەتی پڕوســـییەوە. لە ئەنجامی ئەم هەستەدا هێشــتا لەگەڵ بیرۆکراتیزمێکدا ڕێکدەکەوتـــن، کـــە بە نیمچـــە دەرەبەگایەتی مایەوە و لـــە چوارچێوەی هاوپەیمانێتـــی لەگەڵ پادشـــایەتیی پڕوســـییدا لـــە بەدیهێنانـــی ئامانجە ئابوورییەکانی بۆرژوازییەتیان دەڕوانی. هەر بۆیە ئەنگلس توانی بڵێت بۆرژوازییەتـــی پڕوســـی لە (١٨٤٨)دا، لە کاتی خســـتنەڕووی کێشـــەی شۆڕشـــدا، بەپێویســـتی نەدەزانی لـــە بابەتی دەســـەڵاتی فەرمانڕەوا لە شێوەی دەوڵەتدا بدوێت[1].

ڕاســـتیی ئەوەی ئەم پڕۆسەیە لە ئەڵمانیا دواکەوت، ئەوەی کە ئەوە نەک لە ســـەردەمی مانیفاکتۆرەکاندا، بەڵکو لە قۆناغی ســـەرمایەداریی نوێدا قەوما، ئەنجامێکی تری گەوهەریی هەبوو؛ سەرمایەداریی ئەڵمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا هەرچۆنێک کەم پێشکەوتوو بووبێت، چـــی تـــر ئەو جەماوەرە میللییەی لە پێشــدا نەما، کە لە ســـاڵی (١٧٨٩)

---

[1]- واتە: ئەوەی لای بۆرژوازییەتی پڕوسی گرنگ بوو، شۆڕشکردن و گۆڕینی دۆخەکە بوو، گرنگ نەبوو شێوەی فەرمانڕەوایی و ئەو دەوڵەتە چییە و چۆنە کە لە دژی شۆڕش دەکات.

دا لــە پێــش بۆرژوازییەتــی فەڕەنســاییدا هەبوو، کە هیچ شــێوەیەکی نییە و دەشــێت- بــۆ ماوەیەک- لەنێو «چینی ســێیەم»دا ئاوێتە ببێت. ســەرمایەداریی ئەڵمانی، ئەگەرچی لە شــێوەیەکی سەرەتاییشــدا بێت، پرۆلیتاریایەکــی نوێــی لــە پێــش بــوو. جیاوازییەکــە ئەو کاتــە بەبێ ماندووبــوون دەردەکەوێــت ئەگەر ئێمــە بەم جۆرە بیــر بکەینەوە: لە فەڕەنسا، چەند ساڵێک لەپاش لەسێدارەدانی ڕۆبسپیر، گراکۆس بابوف (Babeuf) یەکەم ڕاپەڕینێکی خاوەن ئامانجێکی سۆشیالیستیی ڕاشکاو دەســتپێکرد، بــەڵام لە ئەڵمانیا، چوار ســاڵ بەر لە شۆڕشــی (١٨٤٨)، ڕاپەڕینی خوریچنە سیلیزییەکان بەرپا بوو. شایانی باسە ئایدیۆلۆژیای پرۆلیتاریای شۆڕشــگێڕ، لەپاش ڕاپەڕینەکە، یەکەم گوزارشتی تەواوی لە مانیفێستی کۆمۆنیستییدا بینییەوە.

ئەم دۆخە هۆکارەکەی پەرەســەندنی ســەرمایەداریی پاشکەوتووە لــە ئەڵمانیادا، کە بــووە مامانی پرۆلیتاریایەک توانــای دەربڕینی هێزە خودییەکانــی خۆی هەیە، بەڵام هێشــتا ناتوانێت بەچەشــنێکی کاریگەر کاریگەریــی لەســەر ڕووداوەکان دابنێــت (بەو جــۆرەی پرۆلیتاریای ڕوسی لە ساڵی ١٩١٧دا ئەوەی کرد). مەترسیی کاریگەریی ململانێکانی چینەکانیش لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتیی زیادی کرد. بەڵێ، شۆڕشــی شوبات لە پاریس ڕێگای بۆ ڕاپەڕینەکانی بەرلین و ڤیەننا واڵا کرد، بەڵام ململانێی گەرمی نێوان بۆرژوازییەکان و پرۆلیتارییەکان کە تازەکی لە پاریس بەرپا بوو بوو، بۆرژوازییەتی ئەڵمانی تۆقاند و بەتوندیی پاڵینا، لە کاتێکدا کە تیایدا لە بنەڕەتدا لەبەر ئەو هۆکارانەی بینیمان ئارەزووی ئەوەی دەکرد، بە شــوێن سازان لەگەڵ "ســەردارانی کۆن"دا بگەڕێت. بەتایبەتی ڕۆژانی حوزەیران[1] کارتێکردنێکی چارەنووســسازانە کاری کردە ســەر ڕەوتــی ململانێکانــی چینەکان لــە ئەڵمانیــادا. ئەڵمانیا، بۆ دەستپێکردن، پێویستی بەو یەکێتییە هەبوو کە تاقەت ناگیرێت، یەکێتیی

[1]- ڕاپەڕینی کرێکارانی پاریس، حوزەیرانی ١٨٤٨، کە نوقومی دەریایەک خوێن کرا.

گەلی بەرهەڵستی دەرەبەگەکان، ئەو دینامیکەی شۆڕشی فەڕەنسی هەیبوو، ئەو یەکێتییە پێی بەخشیبوو. لەلایەکی ترەوە پڕۆلیتاریای ئەڵمانی هێشتا لەوە لاوازتر بوو بتوانێت چارەنووسی تێکڕای گەل بگرێتە دەستی خۆی بەو جۆرەی پڕۆلیتاریای ڕوسی لەپاش پەنجا ساڵ ئەو کارە دەکات. لەکارکەوتنی بەرەی یەکگرتوو لە دژی دەرەبەگایەتی بەشێوەیەکی خێراتر لە فەڕەنسا و بە جۆرێکی تری جیاواز لە فەڕەنسا ڕوویدا. بەڵێ (١٨٤٨، ١٧٨٩)ی ئەڵمانییە، بەڵام پەیوەندیی نێوان بۆرژوازییەت و چینە نزمەکان پتر فەڕەنسای (١٨٣٠)، یاخود (١٨٤٨) وەبیر دەهێننەوە وەک لە فەڕەنسای (١٧٨٩).

لەبەر ئەو هۆکارە پێمانوایە لەوەتەی ساڵی (١٨٤٨)ەوە سیمایەک لە سیماکانی پەرەسەندنی ئەڵمانی خۆپیشاندان دەکات و لەدواییشدا دیسان بەتوندیی کاری کردە سەر چارەنووسی دیموکراتی لە ئەڵمانیا. یەکەم، شۆڕشە دیموکراتییەکان لە ئەڵمانیا بەو بەشە دەستیپێکرد کە لە کۆتایی شۆڕشە مۆدێل کلاسیکییەکان لە فەڕەنسا و لە ئینگلتەرا دەیبینین، ئەو بەشەیش تێکۆشانە لە دژی باڵی عەوام و پڕۆلیتاریای ڕادیکاڵ. ئەمەیش تەنها جیاوازییەک نییە لە ڕێکخستنی کاتدا. بۆ نموونە لە شۆڕشی فەڕەنسیدا پەرەسەندنێک دەبینین بەرەو ئەوپەڕی دیموکراتیی پەتیی بۆرژوازیی لە (١٧٩٣) و (١٧٩٤)دا. ئەو تێکۆشانەیش کە لە دژی ڕادیکاڵیزمی عەوامگەرای چەپ دەستپێکرا بەربەستێکە لەبەردەم هەوڵی بەرێکردنی شۆڕش بەرەو ئەودیو ئەو سنوورە. (لە شەڕەکانی کرۆموێڵ Cromwellدا لە دژی لایەنگرانی یەکسانی Levellers چەند ڕەوتێکی هاوشێوە دەبینین، بەڵام دۆخی چینەکان لەو کاتەدا لە ئاستێکی نزمتردا دەیهێڵێتەوە). لە ئەڵمانیابە پێچەوانەوە لە ساڵی (١٩١٨)و هەروەها لە ساڵی (١٨٤٨)دا، خەبات ڕاستەوخۆ لە دژی ڕادیکاڵیزمی دیموکراتی و پڕۆلیتاریای چەپڕەو دەست پێ دەکەن، بەم هۆیەیشەوە دەیسەلمێنن چەند هەوڵدەدەن لە ژێر ڕوواڵەتی دیموکراسییەکدا کە لە شۆڕش زاوە، تا دوا سنوور ڕژێمی کۆن

بپارێزن، تەنانەت بە نرخی بڕێک چاکسازیی کە هیچ بایەخێکیان نییە؛ هیچ شۆڕشێکی ئەڵمانی ڕۆژێک چاکسازییەکی کشتوکاڵیی ڕاستەقینەی دەستپێنەکردووە، هیچ شۆڕشێک بەڕاستیی پەلاماری دابەشبوون بۆ ژمارەیەک دەوڵەت- ویلایەتی نەداوە، هیچ شۆڕشێک بەکردەوە دەسەڵاتی موڵکدارانی زەوی و زاری لە پرۆسیا نەهەژاندووە و... هتد.

بەهەرحاڵ ناتوانین لێرەدا تابلۆیەک، تەنانەت بە بڕێک هێڵی گشتی و پان، دەربارەی مێژووی ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا بکێشین. هیچ شتێکی ترمان پێ ناکرێت تەنها ئەوە نەبێت بە پیتی درشت قۆناغەکانی پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییە گەورەکە ڕوونبکەینەوە. لەم قۆناغەدا چینەکانی عەوام لە ئەڵمانیا بەو ڕادەیە بەهێز نەبوون بتوانن بە هۆی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەوە بە داکۆکییکردن لە بەرژەوەندییەکانیان ڕابگەن. هەنگاوەکانی پێشکەوتنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی کە زۆر پێویستن لە ژێر گوشاری بڕێک هەلومەرجی دەرەکییدا، یاخود لەپاش سازانێک کە چینە فەرمانڕەواکان خستیانەڕوو، هاتنەدی. پێشتر، دەستوور دەوڵەتۆچکەکانی باشوور و ناوەڕاست، کە خاڵی هەنگاونانی جووڵانەوە و پارتە دیموکراتییەکانە لەپاش (١٨١٥)، هێشتا ململانێیەکی چینایەتی بەدەست نەهێنابوو، بەڵکو بەسادەیی بە دەنگ پێداویستی پێدانی یەکێتییەک لە کارگێڕییدا بە دەوڵەتانێکی پێکهێنراو لە چەند هەرێمێکی دەرەبەگایەتی ناجۆرەوە دەچوو کە لە سایەی ناپۆلیۆندا لە بەرژەوەندیی بنەماڵەیەک کۆکرابووەوە و لەدواییدا لەلایەن کۆنگرەی ڤیەنناوە چەسپێنرا.

بەم چەشنە فورتیمبێرگ (Wurtemberg)، لە دەورانی ناپۆلیۆنییدا، ژمارەی دانیشتووانی لە شەش سەد هەزار کەسەوە بۆ ملیۆن و نیوێک هەڵکشا، پاش ئەوەی چەند میرنشینێکی کۆنی هەڵلوشی ژمارەیان (٧٨) میرنشین بوو. بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ژمارەیەک هەرێمی بەم ڕادەیە ناجۆر لە هەموو ڕوویەکەوە، نموونەی فورتیمبێرگی نموونەیی دەریدەخات؛ کە لایەنی کەم لە دامەزراوەی ناوەندیی پێویست بوون،

لــه ســایەی ناپۆلیۆندا لــە دایک بــوون، یاخــود بە دوای شــەڕەکانی ڕزگاریخوازییــدا پەیــدا بوون، بڕێک لەو ســیمایانەیان تێــدا بوو کە لە دژی دەرەبەگایەتی بوون و بۆ پاکتاوکردنی هەندێک لە پاشــماوەکانی ســەدەی ناوەڕاســت تەرخــان و تایبەتکرابوون. لە ســایەی ناپۆلیۆندا گچکــە میرە ئەڵمانەکان، بەمەبەســتی کەمکردنەوەی تا دوا ســنووری ئەو دەســتبەرداربوونانە تێکۆشــابوون. لەپاش کەوتنــی ناپۆلیۆن ئەم ڕادە کەمە زیاتر کەمبووەوە. لە ئەنجامی ئەوەیشدا دەستوورەکان هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕیشە و ڕەگی میلليی قووڵیان نەبوو، گەل هەرگیز بە موڵک و داهێنانی خۆی لێی نەڕوانی، بە جۆرێک کە هەڵوەشــاندنەوەی بەر لە (١٨٤٨) و لەپاش ئەو ســاڵەیش وەک یەک و وەک خواردنەوەی جامێــک ئــاو وابــوو. لــە (١٨٤٨)دا کاتێک کە شۆڕشــێکی نــوێ بەرپا بــوو، ئەو ئەنجامانەی کە دەربارەیان دوایــن، ئەنجامەکانی دواکەوتنی ئابووریی و دابەشــبوونی نەتەوەیی، لاوازیی خەڵکی عەوامی بە شوێن خۆیدا هێنا و بۆرژوازییەتی بەرەو ناپاکییکردن لە شۆڕشــەکەی خۆی ڕێبەریی کرد و سەرکەوتنی کۆنەپەرستیی دەرەبەگایەتیی ستەمگەریی بە ڕەنگی خۆی شقڵ کرد.

ئەم نسـکۆیە هەموو پەرەسەندنی سیاســی و ئایدیۆلۆژیی دواتری ئەڵمانیای دەستنیشــانکرد. لەو ســەردەمەدا پرسی سەرەکیی شۆڕشی دیموکراتــی لەم ســنوورانەدا خرابوونە ڕوو: "یەکێتیــی ئازادانە"، یان "یەکێتی بەر لە ئازادیی"، یاخود هەروەها، ئەگەر لەو شــوێنە بڕوانرێت کــە لــە ئەڵمانیــای داهاتــوودا بــە پڕوســیا دەدرێــت، ئەمەیــش لەنێو شۆڕشدا خاڵێکی ســەرەکییە: "توانەوەی پڕوسیا لەنێو ئەڵمانیادا"، یان "بەپڕوســیاکردنی ئەڵمانیــا"... نســکۆی (١٨٤٨) بووە هــۆی ئەوەی لە هەردوو دۆخەکەدا ڕێگاچارەی دووەم پەسەند بکرێت.

بەدڵنیاییــەوە کۆنەپەرســتیی ســەرکەوتوو پێی خۆش بــوو ئەگەر بیتوانیایە بەسادەیی و بەتەواویی بۆ دۆخی بەر لە (١٨٤٨) گەڕابایەتەوە، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە لە ســۆنگەی دۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە

لە ڕووی بابەتییەوە بوو بووە ئەستەم. دەبوو پادشایەتیی پڕوسی وەربچەرخێت- بەو جۆرەی ئەنگڵس زۆر جار جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە- و ببێت بە جۆریک لە "پادشایەتیی بۆناپارتیی".

بەم چەشنە بە ڕواڵەت لە نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیادا تەریبییەک دروست بوو. لە ڕواڵەتدا ئەڵمانیا لە ڕووی پەرەسەندنە سیاسییەکەیەوە شوێن فەڕەنسا دەکەوێت، بەڵام تەنها لە ڕواڵەتدا، چونکە لە فەڕەنسا بۆناپارتیی پاشەکشێیەکی کۆنەپەرستانە بوو، نسکۆی پڕۆلیتاریا لە ڕۆژانی حوزەیرانـدا گونجاندبووی و بە هۆی ئەو دارمانەوە کۆتایی پێ دێت، کە لە ساڵی (١٨٧١)دا کۆمۆنەی پاریسی شکۆداری لێوە هەڵدەقوولێت. لەگەڵ کۆماری سێیەمدا فەڕەنسا هێڵی سروشتیی پەرەسەندنی بۆرژوازیی دیموکراتی دەستپێدەکاتەوە. ئەڵمانیای بیسمارک لە زیاد لە ڕوویەکەوە بەو جۆرەی ئەنگڵس ڕوونیکردووەتەوە لەبەرگیراوێکی فەڕەنسای بۆناپارتییە، بەڵام ئەنگڵس دەسبەجێ تێبینیی ئەوە دەکات پادشایەتیی بۆناپارتیی لە پڕوسیا و لە ئەڵمانیالە چاو دۆخی شتەکانی بەر لە (١٨٤٨) پێشکەوتن و پێشکەوتنێکی بابەتییە، چونکە ڕژێمە تازەکە هەل بۆ بۆرژوازییەت دەڕەخسێنێت ئامانجە ئابوورییەکانی بەدیبهێنێت، کاتێک کە ئازادییەکی زیاتری بۆ گەشەکردنی هێزە بەرهەمهێنەکان جێهێشت، بەڵام ئەم پێشکەوتنە ئابوورییە بەبێ شۆڕشێکی بۆرژوازییانە بەدیهێنرا، یەکێتیی نەتەوەییش هیچی تر نەبوو بێجگە لە بەپڕوسیاکردنی هەموو ئەڵمانیا و لە کۆی دۆزەکەدا بیرۆکراتیی ئەریستۆکراتیی خەمی پاراستنی ڕێکخستنەکان بوو (سیستەمی سێ چینە هەڵبژێردراوە پڕوسییەکە و... هتد)، کە دەیتوانی دەستەبەری مانەوەی هەژموونە سیاسییەکەی بکات. (دەنگدانی گشتی لە هەڵبژاردنی ڕایشستاگدا، بە هۆی دەسەپاچەیی ئەم ئەنجوومەنەوە، هەر بە پەردەپۆشکردنێکی دەستووریی دیموکراسییەکی ڕووکەشانە مایەوە). بەم جۆرە دروست مارکس توانی لەنێو ڕەخنەکردنی پرۆگرامی گۆتا-دا ئیمپراتۆریا نوێیەکە بەوە بناسێنێت کە؛ "ڕژێمێکی ستەمکاری

سەربازیی، بە جۆرێکی بیرۆکراتییانە سازکراوی بەچەشنێکی پۆلیسییانە پارێزراوە، بەبڕێک شـێوەی پەڕلەمانیی ئارایشـتکراوە و ئاوێتەیەکە لە توخمە دەرەبەگایەتییەکان و ملکەچی کاریگەرییە بۆرژوازییەکانە"[1].

پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی لاوازیی شۆڕشـی (١٨٤٨) کەموکورتیی نەریتە شۆڕشـگێڕییەکان و ئەزموونی دیموکراتـی و بێپەروەردەیی دیموکراتییی جەماوەر و زەمانحالآنی بوو بە هۆی لەدەسـتدانی چەندین ململانێـی چینایەتیی گەورەی بەرترەوە. وەک ئاشـکرایە ئـەوەی لەپـاش (١٨٤٨) ڕوویـدا، ئـەو مەرجانەی کە «پادشـایەتیی بۆناپارتیی» سـەپاندنی، دامەزراندنی یەکێتیی ئەڵمانیی «لە سـەرەوە» بـە یاریدەی ڕمە پڕوسـییەکان، ئەمەیش هەمدیسـان هەلومەرجێکی لەبار نەبوو بۆ لەدایکبوونی نەریت، یاخود گۆشکردنێکی دیموکراتیـی شۆڕشـگێڕانەی جەماوەر. لـە ئەنجامی ئـەو لاوازییەدا، پەڕلەمانـی ئەڵمانیـی بە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی نەزۆکیـی لە بەختی نووسـرابوو. لەو سـۆنگەیەوە هیچ پارتێکـی بۆرژوازیی بوونی نەبوو شـوێنی لەسەر زەمینەی سـازان لەگەڵ «پادشـایەتیی بۆناپارتیی»دا نەبێـت، هەر بۆیە تێکۆشـانە جەماوەرییەکان لە دەرەوەی پەڕلەمان بە ڕادەی ئەوەی شـیانی دەرکەوتنی هەبوو، ئەویش دیسـان نەزۆکیی لە چارەی نووسـرابوو. ئـەو دیموکراتییخوازە ڕاسـتەقینانەی کە لەپاش قۆناغـی بەر لە (١٨٤٨) ژیـان، هەر بە تەریـک و بێکاریگەریی مانەوە و نەیانتوانی نەوەی نوێ لە دیموکراتییخوازان پێکبهێنن. چارەنووسـی یۆهـان جاکۆبـی (Yohann Jacobi)، کـە دیموکراتیخوازێکی وردە بۆرژوای قایلە، بەبێ ئەوەی بچێتە پاڵ ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیستییەوە، بەڵام لە سـۆنگەی نائومێدیی و وەک نارەزایی دەربڕین بە شێوەیەکی کاتییبـە کورسـییەکی سۆشـیال- دیموکراتیقایـل بوو لـەوە بترازێت نەیتوانی هیچ شـتێکی تری لێ بـکات، لێکدانەوەیەکە بەتەواویی دۆخی

[1]- مارکـس: ڕەخنەکردنـی پڕۆگرامـی گۆتـا، پاریـس، ١٩٥٠، بڵاوکـراوە کۆمەڵایەتییەکان، ل٣٥.

ئــەو دیموکراتیخوازە بــۆرژوا هەڵکردووە کەمانــە لێکدەداتەوە، کە لە ئەڵمانیادا مابوونەوە.

یەکێــک لەو لەمپەرانەی کە بچووک نەبوون و لە ئەڵمانیادا پێشــگر بوو لــەوەی برێک نەریتی دیموکراتی پێکبێن، بزاوتێکی ســاختەکردنی مێژوو بوو کە بەشــێوەیەکی زوو و لەسەر ئاستێکی فراوان چەسپێنرا و بەچاکیی ڕێکخرا. ئەو بنەمایە- لە شــێوەیەکی هێڵکارییی گشــتییدا- بنەمای بێکەموکووڕیی پیشاندان، "جێرمانیزەکردن"ی هەموو کەسێتییە دواکەوتووەکانی مێژووی ئەڵمانیا بوو. مێژوونووســەکان چی تروەک نازناوی شــکۆ و گوزارشت لە "ڕۆحی ئەڵمانی" لە دواکەوتنی ئەڵمانیا دەڕوانــن، بەڵام هەمــوو ئەو شــتانەیدیموکراتیی بۆرژوازیی و بنەمای شۆڕشــگێڕانەن لە خۆرئاوا، بەو چەشنە دەناسێنرێن کە "ئەڵمانی نین"، بــەم پێیــە هەموو ئــەم هەناردەکراوە دژ بــە "بلیمەتیــی نەتەوەیی"انە پێویســتە ڕەخنەبکرێن و بدرێنە دواوە. توخمەکان، یاخود سەرەتاکانی ئەو جووڵانەوە پێشــکەوتنخوازانەی لە مێــژووی ئەڵمانیادا دەیانبینین؛ شــەڕی جووتیــاران، یەعقوبییەکانــی شــاری ماینز، برێک لــە ڕێچکە دیموکراتییــەکان لە (١٨١٣)دا، جووڵانــەوە میللییەکانی نێوان (١٨٣٠) و (١٨٤٨)، بەتەواویی دەســڕدرێنەوە، یاخود ســاختە دەکرێن بە جۆرێک کە لە دیدی خوێنەراندا وەک ژمارەیەک قەوماوی ترسناک دەردەکەون. (١٨٤٨) لەنێو فەرهەنگی بۆرژوازیی ئەڵمانییدا چی تر بە هیچ نازناوێکی تــر بانگ ناکرێت، تەنها نازناوی "ســاڵە شــێتەکە" نەبێــت، پێچەوانەی ئەوەیــش قۆناغــە کۆنەپەرســتییەکان لە درەوشــاوەترین شــێوەیاندا دەردەکەون.

ئەم ســاختەکردنە، لە ســنووری ڕووداوە مێژووییەکانــدا، تەنها لە هەڵبژاردن و باســکردنیاندا قەتیس نامێنێت، بەڵکــو کاریگەرییەکی بەد لەسەر میتۆدۆلۆژیای زانستە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیش جێدەهێڵێت، هەمــوو هزری کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەڵمانی تێدەپەڕێنێت. بەکورتیی ئەگەرچی هەوڵی وێناکردنی کۆمەڵ و مێژوو لە شــێوەی تێگەیشتنێکی

ئەقڵانییانەدا (لێرەدا گەڕانەوە بۆ هیگڵ بەسە) لە قۆناغی بەر لە (١٨٤٨) هێشتا لە گۆڕێدایە، بەڵام شەپۆلێکی نوێ لە نائەقڵانییەت لەپاش (١٨٤٨) تەشەنەی سەند. ئەم تەوژمە کە پێشتر لەلایەن ڕۆمانتیکییەکانەوە بەشێوەیەکی بەرین پەخشکرابوو، تەنها لەدوای نسکۆی شۆڕشگێڕانی (١٨٤٨) بووە تەوژمێکی زاڵ. ئێمە لێرەدا گرنگیی بە مۆرکە میتۆدۆلۆژیکی و زانستییەکانی نادەین (دواتر دەبینین نائەقڵانییەتی قۆناغی ئیمپریالی، ئەگەرچی لەگەڵ نائەقڵانییەتی سەرەتادا بە چەندین ڕایەڵ لە پەیوەندیدایە، بەڵام شتێکی لە ڕووی ڕیشەییەوە نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت) هێندەی گرنگیی بە لێکۆڵینەوە لە ڕەگەکانی لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەڵمانیادا دەدەین.

سۆنگەی سەرەکییەک یەک پاش و پێش (١٨٤٨)، ئەقڵییەتی ملکەچیی کە ئەقڵییەتی ئەڵمانیی ناوەندە، هەروەها ئەقڵییەتی زۆرترین ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتەیە. پێشتر بینیمان ئەو وەرچەرخانە گەورانەی سەرەتای سەردەمە نوێیەکانیان شڵکرد و بناغەی پەرەسەندنی دیموکراسی لە خۆرئاوادا دانا، لە ئەڵمانیا بە دامەزراندنی ژمارەیەک دەسەڵاتی ستەمگەریی پووچ بە درێژایی چەندین سەدە کۆتایی هات، بەڵام چاکسازیی ئایینییش لەولاوە، ئایدیۆلۆژیای ملکەچیی بۆ دەسەڵات پەخش دەکرد. نە شەڕەکانی (١٨١٣) لە دژی ناپۆلیۆن و نە (١٨٤٨) هیچ شتێکی گرنگی لەوە گۆڕی. وێڕای ئەوە لەو سۆنگەیەوە کە یەکێتیی نەتەوەیی بە ڕێگای شۆڕش دانەمەزرێنرا، بەڵکو لە سەرەوە سەپێنرا، بە قەولی خورافە "بە ئاگر و ئاسن"، یاخود بە هۆی "پەیامی بنەماڵەی هۆهینزۆلرن"ـەوە، یاخود هەروەها بە هۆی "بلیمەتیی بیسمارکەوە" بەدیهات، هەر بۆیە ئەم ڕووە لەنێو سایکۆلۆژیا و ئاکاری ئەڵمانەکاندا، ئەگەر دەربڕینەکە لە شوێنی خۆیدا بێت، بەبێ گۆڕان مایەوە. ژمارەیەک شاری گەورە شوێنی ئەو شارە بچووکانەیان گرتەوە، کە هێشتا لە زۆر باردا مامناوەند بوون، دووکاندار و پیشەوەر و وردە بازرگانانی دوێنێ، سەرمایەداران و بریکارەکانیان شوێنیان گرتنەوە،

گواســتنەوەیەک لە سیاسەتی گوندەوە بۆ سیاســەتی جیهانی ڕوویدا، وێڕای هەموو ئەوانە لەبەردەم ئەو دەسەڵاتەدا کە فەرمانڕەوایی دەکات، ڕۆحــی نــەوازش و ملکەچیــی گەلی ئەڵمــان وەک خــۆی بەبێ گۆڕان مایەوە. هیســلینگ (Hessling)، کــە هانیریش مان (H. Mann) لەنێو ڕۆمانەکەیدا؛ بندەست، دەیخاتەڕوو، تەنها لە شەڕانگێزییەکەیدا بەرامبەر بە گچکــەکان، نەک هەرگیز لە کۆیلایەتییەکەیدا لە ئاســت گەورەکاندا، لــە "پاڵەوان"ـەکانی گوســتاڤ فرایتــاگ (G. Freytag) جیاوازە. ئەو وەســپەی هوگــۆ پرویس (H. Preuss) لە ســاڵی (١٩١٩)دا وەســپی گەلی ئەڵمانی کردووە، ئەگــەر لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بگونجێنرێت، بۆ هەردوو سەدەی نۆزدەیەم و بیست دروستە؛ "ئەڵمانەکان لەنێو هەموو گەلانــدا ســادەترین گەلن بۆ بەرفەرمانیی... بــە واتای ئەوەی چالاک و پەرۆشــن، ژێرییەکی مامناوەندی باش و بڕێک توانای باشــیان لەگەڵ خواستێکی بەهێز بۆ بزێزییان هەیە. سەبارەت بە کاروبارە گشتییەکان ئەم گەلە نە خوو و نە ئارەزووی کارکردن بەگوێرەی دەستپێشخەریی خۆی، یاخود لە دژی دەسەڵات هەیە، هەر بۆیە لە خۆی دەگەڕێت زۆر بەچاکیی و لە ژێر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتدا ڕێک و جۆر بێت، کاتێک کە ئیشدەکات دەڵێیت ویستە هەرەوەزەکەی جێبەجێ دەکات. ئەم سادەییە لــە ڕێک و جۆربووندا، بە توانــا نایابەکانییەوە بەندە، لەڕاســتییدا ئەم گەلە دەکاتە کەرەســتەیەکی بێوێنە بۆ ڕێکخســتنی تەرزە تەواوەکەیکە بێگومان سوپایە".

ئەمە سەرچاوە ڕاستەوخۆ و خودییەکەی نائەقڵانییەتی ئەڵمانییە لە قۆناغی بەر لە ئیمپریالییدا. لە کاتێکدا گەلانی خۆرئاوای دیموکراســی- بەهەرحاڵ ئەمە ڕوانگەیەکی گشتییە- بڕوایان وایە دەوڵەت، سیاسەتی حکومــەت و... هتــد، بــە ڕادەیەکــی زۆر کاری خۆیانە، بــەم پێیە داوا دەکات هەمــوو ئەمانــە بەجــێ و ڕێ بــن و دانەوەی ئەقڵــی خۆی بن، لە ئەڵمانیا- لێرەیشــدا دیســان لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە- هەڵوێستێکی تــەواو پێچەوانە دەبینین. بەڵگەنەویســتەکەی مێژوونووســانی ئەڵمان؛

"ئــەوە مرۆڤەکانــن مێــژوو دروســت دەکــەن" لــە دیوەکــەی تــری میتۆدۆلۆژیکیــی ئەو بیرورِایانە بەولاوە زیاتــر نییە، کە بیرۆکراتیزمی پرِوسی دەربارەی "ئەو تێگەیشتنەی دەشێت تاکێکی باش لە رِایەتەکەی میر هەیبێت" دەیچەسپێنێت، یاخود دیوەکەی تری ئەو بەیاننامەیەیە کە بە دوای شــەرِەکەی یینا (léna)دا بڵاوکرایەوە؛ "هێمنیی، یەکەم ئەرکی مرۆڤەکانە"، لە هەردوو دۆخەکەدا ئەوە تەنها "دەسەڵات"ـە دەکردێنێت و ئەوەیــش بەرمەبنــای خوێندنەوەیەکی بەرچاوی برِێــک قەوماو، کە لــە خۆیانــدا نائەقڵانییــن، دەکات. مرۆڤی ســادە، "مرۆڤــی جەماوەر"، "شوێنکەوتەی دڵسۆز"، ئامرازێکی پێویستی تایبەتە، یاخود بابەتێکە، یان بینەرێکە بەسەرسـورِمانەوە لە برِێک کار دەرِوانێت، تەنها ئەو کەسانە ئەنجامیان دەدەن کە پەیامەکەیان بۆ ئەم کارانەیان دەستنیشان دەکات. "رِیالیزمی سیاســی"ی داماڵراو لە هەر پێشگرێک لای بیسمارک و ئەو ســەرکەوتنانەی، کە لایەنــی کەم تا (١٨٧١)، بەدیهێنان، بەشــدارییەکی فراوانیــان لــە پێکهێنانی ئەم نائەقڵانییەتەدا کــرد. زرِیی دواتری و ئەو نسکۆیانەی بەدیهێنان، یان وەک برِێک ئەنجام، "تراژیدیا"ی نائەقڵانییەت، ناســێنران، یاخــود وەک بەروبوومی بەکارهێنانــی "بلیمەتانە"ی برِێک هەڵوێســتی دژوار. هەرچی قۆناغی ئیمپریالیزمی شەرِانگێز و ئاشکرایە لە ســایەی گلیۆمی دووەمدا، ئەوانەی پێی ســەیرماون بە "کەسایەتیی بلیمەتــی ئیمپراتــۆر" لێکیدەدەنــەوە، نەیارانیشــی بــەوە رِاڤەی دەکەن بیسمارک هیچ شوێنگرەوەیەک لە شێوەی خۆی بە دوایدا نەهاتوون[١]. ئــەم ئاراســتانە کە بەفراوانی لەنێــو کتێبانی مێــژووی ئەڵماندا پەخش بــوون، رِۆژنامەنووســانی خزمەتــکاری ئەو ناوەندانەی کە هەســتیان دەکرد لەلایەن پەرِلەمانیزەکردنی ئەڵمانیاوە کەوتوونەتە بەر هەرِەشــە

---

١- گلیۆمی دووەم کورِەزای گلیۆمی یەکەم لە ساڵی (١٨٨٨)دا چووە سەر تەخت، لە ساڵی (١٨٩٠)دا بیسمارکی دەرکرد، سیاسەتێکی جیهانیی گرتە بەر (کۆلۆنیال و ناوچەی قەڵەمرِەویی، کەشتیگەل، جەنگی یەکەمی جیهان) لە ساڵی (١٩١٨)دا کەوت.

و کە بەو جۆرە دەیانخســتە ڕوو، تەنها ئەو بۆ گەلی ئەڵمان گونجاوە، «ڕژێمــی تاکەکەســی»ی بنەماڵــەی هۆهینزلــرۆن، یانــی دەســەڵاتی بیرۆکراتی، شارســتانی و سەربازیی، کە هیچ چاودێرییەکی بەسەرەوە نییە. وەک ئاشــکرایە هۆکاری ئەوەی ئەم چەشــنە بۆچوونانە توانییان بەفراوانیــی تەشــەنە بســتێنن، تا ڕادەیەکــی زۆر بۆ ئــەو چلۆنایەتییە دەگەڕێتەوە کە بە هۆیەوە ئیمپراتۆریا نوێیەکە دامەزرا.

لە نێوان ئەم مێژووە سیاسییە و ئەو تێکۆشانەدا کە مێژوونووسانی ئەڵمــان لە دژی بیرۆکەی پێشــکەوتنی ئەقڵییانەی مێژوو ڕابەرایەتییان کــرد، پەیوەندییەکــی توندوتــۆڵ هەیــە. ئێمــە زۆر چــاک دەزانین ئەم تێکۆشــانە لــە هەموو شــوێنێک دەبینرێت و بەبێ چەنــد و چوون لەو کاتــەدا ســەرهەڵدەدات، کــە تیایدا ســەرمایەداریی دەکەوێتــە لێژیی و بــەو هۆیەوە، لە دیدی خۆیشــیدا، دەبێتە جێی گومان. گومانیشــی تێدا نییە کە دیاردەیەکــی نێودەوڵەتییە، بەڵام ئەوەی چلۆنایەتیی تایبەت بە پەرەســەندنی ئەڵمانە، «بە ســادەیی»، ئەوەیە ئەم ئاراستەیە لێرەدا لە کاتێکــی زۆر زووتــر و بــە تاوێکــی زۆر زیاتــر لە هەر شــوێنێکی تر دەردەکەوێــت. ئــەم تایبەتمەندییــە ئەڵمانییــە، یانــی ئــەوەی ئەڵمانیا- لەگەڵ شــۆپنهاوەر و نیچە، پاشان شــپینگلەر و هایدیگەر- داهێنەرانی فەلســەفەیەک و ڕوانگەیــەک بــۆ جیهانــی لــە ڕیشــەدا هەردووکیــان دواکەوتــوو بــە دونیا هات، لە شــوێنێکی تری نێو ئــەم کتێبەدا دەبێتە بابەتــی شــیکارییەکی فەلســەفیی تایبەت، کــە تیایدا ئەنجامەکانیشــی دەردەکەوێت. ئێســتا لە بناغە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی دەکۆڵینەوە کە بەم چەشــنە دەردەکەوێت: یەکێتیی سەرســوڕمێن، بەڵام دامەزراو لــە قەومــاودا، یەکێتیی بڕێک توخمــی هەنوکەیــی و ناهەنوکەیی لەنێو بونیــادی کۆمەڵایەتیی مێژوویــی و هێڵەکانی پەرەســەندنی ئەڵمانیادا. لەبەرئــەوەی ئەڵمانیا لــە ڕووی هزرییــەوە، ســەرەڕای دواکەوتنێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بێ پێچ و پەنا، یەکسان بوو بە میللەتانی تری نێــو جیهانی بۆرژوازیی و تەنانــەت لە هەندێک بواردا لە پلەی یەکەمدا

بوو، توانی لەدایکبوونی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە ببینێت کە زەمینەسازییان بۆ شۆڕشی دیموکراتی دەکرد، ئایدیۆلۆژیای شاعیران و بیرمەندانی ئەڵمان لە لیسینگ (Lessing) تا هاینە (Heine)، لە کانت تا هیگڵ و فۆیرباخ. بەدڵنیاییەوە، ئەو قۆناغە، لەگەڵ ڕۆمانتیک و پاشکۆکانیدا، لەدایکبوونی ئایدیالیزەکردنێکیش بۆ دواکەوتنی ئەڵمانیای بینی، کە دەبوو لە سۆنگەی داکۆکیکردن لە شوێنی تایبەتی خۆیەوە، دەربارەی مێژووی جیهان ڕوانگەیەکی نائەقڵانیی بدات و بەرهەڵستیی بیرۆکەی پێشکەوتن بکات وەک بۆچوونێکی سەرپۆت و ڕووکەش و دەستەبەربۆ گومڕاکردنی ئەقڵەکان. لەسەر ئەم ڕێچکەیە شۆپنهاوەر ئەو کەسەیە تا دوورترین سنوور ڕۆیشت. ئەو بابەتەیش، ئەوەی ناوبراو بەر لە (١٨٤٨) نەناسراو بوو و ئەو سەرکەوتنە گشتییەیش کە لەپاش نسکۆی شۆڕشەکە بەدەستیهێنا، پێکەوە ڕاڤە دەکات.

ساتی دامەزراندنی ئیمپراتۆریاکە، بەڵکو لە ماوەی ئەو قۆناغەدا کە ڕێگای بۆ دامەزراندنی هەموار کرد، بنەما بابەتییەکانی ئەم پرسانە ئاڵۆز دەبن. ساڵ لەدوای ساڵ ئەڵمانیا لەوە دەکەوێت وڵاتێکی لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتووە. پتر لەوەیش؛ لە قۆناغی ئیمپریالییدا، سەرمایەداریی ئەڵمانی سەرمایەداریی ئینگلیزیی تێدەپەڕێنێت، کە ئەوکات لە ئەوروپادا یەکەم بوو. ئەڵمانیا- لە پاڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا- دەبێت بە وڵاتێکی هەرە پێشکەوتوو، هەرە نموونەیی بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداریی، بەڵام هاوکات و وەک پێشتر بینیمان، بونیادە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکەی، لە کایەی پەرەسەندنی دیموکراسییدا (مەرجەکانی پادشایەتیی کشتوکاڵیی، پەڕلەمانتاریزمی ڕووکەش، "ڕژێمی تایبەت، یاخود کەسی"ی ئیمپراتۆر، پاشماوەکانی دابەشبوونی کۆن بۆ ژمارەیەک دەوڵەتی سەروەر) وەکو خۆی هەر بە دواکەوتوو دەمێنێتەوە.

بەم جۆرە دەبینێت ئەو دژبەرییەی لەبەرگرتووەتەوە، بەڵام لەسەر ئاستێکی باڵاتر، کە لە قۆناغەکانی تردا بوونیمان تۆمارکرد. بەمەبەستی

دەرچـوون لەم دژبەرییە، ئەوەی کە هەبوو، بەشـێوەیەکی پەتیی، دوو ئەگەر بوون.

یەکەمیـان داخوازیی ئـەوەی بونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکەی ئەڵمانیـا بـۆ ڕادەی پەرەسـەندنە ئابوورییەکـەی گونجـاو بێـت. ئەم داخوازییە دەشـێت مۆرکێکی شۆڕشگێڕانە وەربگرێت، دەشێت ئەرکی ئەوە بە خۆی بدات دواجار شۆڕشـی دیموکراتـی لە ئەڵمانیا جێبەجی بکرێت. ئەمەیش پرسـێکە ئەنگلس، لەنێو ئـەو ڕەخنەیەیدا، کە ڕەخنەی پڕۆگرامـی ئیرفۆرت دەکات، بۆ سۆشـیال دیموکراتـی جێگیر دەکات. دووەمیان ئەوەیە کە لە ڕوانگەی ئیمپریالیزمێکی ئەڵمانیی دروست نوێ و یەکانگیرەوە، سەرخانی سیاسی (بەبێ گۆڕینی بونیادی کۆمەڵایەتی) لەگەڵ شـێوە تاقیکراوەکانـی پەڕلەمانتاریزمی خۆرئاوایی کە ئەوکات هێشـتا بۆ ئەڵمانیا باش و کارا بوون، بگونجێنرێت. دواتر دەبینین ئەوە هەڵوێستی ماکس ڤیبەر (Max Weber)– تا ڕادەیەک هەر خۆی- بوو. تا ڕادەی پێویسـتیش- لەگەڵ گۆڕینی ئەوانەدا کە پێویستە بگۆڕدرێن- وەک ئەو کۆششـانە وابوو شارنهۆرسـت و گنایزنـاو کردیان، کاتێک چاویـان لەوە بـوو وێنا و بۆچوونە سـەربازییە نوێیەکانی شۆڕشـی فەڕەنسی لە چوارچێوەی کۆنی پڕوسیا، "پڕوسیای چاکسازییکراو"دا، جێبەجێ بکەن.

بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەو پەیوەندییە دژبەرەی لـە ئەڵمانیا لە نێوان ئابووریـی و سیاسـەتدا دامەزرابـوو، پەرەسـەندنی سـەرمایەداریی نەدەوەسـتاند- ئەمە زادەی چارەسـەرە پڕوسـییەکەیە- هەر بۆیە بە شـێوەیەکی بێ چەند و چوون، ئایدیۆلۆژیایەکی تەرخان بۆ پاساودانی ئـەو پەیوەندییە دژبەرە لە نێوان ئابووریی و سیاسـەت و پیشـاندانی وەک قۆناغێکـی پەرەسـەندووتر لە قۆناغی دیموکراسـیی خۆرئاوایی نەشونمای کرد.

وەک ئاشـکرایە ئایدیۆلۆژیایەکـی وەک ئەمـە دەبـوو هەوڵبـدات لەسـەر نائەقڵانییەت شاندابدات، کە دەشیا چەمکە هەرە فرەجۆرەکانی

لــێ دەربکەوێت. دامەزراندنی شــیکارییەکی مێژوویی و فەلســەفی بۆ ئــەو چەمکانە، یاخود تەنها دروســتکردنی ڕەچەتەیــەک دەربارەیان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەمان دەچێتە دەرەوە.

ئێمــە تەنهــا هێمــا بۆ بوونــی هەندێکیــان دەکەین و هیچــی تر. بۆ نموونە دەشــێت سەرمایەداریی بە "چارەنووسێکی بێ چەند و چوون" لــە قەڵەم بدرێت، هەم بۆ دڵی خۆ خۆشــکردن بــەوە، یاخود لەپێناوی ڕەتدانــەوەی، یاخــود ددانپێدانانیــدا، لەپێنــاوی ئــەوەدا کــە هێمایەکی ئــەرێ، یاخــود نەرێی بار بکرێت. ئەو وەســپەی ترایتشــکە دەربارەی پێکهاتنــی یەکێتیــی گومرگیی دەیهۆنێتەوە، نموونەیەک ســەبارەت بەم چەشــنە لە پێودان دەدات. ئەوکات ســەرمایەداریی گەورە لە ئەڵمانیادا لــە بن ڕوواڵەتــە جوانەکانی "چارەنووس"دا پیشــان دەدرێت. هەڵگری بنەمــا نائەقڵانییەکــەی تر، ئەویش دیســان، بەڵام بــە واتایەکی تر، کە ئەویش دەوڵەتی ئەڵمانییە، دەشێت بەم چەشنە کتومت بە هۆی چاکەی تایبەتی پادشــا و- نائەقڵانییەتەوە-، پەیامی بەخشینی "چارەنووس"ی کوێرانــە کە هێزە ئابوورییەکان دەگەڕێنەوە بۆی، واتایەکی پێ بدرێت. کەســانێکی تر، دەوڵەت (شــێوە ئەڵمانییەکەی دەوڵەت) توانا چاکەخواز و نائەقڵانییەکە، پاڵدەنێن کێشــێکی پێچەوانەی ئەم ئەقڵانییەتە نەخۆش و نوتەکــە کــە ئابووریی ســەرمایەداریی نوێیە، بکێشــێت. لــە بناغەی هەموو ئەم چەمکانەدا بەردەوام مشتومڕ لە دژی بیرۆکەی پێشکەوتنی بۆرژوازیی بەو جۆرەی دیموکراســییە خۆرئاواییەکان پەخشیدەکەن و هەروا بەرهەڵســتییکردنی ئەو بیرۆکەیە دەبینین، کە دەڵێت ئازادکردنی دەوڵەت و کۆمەڵ لە شــێوە دەرەبەگایەتییــەکان و گونجاندنیان لەگەڵ پێداویســتییەکانی ســەرمایەدارییدا بە شــێوەیەکی باشــتر و باشتر (با لێــرەدا بیر لە سۆســیۆلۆژیای هێربەرت سپنســەر بکەینەوە) دەشــێت پێشــکەوتن بن. تەواو بە پێچەوانەوە ئەودەم پێیانوادەبێت پەرەسەندنی تایبەت بە ئەڵمانیا چاکەیەکی باڵاتری هەیە، لەبەرئەوەی پاراستنی بڕێک شــێوەی کۆن (نائەقڵانیی)ی فەرمانڕەوایی، بــە قەولی ئەوان دەرفەتی

چارەسەرکردنی تایبەتی چەندین بابەتی فرە جۆری کولتووریی و ئاکاریی بە جۆرێک دەڕەخسێنێت، کە هزری کۆمەڵایەتی لە خۆرئاوای ئەقڵانیی لە ئاستیاندا بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە. بەڵگەنەویستە لەنێو ئەم پرسەدا خەباتی چوست لە دژی سۆشیالیستیی بە پلەی یەکەم دێت.

بەم پێیە نائەقڵانییەت و بەرهەڵستییکردنی پێشکەوتنخوازیی پێ بە پێ ڕێ دەکەن و شان بە شانی یەکدی بەرگرییەکی ئایدیۆلۆژییانەی کارا لە دواکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەڵمانیا مسۆگەر دەکەن، لە تەواوی پەرەسەندنێکی سەرمایەدارییانەدایە. ئاشکرایشە ئەو بناغە "فەلسەفییانە" کە لێرەدا هێڵە سەرەتاییەکانیمان کێشا، مەبەست لە بناغە فەلسەفییەکانی تیۆرییە مێژووییەکانی ئەڵمانەکانە، بە شێوەیەکی کاریگەر کاریان لەسەر دروستکردنی ئەو خورافانە کرد کە لەمەوبەر دەربارەی دواین.

لاوازیی جووڵانەوەی دیموکراتی لە ئەڵمانیا هەروەها لە ڕاستیی ئەوەدا دەردەکەوێت، کە نەیتوانی بە شتێکی ڕەسەن بەرهەڵستیی ئەو هەڵمەتە ئایدیۆلۆژییە گەورانە بکات و هیچ کەس مێژوویەکی ڕاستەقینەی دەربارەی ئەڵمانیا سەبارەت بە تێکۆشانەکان لەپێناوی شۆڕشی دیموکراتییدا نەنووسی، مێژوویەک کە توانای بەرەنگاربوونەوەی مێژووەکانی تر بەهێز بکات. هەروەها نەیشیتوانی بە هێرشێکی کارا پەلاماری بنەما "میتافیزیکییەکان"ی ئەم خورافاتە مێژووییانە بدات. کانتیزمی نوێ کە لە بواری تیۆری زانیندا نازانمخوازە و هەموو ئیتیکا کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر بڕێک بەڵگەنەویست شاندادەدات، لەسەر ئەو زەمینەیە دەرکەوت، وەک بێ توانایی ئەو سۆسیۆلۆژیایەی کە ناوبەناو لە خۆرئاواوە هاوردە دەکرا بێ توانایە. بەم چەشنە هەموو دەستەی لاوانی ئەڵمان هێشتا بەبێ نەریتێکی دیموکراتییانە نەشونمای دەکرد. فرانز میهرنگ کە تاکە مێژوونووسی ئەڵمانە بەتوندیی لە دژی خورافاتسازکەران وەستایەوە، بەو هۆیەوە جوامێرییەکی زۆری بۆ خۆی تۆمار کرد، بەڵام کۆششەکەیشی دیسان تەریک مایەوەبە هۆی

هەژموونــی ڕیفۆرمخوازیی لەنێو سۆشــیال- دیموکراتــدا. بەم جۆرە نەریتە دیموکراتییەکان لە ئەڵمانیا هەموو ڕیشــەکانی خۆی لەدەســتدا. ئەو نووســەرە دیموکراتیخوازانە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران و لەدواییدا لێرە و لەوێ بەچەشــنێکی لێکدابڕاو دەرکەوتن، بەشێوەیەکی گشــتی لەگەڵ مێــژووی ئەڵماندا پەیوەندییەکی کەمیــان هەبوو، کەم تا ئــەو ڕادەیەی زۆر جار بەبێ هیچ هۆشــیێکی ڕەخنەیی ئەو دژبەرییەی کۆنەپەرستیی لە نێوان تایبەتمەندیی "لە گەوهەردا ئەڵمانی"- بە قەولی خۆیــان- هینی پەرەســەندنی کەموکووڕی وڵاتەکەیــان و دیموکراتیدا هەڵیبەســتبوو، وەک "کاڵایەکی هاوردەی خۆرئاوایی" تەماشــا دەکرد، یاخــود بــە جووڵەیەکــی پێچەوانــە دوودڵ نەبــوون لــەوەی خۆیــان بــە "خۆرئــاوای نائەڵمانی"یــەوە گرێ بــدەن. ئەمەیش بە شــێوەیەکی سروشتیی تەنها ئەو گۆشــەگیرییە ئایدیۆلۆژیی و سیاسییەی پتر کرد کە لەنێو ئەڵمانیادا تیایدا بوون.

تەنهــا جووڵانــەوەی کرێکاریــی دەیتوانــی ببێــت بــە چەقــی بەرەنگارییەکی سیاســی و ئایدیۆلۆژیی بەو جۆرەی لە (١٨٤٨-١٨٤٩) دا لەگــەڵ ڕۆژنامــەی ڕێنانیی نوێدا بینرا، یاخود بــەو جۆرەی لینین و بەلشــەفییەکان لە ڕووســیا توانییان ئــەوە بکەن، بــەڵام جووڵانەوەی کرێکارییش دیسان کەوتە ژێر کاریگەریی ڕەوتە گشتییەکانی مێژووی ئەڵمانییــەوە. بەرلــەوەی بیســمارک یەکێتییەکەی کردبێت سروشــتیی بوو پرســی ســەرەکیی شۆڕشــی دیموکراتیی لە ئەڵمانیا ببێتە سێوی کێشمەکێشــی نێوان ڕەوتەکانی جووڵانەوە کرێکارییە ساواکە. لەلایەک لاسال و لەدوای ئەویش شفایتزەر پشتیوانییان لە چارەسەرە پرۆسی- بۆناپارتییەکــە دەکــرد. لێــرەدا ئەنجامــی کارەســاتباری مەرجەکانــی پەرەسەندنی نالەبار لەنێو مێژووی ئەڵماندا دەبینرێت. لاسال کە یەکەم کەســە لەپــاش نســکۆی (١٨٤٨) جووڵانەوەیەکــی جەماوەریــی چینی کارگەری دەســتپێکرد، زۆر پتــر لەوەی لەنێو بــەروار و مێژووەکانی جووڵانەوەی کرێکارانی ئەڵمانییــدا دەگوترێت کاریگەریی ئایدیۆلۆژیی

ڕەوتی بۆناپارتیی، کە لەو کاتەدا باو و زاڵ بوو، لەسەر بوو. نزیکیی تایبەت و سیاسی ئەو لەگەڵ بیسمارک لە کۆتا ساڵەکانی ژیانیدا، بە هیچ کلۆجێک هەڵەیەکی تێپەڕ نییە، وەک زۆر کات شتەکە بەو چەشنە دەخرێتە ڕوو، بەڵکو ئەنجامی لۆژیکیی هەموو هەڵوێستە فەلسەفی و سیاسییەکانێتی. لاسال بیرۆکەی کۆنەپەرستی ئایدیالیی بەتەواویی و بەبێ کەموکووڕیی لە هیگڵەوە وەرگرتبوو، بیرۆکەی بەرتریی دەوڵەت لە ئابووریی و بە شێوەیەکی میکانیکی بەسەر جووڵانەوەی ڕزگاریی پڕۆلیتاریادا جێبەجێی دەکرد، لەم هەڵوێستەیشدا هەموو ئەو شێوانەی بزاوتی کرێکارانی دەدایە دواوە کە دەشێت، لەو سۆنگەیەوە کە زادەی خواستی سەربەخۆیی پڕۆلیتاریایە بۆ تێکۆشان لەپێناوی ئازادییەکی دیموکراتیی تەواو سروشتییدا، ڕووبەڕووبوونەوە و بەرکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی بۆناپارتی و بیرۆکراتیزمی پڕوسییدا لێ بکەوێتەوە. دەبوو کارگەرانیش دیسان، بە بۆچوونی لاسال، چاوەڕوانی ئازادبوونی ئابوورییان لە دەوڵەتی پڕوسیی، واتە لە بیسمارک بکەن. ئەو هەڵمەتە تایبەتەی کە بە تەنها لەپێناوی دەنگدانی گشتیدا ڕابەرایەتیی کرد، کە بووە داخوازییەکی سەرەکی، ئەویش دیسان لەنێو ئەم مەرجانەدا ڕەنگێکی بۆناپارتیی وەرگرت، بەتایبەتی چونکە بونیادی ئەنجوومەنی گشتیی کارگەرانی ئەڵمان لەگەڵ ئاوێتەکەیدا لە دیکتاتۆرییەتێکی تایبەت و کەسیی (دیکتاتۆرییەتی لاسال) و گەڕانەوەیەکی خولەکیی بۆ "گەلی سەروەر" لە ڕێگای گشتپرسییەوە، بە شێوەیەکی بەس و پێویست بەرامە و بۆنی بۆناپارتی خۆی هەبوو. لاسال توانی سیستەمی "ئیمپراتۆریاکەی خۆی" بنێرێت بۆ بیسمارک (ئەو دەستەواژەیە هینی لاسال خۆیەتی) و وتیشی ڕەنگە ڕاوێژکار بۆ "دەستوور"ێکی لەم تەرزە ئیرەیی پێ بەرێت. بەم پێیە، ئەوەی کە لاسال، لەسەر ئەو بنەمایانە، تەنانەت تا "پادشایەتیی کۆمەڵایەتی" ڕۆیشت، تا ڕاستەوخۆ پشتیوانییکردن لە سیاسەتی یەکێتیخوازی بیسمارک، هیچ شتێکی تێدا نییە جێی سەرسوڕمان بێت!

ڤیلهێڵــم لیبکنیشــت (W. Licbknecht)، کــە توانــی بــە کاریگەریی مارکــس و ئەنگڵس هەڵەکانی لاســال و هاوەڵانی دەستنیشــان بکات و ڕەخنەیان بکات، وێڕای ئەوە نەیتوانی لەسەر هێڵ، یاخود ئاراستەیەکی دروست بمێنێتەوە. زۆر جار ڕەوتە دیموکراتییە وردە بۆرژوازییەکانی باشــوور کاریــان تێ دەکرد، بێجگــە لە فیدراڵیزمێکــی وردە بۆرژوا و دیموکراتییەکی بە سروش باشووریی و دژ بە پڕوسیا، کە تیایدا هێڵ و ئاراســتە شۆڕشگێڕ و دیموکراتییە دێرینەکەی ڕۆژنامەی ڕێنانیی نوێ ون دەبوو، نەیتوانی بەرهەڵستیی چارەسەرە بیسمارکییەکە و لاسالییە بەرگرییکارەکانی بکات.

ئەم پرسەیش دیسان لە ڕەوتی دواتری بزاوتی کرێکارانی ئەڵمانییدا، بــەو کاریگەرییەی ڕیفۆرمخوازیی کە لە هەڵکشــاندایە، دەشــێوێنرێت. لەم ڕووەوە ئەنگڵس تەواو بەڕوونیی هەڵە هەلپەرســتەکانی پڕۆگرامی ئێرفــۆرت ڕەخنــە دەکات، بەتایبەتــی پێ لەســەر ئــەوە دادەگرێ لەو پڕۆگرامــە کەمــە؛ داخوازیــی تێکۆشــانێکی سەرســەختانە لەپێنــاوی دیموکراتیزەکردنی ڕاستەقینەی ئەڵمانیادا، لەپێناوی بەدیهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی بە هەندێک ڕێگا و شــێوازی دیموکراتیی و شۆڕشــگێڕانەدا، لــە کاتێکدا کە یەکێتیی بیســمارکیی، لە بنەمایدا کۆنەپەرســت، هەر بە ناتەواویــی مایەوە. لەدوای کۆچی دواییکردنــی ئەنگڵس ڕیفۆمخوازیی هێشــتا جێگیــر و قایــم دەبێت و زیاتــر و زیاتر پشــتی بۆرژوازییەتی لیبراڵــی و چارەســەرەکانی دەگرێت. تێکۆشــانی ڕاســتەقینە لەپێناوی وەرچەرخاندنێکــی دیموکراتییانــەی ڕیشــەیی ئەڵمانیــا، لەپێنــاوی پاڵپشــتییکردنی ئایدیۆلۆژیی و سیاســی لە جووڵانەوە شۆڕشــگێڕییە دیموکراتییــەکان، دەنگدانەوەیەکــی دەبێــت، بــەردەوام لــە ڕیزەکانــی سۆشــیال- دیموکراتــدا کەم دەکات و دادەکشــێت؛ گۆشــەگیرییەکەی فرانز میهرنگ، نوێنەرە تاقانەکەی ئەم چەشــنە نەریتانە، بەشــی هەرە زۆری لــەو دۆخــەوە هەڵدەقووڵێت. ئــەم کاریکاتێــرە ڕیفۆرمخوازەی مارکســیزم، لەنێو باڵی ڕاستڕەوی هەلپەرستی حیزبدا قەتیس نامێنێت،

ئـــەو باڵـــەی دواتـــر تـــا پشـــتیوانییکردن لـــە ئیمپریالیزمـــی کۆلۆنیالیی دەڕوات، بەڵکو هەروەها ســـەبارەت بەوەیش دروســـتە کە بە "ناوەندی مارکســـیی" ناودێر دەکـــرا، کە لەڕاســـتییدا توانی لەگـــەڵ مانەوەیدا بە دڵســـۆزیی کلامۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕانەی ناڕوون و ئاڵۆز، زۆر چاک لەگەڵ دۆخی شـــتەکان لە ئەڵمانیـــادا هەڵبکات. لەبەر ئەو هۆکارە چینی کرێکارانی ئەڵمانیا نەیدەتوانی ببێت بە شوێنی کۆبوونەوە و جەمسەری کێشـــکردنی ئـــەو هێزە دیموکراتییانـــەی لێرە و لەوێ لە سیســـتەمێکی پـــەرش و بـــڵاودا دەردەکەوتـــن، لەبـــەر ئـــەو هۆکارەیـــش نەیدەتوانی پەروەردەی بکات و پێشـــەوایەتیی بکات. لەلایەکی ترەوە، ڕەخنەکردنی ئاراستە هەلپەرستەکانی ڕیفۆرمخوازەکان، بەرهەڵستانی چەپڕەوی نێو حیزبی بەرەو وەرگرتنی برێک هەڵوێستی تەواو دەمارگیرانە سەبارەت بە پرســـەکانی دیموکراتیی بۆرژوازیی و بەتایبەتی سەبارەت بە پرسی نەتەوایەتی پاڵپێوەنا. ڕاســـتیی ئەوەی دەســـەڵاتی بەرهەڵســـتانی چەپ لەنێو حیزبدا و- دەســـەڵاتی یەکێتیی سپارتاکۆس لە کاتی شەڕدا- هیچ ڕۆژێک نەگەیشـــتە ڕادەیەکی هاوشێوەی دەســـەڵاتی بەلشەفییەکان لە ڕوسیا، بەو جۆرە لێکدەدرێتەوە، بەڵام برێک هۆکاری گەورەی تر هەن.

لەنێـــو ئـــەو مەرجانـــەدا ئەڵمانیـــا چـــووە قۆناغـــی ئیمپریالییـــەوە. ڕاســـتییەکە ڕوونـــە؛ ئـــەم قۆناغە گەشـــەکردنێکی ئابووریـــی گەورە و مۆڵبوونێکی ســـەرمایەی ئێجگار پێشـــکەوتووی بەخۆوە بینی. ئەوکات ئەڵمانیا بووە پاڵەوانی ئیمپریالیزم لە ئەوروپادا، هاوکات بووە دەوڵەتی هـــەرە شـــەڕانگێز و هـــەرە بەپەلە بـــۆ ســـەرلەنوێ دابەشـــکردنەوەی جیهان. ئەم تایبەتمەندییەی ئیمپریالیزمی ئەڵمانیی زادەی پەرەســـەندنی ســـەرمایەدارییە کـــە دوا کەوت، یاخـــود درەنگ دەســـتیپێکرد، بەڵام لە ئەنجامی ئەوەدا بەتینتر و بەهێزتر بوو. ســـەروەختێک ئەڵمانیا گەیشتە پلەی هێزێکی سەرمایەداریی گەورە دابەشبوونی جیهان بە پایانی خۆی دەگەیشت، بەجۆرێک کە ئەڵمانیای ئیمپریالیی چی تر نەیدەتوانی خاوەنی کالای ئیمپراتۆریایەکـــی کۆلۆنیالیی بەقـــەد بالای بایەخە ئابوورییەکەی

بێــت، تەنها بە ڕێــگای دوژمنخوازیــی و زەوتکردنــی کۆلۆنیالەکانیان لــە ئەوانی تــر نەبێت. لەبەر ئەم هۆکارە لە ئەڵمانیــا ئیمپریالیزمێکی بە تەرزێکی تایبەت "برسی"، دوژمنخواز، تینوو بۆ داگیرکاریی، بەپەلە بۆ ســەرلەنوێ دابەشکردنەوەی کۆلۆنیالەکان و ناوچەکانی دەسەڵات، کە هەموو شــێواز و ڕێگایەکی بۆ گەیشتن بەوە بە لاوە ڕەوا بوو، لەدایک بوو.

دژبەرییەکــە لە نێوان ئەم دۆخە ئابوورییــە و ناکاملّیی دیموکراتیی و سیاســییدا، کــە هــاوکات دەتوانرێــت لەنێــو گەلــی ئەڵمانــدا تێبینی بکرێــت، ڕوونە. ئــەم ناکاملّییــە فاکتەرێکی سیاســیی ســەرەکیی نییە بــە تەنهــا. تەنهــا دەرفەت بۆ گلێۆمــی دووەم ناڕەخســێنێت بەبێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکــی گــەورە لەنێو ئەڵمانیادا سیاســەتی دەرەکیی ســەرکێش و خەیاڵیــی خۆی بڵاوبکاتــەوە، بەڵکو هەروەها ســەبارەت بــەو کێشــەیەی ســەرقاڵی کردوویــن، بڕێــک ئەنجامــی ئایدیۆلۆژیی گرنگی لێ دەکەوێتەوە. هەرگیز هیچ دۆخێکی وەســتان نییە، پێویســتە پەرەبســتێنێت، یان بەرەو پێش، یاخود بەرەو دوا. لەو ســۆنگەیەوە کە بەرەوپێشچوونی دیموکراتی، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە خستماننە ڕوو، سەبارەت بە گەلی ئەڵمان لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا، ئەستەمە، هەر بۆیە دەبوو جووڵەیەکی نوێی پاشەکشــێ ڕووبــدات. ئەو جووڵەیەیش بەبێ ئەوە ڕووینەدا کە لەگەڵ ئاراســتەی گشــتیی سیاســی و ئایدیۆلۆژیی پەرەســەندنی ئیمپریالیی لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتیی، لە پەیوەندییدا بێت. ئەم ئاراستەیە لەسەر ئاستێکی زۆر فراوان دوژمن بە دیموکراتی بــوو. لەلایەکی دیکەوە لەنێو دەوڵەتانــی دیموکراتیی خۆرئاوادا، دەبوو لای جەمــاوەر و ڕابــەرە ئایدیۆلۆژییەکانــی، لەبــەردەم دیموکراتییدا، نائومێدییــەک دروســت ببێــت، کاتێک تێبینیــی ئەوە دەکرا دەســەڵاتی جەمــاوەر لەڕاســتییدا چەند لاواز بوو بەراورد بە دەســەڵاتی دەســتە نهێنییەکانی بەڕێوەبەرانی بۆرژوازییەت، کاتێک کە دەبینرا چ خراپەیەک هاودەمی بۆرژوازییەتە و چ دەستەگەلێکی کەمدیموکراتیی، لە نموونەی

کۆمیتەکانــی هەڵبژاردن، دەژی. بەم پێیە بە هیچ کلۆجێک ڕێکەوت نییە کــە، کتومت لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا، جووڵانەوەیەکی ڕەخنەکردنی فراوانی دیموکراســی ســەریهەڵدا، جووڵانەوەیەک کە توانی لە ناوەندە کۆنەپەرستە هەرە ئاشکراکانەوە تا ڕێکخراوە جیهانییەکان بکشێت، بەو جۆرەی ئایدیۆلۆژیای "سەندیکالیزم" لە دەوڵەتانی زەریای ناوەڕاستدا دەریدەخات.

لایەنــی گەوهەریی ســەرەکی لەنێــو ئــەم ڕەخنانــەدا بەدڵنیاییەوە ڕۆمانتیکێکــی کۆنەپەرســتە، بەڵام نابێت ئەوە لە یــاد بکەین، هەروەها دەشــێت گوزارشــت لە نائومێدییەک کە پاســاوی خۆی هەیە بەرامبەر بــە ئەنجامەکانــی دیموکراتیــی بۆرژوازیــی و ڕەنگەگوزارشــت لــە جووڵانەوەیەکی تا ڕادەیەک ڕێژەیی بکات، کە هانی پێڵێنان لە سنوورە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دیموکراتییە دەدات. هەر هێندە بەســە بۆ نموونە ئــەو وەســپە گاڵتــەکارە وەبیر خۆمــان بهێنینەوە، کە ئاناتــۆل فرانس ســەبارەت بە یەکســانبوون لەبەردەم یاســادا دەیــکات وەک یەک ڕێ بــە زەنگین و هەژار نادات لە ژێر پردەکاندا بخەون! ئاشــکرایە ئاناتۆل فرانس کاتێک ئەوەی نووسی هێشتا لە سۆشیالیزمەوە زۆر دوور بوو، بــەڵام ئەمە بەتایبەتی ئــەوە واتادارتر دەکات کە ســەبارەت بە دۆخی زەینیی ڕۆشنبیرانی پێشڕەوی خۆرئاوا دەیڵێت. هەروەها دەتوانین لای بێرنارد شــو ئاوێتەیەکی واتادار لە ڕەخنەگەلی دروســت و ئاراستەی کۆنەپەرســتی نــاڕوون تێبینی بکەیــن. ئاوێتە هــەرە ناڕوونەکە کە بۆ ماوەیــەک بەهێزترین کاریگەریی دروســتکرد، ئــەو ئاوێتەیەیە کە لای جۆرج سۆریل-ی تیۆریسێنی سەندیکالیزم دەیبینین.

ئەم ئاراستانە، بەتایبەتی چەشنە کۆنەپەرستەکانیان، کاریگەرییەکی فراوان و قووڵیان لەســەر ڕۆشــنبیرانی ئەڵمان لــە قۆناغی ئیمپریالییدا بەجێهێشــت، بــەڵام لەپــاش گواســتنەوەی بــۆ ئەڵمانیــا ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیــی تــری وەرگــرت، چونکــە لــە خۆرئــاوا بەرامبــەر بــە دیموکراســییەکی بۆرژوازیــی کــە لەمێــژ بــوو دەســتپێکرابوو و

بەدیهێنرابوو، نائومێدیی سەریهەڵدەدا، بەڵام لە ئەڵمانیا بووە لەمپەر لەبەردەم ئەم دەستپێکردنە و داوایەک بۆ دەستهەڵگرتن لە تێکۆشانە چارەنووسسازەکان. ئەم ئاراستانە، هەروەها لەگەڵ پڕوپاگەندەی فەرمیی کۆنی سەردەمی بیسمارکییدا بوو بە دووان، کە دواکەوتنی ئەڵمانیا وەک مۆرکێکی تایبەتمەندی "ڕۆحی ئەڵمانی"، هەم لە بواری سۆسیۆلۆژیا و هەم لە کایەی مێژوودا دەخرایەڕوو. لە دەورانی بیسمارکییدا، داکۆکییکردنی پێچەوانە لەم چەشنە تیۆرییە کۆمەڵایەتی و مێژووییانە لەلایەن ڕۆشنبیرانی دیموکراتیخواز، یاخود تەنانەت لەلایەن بەشێک لە ڕۆشنبیرانی لیبراڵەوە، لە نموونەی ڤیرشو (Virchow)، یاخود مۆمسن (Mommsen)، هەر بە زۆر لاواز، ناتوندوتۆڵ و بێکاریگەر مایەوە.

بە گواستنەوەی بەو شێوەیە بۆ ئەڵمانیا، ڕەخنەکردنی دیموکراسی کە وەک ڕەوتێکی پێشکەوتنخوازی خۆرئاواییەکان تەماشای دەکرد، دواجار بە هۆی کاریگەریی برێک پاڵنەری مێژوویی و ئایدیۆلۆژیی دیکەوە، خۆبەدەستەوەدانێکی لەبەردەم ئەو ئایدیۆلۆژیایانەدا بەرهەمهێنا، کە بۆ لاوازکردنی ویست و خواستی تێکۆشان لەپێناوی دیموکراسییدا تەرخانکرابوون، تاکو هەموو دینامیکێکی لێ دابماڵرێت. نموونەیەکی پەسەند نموونەی دیارترین سۆسیۆلۆگی بۆرژوا و مێژوونووسی ئەڵمانە لە دەورانی گلیۆمییدا کە ماکس ڤیبەرە. لەبەر برێک هۆکاری نیشتمانپەروەرانە، ماکس فیبەر لە دژی ڕژێمەکەی گلیۆم بوو، کە حەزی بۆ ڕابواردن و بێ توانایی لەو ڕووەوە کە لەلایەنی دیپلۆماسییەوە بۆ ئاستی هەردوو دیموکراسیی ئینگلیزیی و فەرەنسی باڵا بکات، بە چاوی خۆی دەبینی. ئەوەیش پاڵیپێوەنا کە زۆر بە توندیی هیوای وەرچەرخاندنێکی دیموکراسیانەی ئەڵمانیا بخوازێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، لەبەرئەوەی ناوبراو هزری بەو ڕەخنانە پڕ بوو کە خۆرئاواییەکان لە دژی دیموکراسی خۆیان تەرخانی کردبوو، هەر بۆیە بە شێوەیەکی گشتی نەیتوانی لە دیموکراسییدا، بە بەراورد

بەو ڕژێمەی کە لە ئەڵمانیادا هەیە، بێجگە لە "بەدییەکی کەمتر" بەولاوە زیاتر ببینێت. ئێمە بڕێک دژبەریی هاوشێوە لای ژمارەیەک لە بیرمەندان و سیاسەتوانانی تری ئەو سەردەمەیش دەبینین، هەریەک لەو بیرمەند و سیاسەتوانانەیش بەشێوەیەکی سروشتیی بۆ هەڵوێستەکە چۆنێتیی خۆی هەیە (بۆ نموونە وەک فریدریش ناومان). ئاشکرایە فەلسەفەیەکی ڕادیکالانە بۆ دیموکراتیی بۆرژوازیی و باشتر بڵێین پارتێک، نەدەتوانرا لەسەر بنەمای ئەم چەشنە بناغە ئایدیۆلۆژییانە بونیاد بنرێت. کەسانێکی وەکو ناومانمان بینی لە ڕەخنەکردنی چەپەوە بەرەو بڕێک بنەما وەردەچەرخان، کە بەتەواویی لای ڕاستن و بەرەو چالاکییەکی کردەیی بە هەمان ئاراستەدا وەرگۆڕان.

بەم چەشنە لای ڕۆشنبیرانی ئەڵمانی هەرە کاریگەری دەورانی گلیۆمیی شتێکدەبینین تەشەنە دەستێنێت، کە لە پلەیەکی بالاتردا "هەژاریی ئەڵمانی" دووبارە دەکاتەوە. بە سادەیی، زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرانە ئەقڵییەتێکی وردە بۆرژوازییانەی خاڵیی لە گرنگیدانێکی ڕاستەقینە بە دۆزی گشتییان هەیە. لەلایەک ڕەخنەی خۆرئاواییی دیموکراسیی ژمارەی هەرە زۆری ئەو ڕۆشنبیرانە بەو ئاراستەیەدا دەبات، کە پێیانوابێت پەرەسەندنی نادیموکراسییانەی ئەڵمانیا بەخششێکی تایبەتە و وڵاتەکەیانی بە ئاستێکی بالاتر لە ئاستی دیموکراسییەکانی خۆرئاوا و کێشەکانی گەیاند. هاوکات نەشونما و پەرەسەندنی ئەقڵییەتی بەیدەستبوون دەبینین، کۆڵەکە و بنەماکەی ڕۆحێکی وردە بۆرژوازییانە و لووتبەرزییەکی وێژەیی و زبرییەکی ئەریستۆکراتییانەیە، ئەقڵییەتێک کە بە ناردنی سڵاو و دەربڕینی ڕێزێکی ئێجگار زۆر و چۆکدانان بۆ ئەو ڕژێمەی کە لە ئەڵمانیادا هەیە، دەگات- پاش ئەوەی کە زۆر کات ژیرانە و لێهاتووانە و دڵنیایانە، بۆرژواکان و کەلتوورەکەیان- لەبەردەم دەرەبەگایەتی و ئەفسەرانی ڕژێمەکەی گلیۆمدا، ڕەخنە دەکەن و دوای ئەوەی کە دەزگا خاڵییەکەی گلیۆم لە دیموکراسیی و پاشماوەکانی، کە هێشتا نیمچە دەرەبەگایەتییە، ئایدیالیزە کرد. (ئەم چەشنە ئاراستانە لای

نووسەرێکی تیتاڵینووسی خوێنشیرینی وەکو شتیرنهایم Sternheim و لای سیاسەتوانی دیموکراتیخواز؛ ڕاتنو Rathenau، زۆر بەچاکیی دەبینین).

ئەم ڕەخنەکردنەی دیموکراسیی بۆرژوازیی خۆرئاوایی لەلایەن راستەوە، بەهەرحاڵ برێک دروستیی تێدایە. بە شێوەیەکی تایبەتی ئەو قەوماوە ڕاستەقینانە فرەن کە لەپێناوی ڕوونکردنەوەی مۆرکی نادیموکراسییانەی دیموکراسییە خۆرئاواییەکاندا بە بەڵگە هێناونێتییەوە، بەڵام بەرمەبنای ئەوە دەردەکەوێت تەنها ئەو ڕەخنەیە دروستە، کە چەپ سەرچاوەکەیەتی. نموونەی ئاناتۆل فڕانس گەواهییەکی باشە، لای ناوبراو، لە نووسینەکانی لاوێتیی بە دواوە، چەندین سەرنجی ورد لەسەر مۆرکی دیموکراسییانەی کۆماری سێیەم بەدی دەکەین. کاتێکیش کە فڕانس، لەپاش دۆزەکەی دریفۆس، ڕووەو سۆشیالیزم پەرەیسەند، ڕەخنەکەی بووە توخمێکی ئۆرگانی و تەنانەت توخمی بزوێنەر لەنێو دیدە نوێیەکەیدا بۆ کۆمەڵ و مێژوو.

لەگەڵ دەستکارییکردنی ئەوەدا کە دەبێت دەستکاریی بکرێت ئاراستەیەکی هاوشێوە لای تۆماس مان دەبینین. ڕووە دروستەکانی ڕەخنەکەی ئەو لە دیموکراسییە بۆرژوازییەکان، لە قۆناغی پێودانەکانی پیاوێکی ناسیاسی دا، هێشتا نوقومی بەرهەڵستییکردنێکی ڕۆمانتیکییانەی سەرمایەدارییدا بوو، لەسەر شێوازە ئەڵمانییەکە، گۆڕانی کارەکەی بوو لە واتاکەی دووردەخستەوە، بەڵام کاتێک تۆماس مان، لە سەردەمی کۆماری فایماردا، ڕووەو ئەوە وەرچەرخا کە بۆچوونە دیموکراسییە ڕاستەقینەکانی پێکدەهێنێت، گومانخوازییەکەی لەبەردەم دیموکراسیی بۆرژوازیی خۆرئاواییدا بووە توخمێکی ئەرێنیی داهێنانە وێژەییەکەی و بۆ نموونە لەنێو چیای ئەفسووناویدا، سەبارەت بە داهێنانی کەسایەتیی سیتیمبرینی (Settembrini)، دەستگیرۆیی ئەوی کرد. لای ئەم کەسە، ڕەخنەکردنی گاڵتەئامێزی کەموکووڕیی و نەنگییەکانی دیموکراسیی بۆرژوازیی تەواو بێ توانا لە چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی

کۆمەڵی نویێ و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بە قەوماوی ئەوەوە پەیوەست دەمێنێت، کە هەمان کەس تا ڕادەیەک پێشکەوتنخوازە (کە قەوماوێکە نووسەر زەقی دەکاتەوە) بە بەراورد بە نافتا (Naphta)ی سۆفیستی فریودەری پێشفاشیست و لەگەڵ سستیی ناسیاسی پاڵەوانی ڕۆمانەکە؛ هانس کاستۆرپ (Hans Castrop).

ئاراستەیەکی گشتیی تری ڕەخنەکان لە دژی دیموکراسیی لە ئەوروپای خۆرئاوا، بێکەموکوور پیشاندانی "لێهاتوویی" و "زانیارییەکان" و "بێلایەنی"ی بیرۆکراتییە، لە ڕێگای بەرهەڵستییکردنی "کەڵکەڵە"ی سیاسەتوانی پارتەکان و پەرلەمانەوە. فاگە (Faguet) بەو چەشنە دەکات. مۆرکی کۆنەپەرستی ئەم ڕەخنانە لێرەدا زۆر بە ڕوونیی دەردەکەوێت. جاروبار دەستئەنقەست و زۆربەی کاتیش نائاگایانە، ئەو نووسەرانەی ئەو بیر و بۆچوونانە بڵاودەکەنەوە، دەبنە کرێگرتەی سەرمایەدارییەکی دارایی ئیمپریالیی، کە بە هۆی برێک کۆمیتەی پێکهاتوو لە هەندێک کەسی جێی متمانەی سەربەخۆ لە ڕێکەوتەکانی هەڵبژاردن و گۆڕانکارییە وەزارییەکان، بەچەشنێکی پەیتا پەیتا و بەردەوامی سەرکەوتوو، داکۆکییکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕێکدەخات. (نموونەکان زۆرن: دابەشبوونێکی کردەییی دەسەڵاتەکان لەنێو وەزارەتەکانی دەرەوەدا، گۆڕانی یەک لە دوای یەک لە وەزیرەکاندا لەگەڵ مانەوەی بەڕێوەبەرەکان لە شوێنی خۆیاندا). ئەم بیر و بۆچوونانە، لە ئەڵمانیادا کە هێشتا دیموکراسی ئاشنا نەبوو، بەهێزکردنێکی ئایدیۆلۆژیی ئەو بەرەنگارییە کارایەی لە هەگبەدا بوو کە بیرۆکراسییەتی پروسی و ئیمپراتۆریای، سڤیل و سەربازیی وەک یەک لە دژی هەر هەوڵێکی چاکسازییکردنی دیموکراتییانەی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەیکرد. بەم شێوەیە دیموکراسیی ڕووکەش هەمان ڕووکەشی بێ توانایی وەردەگرێت، بەڵام ئەم نەزۆکییە ڕوون و بێ چەند و چوونە، لەپێناوی داوای دیموکراسیکردنی زیاتر لە پای لۆمەی ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەپێناوی زیاتر وشککردنی و بەهێزکردنی بێ

تواناییەکەی. سەرمایەی دارایی ئیمپریالیی، لە ئەڵمانیا، دەزانێت چۆن بەتەواویی کەڵک لەو دۆخە وەردەگرێت، وەک چۆن لە ئەورووپای خۆرئاوا دەزانێت چۆن سوود لە پەرلەمانتاریزم وەردەگرێت.

سەبارەت بە مێژووی ئەڵمان، ئەم بارە بەیەککەیشتووە واتای ئەوە دەگەیەنێت پاشماوەکانی "هەژاریی ئەڵمانی" لەنێو ئیمپریالیزمێکی کۆنەپەرستدا بە شێوەیەکی تایبەتی بەردەوام دەبێت، هیچ چاودێرییەکی دیموکراتی لە هەر چەشنێک بێت نایەت بۆ بێزارکردنی. ئەم ئاراستەیە برێک ئەنجامی وێرانکەری بە شێوەیەکی تایبەتی هەبوو، چونکە ڕۆشنبیری مامناوەند و هەروەها ڕۆشنبیری نیشتەجێی پلەیەکی باڵا لە پەرەسەندنی ڕۆحیی و ئاکاریی، لەنێو کۆیلایەتیی کۆنیاندا چەسپاند و پیرۆزییەکی ئایدیۆلۆژیی نوێی پێبەخشی. پاشماوەکانی دەسەڵاتی ڕەها، کە "بۆناپارتیزم"ـەکەی بیسمارک لەگەڵ نوێکردنەوەیدا پاراستی، پاڵپشتی هەرە پەسەندی خۆی لە ئاکار و سیاسەتی بیرۆکراتییەکاندا دەبینێتەوە؛ چونکە لای مرۆی بیرۆکراتی پرسەکە پرسی ئابڕووە، ئەگەر بەچەشنێکی خواپەرستانەی بێخەوش ڕێنماییەکانی سەرۆکەکەی جێبەجێ بکات، تەنانەت ئەگەر پشتگیری لە ناوەڕۆکەکەیشی نەکات. ئەم دۆخە ئەقڵییە کە لە دەوڵەتانی خودان نەریتی دیموکراتیی دێریندا تەنها بیرۆکراتییەکان ئاشنای هەن، لە ئەڵمانیا بەرەو ژمارەیەک ناوەندی زۆر فراوانتر دەکشێت. ڕاستیی چەمانەوەی بەبێ ورتە بۆ فەرمانەکانی دەسەڵات وەک ئاکارپەسەندییەکی ئەڵمانی لێی دەڕوانرێت، وەک بەڵگەی بەرتریی کۆمەڵایەتی لە دیموکراتییە خۆرئاواییەکان و بیر و بۆچوونەکانی دەربارەی ئازادیی تەماشا دەکرێت. بیسمارک، کە کردە تایبەت و دامەزراوەییەکەی بەشدارییەکی بەهێزی لە زاڵکردنی بەندایەتیی بەدبەختی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕایەتی دەوڵەتۆچکە کۆنەکان لە تێکڕای ئەڵمانیادا کرد، کە بەهێز و یەکانگیر بوو بوون، بەو هۆیەیشەوە درێژەی بە نەبوونی ڕای گشتی دا، شایانی باسە خودی بیسمارک خۆی توانی لە پای پێویستییان بە "ئازایەتیی شارستانیی

نیشتمانی" سەرزەنشتی ئەڵمانەکان بکات. لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر خراونەتە ڕوو، ئەم ئاراستەیە لە سەردەمی گلیۆمدا، لە ڕۆشنبیراندا بیزەنتیزمێکی ڕاستەقینەی گەشەپێدا و لەنێو جەماوەری چینی ناوەندیشدا کە بە لووتبەرزییەکی نوێ لێوانلێو بوو سەرپۆتییەکی زەلیلی برەو پێ دا.

ئەمە بەو جۆرەی پێشتر گوتمان، جاروبار بەیدەستبوونێکی هزریی ناخۆویستانەیە لەبەردەم ئەو ساختەکارانەی مێژوودا، کە لەوەتەی سەردەمی بیسمارکەوە پەسنی دۆخی دواکەوتووی ئەڵمانیایان دەدا. لە سەردەمێکی دواتردا "فرەزانتر" و، زیاتر "پەرەسەندوتر" و، لە زۆر باریشدا لە ڕوانگەیەکی خودییەوە، دەبنە بەرهەڵستکار. لە ڕووی بابەتییەوە دەبنە نیمچە بەرهەڵستکار، بەڵام ئەوە وایان لێ دەکات بە چەشنێکی باشتر خزمەتی ئامانجەکانی ئیمپریالیزم بکەن، دەیششێت کارەکەیان تەنانەت لەنێو ناوەندە ڕۆشنبیرییە بۆرژوازییە هەرە پەرەسەندوو و هەرە سەرمایەدارەکاندا پەل بهاوێت. ئەم دیاردەیە ئەو نزیکایەتییە کۆمەڵایەتییە نزیکە دەردەخات کە لەنێو دوو ئەقڵییەتی تەریبدا، ئایدیۆلۆژیای "باڵا"ی کۆنەپەرستیی و ئایدیۆلۆژیای "سادە"ی کۆنەپەرستیی پێکەوە کۆدەکاتەوە. هەمان تەریبیی، هەمان هاوئاهەنگیی، پێشتر لە نێوان بوزیزمی شۆپنهاوەری هەواداری هێمنیی و سرەوتن لەگەڵ خەمساردیی وردە بۆرژواکان لەدوای نسکۆی (١٨٤٨) هەبوو، یاخود لە نێوان نیچەدا کە داوا دەکات پەیوەندیی کرێکاران- خاوەنکار بکرێتە پەیوەندیی سەربازان- ئەفسەر، لەگەڵ ئامانجە ڕوون و دیارییکراوەکانی پێشەوا سەرمایەداریی و فەرماندە سەربازییەکانی سەردەمی ئیمپریالیزمدا. هەڵبەتە ئەم تەریبییە چەوتیی و وەرچەرپینەکان لە ئاستی هزرییدا ناداتە دواوە. بە پێچەوانەوە بەڵکو لێرەدا ئەو خاڵە هەیە کە بۆ ئێمە گرنگە. نەک لەبەرئەوەی ئەو ئاستە باڵایە، بەڵکو لەبەرئەوەی لەو سۆنگەیەوە کە باڵایە بازنەی کرداری کۆمەڵایەتیی بیر و بۆچوونە کۆنەپەرستییەکان فراوان دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەی

برێـک تەوژم لەو تەوژمانەی کە دەربارەیان دواین دەشـێت تووشـی ئـەو ناوەندانـە ببێت، کە تیایدا کەرەسـتە هزرییە "سروشـتییەکان"ی کۆنەپەرسـتیی و زمانـە "ڕۆژانە"کەی بێجگە لە ڕسـواکردن ڕێکەوتی هیچ شـتێکی تر نەکات. ئەوە تەنهـا دوایین ئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانن- کە لێرەدا سـەرلەنوێ بـۆ مێژووی ئەڵمانیا و ڕۆحی ئەڵمانی شـوم و مایـەی نەگبەتیین- بـۆ تەوژمە گەورە هاوبەشـەکەی کۆنەپەرسـتیی دەمانگێڕنەوە. کاتێک بۆ نموونە لە سـەرەتای جەنگی یەکەمی جیهاندا، ئـای. ئێـم. پلنجـە (I. M. Plenge) "بیـر و بۆچوونەکانـی ١٩١٤" دەخاتەڕوو کە بەو پێودانە نووسی کە باڵاتر و بەرتر و "ئەڵمانی"یە و بە هۆیەوە بەرهەڵستیی بیر و بۆچوونەکانی (١٧٨٩) دەکات، دەتوانرێت بگوترێت بەشێکی زۆر لە گەنجینەی باشترین ڕۆشنبیرەکانی ئەڵمانیا بۆ ئاسـتی مێژووە پڕوپاگەندە ئامێزەکەی ترایتشـکە دابەزی. نامیلکەکانی سـەرەتای جەنگە گەورەکـە چەندین نموونەی ڕەق و زبر سـەبارەت بەم بێپرەنسـیپییە، سەبارەت بەم داڕمانە لە ئاستی هزریی و ئاکارییدا بە دەسـتەوە دەدات. ئێمە، بە مەبەستی ئەوەی لە نموونەیەک پتر باس نەکەین، نموونەیەکی ئێجگار ئاشـکراکار، باسـی ئەو دژبەرییە دەکەین کە ڤیرنەر زومبارت (Werner Sumbart) لە نێوان "پاڵەوانەکان" کە ئەڵمانەکانن و "دەڵاڵان"ی دیموکراسیی ئینگلیزدا دەیکات.

داڕمانی ڕژێمەکەی گلیۆم دوابەدوای جەنگی ئیمپریالیستیی یەکەمی جیهان و دامەزراندنی کۆماری فایمار، ئەوانیش دیسـان سـەبارەت بە وەرچەرخانـی دیموکراتییـی ئەڵمانیا و ڕەگداکوتـان و قووڵبوونەوەی ئەو ئاراستە دیموکراسییانە لەنێو جەماوەرێکی بەرفراوان لە دەرەوەی چینی پڕۆلیتاریای هۆشـیاردا، هیچ ئەنجامێکی ڕیشەییان نەبوو. هاتنی دیموکراسیی سیاسی بە پلەی یەکەم ئەنجامی کاری هێزە میللییەکان بوو کەمتر لەوەی ئەنجامی داڕمانێکی سـەربازیی بوو. ژمارەیەک ناوەندی فراوانی بۆرژوازیی ئەڵمانیی ناچاربوون لەگەڵ نسـکۆکەدا بە کۆماریی و دیموکراتـی قایل بـن، ژمارەیەک ناوەندی دیکەیـش چاویان لەدوای

ئەوە بوو بەو هۆیەوە بڕێک دەستکەوتیان لە سیاسەتی دەرەوەدا و ژمارەیەک مەرجی باشتر بۆ ئاشتییان بە هۆی سەرۆک ویلسۆنەوە دەستبکەوێت. (لێرەدا جیاوازییەکی قوول لەگەڵ کۆماری دیموکراتیی ڕوسیی ساڵی ١٩١٧ دەردەکەوێت. لە ڕوسیا جەماوەرێکی زۆری وردە بۆرژوا و جووتیاریی لە سەرەتادا فرە دیموکراتی و کۆماریی بوون، جێی باسە لەنێو گەورە بۆرژوادا دۆخێکی ئەقڵیی سەریهەڵدا تا ڕادەی پێویست لە دۆخی بۆرژوازییەتی ئەڵمانی دەچوو و لەلایەکی دیکەوە سەرانی دیموکراتیی وردە بۆرژوا و جووتیاریی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیاندا ناپاکییان لەم دیموکراتییە کرد. ئەو جیابوونەوانەی ڕوویاندا، بۆ نموونە لای سۆشیالیستە- شۆڕشگێڕەکان، بوونی ئەم تەوژمە دیموکراتییانە لەنێو جەماوەری وردە بۆرژوا و جووتیارییدا دەردەخات). جارێکی دیکە دواکەوتنە ئەڵمانییەکە ئەنجامەکانی خۆی پیشاندایەوە. هەر لەگەڵ شۆڕشی (١٩١٨)ی دیموکراتیی بۆرژوازیی بەرپا بوو، پڕۆلیتاریا هێزی کۆمەڵایەتیی یەکلاکەرەوەی پیشاندا، بەڵام بە هۆی کاریگەرییەکانی ڕیفۆرمخوازیی و کاریگەرییەکانی لاوازیی ئایدیۆلۆژیی و ڕێکخراوەیی باڵی چەپی نێو جووڵانەوەی کرێکارانەوە لە ئاستی ئەو کێشانەدا نەبوو کە نوێبوونەوەی ئەڵمانیا دەیهێنانە پێشەوە. هەر بۆیە دیموکراتیی بۆرژوازیی وەک ناوەڕۆک و لە ڕووی گەوهەرەوە لە یەکێتیی هەموو هێزە بۆرژوازییەکان لە دژی مەترسیی کتوپڕی شۆڕشی پڕۆلیتاریی بەولاوە زیاتر نەبوو بەو جۆرەی ئەنگڵس پێشتر پێشبینیی کردبوو. پێشینەکە تەواو نزیکەکە، شۆڕشی (١٩١٧) ی ڕوسیا کاریگەرییەکانی خۆی نەک هەر لەسەر بۆرژوازییەت خۆی، بەڵکو لەسەر باڵی ڕیفۆرمخوازی نێو جووڵانەوەی کرێکارانیش ئاشکرا کرد، چونکە نەک هەر پاڵپشتێکی بێمەرجی بە هاوپەیمانێتیی بۆرژواکان لە دژی پڕۆلیتاریا بەخشی، بەڵکو خودی ئەو هاوپەیمانێتییە خۆی و مۆڵگەکەیشی بوو.

هەر بۆیە کۆماری فایمار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کۆمارێکی بێکۆماران

و دیموکراتییەکـی بێدیموکراتـان بـوو، کتومت وەک- لە سـای برێک هەلومەرجی مێژوویی جیاوازدا- کۆماری فەڕەنسی لە نێوان (١٨٤٨ و ١٨٥١)دا. بە هاوپەیمانییکردن لەگەڵ ڕیفۆرمخوازاندا، پارتە بۆرژوازییە چەپـڕەوەکان، هەوڵـی دامەزراندنـی دیموکراتییەکی شۆڕشـگێڕییان نەدا، بەڵکو- لە پاڵ هێشـتنەوەی کۆماریـی و دیموکراتییدا وەک برێک دروشـم- لە ناوەڕۆکدا "برێک پارتی سەر بە ڕژێم" بوون. لەڕاستییدا هەوڵیاندا هێندەی دەتوانرێت کەمترین دەستکاریی بونیادی کۆمەڵایەتیی ئەڵمانیـای گلیـۆم دەسـتکاریی بکـەن و جەسـتەی ئەریسـتۆکراتیی ئەفسـەرەکان و بیرۆکراتیزمە کۆنەکە و زۆربەی دەوڵەت {ویلایەت}ـە دێرینەکان، موڵکایەتییە کشـتوکاڵییە گەورەکان و... هتدیان. وەک خۆی بەبێ دەسـتکارییکردن هێشتەوە. لە سـای ئەم مەرجانەدا دەبێت ئەوە وەک پەرجوو تەماشـا نەکەین جەمـاوەری میللی بێ هیچ پەروەردە و نەریتێکی دیموکراتیـی زیندوو بەو جۆرەی کە بینیمان، زۆر بەخێرایی لەلایەنـی دیموکراتییەوە نائومێدبـوون و بەخێرایی لێـی وەرچەرپان. ئاشـتیی ئیمپریالیسـتیی ڤێرسایی سەپێنراو بەسـەر کۆماری فایماردا، کە قووڵترین زەلیلکردنە ئەڵمانیا لە سەردەمی ناپۆلیۆنەوە بەخۆیەوەی بینیـوە، ئـەو جووڵانەوەیـەی خێراتـر و بەتاوتـر کرد. سـەبارەت بە جەماوەری بێبەش لە پەروەردەی دیموکراتی، ئاشـتیی ڤێرسـای وەک ئامرازێکی ڕووتی جێبەجێکردنی ئەو ئابڕووبردنە نەتەوەییە دەرکەوت کـە لەگـەڵ ئـەو چاخانـەی مەزنایەتـی و بەرفراوانبوونـدا، کە برێک یادەوەریی پادشایەتیی ناحەز بە دیموکراتیی پڕوسی، فریدریکی دووەم و بلوشـەر (Blûcher) و مۆڵتکە (Moltke) پێیەوە پەیوەستە، ناکۆک دێتەوە. ئێرە شـوێنی ئەوەیە جارێکی تر سـەرنج لەوە بدەین مێژووی ئەڵمانیـا لەگەڵ مێژووی فەڕەنسـا، یاخود ئینگلتـەرا، لە ڕووی قۆناغی شۆڕشگێڕیی و دیموکراتییەوە- کرۆموێڵ، (١٧٨٩)- ناکۆکدێتەوە، دوو قۆناغی دەسـتپێکردنی نەتەوەیی باڵاتر بوون. ئەو هەلومەرجەی تیایدا کۆماری فایمار لەدایکبوو، بۆچوونە کۆنەکە دەربارەی پەرەسـەندنێکی

دژ بــه دیموکراتــی ”ئەڵمانیــی چلۆنایەتــی“ دەچەســپێنێت، کــە تاکــە پەرەســەندنە بە ”ڕۆحــی ئەڵمانی“ ڕێک و فیتە و بــەو خورافەیەی کە بیرۆکــەی مەزنایەتیــی ئەڵمانی بە ناحەزییکردنــی دیموکراتییەوە گرێ دەدات، ڕوواڵەتی پاساودان دەبەخشێت. فەیلەسووفان و مێژوونووسان و ڕۆژنامەنووســانی کۆنەپەرســت لــە بەکارهێنانــی ئــەم دۆخــەدا کەمتەرخەمییان نەکردووە کە باڵی چەپی بۆرژوازییەت و ڕۆشــنبیرانی نەیانتوانی بە شتێکی بەکەڵکی کارا بەرەوڕووی ببنەوە.

بــەم جــۆرە بینیمان لەگــەڵ بەردەوامبوونــی کۆمــاری فایماردا لە ناوەندێکــی فراوانی جەمــاوەری بۆرژوازییــەت و وردە بۆرژوادا ئەو پێشــداوەرییە کۆنــە دەچەســپا، کــە دیموکراتی دەکــردە ”کاڵایەکی لە خۆرئاواوە هاوردەکراو“ و جەستەیەکی بێگانەی زیانبەخش، کە دەبێت میللــەت پاکتاوی بــکات، ئەگەر بیەوێت لــە بیمارییەکــەی چاکببێتەوە. بــە هۆی بێنەریتییــان، زۆرێک لەو دیموکراتانەی ڕاســتگۆیانە بڕوایان بــە دیموکراتی هەیە، ئــەم بە قەولی ئەوان خۆیــان مۆرکە خۆرئاواییە پەتییەی دیموکراتی-یــان کردەبناغە و ناوەڕۆکی پڕوپاگەندەکەیان؛ بە چەشنێکی جوان کە لە بەرزییدا هیچ شتێکی پێ ناگات، تەنها لێهاتوویی نەبێت، ناحەزییان بۆ جەرمانیزم و پەرۆشــییان بۆ خۆرئاوا پێشخست، بەو هۆیەیشەوە- بە جۆرێکی تەواو ناخۆویستانە- چەک و چۆڵیان بە کۆنەپەرستیی بەخشی. (دەتوانرێت ئەم ئاراستەیە بەتایبەتی لە بازنەی ”بڵندگۆی جیهانیی“ Weltbübneی کۆندا تێبینی بکرێت). پێویستە ئەو هەڵوێســتە نیهیلیستییەیش ســەرباری ئەوە بکەین کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی ڕادیکاڵی بۆرژوازیی بەرامبەر بە زەلیلکردنی نەتەوەیی (ئاشتیدۆســتیی تەواوەتی) وەریانگرت، ئەم نیهیلیزمە، لە بڕێک شێوەی تردا، دیســان دزەی کردە نێو ڕیزی توخمە ڕادیکاڵەکانی جووڵانەوەی کرێکارانەوە. (ئەم ئاراســتەیەی دواییان لەنێو ڕیزەکانی ”سۆشیالیستە ســەربەخۆکان“دا زۆر بەهێز بــوو. لە ســەرەتای مێژووەکەیدا، پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانی لە ژێر کاریگەریی چەوتییە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆزا

لوکسمبۆرگدا، لەم نیهیلیزمە نەتەوەییە خاڵیی نەبوو، ئەمەیش قۆناغێکە تەنها نموونەی پارتی کۆمۆنیست لە یەکێتیی سۆڤیەت بەتایبەتی تیۆری ستالینیزم دەربارەی دۆزی نەتەوەیی، توانی تێیبپەڕێنێت).

بـــەڵام هەوڵە ئاشـــکراکانی گەڕاندنـــەوەی بنەماڵـــەی هۆهینزۆلیرن شکســـتیان هێنـــا، بۆ نموونـــە بـــوچ کاپ (Kapp) لە ســـاڵی (١٩٢٠)دا. پارتـــی گەڕانـــەوە، پارتی "نەتەوەییـــە- ئەڵمانەکان"، هەرگیـــز نەیتوانی ببێتە پارتێکی جەماوەریی گەورە، شـــایانی باســـە ئەندامەکانی توانییان زۆرینـــەی پۆســـتە- کلیلـــەکان کـــە لـــە کارگێڕیـــی و ســـوپادا بە هۆی ئاراســـتەی دژە شـــۆڕش و دژە پڕۆلیتاریای کۆماری فایمارەوە لەنێو دەســـتیاندا بـــوو لەنێو دەســـتی خۆیاندا بهێڵنەوە. تەنهـــا لەپاش قەیرانە گەورەکەی (١٩٢٩) کە نائومێدییەکانی جەماوەرێکی ئێجگار بەرفراوانی زیاتر کرد، کۆنەپەرســـتیی توانی بنکەیەکی میللی بۆ خۆی لە شـــێوەی "پارتی نەتەوەیی- سۆشیالیســـت کارگەرانی ئەڵمان" دەســـتەبەر بکات، واتە فاشیزمی هیتلەریی.

کەواتە گرنگە لە ئاستی ئەم پێودانە بەراییانەدا هێڵکاریی وەسپێک بۆ ئەو نیشانە و هێما کۆمەڵایەتی و بنەما ئایدیۆلۆژییانە بکێشین کە وایان کرد لە ئەڵمانیا ســـەرکەوتنێکی خێرا بەچەشنێکی شەرمهێنی فاشیزم و ســـەرکەوتنە درێژخایەنتر و دیســـان پتر شەرمهێنەکانی شیانی هەبێت. هەروەهـــا گرنگـــە بەکورتیی ڕوونیبکەینەوە چۆن فاشـــیزم لە مێژووی ئەڵمانیدا بەگوێرەی چەشنێک لە ناچاریی چووە دەرەوە، هەروەها ئەوە ڕوونبکەینەوە لە چ شـــتێکدا برێک تایبەتمەندیی نوێی چلۆنایەتی هەبوو بەبـــێ ئـــەوەی ئەوە لە یاد بکەین ئەم نوێیە لـــە بەهێزکردنی چۆنایەتیی ئەو ئاراستانە کە پێشتر هەبوون بەولاوە زیاتر نەبوو.

بینیمـــان کۆمـــاری فایمـــار بـــە هـــۆی مەرجەکانـــی لەدایکبوونـــی و ئامراز و شـــێوازە کۆمەڵایەتییەکانـــی بەرگرییکردنی (لە دژی چەپ!) و چەســـپان و گەشـــەکردنی، کۆمارێکی بێکۆمارییەکان و دیموکراتییەکی بێدیموکراتییەکان بوو. پەرۆشـــیی جەماوەری سەرەتا کورتخایەن بوو.

لەگەڵ تەماکردنی ئاشـتییەکی "ویلسـۆنی" و لەگـەڵ تەماکانی تردا کە ڕوانگەکانی "بەشـداریپێکردن" بووە مامانیانڕەوییەوە. بەتایبەتی لای کرێـکارە چەپڕەوە خاوەن ئەقڵییەتە شۆڕشـگێڕییەکان، زۆر بەخێرایی هەڵوێسـتێکی دوژمنکارانە بەرامبەر بە سیسـتەمی فایمار جێگیر بوو، مەترسـیی تیرۆرکردنی گەورەترین بوێرانی جووڵانـەوەی کرێکارانی شۆڕشـگێڕی نوێ؛ کارل لیبکنشت و ڕۆزا لوکسەمبۆرگ، لە مەترسیی ئـەو هەڵوێسـتە دوژمنکارانەیـەی زیاتـر کـرد. لەلایەکی تـرەوە، بەو جۆرەی بینیمـان، هەوادارانـی گەڕاندنەوەی بنەماڵـەی هۆهینزۆلیرن، کۆنەپەرستانی سـاڵانی سەرەتا، ئەوانەی لاوازییان پێشگر بوو لەوەی بۆ ڕووخاندنی ڕژێم بەچەشنێکی تۆکمە بەرەوڕوو ببنەوە، هیچ ڕۆژێک لـە ڕۆژان نەبوون بـە جووڵانەوەیەکی جەماوەریـی. ڕژێمی بنەماڵەی هۆهینزۆلیـرن هیـچ ڕۆژێک بنکەیەکی میللیی فراوانـی نەبوو. ئەمەیش هەرگیز زادەی ڕێکەوت نییە، چونکە شـێوەی دێرینی کۆنەپەرستیی بە ئاشکرا سیستەمی دەسەڵاتێکی "توند" بوو، تا سیستەمی هۆهینزۆلیرن درێژەبکێشـێت و تـا سیسـتەمەکەیان تۆکمـە بێـت- یاخـود تۆکمـە دەربکەوێـت، بەئاسـانیی دەتوانرێت بەشـی هەرە زۆری دانیشـتووان لەسـەر هەوادارییەکـی بەپەرۆش بهێڵرێنـەوە، بەڵام لەپـاش داڕمانی (١٩١٨) کاتێـک کـە "دەسـەڵاتێک"ی نـوێ و کەممیللیتـر دامەزرێنرا، کاتێـک تەنها ئامرازەکانـی گورزێکی چەکدارانە یاخود، لە سـەرەتادا، بەرهەڵسـتکاریی ڕاگەیەنـراو، لەنێو دەسـتی کۆنەپەرسـتییدا مایەوە، دەرکەوت کۆنەپەرسـتیی دێرین لەنێو جەماوەردا تەنها دەتوانێت پشت بە بنکەیەکی ئێجگار لاواز لە ڕووی چەند و چۆنەوە ببەستێت.

لاوازیـی نەیارەکانـی، لە چەپ و لە ڕاسـت، دەرفەتـی بۆ مانەوەی کۆمـاری فایمـار ڕەخسـاند. بوونێکـی قرچـۆک ژیـا، باجەکـەی ئەو چاوپۆشـییانە بوون بۆ کۆنەپەرسـتیی کە نەدەبڕانـەوە. تا ئەڵمانیا بێ توانابێت لەوەی ڕاشکاوانە پەیماننامەی ڤێرسای بداتە دواوە، هەروەها ئەو گوشـارانەیش دەبینێت کە لە دەرەوە دێن و تەڵەکەکانی سیاسەتی

دەرەوەی ئیمپریالیستانی ئەڵمانی دەکردە دوو هێند، بەڵام ڕماندنی کۆماریی پێویستی بە بڕێک مەرجی نوێ هەبوو.

یەکێک لەو مەرجانە کاتێک پەیدابوو لەنێو خودی کۆنەپەرستیی خۆیدا هەڵخزانی چەقی قورسایی لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر ڕوویدا، بە بەڵگەی قەوماوی ئەوەی لەوەتەی نسکۆی (١٩١٨)وە سەرمایەدارە قۆرخکارەکان بوو بوونە چینە ڕابەرەکەی. ئەوە کۆتایی پەرەسەندنێکە لەوەتەی سەردەمێکی دوور و درێژە دەستیپێکردووە، بەڵام لە خۆیدا توخمێکی نوێی بارە. لە سەرەتادا، لە (١٨٤٨)، کاتێک نوێنەرایەتیی سەرمایەداریی هەرە پەرەسەندوویان لە ئەڵمانیای ئەو سەردەمەدا دەکرد، گەورە پیشەسازانی ڕێنانیا گەرچی زۆرینەیان لیبڕاڵ بوون و بەم پێیە ئەندام بوون لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا، ڕۆڵێکی گەورەیان لە لەناوبردنی شۆڕش و چەسپاندنی ڕژێمێکی دژ بە دیموکراسییدا گێڕا. "هەوڵە سازێنەرەکانیان" دەرفەتێکی بەنرخی بە هێزە پادشایەتی و دژ بە دیموکراتییەکان بەخشی لەو کاتەدا کە لە ماوەیدا شەپۆلی شۆڕشگێڕیی لە هەڵکشاندا بوو. بە هۆی گەمەی "ئۆپۆزیسیۆن"ـە هەمیشە لاگر و ئێجگار ڕووالەتییەکەیانەوە لەنێو پەرلەماندا بەشدارییان لە تێکدانی سیستەمی جووڵانەوەی بەرگریی دیموکراتی لە دژی ئەو وەڵامە کرد، کۆنەپەرستیی بنەماڵەی هۆهینزۆلیرن سازی دەکرد. لە سایەی بیسمارک و لە سایەی گلیۆمی دووەمدا دەبینین لە ئەنجامی دەستپێکردنێکی خێرای سەرمایەدارییدا ئەو دەسەڵاتە گەشە دەکات کە گەورە بۆرژواکان لەسەر هێڵی سیاسیی حکومەت پیادەی دەکەن، بەڵام ئەم دەسەڵاتە باشتر بڵێین هەر بە نهێنی دەمێننەوە. بەفەرمی سەرکردایەتی سیاسی- هەندێک هەڵاوێردی لێ بترازێت، بۆ نموونە دێرنبورگ (Dernburg) لەنێو هەمان دەستدا، کە لە مێژە لە دەسەڵاتدا قاڵ بووە و لەم ڕووەوە شێوازی گلیۆمی دووەم لە حکومەتدا لە سەردەمی ئیمپریالییدا لەبەرگیراوەیەکی شێوازی فریدریک گلیۆمی چوارەمە. تەنانەت لەپاش نسکۆی (١٩١٨) دەسەڵاتی مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییەکان

کــە چی تر چەســپابوون، زۆر کات دەمامکدار بــوو. ئەوەیان بە چاک دەزانی وەکو ژمارەیەک جێبەجێکار هیندنبۆرگ و برۆنینگ و شلایشەر و هاوڕێکانیان هەڵبژێرن، کە ژمارەیەک کەسایەتین ڕەوایەتیی خۆیان لــە ژێدەر و ســەرچاوەی تــرەوە وەردەگــرن. هاوپەیمانێتیی گەورەی ســەرمایەدار لەگەڵ گەورە مولکــداران وەکو خۆی ماوە، کتومت وەکو هاوپەیمانێتیــی لەگــەڵ نوێنەرانی بیرۆکراتیی لە ســڤیل و ســەربازان، بەڵام لە ئێســتادا مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییەکان لە هەموو کاروبارەکاندا ڕۆڵێکی ڕابەرانەی هەیە و چی تر وەکو ڕابووردوو تەنها بە سەرکەوتنی ئامانجەکانی لە ژمارەیەک کێشــەی ئابووریی خودان بایەخێکی زیندوو و چالاک سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی بەس ناکات.

بــەڵام ئەم جووڵانەوەیە لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتیدا درێژە بە ڕەوتی خــۆی دەدات کە تیایدا باری ئەقڵیی جەماوەر ناحەزتر دەبێت بەرامبەر بە ســەرمایەداریی. پێشــڕەوی چینی کارگەری ئەڵمان بەتامەزرۆییەوە چاودێریــی ڕووداوەکانــی (١٩١٧)ی ڕوســیای دەکــرد و ڕوانگــەی پێویستی مێژووی ئەڵمانیای تێدا بەدی کرد. ئەو ئومێدانەی لە (١٩١٨)دا گفتەکانی بەشدارییپێکردن بزواندنی، نائومێدییەکانی دواتر کاتێک لەپاش سالانێکی کەم دەرکەوت هەموو ئەم تەوژمە بە با دەچوو، خەمساردیی جەماوەرێکــی بەرفــراوان لــە کارگــەران بەرامبەر بــە کۆمارییەک کە مۆنۆپۆلــە ســەرمایەدارییەکان تا دێت زیاتر بە ئاشــکرا بــە ڕێگاوەی دەبەن، ئەو خەمســاردییەی بەردەوام لە زیادبوونــدا بوو، کاریگەرییە وێرانکارەکانــی ئەنجامــی بێکاریــی لەڕادەبــەدەر کە قەیرانــی (١٩٢٩) دروستیکرد، هەموو شتێک بەشداریی لە بەهێزکردنی تەوژمێکی دوژمن بە سەرمایەدارییدا کرد، کە پانتایی و بەرینییەکەی چینی کرێکاری زۆر تێدەپەڕاند. دەبوو مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییە کۆنەپەرستەکان کێشەیەکی نوێ چارەســەر بکەن؛ کتومــت ئەم تەوژمە ناحەز بە ســەرمایەدارییە لە جەماوەردا بەکاربهێنێت بۆ بەهێزکردنی بالادەســتیی تایبەتی خۆی، ئەوەی بە پشتبەســتن بــەم جووڵانەوەیە سیســتەمێکی کۆنەپەرســت

لــه تەرزێکی نوێ دروســت بــکات تیایدا ســەرمایەداریی مۆنۆپۆل، بۆ تاهەتایە، ڕۆڵی بڕیاردەر بە شــێوەیەکی ڕەها لە هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەستەبەر بکات.

باســەکەی ئێمە لێرەدا ئــەوە نییە؛ کە ئەگەر بەچەشــنێکی خێرایش بێتنیگاری مێژووی سیاســی ئەڵمانیا لە ماوەی ئەو ســاڵانەدا بکێشین، بەڵام دەبوو ئێمە بۆ ئەو فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بگەڕێینەوە کە سیســتەمە فەلســەفییەکان کاتێک بە دووروودرێژیی لێیاندەکۆڵینەوە شوێنی ڕاســتەقینە و بنکەی کۆمەڵایەتیی پێویستی خۆیان دەدۆزنەوە. کەواتە لەو کاتەدا کێشەکە بریتی بوو لە گۆڕینی بڕێک تەوژم و بەڵکو ژمارەیــەک جووڵانەوەی ناحەز بە ســەرمایەداریی لەنێــو جەماوەردا بــۆ هەژموونێکی ڕەهــای بێدەنگی بڕێــک مۆنۆپۆلی ســەرمایەداریی. کێشەیەکی تر کە بەتوندیی بە کێشەی یەکەمەوە بەستراوە، ئەوە بوو وا لە نارەزایی و بێزاریی ڕوون و لە خۆیدا پاساودراوی جەماوەر بەرامبەر بە ئاشــتیی ئیمپریالییانەی ڤێرســای بکرێت بگۆڕێت بۆ شــۆڤێنیزمێکی ئیمپریالییانەی دوژمنکارانە. ڕوونە بەرەوڕووبوونەوەی ئەرکگەلی لەم جۆرە، ”کۆکردنەوە“ی ئاراســتەکانی بەو چەشــنە ڕوونە ئەگەر لەسەر ئاســتی دیماگۆگیایش بێت، لەڕاســتییدا پێویســتی بە فەلسەفەیەکی بە جۆرێکی ڕیشــەیی نائەقڵانیی هەیە. هەروەهــا ڕوونییش دەردەکەوێت ئەو نائەقڵانییەتەی پێویســتیان بوو و کە سازکردنەکەی بۆ دوور و بۆ مێژوو دەگەڕێتەوە و لەنێو ”چەمکی“ جیهانی ناسیونال- سۆشیالیزمدا دەگاتــە کەمــاڵ، دەبێت لە ڕووی چۆنێتییەوە لــەوە زۆر جیاوازبێت کە پێش و پاش (١٨٤٨) تەشەنەی سەند. هەڵبەتە بۆرژوازییەتی ئەڵمانی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا بە چەشنێک سەریهەڵدا زۆر لەبار بوو بۆ وەرگرتنی نائەقڵانییەت، چونکە پێشــتر لەلایەن نائەقڵانییە دێرینەکانــەوە ”گۆشــکرابوو“، ”گۆشــکردنێک“ کە ڕۆڵەکــەی ڕۆڵێکی هیــچ و بێنرخ نەبوو، بــەڵام تاکو تێبگەین چەشــنە نائەقڵانییە نوێیەکە، واتــە فاشــیزم، بە چ تینێک توانی دەســت بەســەر جەمــاوەردا بگرێت

و تاكودەســت بخەینە ســەر بنەما كۆمەڵایەتییەكانــی دیاردەكە، دەبێت دەربارەی هەندێك پێدراوە كۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەكان بدوێین.

یەكــەم دیــاردە لــەو دیاردانە كــە دیاردەیەكی سەرنجڕاكێشیشــە، وەرگۆڕانــی چینی كارگەرە. دروســت جێی ســەرنجە كاتێــك دەبینین جەماوەرێكی بەرفراوان بڕێك بیر و بۆچوونی دژ بە ئەقڵ بەســەریاندا زاڵ بووە. بەشێكی گرنگ لە چینی كارگەریش چووەتە پاڵیان و چەندین بەڵگــە و بەهانە كە تا ئەو كاتە هیــچ كارێكیان لە چینی كارگەر نەكرد، چی تر لەنێو چینی كارگەردا زەمینەیەكی لەباریان دۆزییەوە. دروســت ســەبارەت بە جەماوەر پرســی ئەقڵ و نائەقڵیی وەكو پرسێكی ژیانیی نەك وەك پرســێكی تیۆریی (بەم چەشــنە ســەبارەت بە ڕۆشــنبیران) خراوەتــەڕوو. ئــەو پێشــكەوتنە گەورەیــەی جووڵانــەوەی كرێكاران بەدیهێنا، دید و دوورنمای تێكۆشانە سەركەوتووەكان لەپێناوی ژیانێكی باشــتردا، لەپێنــاوی- لــە داهاتوویەكی نزیكــدا- ڕماندنی سیســتەمی سەرمایەداریی، پێشتر چینی كرێكاریان گەیاندبوو بەوەی ژیانی تایبەت و پەرەســەندنی مێژوویــی خۆی وەك شــتێكی ئەقڵیــی و وەك زادەی كردەی یاسا وێنا بكات. هەر ڕۆژێك لە خەباتكردن، هەر بەرەنگارییەك لــە دژی كۆنەپەرســتیی، بۆ نموونە لە ســەردەمی خەباتكردن لە دژی یاسا هەڵاوێردەكان (١٨٧٨-١٨٩٠)، ئەو شێوازە لە ڕوانینیان بەهێز كرد و كارگەرانیــان ڕووەو دوژمنایەتییكردنی ئەو پڕوپاگەندە نائەقڵانیی و ئایینییە بێئابڕووە ڕێبەریی كرد كە كۆنەپەرستیی برەوی پێدەدان.

بەڵام سەركەوتنی ڕیفۆرمخوازیی و بەشدارییكردنی ڕیفۆرمخوازان لە سیســتەمەكەی فایماردا هەموو ئەوانەیان گــۆڕی. خودی بیرۆكەی ئەقڵانییبوون خۆی بەهایەكی تری پەیدا كرد. بیرنشتاین كاتێك هەوڵیدەدا بایەخــی خەباتــی شۆڕشــگێڕانە لەپێنــاوی كۆمەڵی سۆشیالیســتییدا، لەپێناوی "دوایین دۆخدا"، كەم بكاتەوە و پاكتاو بكات، پێشــتر بە هۆی "ئەقڵانییبوون"ی سەرپۆت، بەناو "ڕیالیزم"، بەرهەڵستیی ئەو هیوایانەی كرد، "ئەقڵانییبوونی" ڕێككەوتن لەگەڵ بۆرژوازییەتی لیبڕاڵ و هەڵكردن

لەگەڵ کۆمەڵی سەرمایەداریی. سۆشیال- دیموکرات لە دەسەڵاتدا، ئەمە لەنێو گوفتار و کردارەکاندا، سەردەمی سیاسەتی "ڕیالیستانە و ئەقڵانییانەیە". لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشەکەدا هێشتا تیایدا بڕێک گفتی دیماگۆگییانە دەربارەی بەشدارییپێکردنێکی زوو بە زوو ئاوێتە دەبوو، دەربارەی بەدیهێنانی سۆشیالیزم بە بڕێک شێوازی "ئەقڵانیی" کە ئارەزوومەندانە بەرامبەر بە "ڕۆحی سەرکێشیی و سەرشێتی"ی کۆمۆنیستەکان دایاندەنا، یاخود هەروەها ئەو "سیاسەتی بەدتر"ەی کە پشتیان پێدەبەست. "سەقامگیریی ڕێژەیی" وای کرد "ئەقڵانیی"- بە قەولی بیرنشتاین- لەنێو تیۆر و پراتیکی ڕیفۆرمخوازییدا باڵادەست و زاڵ بێت. هێڵی ئەم سیاسەتە "ئەقڵانیی و ڕیالیستە" ڕیفۆرمخوازەکان بە ورە و پێداگرییەکی پۆڵایینەوە پاراستیان تا قەیرانە ئابوورییە گەورەکە هاتە پێش. سەبارەت بە جەماوەر وشەی "ئەقڵ" بە کردەوە و کردار ئەوە بگەیەنێت، کە گونجاوتر وایە کاتێک کرێکان کەمدەکرێنەوە مل بدرێت، نەک مانگرتن بکرێت، یاخود کاتێک قەرەبووی بێکاریی کەمدەکرێتەوە و کاتێک نادرێت بە ژمارەیەک لە بێکاران کە بەردەوام ڕوو لە زیادبوونن، دەست لە خۆپیشاندان، یاخود دەستپێکردن بە جووڵاندنی هێز هەڵبگیرێت، یاخود گونجاوتر هەڵهاتنە لە بێزارکردنە فاشیستییە هەرە خوێناوییەکاندا، کشانەوەیە بەبێ هەوڵدان بۆ پیشاندانی هێزی چین، یاخود تەنانەت باڵادەستییەکەی بەسەر شەقامدا، کورت و کرمانج پێویستە ئەو سیاسەتە بگیرێتە بەر کە دیمترۆف بە دەستەواژەیەکی دروست و بەم جۆرە دەریبڕیوە: "هەڵهاتن لە مەترسی بە جۆرێک کە دڕندەکە بێزار نەکەین".

لەڕاستییدا "ئەقڵ"، بەگوێرەی دیدی بۆچوونی ڕیفۆمخوازان، نەک هەر وزەی بەرەنگاریی چینی کارگەری لە شەڕەکاندا لە دژی سەرمایەداریی ئیمپریالیی، لە دژی ئەو فاشیزمە لەناوبرد کە ئامادەسازیی بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا دەکات، بەڵکو هەروەها ئەو باوەڕبوونە کۆنەیشی بە ئەقڵانییبوونی ئەو پەرەسەندنە مێژووییەیش پایەماڵ کرد، کە بە

هۆی تێکۆشـــانی بەچاکیی ئاراســـتەکراوەوە دەبێتـــە مایەی چاککردنی ژیانـــی ڕۆژانەی چینی کرێکار و لـــە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی تەواوەتیـــی ئەو چینە. ئـــەو پڕوپاگەندەیەی ڕیفۆرمخـــوازەکان لە دژی یەکێتیی ســـۆڤیەت دەیانکرد، دیســـان ئەم جووڵانەوەیـــەی بەهێز کرد: مەگەر نەیاندەگوت دلاوەریی چینی کرێکاری ڕوسی کەڵکی هیچ ناگرێت و پێچەوانەی ئامانجەکانێتی و بێئاکامە؟

ئەم پەرەسەندنە برێک کاریگەریی هەمەچەشنی لەنێو چینی کرێکاردا هەبـــوو. چونکـــە پێشـــڕەوێکی تـــا ڕادەیەک گرنـــگ لـــە ڕیفۆرمخوازیی پاشـــگەزبوونەوە و بەرەو نەریتە دێرینەکانی مارکسیزم گەڕانەوە و لە شـــێوە نوێیەکەیـــدا، کە بۆ چاخی ئیمپریالیزم گونجـــاوە و کە لینینیزمە، برەویان پێدا. لەســـەر ئاســـتی سیاســـەتی "ڕیالیـــزم و ئەقڵانییانە"یش چینێکی بەرفراوانیش لەســـەر ئاســـتی سیاســـەتی "ڕیالیزم و ئەقڵانیی" چەقی بەســـت و لەڕاســـتییدا توانای بەگژداچوونەوەی فاشـــیزمی نەما. هەروەها جەماوەرێکی تا ڕادەیەک زۆر لە کارگەران بەتایبەتی لە لاوان هەبوو، ئارام لەبەربڕانیان کە زادەی نائومێدیی ئەنجامی قەیرانەکە بوو، بە کەوتنە گومان لە ئەقڵ و لە باوەڕبوونی پێشوویان بە بەئەقلانییکردنی شۆڕشـــگێڕانەی گۆڕانی مێژوویی و بـــە پەیوەندیی پەتیی و هاودەمیی چییەتیگـــەری شـــۆڕش و ئەقڵی گەیانـــدن. ئەم توێژە لـــە کارگەران کە پێشـــتر پەروەردەی تیۆریی و کردەیـــی ڕیفۆرمخوازانیان وەرگرتبوو، بەم جۆرە لە بەرامبەر قەیرانەکەدا لە بارێکدا خۆی بینییەوە ئامادەبوو پێشـــوازیی لە ئاراســـتە نوێیە نائەقڵانییـــەکان و ناحەزییکردنی ئەقڵ و زانست و بەیدەستبوون بۆ باوەڕهێنان بە پەرجوو و ئەفسانەکان بکات.

ئەمـــە هەرگیز ئـــەوە ناگەیەنێت ئەو کارگـــەرە گەنجانە پاش ئەوەی بێهیواکردنێکی تاڵ بێهیواکران، لەبەرئەوە بوونە خوێنەرانی دڵبەستەی نیچە و شۆپنهاوەر، بەڵام سەبارەت بە جەماوەر دژبەریی ئەقل- سۆز پێدەچوو لە خودی ژیان خۆیەوە لەدایکبووبێت، ئەمەیش شتێکە دەبوو بەبێ چەند و چوون وایان لێ بکات بۆ کارتێکران بە هەر فەلسەفەیەکی

دژ به ئەقڵ لەبار بن.
ڕۆشـــنبیران و وردە بـــۆرژوا وەرچەرخانێکیـــان لـــە جۆرێکـــی تـــر بەخـــۆوە بینی، بەڵام ئەنجامی ئەویش دیســـان وای لێ کردن دەســـتی نائەقڵانییەتی فاشیســـتی پێیان بگات؛ نائومێدیی کە بووەتە دیاردەیەکی جەماوەریـــی و لەگـــەڵ ئەم نائومێدییـــەدا لە پەیوەندییەکـــی تۆکمەدایە، خێـــرا باوەڕکـــردن، چاوەڕوانکردنی بڕێک پەرجـــووی ڕزگارکەر. ئەو شەپۆلی نائومێدییە کە ئەڵمانیای نوقوم کرد بەدڵنیاییەوە و بەر لە هەر شـــتێک زادەی نسکۆکە و ئاشـــتیی ڤێرسای و لەدەستدانی هەر دیدێکی سیاســـی و نەتەوەیی بوو لەنێو بڕێک ناوەندا کە هۆشیارانە بێت، یان ناهۆشـــیارانە، باوەڕی بە ســـەرکەوتنی ئیمپریالیزمی ئەڵمانی هێنابوو. ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی شپینگلەر بەدەستیهێنا، کە لە بازنەی ئەوانە زۆر فراوانتـــرە کە گرنگیی بـــە فەلســـەفە دەدەن، هێمایەکی دەرخەری ئـــەم دۆخـــە ئەقڵییە بوو کـــە نائومێدییەکانـــی قۆناغی کۆمـــاری فایمار (نائومێدییە هەستپێکراوەکانی بەرەی ڕاست، کە بەتەمای گەڕاندنەوەی ســـەردەمی پێشـــوو بوون، هەروەها لە ناوەندی چەپیشـــدا کە باشـــتر بڵێیـــن بە نیازی نوێکردنەوەیەکی دیموکراتی و بگرە سۆشیالیســـتانەی ئەڵمانیـــا بـــوون) بێجگە لـــە بەهێزکردنـــی هیچ کارێکی تـــری نەکرد. لە سەروەختی قەیرانە ئابوورییە گەورەکەی ساڵی (١٩٢٩)دا بە ئەوپەڕی تاوی خۆی گەیشـــت. کەواتـــە بناغە بابەتییەکانی خودان سروشـــتێکی ئابووریی و سیاســـی و کۆمەڵایەتین. لەگەڵ ئەوەیشـــدا کاتێک ســـەرنج دەدەیـــن بـــە چ تیـــن و چ ســـادەییەک ئەم دۆخـــە گشـــتایەوە، بێجگە لە ددانپێدانـــان بەوەدا کە بیر و بۆچوونە شـــادەکانی ئەو قۆناغەی بەر لە جەنگـــی یەکەمی جیهان لـــەم دۆزەدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا. ئەمەیش لە هەردوو ڕووی نەرێ و ئەرێوە وەک یەک دروستە. ئەنجامە نەرێنییەکە کاریگەریـــی ئـــەو پەروەردەیەیە کـــە ئەڵمانەکان لەنێو بیـــر و بۆچوونە کۆنەکانـــەوە وەریانگـــرت، بیـــر و بۆچوونەکانـــی ملدان بۆ دەســـەڵات. ئـــەم پەروەردەیە پێشـــتر (ئەمەیـــش ئێجگار گرنگە) هەموو هەســـتێکی

سەربەخۆیی و هاریکاریی کۆمەڵایەتی لەناوبرد. مرۆی ئەڵمانیی ناوەند توانا و لێهاتووییەکەی لە پسۆڕایەتییەکەی خۆیدا هەرچەندێک بێت- کە دەشێت ئەو پسپۆڕایەتییە هونەر، یاخود فەلسەفە بێت-، بەو چەشنە بارهێنرابوو کە "لە سەرەوە"، واتە لە "سەرۆکە پیشەوەرەکان"ی نێو سوپا، یاخود سیاسەت، یاخود زانستەوە، بڕیارە گرنگەکان چاوەڕوان بکات، تەنانەت ئەو بڕیارانەیش کە پەیوەندییان بە بوونی ئەو خۆیەوە هەیە، هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە ئەو هەڵوێستانەی بە شێوەیەکی کەسیی و تایبەت لە مشتومڕە سیاسی، یاخود ئابووریی، یاخود بێجگە لەو هەڵوێستانەدا وەریاندەگرێت، دەشێت کاریگەرییەکی هەبێت. هەر بۆیە لەپاش داڕمانی بنەماڵەی هۆهنزۆلیرن و ڕژێمەکەیان، هەستی بە سەرگەردانی و کەنفتی کرد و هیوای خۆی باری "سەرکردە ئەزموونکراوە کۆنەکان"، یاخود باری "نەوەی نوێی سەرۆکەکان" کرد. سەروەختێک مایەپووچبوونی سیستەمە نوێیەکە بووە شتێکی ئاشکرا، ئەڵمانیی ناوەند نائومێدییەکی ڕیشەیی تێکەوت، بەڵام ئەم نائومێدییە، کە لەگەڵ چاوەڕوانییکردنی "سەرۆکێکی نوێ"دا هاودەم بوو- لایەنی کەم لای ژمارەی هەرە زۆر- بیرۆکەی ئەوەی بە دونیا نەهێنا کە بە شێوەیەکی تایبەت و کەسیی هەڵوێستەکە شیبکاتەوە و خۆی ئەو کارە بکات. کاریگەریی نەرێنیی کاریگەریی ڕێچکە نازانمخواز و بەدبینەکانە لەنێو ئەو فەلسەفەیەدا کەئاسانکاریی بۆ فریودانی جەماوەر لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە کرد. لە شوێنێکی تری دواتردا ئەو ڕێچکانە بە دوورودرێژیی شیدەکەینەوە. با تەنها باس لەم مۆرکە هاوبەشە بکەین: بەدبینیی و نائومێدیی هەڵوێستی سروشتیی ئاسایی مرۆڤ بەرامبەر بە کێشەکانی هەنوکە پێکدەهێنن. ئەمە سەبارەت بە "دەستەبژێر". هەرچی سەبارەت بە گەلە مافی خۆیەتی باوەڕی بە پێشکەوتن هەبێت، گەشبینییەکەی هیچ نرخێکی نییە، "ددان پێدا نەنراوە"، "غافڵە"، شۆپنهاوەر لە سەروەختی خۆیدا وای دەگوت.

ئەمەیە ڕەوتی هزری ئەڵمانی لە قۆناغی ئیمپریالیدا کە لە نیچەوە

دەچێت بۆ شپینگلەر و، دواتریش، لە سەردەمی فایماردا، لە شپینگلەرەوە دەچێت بۆ فاشیزم. ئێمە کە پێ لەسەر سازکردنی ئایدیۆلۆژیی دادەگرین کە لە فەلسەفەی ئەڵمانییدا دەردەکەوێت لەوەتەی شۆپنهاوەر و نیچەوە، ئایا ناشێت بەرهەڵستیی بکرێین و بگوترێت ئەوانە بڕێک فەلسەفەی ناوەکین، هەرگیز لە ناوەندێکی بەرتەسکەوە سەریان دەرنەهێناوە؟ بەهەرحاڵ، ئێمە پێمانوایە پێویستە خۆ لە مەزەندەکردنێک کە کاریگەریی ئێجگار فراوان، بەڵام ناڕاستەوخۆ و کە لە ژێر زەویدا دەقەومێت بپارێزرێت، کەمدەکاتەوە و کە ئایدیۆلۆژیا کۆنەپەرستەکان بەگوێرەی مۆدێل و باوی نوێ هەیانبوو، بەو جۆرەی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەمان شیکردەوە. ئەم کاریگەرییە تەنها لە کارتێکردنی ڕاستەوخۆی کتێبەکان لەسەر ئەوانە دەیانخوێننەوە، دەرناکەوێت، وەک ئاشکرایە پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت نووسینەکانی شۆپنهاوەر و نیچە بە دەیان هەزار تیراژ چاپ و بڵاوبوونەتەوە. لە ڕێگای زانکۆ و وانەکان و ڕۆژنامەگەرییەوە ئەم ئایدیۆلۆژیایانە دووچاری بەرفراوانترین خەڵکیی بوون، هەڵبەتە بە تەرزێکی وشک و ڕەقدا، بەڵام ناوەڕۆکە کۆنەپەرست و ڕەشبینییە نائەقڵانییەکەی زەقتر دەکردەوە وەک لەوەی لاوازی بکات (چونکە سەبارەت بە بیر و بۆچوونە سەرەکییەکان ئەوەندەی دەکرا کەمترین جیاوازیی وردی دەکرد). جەماوەر لێگەڕا بە هۆی ئەم ئایدیۆلۆژیایانەوە بەقووڵیی ژاراویی ببێت بەبێ ئەوەی هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرکی بە بنچینەکانیان کردبێت. ئەو وەرگۆڕینە بەربەرییانەی غەریزەکان کە نیچە دەیخاتەڕوو، فەلسەفە ژیانییەکەی، "ڕەشبینییە دلاوەرانەکەی"، بڕێک ئەنجامی بێچەند و چوونی قۆناغی ئیمپریالی بوون و خێرابوونی ئەو پرۆسەیە کە بزواندی دەشیا کاریگەریی خۆی لای هەزاران خەڵک لەو خەڵکانە دابنێت، کە تەنانەت ناوەکەیشیان نەبیستبوو.

بەڵام هەموو ئەمانە تەنها دەیانتوانی شیاوێتیی کارتێکران بە فەلسەفەی نائومێدیی بەتینتر بکەن. ئەو شتەی دۆخە ڕۆحییە نوێیەکە

لە ئاراستە هاوشێوە کۆنترەکانی جیادەکاتەوە کاریگەریی دۆخی ئەڵمانە لــە نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکــەدا. جیاوازیی هەرە دیار لە نێوان پێش جەنگەکە و پاش جەنگەکە گومانی تێدا نییە هەژانە بەهێزەکە بوو، پاشــان نەمانی تا ڕادەیەک تەواوەتیی هەستی "دڵنیایی"ی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، لەنێو چینەکانی ناوەند و بە پلەی یەکەم لای ڕۆشنبیران. ســەروەختێک، بەر لە جەنگی ئیمپریالیســتانەی یەکەم، مرۆڤ ڕەشبین بــوو، کاتێــک بــە ئاییندەی شارســتانیی بــاوەڕی نەبوو، ئــەم بابەتە مۆرکێکــی تێڕامانیی و بیرکردنەوەی دڵنیای هەبوو، هیچ پەیوەندییەکی بە کردەیەکی شیانییەوە نەبوو. لەو سۆنگەیەوە هەموو کەسێک هەستی دەکــرد بوونە ماتەریالی و کۆمەڵایەتــی و هەروەها بوونە هزرییەکەی تەواو پارێزراوە، هەر بۆیە دەشــیا هەڵوێســتە فەلســەفییەکان هەر بە تیۆریی پەتیی بمێننەوە و بە هیچ کلۆجێک کار لە ڕەفتار، یاخود ئاکاری ئەو کەسانە نەکەن کە باوەڕیان پێ هێنابوون. لەگەڵ نەمانی "ئاسایش" لەنێــو جیهانێکدا کە بوونــی ماتەریالی و واتایی تیایدا ڕۆژانە لەبەردەم هەڕەشەدا بوو، ڕەشبینیی نائەقڵانیی واتایەکی بەرهەستتری پەیدا کرد. مەبەستمان ئەوە نییە لێرەوە فەلسەفە ڕاستەوخۆ لە کردارەوە بەرهەم هێنــرا، بەڵکــو مەبەســتمان لەلایەک ئەوەیە ســەرچاوەی تاکەکەســیی خۆی لەو مەترســییەدا بینییەوە، کە هەڕەشــەی لــە بوونی هەریەکێک دەکــرد (لێرە بە دوا نەک لە تێڕامان و بیرکردنەوە لە دۆخێکی بابەتیی کەلتــوور)، لەلایەکی دیکەوە ئێســتا بڕێک داخوازیی کردەییان خســتە بــەردەم فەلســەفە، تەنانەت ئەگەر لەو شێوەیەیشــدا بێت کــە بریتییە لەمــە؛ "لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە"، لە بونیادی جیهان، دژواریی کردەوە هەڵبهێنجرێت.

بەهەرحــاڵ، دەرکــەوت شــێوە کۆنەکانــی نائەقڵانییــەت توانــای وەڵامدانەوەی پرسیارە نوێیەکانیان نییە. لەو بارەیەوە پێویستە تێبینی ئەوە بکەین- لە دواییدا جارانێکی زۆر دەگەڕێینەوە سەر ئەو باسە- کە دیماگۆگیای فاشیستیی، ئەگەرچی لە شێوە و لە ناوەڕۆکیشدا زۆری لە

ئایدیۆلۆژیا کۆنەپەرسـتەکان- مۆدێلە کۆنەکە وەرگرت، هەستی دەکرد بەناچاریی پەلکێشـی پەنابردن بە شـێوازە نوێیەکانی فەیلەسووفەکان دەبێـت کە لــە قۆناغـی ئیمپریالیـیدا لەدایک بـوون، تاکو لە شـێوازە کۆنـەکان هەموو ئـەو بەشـانە دابماڵێت کـە "تایبەت" بـوون، یاخود هەمــوو ئەو مۆرکــە "هزرییە باڵایە"ی کە هەیانە، پاشماوەکەیشـی، بۆ چاوبەسـتکردنی گەل، بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە و پێداگرانە تەرخانە. هەرچی شـتێک پێشتر دەربارەی ڕەشـبینیی نائەقڵانیی گوترابوون، لە نیچە و دیڵتایەوە تا هایدیگەر و یاسـپەرس، لەنێو نامیلکە زانکۆییەکان و قاوەخانە وێژەیی و یانە هزرییەکاندا هیتلەر و ڕۆزنبێرگ هەموویان گواسـتەوە نێو خەڵک و سـەر شـەقام. لەدواییدا دەبینین ناوەڕۆک و شێوازی ئەو فەیلەسووفانە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە و وێڕای- یاخود بە هۆی- ئەو بێفەڕیی و تەوەشـییە دیماگۆگییەوە درێژەیان بە ژیان دا و بەردەوام بوون کە وێنای "ناسـیونالً- سۆشـیالیزم بۆ جیهان" پێوەی لکاندن. خاڵی دەستپێکردنی ئەو "وێنا"یە لەنێو سایکۆلۆژیای جەماوەردا کتومـت ئەو نائومێدییە بوو کە دەربارەی دواین؛ ئەو خۆشـباوەڕییەی کــە لێی کەوتەوە، چاولەدوویی پەرجوو کە جەماوەر لەسـەری دەژی و کە شایانی باسـە، ڕۆشنبیرە هەرە خوێندەوارەکان لەسەری دەژین. هەرچی لەو بارەیەیشـەوەیە نائومێدیی ئەو ڕایەڵە بوو کە ناسـیونالً- سۆشـیالیزم و جەمـاوەری بەرفراوانـی خەڵکی پێکەوە دەبەسـتەوە، ئـەوە بابەتێکی بێچەند و چوونە؛ مەگەر تەنها لەگەڵ قەیرانە ئابوورییە گەورەکەی سـاڵی (١٩٢٩)دا نەچووە نێو جەمـاوەرەوە، لەو کاتەدا کە تیایـدا نائومێدیـی، کە لە سـەرەتادا تەنها بێهێواییەکی فەلسـەفی بوو، پەیتا پەیتا شـێوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرهەسـتتری وەرگرت تا گەیشت بەوەی بووە تەنها دانەوەی ئەو هەڕەشـەیەی لەسەر بوونی تاکەکەس هەیە؟ ئاراسـتە بەرهەسـتەکە، کە پێشتر باسـمانکرد، بە هەمان شێوە دۆخی ئەم نائومێدییە فەلسـەفییەی لە خزمەتی سیاسەتی سەرکێشییە هیوابڕاوەکاندا سەختتر کرد.

ئەم سیاسەتە زانی غەریزەکانی ملدانی زەلیلانەی کۆن کە پێشتر کۆماری فایمار تا ڕادەیەک بەبێ هیچ دەستکارییکردنێک بەجێیهێشتبوو، بەکاربهێنێت، بەڵام شێوازی ملدانەکە دەبوو دەستکاریی بکرێت؛ دۆزەکە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەڵمانیادا، ملدان نەبوو بۆ دەسەڵاتێک کە ڕەوایەتیی خۆی لە لەدایکبوون یاخود شێوەی جیاوازی ئەم دەسەڵاتەوە وەردەگرت، بەڵکو بەدەستهێنانی سۆزی جەماوەر بوو بەرەو لای کودەتایەکی ڕادیکاڵ و ئەو "شۆڕش"ەدا کە ناسیوناڵ-سۆشیالیزم، بەتایبەتی لە سەرەتاکانیدا، یاخود لە کاتەکانی قەیرانەکەیدا ئارەزووی دەکرد بچیتە پاڵی و شانازیی پێوە دەکرد. ئەم مۆرکە نارەوا و "شۆڕشگێڕانە"یەی دەسەڵاتی فاشیزم یەکێکە لەو هۆکارانەی ناچاریکرد زیاتر پەنا بە چەند نموونەیەک لە هزری بە ڕەنگ و ڕوو نیچەیی بەرێت، وەک لە ئایدیۆلۆژیا کۆنەپەرستە کۆنەکان. بەدڵنیاییەوە دیماگۆگیای فاشیستیی توانی چەندین ڕووی هەمەجۆر بەخۆوە بگرێت. هاوکات کە لە ماوەیدا مۆرکە "شۆڕشگێڕانە"کەی خستەڕوو، ویستی پەنا بە ڕێزلێنانێکی سروشتیی لە ڕەوایەتییەک بەرێت. ئیتر بەم جۆرە، لە قۆناغی گواستنەوەدا، کەڵکی لە هیندنبۆرگ وەرگرت و بێ ئەوەی شێوەکانی ڕەوایەتیی و... هتد. پێشێل بکات، دەسەڵاتی گرتە دەست.

بەڵام نائومێدیی وەک پەیوەندییەکی سایکۆ- سۆسیۆلۆژیی بەس نەبوو. وەرچەرخانی ڕووەو بەرهەست، کە پێشتر باسمانکرد، بەبێ چەند و چوون وای لێ دەکات هاودەمی خۆشباوەڕیی و چاولەدوویی پەرجوو بێت. ئەم دوو توخمە پێکەوە پەیدا بوون و ڕێکەوتیش نییە؛ چەند نائومێدیی کەسیی قووڵتر بێت، پتر لە ترس لە مەترسییەکەوە بەرهەمدێت، کە هەڕەشە لە بوونی هەریەکێک دەکات، بینیمان بە چەشنێکی دڵنیاتر- لای زۆربە و لە مەرجە کۆمەڵایەتی و ئەقڵییەکانی ئەڵمانیای ئەو کاتەدا- خۆشباوەڕیی و چاولەدوویی پەرجوو بەرهەم دەهێنێت. لەوەتەی شۆپنهاوەرەوە، بەتایبەتی لەوەتەی نیچەوە، ڕەشبینیی نائەقڵانیی ئەو باوەڕەی لەناوبرد، کە دەڵێت جیهانێکی دەرەکیی بابەتیی

هەیــە و تەنهــا زانینــی جوامێرانــە و دووربینانەی ئــەو جیهانە بواربە دەرچوون لەو ڕێگا بنبەستە دەداتکە نائومێدیی تیایدا لە دایک و گەورە دەبێــت. زانینی جیهان بــۆ لێکدانەوەیەکی خاوەن سروشــتێکی ئێجگار ســتەمکارانە وەرگۆڕا. ئەم ئاراستە فەلســەفییە ئەو هەڵوێستەی بەهێز کرد کە بەرمەبنای چاولەدووکردنی هەموو بڕیارەکانە لە دەســەڵاتێکی باڵاوە، چونکە پرسەکە، سەبارەت بەو توێژە کۆمەڵایەتییەی دەربارەی دەدوێین، ئەوە نییە ڕۆژانە زانینێکی بابەتیی دەربارەی بڕێک ڕیزبەندیی و بەدوابیەکداهاتنــی بابەتیــی وەربگیرێــت، بەڵکو ئەوەیــە بڕێک بڕیار لێکبدرێتــەوە کە پاڵنەرەکانی هەمیشــە بە نادیار دەمێننەوە. ئاشــکرایە لێرەدا یەکێک لە ســەرچاوە سایکۆ- سۆســیۆلۆژییەکانی چاولەدوویی پەرجوومان لەبەردەمدایە؛ هەڵوێســتەکە دەشــێت هیــوای لێ نەکرێت، "ئــەو بلیمەتەی خودا دەیپاێزێت"، بیســمارک، یاخــود گلیۆمی دووەم، یاخــود هیتلــەر، بە هــۆی "دەرکــە داهێنەرەکەیەوە" "چــاک دەزانێت" چارەســەرێک بدۆزێتــەوە. هەروەها ئاشــکرایە چەندێک "ئاســایش"ی هەریەکێک لەبەردەم مەترسیدا بێت، چەندێک ڕاستەوخۆ بوونی لە ژێر هەڕەشەدا بێت، خۆشباوەڕیی و چاولەدوویی پەرجوو زیاتر و بەتینتر دەبێت. لێرەدا لاوازییەکی کۆن و باوی چینی ناوەند لە ئەڵمانیادا هەیە. ئەو لاوازییە لەنێو فەلســەفەکەی نیچە و هەروەها لەنێو هەڵوێستەکانی هاوڕێکانی بوفار و بیکوشــە[1] و بیرەخۆرانی شارە ئەڵمانییەکاندا وەک و یەک دەبینین.

کاتێک گوێمان لە پرسیاری سەرسوڕهێنی ئەوە دەبێت جەماوەرێکی زۆر لە گەلی ئەڵمان توانی تا ئەو ڕادە و ســنوورە باوەڕ بەو ئەفســانە هەرزەکارانەیە بهێنێت کە هیتلەر و ڕۆزنبێرگ بڵاوکەرەوەی بوون، ئایا، لە بەرامبەردا و بە گەڕانەوە، ناتوانین چەند پرســیارێکی تریش بکەین؟ بۆ نموونە پرســیاری ئەوەی مرۆڤە ئەڵمانە هەرە ڕۆشــنبیر و هەرە پڕ زانســت و زانینەکان چۆن توانییان باوەڕ بە «ویســت»ی ئەفســانەیی

[1]- ڕۆمانێکی فەڕەنسیی فلۆبیر-ە، چیرۆکی دوو مرۆڤی خوێڕیی و دۆڕاوە...

له دیدی شـۆپنهاوەردا، یان پێشبینییەکانی زاراتوسترا، یاخود ئەفسانە مێژووییەکانی کتێبی ئاوابوونی خۆرئاوا، بهێنن؟ کەس قوت نەبێتەوە و بەوە وەڵامبداتەوە بڵێت شۆپنهاوەر و نیچە لە ئاستێکی، بە جۆرێک کە شیاوی بەراوردکردن نییە، هزریی و هونەریی زۆر باڵاتر لە ئاستی هیتلەر و ڕۆژنبێرگـدا بوون؛ ئەوەی مرۆڤێکــی خاوەنی ڕادەیەک خوێدەواریی لە ڕووی وێژەیی و فەلســەفییەوە، بتوانێت لەسەر ئاستی تیۆری زانین لەوە تێ بگات نیچە چۆن چەندین توخمی لە شۆپنهاوەرەوە وەرگرت و دەستکاریی کردن و ئەوەی بتوانێت بە وێنەی ئەو سەنگاندنەی زاناکان دەیکـەن، لە ڕووی ئەیســتاتیکیی و ســایکۆلۆژییەوە، ڕەخنەی نیچە لە دارمــان بســەنگێنێت، ئەوەی ئــەو مرۆڤە بتوانێت باوەڕ بە ئەفســانەی زاراتوســترا و ئەفسانەی مرۆڤی باڵا، یاخود «گەڕانەوەی هەمیشەیی» بهێنێــت، ئایا ئەم دیاردەیە بۆ تێگەیشــتن لە تێگەیشــتن لە دیمەنی ئەو کرێــکارە گەنجە کەمخوێنــدەوارە دژوارتر نییە کە هیــچ پارتێکی نییە، یاخــود تــا ڕادەیــەک، یاخود لەو کاتــەوە کە مەشــقکردنەکەی کۆتایی هاتووە جادە دەپیوێت و کە دۆخەکەی پاڵیدەنێت باوەڕی وا بێت هیتلەر «سۆشیالیزمی ئەڵمانی» بەدیدەهێنێت؟

دەتوانیــن لــەو بارەیــەوە ئــەوە بڵێیــن کــە مارکــس دەربــارەی تیۆرییەکانی ئابووریی سیاســیی «کەلبیزم» دەیگــوت؛ تیۆرییەکان لە کتێبەکانــەوە نەچوونەتە نێو قەوماوەوە، بەڵکو لە قەوماوەوە چوونەتە نێو کتێبەکانەوە. ئەوەی کە لە ســاتەوەختێکدا و لەنێو ژمارەیەک چینی کۆمەڵایەتیــی دیارییکراودا بارێک لە ڕەخنەی تەندروســت و دووربین، یاخود دۆخێک لە ڕاڕایی و باوەڕکردنی نائەقڵانیی و چاولەدوویی سەیر و ســەمەرە باڵادەست و باو بێت، پرسەکە پرســی ئاستی ڕۆشنبیریی و خوێندەواریی نییە، بەڵکو پرســی دۆخێکی کۆمەڵایەتییە. گومانی تێدا نییە ئەو ئایدیۆلۆژییانەی پێشــتر هەن لێرەدا ڕۆڵێک دەگێڕن ئاراستەی ڕەخنەکردن، یاخــود باوەڕهێنان هەرچۆنێک بەهێــز، یاخود لاواز بێت ناتوانرێت پشــتگوێبخرێت، بەڵام نابێت ئەوە لــە یاد بکەین کاریگەریی،

یاخود بێکاریگەریی ئاراستەیەکی هزریی، ڕیشەکەی لەنێو قەوماودایە، چونکــە لە قەوماوەوە دەچێتە نێو کتێبەکانەوە، لــە کتێبەکانەوە ناچێتە نێو قەوماوەوە.

مێژوو پێماندەڵێت ســەردەمەکانی خۆشــباوەڕیی گەورە و پێشبینی و چاولەدوویــی پەرجــووەکان بەبــێ چەنــد و چوون لەگــەڵ دارمانی شارســتانییدا ڕێــک نایەتــەوە. بەڵکــو کتومــت بــە پێچەوانــەوە. ئەو ئاراســتانە، لەوەتەی کۆتایی ســەردەمی کۆنەوە، لەنێو درەوشاوەترین چرکەساتی شارستانیی گریکیی- ڕۆمانیی و کاتێک دەرکەوت کە زانین و زانســتی ئەســکەندەرییە بە ئەوپەڕی بەرفراوانبوونی خۆی گەیشت. لەو ســەردەمەدا، نەک هەر بە تەنها کۆیلە بێبەشەکان لە ڕۆشنبیریی و وردە پیشەوەران کە بڵاوکەرەوەی کریستیانیزم بوون زۆر بە سادەیی ئامێزیان بۆ باوەڕهێنان بە پەرجوو کردەوە، بەڵکو زانا هەرە خوێندەوار و هونەرمەندە هەرە پڕ بەهرەکانی لە نموونەی بلوتارک، یاخود ئاپولە (Apuléo)، ئەفلۆتیــن، یاخود بۆرفیریۆس، هەمان باوەڕهێنانی ڕاڕایان هەڵبەتە لە پاڵ برێک ناوەڕۆکی دیکە و زرنگییەکی هزریی زۆر زیاتردا خســتەڕوو. ســەدەی ناوەند نموونەیەکی دیکەی، دیســان پــڕ واتاتر، دەخاتەڕوو، چونکە گەشانەوە گەورەکەی جادو هەرگیز لەگەڵ قۆناغی هەرە تاریکی ئەو ســەردەمەدا ڕێک نایەتەوە، بەڵکو لەگەڵ گواســتنەوە هەرە گەورەکەی نێوان ســەدەی ناوەند و ســەدە نوێیــەکان، دەورانی گالیلۆ و کیپلەر (Kepler)، ڕێک دێتەوە.

لێرەیشــدا هەمدیــس دەتوانیــن تێبینیی ئــەوە بکەیــن ژمارەیەک لە مەزنتریــن ئەقڵەکانی ســەردەمەکە لە تەرزە هەمەچەشــنەکانی ڕاڕایی خاڵیــی نەبــوون، فرانســیس بیکــۆن (F. Bacon)، یاکــوب بۆیهم (J. Boehme)، پاراسیلس (Paracelse) و بێجگە لە ئەوان.

ئەم ســەردەمانە، لــە وڕێنــە و بزرکاندنی کۆمەڵایەتی و پێشــبینیی دەرێنراو تــا ئەوپەڕی ڕادە و باوەڕبوون بە پەرجووەکان، ســیمایەکی هاوبەشــیان هەیە؛ ئەوانە هەمیشــە ئەو ســەردەم و ماوانەن کە تیایاندا

سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی کۆن و کەلتوورێک کە تەمەنی چەندین سەدەیە، دادەڕمێــت، بەڵام جیهانێکی نوێ لە کۆتایــی پێکهاتنی کۆرپەلەیی خۆی نزیک دەبێتەوە. هەستی نادڵنیایی گشتی کە بەسەر ژیانی سەرمایەداریی لــە ســاڵانی قەیرانە ئەڵمانییــە گەورەکەدا زاڵ بوو، بــە جۆرێک ڕووەو دوور پاڵینا، کە لەگەڵیدا چۆنایەتییەکی نوێ و شتێکی دەگمەنی وەرگرت. جەماوەر لە هەر کاتێکی ڕابووردوو زیاتر هەستەوەر بوو و فاشیزمیش، بەبێ هیچ پێشگرێک، ئەم چۆنایەتییەی قۆستەوە و کەڵک لێ وەرگرت.

لەدواییدا ئەو شێوە هزرییانە ڕوون و شیدەکەینەوە کە ئەم قۆستنەوە و کەڵک لێ وەرگرتنە دیماگۆگییەی دۆخێکی نائومێد توانییان وەریبگرن. تەنهــا ئــەوکات، بــە هــۆی لێکۆڵینەوەیەکی شــیکاریی بەرهەســتەوە، دروســت دەتوانیــن بزانین چۆن دیماگۆگیا و ســتەمکاریی فاشیســتانە لــە تەشەنەســەندنێکی هەرە باڵای پڕۆســەیەکی دوورودرێــژ بەولاوە زیاتر نەبوون، کە دەشــیا ســەرەتاکانی "بێتاوان و بەری" (ســەبارەت بەو شــێوازە فەلسەفی، یاخود لایەنی زۆر ســەبارەت بە میتافیزیاکەی) دەربکەوێت، ئەو پڕۆسەیەیش پڕۆسەی وێرانکردنی ئەقڵە.

ئەم پڕۆســەیە، کە ســەرەتاکانی لە ڕووی شوناسەوە لەگەڵ شەڕی ســەرلەنوێ گەڕاندنەوەی دەرەبەگایەتی و ڕۆمانتیکی شۆڕشــگێڕیی لە دژی شۆڕشی فەڕەنسیدا ڕێک دێتەوە و بەو جۆرەی بینیمان، لە قۆناغی سەرمایەداریی ئیمپریالییدا دەگاتە لوتکە، هەرگیز لەنێو ئەڵمانیادا قەتیس نییــە. بنەماکانی بڕێک ڕیشــەی ئابووریی- کۆمەڵایەتیــی نێودەوڵەتیی هەن وەک شــێوە هیتلەریی و نوێیەکانی. کەواتە فەلســەفەی نائەقڵانیی دروست دیاردەیەکی نێودەوڵەتییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بینیمان لە هیچ شــوێن و جێیەک نەگەیشــتە ئەو هێزە شــەیتانییەی لە سایەی هیتلەردا دەربیبــڕی و تەنها لەگەڵ بڕێک هەڵاوێرددا نەبێت، هەرگیز ئەو پلە باڵا- نــەک هەر نەتەوەیی، بەڵکو نێودەوڵەتییەیش-ی داگیر نەکرد کە ئەڵمانیا لەوەتــەی بــەر لە هیتلەریزمەوە داگیری دەکرد. هــەر بۆیە دەبوو لەنێو ئەم بەشەدا بەکورتیی ئەو ئاراستە کۆمەڵایەتی و مێژووییانە بدۆزینەوە

و شــیبکەینەوە، کە ئەڵمانیایان کردە مەڵبەندێکی ســەرەکی، نیشــتمانی هەڵبژێردراوی ناحەزانی ئەقڵ.

دیســان لەبەر ئەو هۆکارە، لێکۆڵینەوە لەو جووڵانەوە فەلسەفییانەی بە شــوێندا دێن، لەنێو ئەڵمانیادا قەتیــس دەبن- تەنها بڕێک هەڵاوێردی لــە نموونــەی کێرکەگارد، یاخود گۆبینو-ی لێ بترازێت. تا ئێســتا ئەوە هــەر خــۆی بە تەنها لــە ئەڵمانیــادا هیتلەریزمێکی لێ بەرهــەم هاتووە. ئەوەی لێکۆڵینەوە لە نائەقڵانییەت لە ئەڵمانیادا قەتیس بکەین، هەنگاوێک نییــە لــە دژی نێونەتەوەیی، بەڵکو باشــتر بڵێیــن بەهێزکردنێتی. لەمەدا ئاگادارکردنەوەیــەک بــۆ مرۆڤــە بیریارەکانی هەموو گــەلان هەیە. بەم جۆرە هەریەکێک زۆر باش ئەوە دەزانێت کە هیچ فەلسەفەیەکی "بەری و بێتــاوان"، یاخود ئەکادیمیی پەتیی بوونــی نییە؛ لە ڕووی بابەتییەوە، مەترســییەکە هەمیشە و لە هەموو شوێنێک هەیە و ئامادەیە، مەترسیی ئەوەیئاگــر خۆشــکەرێکی تر ببینین لــە گفتوگۆی یانــەکان، وتە "بەری و بێتاوانــەکان"ی قاوەخانەیەکــی وێژەیی، وانە یاخــود لێکچەر، یاخود هەوڵــەکان، خۆراکی بەلایەکی تری هیتلەریی وەربگرێت. لە کۆتایی ئەم کتێبــەدا، لە مەرجــە نوێیەکانی دۆخەکــە و ئەو ئەنجامانــە دەکۆڵینەوە کــە تیایدا هەن. ئــەو مەرجانە ژمارەیەک جیاوازیــی بنەڕەتیی لە نێوان هەموارکردنی ئایدیۆلۆژیی بۆ جەنگی ئیمپریالیســتیی دووەمی جیهان و هەموارکردن بۆ ســێیەم دەردەخات. دەردەکەوێت ئەقڵانییەت لە خۆیدا، لەبــەر بڕێــک هۆکار کە لەدواییــدا دەرفەتمان دەبێــت بیانخەینەڕوو، لە ڕۆژگاری ئەمــڕۆدا چی تــر ناتوانێت ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت کە دوێنێ لە ڕێکخســتنی کارەساتەکەدا گێڕای، بەڵام دەتوانین ئەوە ڕوونبکەینەوە کــە خــودی ئــەم ئەقڵانییەتــە خۆی بــە جۆرێک لــە جۆران پاشــخانی میتافیزیکیی بــە پڕوپاگەندەی نوێی جەنگەکە دەدات، یاخود لایەنی کەم ڕۆڵێکی تێدا دەگێڕێت کە کەم نییە. ئەو هۆشــدارییەی پێشــتر باســمان دەکــرد و کە پێویســتە پاڵــی هەڵهێنجانی وانە لە ڕابــووردووەوە بنێت، ئەویش دیســان، بە هۆی مەرجەکانی هەنوکەوە، دەبینێت هیچ بڕێک لە

هەنوکەیی خۆی لەدەستنەداوە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە تیایدا ڕستێکی تەواو لەو بابەتانەی لە سەردەمی نائەقڵانییەتی هیتلەریی "کلاسیکی"دا گرنگ بوون، لە نموونەی؛ (ڕێژەگەرایی، نیهیلیزم، خواستی هەڵبەستنی ئەفسانە، نەبوونی ئەقڵی ڕەخنەیی، خۆشباوەڕیی، چاولەدوویی پەرجوو، پێشداوەریی و قینی نەژادیی)، لەنێو پڕوپاگەندەی فەلسەفیی "جەنگی سارد"دا سەرلەنوێ ڕۆڵیان هەیە کتومت و جاروبار لەو ڕۆڵە تێدەپەڕێنێت کە لە دوێنێی نزیکدا هەیانبوو.

ئەمڕۆیش دیسان، پرسی وێرانبوونی ئەقڵ، یاخود گەشەکردنی، لەسەر ئاستی تیۆرییە فەلسەفییەکان، لە نێوان کۆنەپەرستیی و پێشکەوتنخوازییدا، ڕۆڵ دەگێڕێت. شایانی باسە ململانێکانی ئەمڕۆ بڕێک ناوەڕۆکی تری ڕاستەوخۆ و هەندێک شێوازی تری بێجگە لەوانەیان هەیە کە لە سەردەمی هیتلەردا هەیبوو. هەر بۆیە بڕوامان وایە مێژوویەک بۆ کێشە گەورەکانی نائەقڵانییەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشدا دیسان کەڵکێکی هەیە تەنها کەڵکێکی مێژوویی نییە.

لەو وانەیەوە کە هیتلەر بە جیهانی دا پێویستە هەموو مرۆڤێک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و هەموو گەلان پەند و وانە بۆ ڕزگاربوونیان هەڵبهێنجن. بەرپرسیارێتیی هەر تاکێک لە دۆخی ئەو فەیلەسوفانەدا بەتایبەتی دەبێت بە دوو ئەوەندە کە پێویستە ئەرکی سەر شانیان ئێشکگرتن بێت بە دیار بوون و نەشونماکردنی ئەقڵەوە بە بەراورد بەو بەشە ڕاستەقینەیەی لە پەرەسەندنی کۆمەڵدا هەیەتی. (کاتێک ئەو کارەیش دەکەین دەبێت لە زێدەڕۆییکردن لە بایەخی ڕاستەقینەی ئەقڵ لە پەرەسەندنی کۆمەڵدا وریا بین). ئەوە ئەرک و پێویستییەکە کە فەیلەسوفەکان لە ئەڵمانیا و لە دەرەوەی ئەڵمانیا پشتگوێیان خستووە. بەڵێ ئەو قسەیەی کە میفیستۆ بە فاوستی بێهیوای دەڵێت؛

ئەگەر تۆ تەنها بە چاوێکی سووک لە زانست و ئەقڵ بڕوانیت
کە گەورەترین هێزی مرۆڤن، ئەوکات من بەتەواویی دەستت بەسەردا دەگرم

هێشــتا لــە هیچ شــوێنێک بەدی نەهاتــووە، بەڵام ئەگــەر لێرە هیچ گۆڕانێکــی گــەورە ڕوونــەدات، ئــەوە ناگەیەنێت کە لــە دەرەوەی ئەم شــوێنەدا، دەوڵەتانی تری ئابووریی ئیمپریالیــی، یاخود فەرهەنگەکانی تــری هزری بۆرژوازیی کــە نائەقڵانییەت بەســەریاندا زاڵە، ئەگەرچی کەمیش بێت دەســتەبەرن بۆ نەهاتنی فاشیستییەکی تر کە ڕەنگەخودی هیتلەر خۆی لە چاویدا ناشــییەکی نۆمس بێت. بەڵێ، شــیکارییەکەمان لەنێــو مێژووی ئەڵمانیا و فەلســەفەی ئەڵمانییــدا قەتیس کردووە، تاکو هێزی زیاتر بەم هۆشدارییە بدەین: "دادگەریی داد فێربن!"[1] (Discite moniti).

---

[1]- وتەیەکی بەناوبانگی وێژەی لاتینیی (فیرجیل)ـە؛ لەدوای ئەم هۆشدارییە فێری دادگەریی بن و ڕابێن بە چاوێکی سووک لە خواکان نەڕوانن.

# بەشی دووەم

## بناغەدانانی ئەقلانییەت لە نێوان دوو شۆڕشدا
## (١٧٨٩–١٨٤٨)

### ١
### چەند بەرایی سەرنجێک دەربارەی مێژووی نائەقڵانییەتی نوێ

ئاشـکرایە نائەقڵانییەتی سـەردەمەکەمان چالاکانە هەوڵ بۆ گەڕان بـە شـوێن پێشـیندا دەدات. لـەو سـۆنگەیەوە کە دەیەوێـت مێژووی فەلسـەفە بۆ ململانێیەکی "ئەزەلّی" لە نێوان ئەقلانییەت و نائەقڵانییەت بگەڕێنێتەوە، ناچارە نائەقڵانییەتێک لە خۆرهەلات، لە سـەردەمی کۆنی یۆنانیی، لە سەدەکانی ناوەڕاست و... هتددا، بدۆزێتەوە. پێویست ناکات هەموو ئەو شـێوە- سـەیر و نامۆ جاروبار پێکەنینئاوەرانە- بژمێرین، کـە ئـەم دەمامکدارکردنە زۆرەملێیـەی مێژووی فەلسـەفە بەخۆوەی گرتـووە. لەدواییـدا، کاتێک لە نیوهیگڵیزم دەکۆڵینـەوە، دەبینین خودی هیـگڵ خۆی وەک یەکێک لە گەورەتریـن نائەقڵانییەکان خراوەتە ڕوو. هەمـوو ئەمانەیش ئاوێتەیەکـی هەلوەژێریی بێبنەمای لێ دێتە بەرهەم، زەقکردنەوەی ژمارەیەک ناوی بەناوبانگ و ژمارەیەکی تری زۆر کەم بەناوبانگتـر، تـەواو زۆرەملێیانە و بەبێ ئـەوەی هەڵبژاردنەکە بە هیچ محەکێک پشت ببەستێت. دەشێت لەو بارەیەوە بڵێین تەنها فاشیستەکان خۆیـان، یاخود ئەوانەی ڕاسـتەوخۆ پێش فاشـیزم هاتـن محەکێکیان هەبوو، ئەو محەکەیش ڕادیکاڵبوون بوو لە کۆنەپەرسـتییدا. بەم جۆرە باوملـەر (Bauemler) لەم دالانە کە پێشـینە مەزنـەکان دەخاتەڕوو،

ڕۆمانتیکیــی ســەرەتا، ڕۆمانتیکیــی یینا (Iéna) لادەبــات و ڕۆزنبێرگ وەک "کلاسیک"، یاخود ناودارانی نائەقڵانییەتی فاشیستیی تەنها پێ لە شۆپنهاوەر و ڕیچارد فاگنەر و لاگارد و نیچە دەنێت.

بــا بــە شــێوەیەکی ڕاگوزارانــە ســەرنج لــەوە بدەیــن وشــەی "نائەقڵانییەت" وەک ناوی ئاراســتەیەکی فەلسەفی و قوتابخانەیەک و... هتــد، بەکارهێنانێکی تا ڕادەیەک نوێی هەیە. بەگوێرەی زانینی من، ئەو وشەیە بۆ یەکەمین جار لە فیختەی کونۆ فیشەر (Kuno Fischer)دا دەردەکەوێت. لە کورتەی مێژووی فەلسەفەی ڤیندلباند (Windelband) دا، شیلینگ و شۆپنهاوەر لەو کاتەوە وەک بابەتی بڕگەیەک بە ناونیشانی "میتافیزیکی نائەقڵانییەت" دەردەکەون. ئەم وشــانە لای لاسک (Lask) دەبنە وشــەی زاڵ و باو. ئەگەرچی ئەم بەکارهێنانە فراوانەی وشــەی "نائەقڵانییەت" لە یەکەم تەماشادا لەگەڵ بڕێک بەرهەڵستیی ڕەخنەییدا[1] بەرەوڕوو دەبێتەوە، هێندەی نەبرد وشەکە لە ماوەی نێوان دوو جەنگە جیهانییەکەدا وەک کۆلکەی هاوبەشــی گشــتیی ئەم تەوژمە فەلسەفییە خزمەتی کرد، کە لێرەدا گرنگیی بە مێژووەکەی دەدەین.

تەنانــەت لە فەلســەفەی کلاســیکیی ئەڵمانییــدا، هیگڵ، بــە نموونە، وشــەی «نائەقڵیــی» تەنهــا بــە واتــا ماتماتیکییەکــەی بەکاردەهێنێت، کاتێک دێتە ســەر باســی ئەو ئاراستە فەلسەفییانەیش کە ئێمە بە ناوی نائەقڵانییەتەوە دەیناســین، باســی «زانســتی ڕاســتەوخۆ» (savoir immediate) دەکات. خودی شــیلینگ خۆی وشەکە تەنها بە واتایەک بۆ سووکایەتی، وەک هاوواتایەکی "نارەها"[2] بەکاردەهێنێت. تەنها لای کۆتا فیختە لە شــێوەی بنەتۆدا بەکارهێنانی نوێی وشەکە دەبینین. لەو کاتەدا کە- بێهودانە- دەیویســت بــەرەوڕووی ئایدیالیزمە بابەتییەکەی هیگڵ و شــیلینگ ببێتەوە، کە ئەودەم لە ئەوپەڕی پەرەســەندنیدا بوو،

1- لەو بارەیەوە بەتایبەتی بڕوانە: فەلسەفەی سالومون مەیمون، نووسینی: ف. کونتز (F. Kuntze)، هایدلبێرگ، ١٩١٢، ل٥١٠ و پاشتر.

2- شیلینگ، تەواوی نووسینەکان، شتوتگارت، ١٨٥٦، بەشی١، بەرگی٦، ل٢٢.

لەنێو زانستی زانیندا (کە لە ١٨٠٤دا چاپ و بڵاوبووەتەوە)، نووسیویە و دەڵێت: «گواستنەوەی ڕەهای بابەتێک لە بابەتەکان، لەو کاتەدا کە تیایدا ناتوانین پەروەندەیەک دەربارەی لەدایکبوونی و بەم پێیە کە تیایدا لە نێوان گواستنەوە و بابەت، تاریکی و بۆشاییدا دەکشێت، بخەینەڕوو، من ئەم گواستنەوەیەم، بەچەشنێکی بە جۆرێک لە جۆران سکۆلاستیکییانە، بەڵام پێموایە بەپێی پێویست واتادار، projection per hiatum irrationalem، بە گواستنەوە بە دابڕانێکی نائەقڵیی {واتە قەڵەمبازێک لە نابەجێدا} ناودێر کردووە". ئەم پەرەسەندنەی فیختە ڕووەو نائەقڵانییەت، وەک هەموو تیۆری زانینی دوا قۆناغی ناوبراو، بێکاریگەر مانەوە. بەشێوەیەکی نزیکی تەنها لای لاسک مۆرکی فیختەی بەسالاچوو دەبینین، بەبێ ئەوەی گوێ بە هەندێک لەو فاشیستانە بدەین کە لێرە، یاخود لەوێ هەوڵیانداوە ناوی فیختە تێهەڵکێشی لیستی پێشینەکانی خۆیان بکەن. هەر بۆیە، سەبارەت بە زاراوەکان، تەنها بە وەبیرهێنانەوەی ئەو قەوماوە سەرەکییە کەمانە بەس دەکەین. دواتر تەنها لەو نوێنەرانەی نائەقڵانییەت دەکۆڵینەوە کە کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیان هەبووە.

بێگومان، بابەتی ئەوەی زاراوەی "نائەقڵانییەت" تا ڕادەیەک نوێیە، هەرگیز واتای ئەوە ناگەیەنێت پرسی نائەقڵانییەت پێشتر لە فەلسەفەی کلاسیکیی ئەڵمانییدا وەک یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکانی ئەو فەلسەفەیە دەرنەکەوتووە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە. دواتر، وەک دەستنیشانکردن و سەرەتایەک، دەبینین دارشتنە گرنگ و یەکلاکەرەوەکانی ئەم کێشەیە بۆ ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە کە شۆڕشی فەرەنسی لە نیشانە ئایدیۆلۆژییە ڕێخۆشکەرەکان بۆ شۆڕشی (١٨٤٨) جیادەکاتەوە.

هەروەها بابەتی ئەوەی خودی هیگڵ خۆی وشەکەی بەکارنەهێناوە، واتای ئەوە ناگەیەنێت بەرەوڕووی کێشەی پەیوەندییەکانی نێوان دیالەکتیک و نائەقڵانییەت نەبووەتەوە، بەڵکو بەتەواوی و بەڕوونی

بەرەوڕووی بووەتەوە، نەک تەنها لە مشــتومڕەکەیدا لە دژی "زانستی ڕاســتەوخۆ"ی هاینریــش یاکوبــی (H. Jacobi) ڕەنگە ڕێکەوت بێت، بەڵام ڕێکەوتێکە واتایەکی باڵای هەیە؛ لە سەرەتادا لەنێو ئەندازەگیریی و ماتماتیکــدا ڕێکەوتــی پرســەکەی کــرد، لــە قووڵاییەوە دەســتی بە لێکۆڵینەوەی کرد. دۆزەکە، سەبارەت بە ئەو، لەم بوارەدا، دیارییکردنی ئەو سنوور- کەوشەنانە بوو کە تیایاندا دەستنیشانکردنەکانی تێگەیشتن (Entendement (Verstand کار بــۆ پێکهێنــان، یاخــود داڕشــتنی دژبەرییــە ناوخۆییەکانیخــۆی دەکات، کشــاندن و بەرزکردنەوەی ئەو جووڵــە دیالەکتیکییەی کە لێیــەوە دەر دەکەوێت دەگاتە ئەقڵ Raison (Vernunft)). هیــگڵ دەربارەی ئەندازەگیریی دەڵێت: "بەڵام ڕوودەدات کە لەســەر ڕێگاکەی، ئەمەیش بابەتێکی زۆر گرنگە، لەگەڵ ناشیاوەکان بــۆ پێوانەکــردن و ژمارەیــەک نائەقڵیی بەر یــەک دەکەوێت، ئەمەیش، ئەگەر بیەوێت بەڕوونی و وردیی پێشــبکەوێت، ڕووەو ئەودیو بنەمای تێگەیشــتن پاڵی دەنێت. لێرەدا، بەو جۆرەی زۆر کات لەنێو فەرهەنگی زاراوەکانــدا ڕوودەدات، وەرچەرخــان، یاخــود کودەتایــەک دەبینیــن وادەکات ئەو شــتەی بە ئەقڵیی ناودێر دەکرێت لەڕاستییدا تەنها لەگەڵ تێگەیشتنی سادە و باودا بگونجێت، بەڵام ئەو شتەی نائەقڵییە تێهەڵکێشی ئەقڵێکی باڵاتر (Vernunft) دەکرێت"[١].

ئەگەرچــی خاڵی دەســتپێکردنی ئەم پێودانانە ئێجــگار تایبەتمەندن، ئەگەرچی هێشــتا لە هزری هیگڵەوە دوورە کە بەو ســنوور- زاراوانە گشــتاندنێکی فەلســەفی ببەخشــێت، بەڵام لێرەدا هیگڵ باســی پرسەکە دەکات کە لەدواییدا پەرەســەندنی نائەقڵانییەت دەستنیشان دەکات، ئەو پرسەیش پرسی خاڵی پەیوەستبوونێتی. چونکە خاڵەکانی پەیوەستبوونی نائەقڵانییــەت، وەک دواتــر لەنێو لێکۆڵینەوەکەماندا ئــەوە دەبینین، ئەو کێشانەن کە زادەی سنوورەکانی دژبەرییەکانی تێگەیشتنن، کە زۆر بە سادەیی تێگەیشتن داوەرییان دەکات.

١- هیگڵ، ئینسایکلۆپیدیا، بڕگەی ٢٣١.

کەوتن بەســەر بڕێک ســنووری لەو جۆرەدا دەشــێت سەبارەت بە هــزری مرۆیی- بــەو مەرجەی ئەگــەر کەمیش بێت چارەســەرێک بۆ کێشــەکەی تێدا بدۆزێتەوە- بەو چەشــنەی هیگڵ زۆر بەچاکیی دەڵێت؛ «ســەرەتا و ڕێگای ئەقڵانییبوونی باڵایــە» (Vernunft)، - گونجاو و خاڵی دەستپێکردنی چاککردنی شێوازەکانی هزر بێت، سەرەتایەک بێت بۆ شــێوازێکی زانینــی باڵاتر، دەروازەی دیالەکتیــک بێت. نائەقڵانییەت بــە پێچەوانەوە- ئێمە بە وشــەیەک دۆخ، یاخــود قەوماوێک لە کورتی دەبڕێنینــەوە کە پێویســتە لە دواییــدا بەدوورودرێژیی شــیبکەینەوە- کتومت لەم شوێنەدا، کێشەکە دەکاتە ڕەها، ئەو سنوورانەی دەرککردن توونــد دەکات کــە تێگەیشــتن لــە چوارچێــوەی دەرککردنی هەســتییدا داوەرییــان دەکات، بــەوەی دەیانگۆڕێــت بــۆ ســنوورەکانی زانینــی ئەقڵیی بە شــێوەیەکی گشــتی، لەڕاستییدا کێشەکە ســۆفیزە دەکات کە دەستســازانە وای لــێ کراوە چارەســەری نەبێــت و "لەودیو ئەقڵەوە" وەڵامێکــی دەداتەوە. چوونیەکیی تێگەیشــتن و زانین، تێهەڵکێشــکردنی "ســەروو ئەقڵیی" (دەرک بــە نموونە) کە بەردەوامبوون نەک شــیانی هەبوو، بەڵکو پێویســت بوو تا زانینی ئەقڵیی- ئەوانە سیما تایبەتەکانی نائەقڵانییەتی فەلسەفین.

ئــەو نموونە گرنگەی لێرەدا هیگڵ ڕوونیدەکاتەوە، یەکێکە لە پرســە ســەرەکییەکانی شــێوازی دیالەکتیکــی. "قەڵەمڕەویی یاســاکان" بەوە دەستنیشــان دەکات کــە "دانــەوەی نەجووڵی جیهانی هەبــوو، یاخود فینۆمینالە". هەر بۆیە "دیاردە، سەبارەت بە یاسا، گشتە (totalité)، چونکە یاســا، پتریش؛ ساتی شــێوەی لەخۆگرتووە کە ئەو خۆی دەبزوێت»[1]. هیگڵ لێرەدا ئەو توخمە لۆژیکییە هەرە گشــتییانەی چەســپاند کە ژێی هــەرە پێشــکەوتنخوازی شــێوازی دیالەکتیکــی، تایبەتمەندیــی زانینی دیالەکتیکیی نزیکەیی و ناســنووردار، پێکدەهێنێت. لینینیش، کە لەســەر ئەم ڕووە گرنگەی دیالەکتیک، لە شێوە ماتەریالییەکەیدا، ئازاد لە بەرگە

1- هیگڵ، سەرجەمی بەرهەمەکان، بەرلین ١٨٣٢، ب٤، ل١٤٥.

ئایدیالیســتییەکەی، بەتوندیی پێ لەسەر دروستیی ئەم بیرۆکە هیگڵییە دادەگرێــت: «ئەوە دەستنیشــانکردنێکی («ئەیســتاتیکیی، نەجووڵ»)ی ئێجگار ماتەریالی و زۆر دروســتە. یاســا ئەو توخمــە وەردەگرێت کە نەجووڵ و داســەکناوە، - هەر بۆیە یاســا، هەموو یاسایەک، ناتەواو و نزیکەییە»[1].

ناتوانیــن لێــرەدا زیاتــر لەســەر هیــگڵ ســەبارەت بــە پەرەپێدانە بەرهەســتەکانی دەربــارەی کارلێکــە دیالەکتیکییەکانــی نێــوان یاســا (گەوهــەر) و دیــاردە (دەرکەوت)، کە لــە زۆربوونــدان، بدوێین. تەنها بــە ســەرنجدان لەوە بــەس دەکەین کــە هیــگڵ، لەنێو ئەم شــیکارییە بەرهەستانەدا، لە ئایدیالیزمی خودیی تێدەپەڕێنێت، کە لە ڕوانگەیدا وتەزا گشتییەکان (گەوهەر و... هتد) هیچ کۆڵەکەیەکیان لەنێو بابەتایەتی و نێو ماتەریالیبووندا نییە و بابەتایەتیی بوونەوەر دادەمەزرێنێت؛ «گەوهەر هێشــتا بوونــی نییە، بەڵام هەبوویەکــە (est)، بە واتایەکــی قووڵتر لە بوونەوەر (être)». «کەواتە یاســا دیــاردە گەوهەرییەکەیە»[2]. ئەوانە بڕێک دەستنیشــانکردنن لینینیش دیسان، لەنێو پەراوێزە سەرنجەکانیدا لەسەر زانستی لۆژیک، پێی لەسەر بایەخی زۆریان داگرتووە.

ئــەوە توانــای ئەوەمان پێدەدات بە شــێوەیەکی نزیکتــر پەیوەندییە گشتیی، میتۆدۆلۆژییەکانی نائەقڵانییەت، لەگەڵ دیالەکتیکدا دەستنیشان بکەیــن. لــەو ســۆنگەیەوە کە قەومــاوی بابەتیــی لە بنەمــادا زەنگینتر و هەمەچەشــنتر و ئاڵۆزتــرە لــەوەی کــە هەرگیــز بنەماکانمــان فرە کامڵتــر و تۆکمەتر بن، هــەر بۆیە ڕووبەڕووبوونــەوەی لەو جۆرە لە نێــوان بیرکردنــەوە و بوونــەوەردا بێچەنــد و چوونــە. لەبەرئەوە، لە ســەردەمانێکدا کە تیایدا پەرەســەندنی بابەتیی کۆمــەڵ و دۆزینەوەی دیاردەی سروشتیی نوێ، کە ئەم پەرەسەندنە ئاسانی دەکات، هەنگاوی

---

١- لینین، پەڕاوە فەلسەفییەکان، پاریس ١٩٥٥، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، ل١٢٦.

٢- هیگڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠و ١٤٥.

گـــەورە دەنێــت، بۆ نائەقڵانییەت توانا و شـــیانێکی زۆر بۆ گۆڕینی ئەم بەرەوپێشـــچوونە، بە هۆی ســـۆفیزەکردنییەوە، بەرەو جووڵانەوەیەکی کۆنەپەرســـت دەڕەخســـێنێت. دۆخێکی لەو جۆرە لە چەرخانی هەردوو ســـەدەی هەژدەیـــەم و نۆزدەیەمدا، بە شـــێوەیەکی کـــەم و لە ئەنجامی وەرگۆڕانەکانی کۆمەڵدا- شۆڕشی پیشەسازیی لە ئینگلتەرا و شۆڕشی فەڕەنســـی و-، بەشـــێوەیەکی کـــەم لە ئەنجامـــی قەیرانەکانی زانســـتە سروشـــتییەکاندا، ئەو قەیرانانەی ساز کرد کە زادەی پەرەسەندنەکەی و دۆزینەوەکانی (کیمیا، بایۆلۆژیا، جیۆلۆجیا، دێریناسی)ن. دیالەکتیکی هیگڵ، کاتێک دەیەوێت لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە بەسەر ئەم پرسانەدا زاڵ بێت، ترۆپکی فەلسەفەی بۆرژوازییە. بەهێزترین پرۆژەیە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشە نوێیانەدا دەستپێکردووە؛ هەوڵی پێکهێنانی شێوازێک کـــە بتوانێت هـــزری مرۆڤایەتی، وەک نزیکبوونەوەیەکی بێ ســـنوور و خۆدانەوەیەکی قەوماو خۆی، دەســـتەبەر بکات. (هەڵبەتە پێویست نییە لێرەدا باســـی سنوورەکانی هیگڵیزم و ســـۆفیزەکردنە ئایدیالییەکانی و ئەو دژبەرییە بکەین کە لە نێوان میتۆد و سیســـتەمدا لە خۆی گرتووە؛ ئـــەو ڕەخنەیەی ناودارانی مارکســـیزم لەو بارەیـــەوە کردوویانە بەپێی پێویست ڕوونە).

نائەقڵانییـــەت تێهەڵکێشـــی ئەم بڕاوە- بێچەنـــد و چوونە، کە پوختە ناکرێت، بەڵام هەمیشـــە ڕێژەییە- لە نێوان دانەوەی ئەقڵیی و بنچینەی بابەتیـــی دەبێـــت. خاڵـــی تێهەڵکێشـــبوونەکە ئەمەیـــە: ئـــەو کێشـــانەی ڕاستەوخۆ پێشنیازی بیرکردنەوە کراون، مادام بڕێک ئەرک، ژمارەیەک پرســـی چارەســـەرنەکراون، لە شـــێوەیەکدا دەردەکەون هەســـتی ئەوە دروســـت دەکەن بیرکردنەوە لەگەڵ سیســـتەمی چەمکەکانیدا لەبەردەم قەوماودا خۆی بە دەســـتەوە دەدات، هەســـتی ئەوەی ئـــەو قەوماوەی بەرهەڵســـتیی بیرکردنەوە دەکات، ئێستا «ئەودیو» ئەقڵێک دەنوێنێتەوە (واتـــە ئەقڵانییبوونی سیســـتەمی وتەزاکان کە میتـــۆدی چەمکدارەکان پێـــی گەییـــوە). هیگڵ، بەو جۆرەی پێشـــتر بینیمان، زۆر بە دروســـتیی

ئـــەم دیاردەیـــەی شـــیکردووەتەوە. دیالەکتیکەکـــەی ئـــەو، دیالەکتیکی دیاردە و گەوهەر، بوون و یاســـا، دیالەکتیکی چەمکەکانی تێگەیشـــتن، دەستنیشانکردنە هۆکارە دابینکەرەکان، پەڕینەوەی تێگەیشتن لە ئەقڵدا، ئـــەم دیالەکتیکانە بە شـــێوەیەکی ڕوون هێما بۆ ئـــەو ڕەوتە دەکەن کە دروست ڕێ بە زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگییانە دەدات.

چی ڕوودەدات لەم دۆخەدا، کاتێک بیرکردنەوە- لەبەر بڕێک هۆکار کە پێویســـتە بە دوورودرێژیـــی دەربارەیان بدوێین- ئـــەو دژوارییانە ناهێڵێت و دەستیان لێ هەڵدەگرێت؟ ئەگەر بیرکردنەوە بڕیاریدا دۆخی پێشتر دەستنیشانکراو (کە بەبێ چەند و چوون لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دووبارە دەبێتەوە، کە بیرکردنەوە بەرەو پێشـــەوەی دەنێت) لە بنەمادا بـــە لێکدانـــەوە دژوارە، ئەگـــەر نالەباریـــی هەندێک لـــە چەمکەکانی بۆ لەخۆگرتنـــی بوارێک لە بوارەکانی قەوماوی کردە بنەما و بۆ نالەباریی بیرکردنـــەوە، چەمک، زانینی ئەقڵیی بەبێ هیچ باســـێکی زیاد، گۆڕی بۆ زاڵبوون بەسەر قەوماو لە گەوهەردا؟ هەروەها ئەگەر نائومێدیی کردە چاکەخوازیـــی و ئەم بەناو بێ توانایيـــە ڕایگەیاند، کە جیهانی لە ڕووی ئەقڵییـــەوە بەوپێیەی «زانینێکی باڵا»- باوەڕ، یاخود دەرکێک و... هتدە، وەرگرت؟

ئاشـــکرایە ئەم دژوارییە، لە هەموو ئاستەکانی زانیندا- هەر جارێک کە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و بەم پێیە لەگەڵیشیدا زانست و فەلسەفە، ناچاردەکرێـــن هەنگاوێـــک بـــەرەو پێشـــەوە بنێن تاکو بەســـەر پرســـە ڕاستەقینە پێشنیازکراوەکاندا زاڵبن، سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە. ئەمە واتـــای ئـــەوە دەگەیەنێـــت بژاردەی نێـــوان ئەقڵ و دژە ئەقـــڵ، لە نێوان (ratio) و (irratio)، لـــە نێوان ئەقـــڵ و نائەقڵدا، هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان پرســـێکی "هاودەم"، "ناونشین"، هەبوو لەو شوێنەدا کە فەلسەفە هەیە، ناوخۆیی، نییە. ئەو شتەی بڕیار لە هەڵبژاردنی فەیلەسووفێک لە نێوان کۆن و نوێدا دەدات، لە دوا شیکارییدا پێودانە فەلسەفییەکان نین، بەڵکو دۆخ و پەیوەندییە چینایەتییەکەیەتی. لەپاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە،

ئـــەو چلۆنایەتییـــە ڕوونە کە بیرمەندە گەورەکان بـــە هۆیەوە لەبەردەم ئاســـتەنگێکدا وەستان خەریکبوو چارەسەربکرێت و پشتیان لێ هەڵکرد و بە ئاراســـتەیەکی پێچەوانەی ئەو چارەســـەرە ڕاستەقینەیەدا هەڵهاتن شـــتێک دەردەخات خەریکـــە ئەقڵ نەیبڕێـــت. تەنها مۆرکـــی چینایەتیی هەڵوێستەکانیان دەتوانێت ئەو چەشنە "مەتەڵۆکانە" ڕوونبکاتەوە.

پێویســـتە هیـــچ کـــەس پێیوانەبێت لەبەرئـــەوەی گەمـــەی ئاڵوگۆڕی ئەقڵانییـــەت و نائەقڵانییەت لە ڕووی کۆمەڵایەتییـــەوە مەرجدارە، هەر بۆیە مەرجە کۆمەڵایەتییەکانـــی لەنێو بڕێک فەرمان، یاخود نەرێکردنی کۆمەڵایەتیی دەســـتەیی- جەماوەرییدا قەتیس دەبـــن. هۆبز، کە گەورە ماتەریالیستێکی ئینگلیزی سەدەی حەڤدەیەمە، زۆر چاک دەڵێت: "بە لای من منەوە هیچ گومانی تێدا نییە ئەگەر پێچەوانەی مافەکانی موڵکایەتیی ئەم و ئەو لە مرۆڤەکان بووایە- یاخود بە شێوەیەکی وردتر پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی موڵکداران بووایە- کە ســـێ گۆشەکەی سێگۆشە بە دوو گۆشـــەی لاکێشەیەک یەکسان بن، ئەوکات ئەم بیردۆزە، نەک هەر بە گومان، یاخود بابەتێکی مشـــتومڕهەڵگر، بەڵکو بە ســـەرکوتکردن و، بەپێی توانا؛ بە ســـووتاندنی هەموو کتێبەکانی ئەندازەگیریی، پێشوازیی لـــێ دەکرا"[1]. کارێکی چەوتـــە ئەگەر ئەم پاڵنەرە بـــە هەند وەرنەگرین کە سەرکوتکردنی ڕاستەوخۆی ڕاســـتییە نوێیەکانە. با لە سەرەتاکانی فەلســـەفەی نوێ، چارەنووســـی جیۆردانۆ برونۆ (G. Bruno)، ڤانینی (Vanini)، گالیلـــۆ، ڕابمێنیـــن. بـــێ هیـــچ گومانێک ترس لە داپڵۆســـین کاریگەریی لەڕادەبـــەدەری هەبوو و لەنێو چەندین ناڕوونیی، پێکهاتنی هەمەجۆر، "دیپلۆماسییەت"ی فەلسەفیی مرۆڤێکی وەکو گاسیندی، بیڵ (Bayle)، لیبنـــز و... هتـــددا دەردەکەوێت. ئەو ترســـە بـــۆ نموونە ئەو بێدەنگییە لێکدەداتەوە کە لیســـینگ (Lessing) تـــا کاتی کۆچی دوایی کردنی ســـەبارەت بە باوەڕە ســـپینۆزاییەکانی خۆی لەسەری لای نەدا. بایەخی فەلسەفیی ئەم "دیپلۆماسییەتە"یش دیسان نابێت کەمتر لەوەی

١- بەگوێرەی تۆنیس (Toennis)، هۆبز، چاپی دووەم، شتوتگارت، ل١٤٧.

که هەیە بەهەند وەربگیرێت؛ بەڵێ، سەبارەت بە گاسیندی، یاخود بیڵ ئەوانەی لەدواییدا هاتن توانییان بە سادەیی بیرۆکەیەکی دروست دەربارەی هەڵوێستی ڕاستەقینەیان پێکبهێنن، بەڵام لەگەڵ لیبنزدا شتەکە زۆر دژوارتر بوو، بێدەنگیی لیسینگ لە سپینۆزاگەراییەکەی بەری بۆ شێواندنی تەواوەتیی وێنا و بۆچوونی سەبارەت بە جیهان شل کرد.

وێڕای ئەوە، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی دەربارەی دەدوێین، لەگەڵ کەسایەتیی فەیلەسووف و بەرهەمدا، تۆکمەتر و قووڵترە. ئەوە بە تەنها گوشاری دەرەکیی چینە سەردەستەکان نەبووفەیلەسووفەکانی لە دیکارت تا هیگڵ ناچار بە چەندین ئاڵۆزیی و ناڕوونیی هۆشیارانە و تەمومژاوییکردنی کۆتا هزری خۆیان، بەتایبەتی لە پرسە سەرەکییەکانی فەلسەفەدا کرد. لەوە گرنگترە ئەوەیە مەرجە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بیریارەکان تەنانەت لە قووڵترین باوەڕ و بۆچوونەکانیان و بگرە لە شێوازی بیرکردنەوەیان و چۆنێتیی خستنەڕووی پرسەکان کاریگەریی خۆی دادەنێت و هەمیشە تا ڕادەیەک بە دزیی ئەوانیشەوە. مارکس بەو جۆرە ڕەخنەی ئەو هیگڵییە چەپڕەوانە دەکات، کە مەتەڵۆکەکانی هیگڵیان بە ”خۆگونجاندن“ێکی تەواو دەرەکیی لەگەڵ دەسەڵاتی ڕۆژ لێکدەدەنەوە و دەیانەوێت هیگڵێکی ”دەرەکی“ کە یەکپارچە سازشە بە هیگڵێکی ”ناوەکی“ بەرهەڵستیی بکەن، کە سەرتاپا بوێرییە؛ ”بەڵکو بەو جۆرە هیچ دەرفەتێک نامێنێت بۆ قسەکردن لەسەر چەندین دەستهەڵگرتن کە هیگڵ بۆ ئایین، دەوڵەت و... هتد. کردوونی، چونکە ئەو درۆیە درۆی پێشکەوتنخوازییەتی“[١].

فەیلەسووفەکان هەمیشە گرێدراوییەکی تۆکمە- ئاگایانە بێت یان نائاگایانە، خۆویستانە بێت، یان ناخۆویستانە- گرێدراوی ئەو کۆمەڵەن کە تیایدا دەژین، لەگەڵ چینێک لەنێو ئەو کۆمەڵەدا، لەگەڵ خواستە پێشکەوتنخواز، یاخود کۆنەپەرستەکانیدا. ئەو شتەی کە بە دیارییکراویی،

١- چاپی میگا، بەشی یەکەم، ب٣، ل١٦٤.

لەنێو فەلسەفەکەیاندا هەیە، دروست شتێکی تایبەت و ڕەسەنە، ئەو خاکە (لەگەڵ چارەنووسە مێژووییەکانی ئەو خاکە) خۆراکیان پێداوە و ئەو شێوە و ئاراستەیەی لێیانەوە بەدەستهێناوە کە هەیەتی. تەنانەت کاتێک کە لە یەکەم بینیندا، هەندێک لە هەڵوێستەکانی بیریار لە خۆیاندا بە ڕادەیەک دابڕاو دەردەکەون، کە دەڵێیت لەگەڵ پەیوەندییە چینایەتییەکەیدا لە دژبەریدان، لەگەڵ ئەوەیشدا خۆراکی پەیوەندییەکی تۆکمە لەم چینە و لە گۆڕانەکانی ململانێی چینایەتییەوە وەردەگرێت. مارکس بە نموونە ئەوە ڕووندەکاتەوە ئەو پەیوەندییەی ڕیکاردۆ بە بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییی و بەو تینە کە بە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی دەبەخشێت، گرێ دەدات، هەڵوێستی ئەو بەرامبەر بە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ دەستنیشان دەکات؛ «ئەگەرچی بۆچوونی ڕیکاردۆ بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ بەرژەوەندیی بۆرژوازییەتی پیشەسازییدا ڕێک دێتەوە، ئەمە لەبەرئەوە و بە ڕادەیەک لە ڕادەکان ئەم بەرژەوەندییە لەگەڵ بەرژەوەندیی بەرهەمهێنان، یاخود بەرژەوەندیی بەرهەمهێنانەکیی کاری مرۆڤدا ڕێک دێتەوە. لەو شوێنەدا کە بۆرژوازییەت لەگەڵیدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە، هەمان ئەو دڵڕەقییەی بەرامبەر دەنوێنێت کە لە شتی تری بێجگە لەوەدا بەرامبەر بە پڕۆلیتاریا، یاخود ئەریستۆکراتیزم دەریدەبڕێت»[1].

بیریار چەندێک بەڕاستیی بیریار بێت، گرنگتر دەبێت و ڕۆڵەی سەردەم و وڵات و چینەکەی خۆی دەبێت، چونکە هەر کێشەیەکی فەلسەفیی بەپیت- چەندێک خواستی پۆلێنکردنی (sub specie aeternitatis) لە ژێر چەشنی ئەزەڵییەتدا هەرچەند و هەرچۆنێک زۆر بێت- بەرهەستە؛ واتە لە ناوەڕۆک و شێوەیدا، لەلایەن ئازار و خواستەکانی سەردەمەوە لە بواری ڕێکسختنی کۆمەڵایەتی، زانست، لە کایەی هونەر و... هتدا، دەستنیشانکراوە و لەنێو خۆیدا- دیسان

[1]- مارکس: تیۆری زێدە- بایی، چاپی سێیەم، شتوتگارت، ١٩١٩، ب٢، بەشی یەکەم، ل٣١٠.

لــه چوارچێوەی جووڵەی ســەردەمدا- خواســتێکی بەرهەســت بەرەو داهاتوو، یاخود گەڕانەوە بەرەو نوێ، یاخود بەرەو کۆنی لەخۆگرتووە. ئەم شــتەیش پرســی زانینی ئەوەی ئایا و تا چ ڕادەیەک فەیلەســووفی مەبەست دەرک بەو پەیوەندییە دەکات، دەکاتە پرسێکی لاوەکی.

ئەم سەرنجە گشتییە بەرەو سەرنجێکی تر ڕێنوێنیی دەکات؛ هەموو سەردەمێک، لەنێو ئەو سەردەمەیشدا هەموو چینێکی بەشدار لە ململانێ لە بەرەی فەلســەفییدا، ئەو کێشەیە کە پێشــتر دەستنیشانمانکرد- ئەو کێشــەیەی کە (لە هەندێک هەلومەرجدا) هەڵگری شــیانی دەرپەڕینێکیی نائەقڵانییــە (لە هەندێــک هەلومەرجدا)- بە شــێوازێکی جیاواز دەخەنە ڕوو. بەدڵنیاییەوەگرژیــی دیالەکتیکیــی نێوان پێگەیاندنــی چەمکەکانی ئەقڵ و ئەو قەوماوەی دەیەوێت بیداتەوە، قەوماوێکی ســەرەکییە لەنێو زانیندا، بەڵام شــێوەی دەرکەوتنی لە هــەر جارێکدا و چۆنێتیی هەوڵی چارەســەرکردنی، یاخــود هەڵهاتن لێی، بەگوێــرەی دۆخی مێژوویی و ڕادەی توندیــی ململانێی چینــەکان، لە ڕووی چۆنێتییــەوە جیاوازن و دەگۆڕێن.

ئــەم جیاوازییانــە لــە چۆنێتیــی خســتنەڕوو و چارەســەرکردنی کێشــەکاندابە برێک جیاوازیی لە فەلسەفە و زانستە تایبەتەکاندا سازن. زانســتە تایبەتــەکان زۆر کات دەتوانــن ڕاســتەوخۆ ژمارەیــەک لــەو کێشــە دیارییکراوانەچارەســەر بکەن، کە ژیان دەیانهێنێتە پێشــەوە و بــێ ئەوەی زۆر گوێ بە ئاســتی میتافیزیکییانەی دۆزینەوەکانی بدات، چارەســەریان بــکات. با لە پەرەســەندنی ماتماتیک ڕابمێنیــن کە تیایدا برێــک کێشــەی دیالەکتیکیــی گرنگ هێنرانــە پێش و چارەســەرکران، مەزنتریــن نوێگەرەکانیــش تەنهــا بــە ڕادەی پەیبردنی هێــژا جۆردان بەوەی پەخشانســازیی دەکات دەرکیان بەوە دەکرد ســەرزەمینی نوێ بۆ دیالەکتیک دەدۆزنەوە. فەلسەفە بە پێچەوانەوە، ناچارەکۆڵینەوەیەکی بەرەیی لە پرســە بنەڕەتییە پەیوەستەکان بە چەمکاندنی گشتیی جیهان بکۆڵێتــەوە؛ گەوهــەری تایبەتی ئەو بەو جۆرەیــە، بێ ئەوەی گوێ بەو

وەڵامانە بدات کە دەیاندۆزێتەوە.

بــەڵام خودی ئەم جیاوازییە خۆی ڕێژەییــە، لە ڕووی مێژووییەوە ڕێژەییــە، چونکــە لــە برێــک هەلومەرجــی مێژوویــی- کۆمەڵایەتیــی دیارییکــراودا، دەشــێت بــۆ پێکهێنانی ڕاســتییەکی "زانســتیی پەتیی" بەبێ هیچ گشــتاندنێکی فەلســەفی، بەبــێ ئەوەی دەســبەجێ ئەنجامە فەلســەفییەکانی لــێ هەڵبهێنجرێــت، ڕاســتەوخۆ تێهەڵکێشــی ناوەندی ململانــێ چینایەتییــەکان ببێــت لە شــێوە فەلســەفییەکەیدا. کاتی خۆی تیۆرەکەی کۆپەرنیکو دواتر داروینیزمیش بەو جۆرە بوو، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشــدا لەگەڵ درێژبوونەوەیدا لای میشــورین و لیسینکۆیس بەو جۆرەیــە. بە پێچەوانــەوەی ئەوەوە، ژمارەیەک ئاراســتەی فەلســەفی هەبوون- ژیانیان تا ڕادەیەک ڕێژەیی بوو- هزری ڕەتدانەوەی هەموو "میتافیزیک"ێکیــان دەکــردە بنەما و میتۆد؛ ئەوە دۆخــی پۆزیتیڤیزم و نیوکانتیزمــە لــە نیــوەی دووەمی ســەدەی نۆزدەیەمــدا. (هەڵبەتە ئەم ڕەتدانــەوە خۆویســتە خۆی هەڵوێســت و لاگرییەکــی دیارییکراوی لە ململانێکانی چینەکان لەسەر زەمینی فەلسەفە تێدایە).

لێــرەوە دەردەکەوێت ئەم شــێوە چۆنایەتییە بــۆ هەڵهاتن لەبەردەم کێشەیەکی فەلسەفیی یەکلاکەرەوە و گرنگدا، وێنای گشتی بۆ گەردوون، کە تیایدا شێوەی سەرەکیی نائەقڵانییەت ئاشنا بووین، ناچار دەکات بە جۆرێکی جیاواز بەگوێرەی پلە جیاوازەکانی پەرەســەندنی کۆمەڵایەتی و هەروەهــا وەک ئەنجامێــک، پەرەســەندنی فەلســەفی، لەگەڵ ڕووی چۆنایەتــی تایبەتــی خۆیــدا دەربکەوێــت. ئەمەیش ئــەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتــەوە کە نائەقڵانییەت، ئەگەرچــی دۆزینەوەی دەرکەوتنەکانی- یاخود برێک دیاردەی هاوشــێوە- شیانی لە ژمارەیەک قۆناغی ئێجگار جیاوازی قەیرانــی برێک پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێجگار هەمەچەشــندا شــیانی هەیە، ناشــێت خاوەند یــەک مێژووی یەکانگیــری خودان یەک درێژبوونەوە بــن، بەو واتایەی تیایدا دەتوانیــن دەربارەی مێژوویەک بــۆ ماتەریالیــزم، یاخــود مێژوویــەک بۆ هــزری دیالەکتیکــی بدوێین.

بێگومـــان "ســـەربەخۆیی"ی ماتەریالیــزم و دیالەکتیکیش دیســـان زۆر ڕێژەییـــە، چونکە ئەو ڕاســـتییەی مشـــتومڕ هەڵناگرێـــت ئەوەیە هەموو مێژووی فەلسەفە، ئەگەر لە ڕووی زانستییەوە چارەسەر بکرێت، تەنها وەک بەشـــێک لە مێژووی کۆمەڵ، لەســـەر بنەمای مێژووی ئابووریی و کۆمەڵایەتیـــی مرۆڤایەتی، دەتوانرێت بە شـــێوەیەکی ئەقڵییانە دەرک بکرێت و بنوێنرێت. دەربڕینەکەی مارکس لەنێو ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانییدا کە دەڵێت: "نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە مافەکان مێژوویەکی تایبەت بە خۆیان نییە پتر لەو مێژووە تایبەتەی کە ئایین هەیەتی"[١] بەدڵنیاییەوە، بۆ مێژووی فەلسەفەیش دروستە.

بەڵام لە دۆخی نائەقڵانییەتدا دۆزەکە جیاواز و لەوە زیاترە، چونکە تەنهـــا شـــێوەیەکی پەتیی کاردانەوەیـــە (reaction)-بە هەردوو واتای وشـــەکە، کارێکی تر و بەرەو پاشـــەوەیە- لە دژی پەرەسەندنی هزری مرۆڤایەتـــی ڕووەو دیالەکتیـــک. کەواتە مێژووی نائەقڵانییەت ســـەر بە پەرەســـەندنی زانســـت و فەلســـەفەی ئەقڵییە، چونکە کاردانەوەیەکە بە ڕووی ئەو پرســـە نوێیانەدا کە ئەم پەرەســـەندنە پێشـــنیاریان دەکات، کاردانەوەیەکـــە ئـــەوەی دایدەمەزرێنێت، لە کێشـــەی وەڵامێک بەولاوە زیاتر نییە، ئەو تایبەتمەندییە ئەستەمەیش کە چارەسەرکردنی کێشەکە لـــە بنەڕەتـــدا هەیەتـــی (بە قەولی ئەو)، شـــێوەیەکی "باڵاتـــر" بۆ زانینی فەلسەفی دادەمەزرێنێت. ئەم تەرزە لە کردنە شێوازو گۆڕینی ئەو شتەی دەگوترێـــت شـــیانی ئەوەی نییە بـــۆ وەڵامێکی پۆزتیڤیســـتانەی ئەرێنی چارەســـەربکرێت، بانگەشـــەی ئەوەی لە خۆدزینـــەوەدا، لە خۆدزینەوە لـــە وەڵامدانەوەی پرســـە پێشـــنیارکراوەکەدا، چارەســـەرێکی ئەرێنیی و بەدەســـتهێنانێکی "ڕاســـتەقینە"تری قەومـــاوی تێدایـــە، تایبەتمەندیی دیـــاری نائەقڵانییەتە. نازانمخوازییش دیســـان لەبـــەردەم ئەو وەڵامەدا دەکشـــێتەوە، کە پێویستە لە وەڵام بە پرسی لەو جۆرە بدرێتەوە، بەڵام

[١]- ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، بەشی یەکەم، پاریس، بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، ١٩٥٣، ل٥٨.

تەنها بەو هێندە بەس دەکات کە دەڵێت شـیانی چارەسەربوونیان نییە، بە بیانووی بە قەولی خۆی فەلســەفەیەکی "دروســت"، "زانستی"یەوە، قایل نییە چارەســەری بکات. (ئێمە لێـرەدا تەنها دوو نموونە لە دۆخی تایبــەت دەخەینە بەر چاو، بەڵام لەڕاســتییدا، بەتایبەتی لە فەلســەفەی ســەردەمی ئیمپریالیزمدا، هەموو گواســتنەوە شــیانییەکان و ئەوانەی دەشێت لە نێوان نازانمخوازیی و نائەقڵانییەتدا وێنابکرێن، بڕێک دۆخی چوونی پەیتا پەیتان لە یەکەمەوە بۆ دووەم. وێڕای ئەوەی تا ڕادەیەک هەمــوو نائەقڵانییە نوێیەکان، لەبەر بڕێــک هۆکار کە لە ڕانانی دواتردا جارانێکی زۆر دەیبینین، زۆر و کەم بە تیۆری زانینی نازانمخواز پشت دەبەستن).

کەواتــە، هەموو قەیرانێکی گەورە لە قەیرانەکانی هزری فەلســەفی، وەک ململانێیــەک (کە دواجار سروشــتێکی کۆمەڵایەتی هەیە) لە نێوان ئــەو شــتە کە لــە دایــک دەبێت و ئەو شــتەدا کــە دەمرێــت، لەلایەنی کۆنەپەرســتییەوە بڕێــک ڕەوت و ئاراســتە دەبزوێنێت کە دەشــێت لە زاراوەی "نائەقڵانییــەت"ی نوێــدا کورتبکرێنــەوە، بــەڵام جێی گومانە گشتاندنی ئەم وشەیە کەڵک و بەهایەکی زانستیی هەبێت. لەلایەک ئێمە بە هۆی ئەو گشتاندنەوە هەستێکی چەوت - کتومت ئەمەیش ئەو شتەیە کە نائەقڵانییەت دەیەوێت- دەربارەی بوونی هێڵێکی نائەقڵانیی بەردەوام و پەیوەســت لە مێژووی فەلســەفەدا دەدەین. لەلایەکی ترنائەقڵانییەتی نــوێ بڕێک مەرجی لەدایــک بوون و بوونێکی چۆنایەتــی، گرێدراو بە تەرزی بەرهەمهێنانی ســەرمایەداریی هەیە، بە ڕادەیەک کە وشەیەکی گشــتیی بەرینی لەو چەشــنە بەئاســانیی جیاوازییەکان دەســڕێتەوە و بە شــێوەیەکی بەرچاو بە نوێکردنەوەی بڕێک ئاراســتەی فەلســەفیی کــۆن کۆتایی دێت کە لەگەڵ ئاراســتەکانی ســەدەی نــۆزدەدا خاڵێکی زۆری هاوبەشــیان نییە. ئەمە شێوانێکی بەربڵاوی نێو مێژوونووسانی فەلســەفەی بۆرژوازییەتی داڕمانە؛ با لەو بارەیەوە ئەفلاتونی "کانتیی" ناتــۆرپ (Natorp)، پرۆتاگۆراســی "ماخیــی"ی پیتزۆڵــد (Petzold)

بەنموونــە بهێنینەوە... تەوژمە هەمەجۆرەکانــی نائەقڵانییەتی نوێ بەو چەشنە هەموو مێژووی فەلسەفەی "وەک یەک" لێ کردووە، لە هیراکلیت و ئەرستۆوە تا دیکارت و ڤیکۆ و هیگڵ، لە تاریکایی ژیانگەرایی، یاخود بوونگەرایی داخراودا کۆکراونەتەوە.

کەواتە ئەو شتە چییە چەشنی تایبەت بە نائەقڵانییەتی نوێ پێکدەهێنێت؟ بەر لە هەر شــتێک ئەوەیە لە ســەرەتادا لەســەر بنەمای بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی و ململانێ ئاشکراکانی، چەشنی تایبەتی، لە چوارچێوەی ئەو ململانێ پێشــکەوتنخوازانەدا دەرکەوت کە بۆرژوازییەت لەپێناوی ســەندنی دەسەڵات لە دەســتی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی ڕەهاکردنی، لەدواییــدا لە چوارچێوەی ئەو ململانێ کۆنەپەرســت و دواکەوتووانەدا سەریهەڵدایەوە، کە هەمان ئەو بۆرژوازییەتە لە دژی پرۆلیتاریاکردنی. لەدواییــدا لەنێو ڕەوتی ئەم کتێبــەدا، دەبینین جیاوازیی نێوان ئەو دوو قۆناغــە چ وەرچەرخانگەلێکــی یەکلاکەرەوە و گرنگی لە پەرەســەندنی نائەقڵانییەتدا دروست کرد و تا ڕادەیەک کێشە و وەڵامەکان، ناوەڕۆک و شێوە، دەستنیشانی دەکەن ئەو جیاوازییە چ گۆڕانێکی بەسەر وێنەی نائەقڵانییەتدا هێنا.

بەڵام ئەگەر بمانەوێت بایەخی بنەڕەتیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی سەبارەت بەو کێشە فەلسەفییە کە خەریکی کردووین، کورت بکەینەوە، پێویســتە دەســبەجێ جیاوازییەکــی گرنگ لە نێوان ســەرمایەداریی و تەرزەکانی بەرهەمهێنانیبەر لە ســەرمایەدارییدا بکەین کە پەرەسەندنی هێزەکانــی بەرهەمهێنــان ئەنجامەکەیەتی. لە کۆمەڵەکانــی کۆیلایەتیدا دژبەریی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان شێوەیەکی بەڕوونی شڵکراو بە قەیرانی سیستەمەکە دەدات؛ هێزەکانی بەرهەمهێنــان پاشەکشــە دەکــەن، زیاتــر و زیاتر دەچنــەوە یەک و لە دوورمەودادا مانەوەی سیستەمی کۆیلایەتی وەک بنەمایەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ دەکاتە ئەستەم.

لــە دەرەبەگایەتیــدا هەمان دژبەریی لە شــێوەیەکی تەواو جیاوازدا

گوزارشــت لە خــۆی دەکات؛ لە ئامێزی کۆمەڵــی دەرەبەگایەتیدا چینی بۆرژوا، کە لە ڕیشەدا توخمێکی پەتیی ئەو کۆمەڵەیە، بێپسانەوەهێزەکانی بەرهەمهێنانی خۆی پەرەپێدەدات کە هەڵکشانی بەردەوامی لەناوچوونی دەرەبەگایەتــی لــێ دەکەوێتەوە. (لێرەدا لە دەرفەت بــۆ لێکۆڵینەوە لەو لایەنە جیاوازانەمان کەمە کە ئەم پرۆســەیە لە ئینگلتەرا و فەڕەنســا و ئەڵمانیا بەخۆیەوەی گرت، کاتێک کە جیاوازییەکان لە مۆرکی چۆنایەتیی ململانێــی چینەکانــدا بــە دیاریکــراوی تایبەتمەندییەکانــی فەلســەفەی هەریەک لەو وڵاتانەی چەسپاند)، بەڵام لەوەتەی ڕابوونی بەرهەمهێنانی ســەرمایەداریی، پەرەســەندنی هێزەکانــی بەرهەمهێنــان جیاوازییەکی چۆنایەتــی ســەبارەت بــە هەمــوو کۆمەڵەکانــی پێشــوو دەردەخات. ئەگەرچی ئەوە، پێ بە پێ، تەنها لە ڕووی ڕیتمەکەیەوە بوو، کە زادەی کارلێکێکی تۆکمەتر لە هەر کاتێکی تری نێوان هەنگاوەکانی پێشکەوتنی زانســتەکان و هەنگاوەکانی پێشــکەوتنی هێزەکانــی بەرهەمهێنان بوو (پێویستە ڕابوونی لە ئاســایی بەدەری زانستەکانی سروشت لەوەتەی ســەردەمی ڕینیسانسەوە، بۆ ئەم پەیوەندییە بگەڕێنینەوە). ئەمە ڕاڤەی ئــەوە دەکات کــە هەنگاونانــی بۆرژوازییــەت ڕووەو کۆنەپەرســتیی لەســەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاســی و (ئەوەیش کە لامان گرنگە بە پلــەی یەکەم ئەمەیــە) ئایدیۆلۆژیی لە کاتێکدا دەســتپێدەکات، کە تیایدا هێشــتا هێزەکانی بەرهەمهێنان هەڵکشــانێکی بەهێز هەڵدەکشێن. بەڵێ، لە سەرمایەدارییشــدا دیســان ڕوودەدات پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان ڕابوونی هێزە بەرهەمهێنەکان جڵەو دەکەن؛ لینین، سەبارەت بە قۆناغی ئیمپریالیزم، ئەوەی ســەلماندووە، ئەم دیاردەیــە لە بنەڕەتدا لە هەموو قەیرانێکــی ئابووریی قۆناغی پێش مۆنۆپۆلییدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەم قەوماوە ســەبارەت بە ســەرمایەداریی لە واتای دواکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بە بەراورد بەو ئاســتە زیاتری نییە کە دەشــیا پێی بگات، لەبەر چاکبوونی ڕێکخســتنی ئابووریی و تەکنەلۆژیا و ئامادەیی برێک هێزی بەرهەمهێنی بەکارنەهاتوو. (با بەکارهێنانی پیشەسازییانەی وزەی

ئەتۆم لە سیستەمی سەرمایەدارییدا بە نموونە وەربگرین). لەلایەکی ترەوە ئەوەی کارلێکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی زانستەکانی سروشت، لە سەرمایەدارییدا، بەرەو پلەیەکی باڵاتر لە ڕووی چۆنایەتییەوە ناچار دەکرێت، واتای ئەوە دەگەیەنێت بۆرژوازییەت، لە ژێر هەڕەشەدا، ناچارە، تەنانەت لە قۆناغی داڕمانیشیدا، تا ڕادەیەک زانستەکانی سروشت؛ (تەکنەلۆژیای جەنگە نوێیەکان، کە لێرەدا تەنها بە باسکردنی ئەو بەس دەکەین، ئەوەی بەچەشنێکی بێچەند و چوون بەسەردا دەسەپێنێت) پەرە پێ بدات.

هەموو ئەم پەرەسەندنە ئابوورییە گۆڕانێکی لە مۆرکی ململانێ چینایەتییەکاندا لێ کەوتەوە. بە پێچەوانەی ڕوانگە باوەکانی نووسەرانی مێژووەوە، ستالین دروست و بەتوندیی پێی لەسەر ڕۆڵی یەکلاکەرەوە و گرنگی ڕاپەڕینەکانی بەندە و کۆیلەکان لە پرۆسەی داڕمانی هەردوو ئابووریی کۆن و ناوەندییدا داگرت، بەڵام ئەمە لەو جیاوازییە کەم ناکاتەوە کە لە نێوان پرۆلیتاریا و چینە چەوساوە کۆنترەکاندا لە ڕووی سروشتەوە هەیە. ڕاستییەک هەیە پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە، چونکە پاشتر ڕۆڵێکی گەورە لە گەشەکردنەکانی دواترماندا دەگێڕێت؛ پرۆلیتاریا یەکەم چینی چەوساوەیە لە مێژوودا دەتوانێت بە ئایدیۆلۆژیایەکی هەڤیاز و بەرتری تایبەت بە خۆی، کە خۆی بۆ خۆیی پێکهێناوە بەرهەڵستیی ئایدیۆلۆژیای چەوسێنەرەکانی بکات. لەدواییدا دەبینین ئەوە هەموو پەرەسەندنی فەلسەفەی بۆرژوازییەتی دەستنیشانکرد، بەتایبەتی ئەو وەرچەرخانەی لە نائەقڵانییەتی نوێدا ڕوویدا ئەنجامی ڕاستیی ئەوەیە، کە پرسەکە لە کاتێک لە کاتەکانەوە، چی تر بە برێک ململانێ لە دژی بۆرژوازییەتی پێشکەوتنخواز و هەوڵەکانی بۆ نەهێشتنی پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی نەما، بەڵکو لەو کاتە زووەوە بووە ململانێیەکی بەرگریکارانەی بۆرژوازییەتی کۆنەپەرست لە دژی پرۆلیتاریا، تیایدا نائەقڵانییەت ئەوپەڕی لای ڕاستی بەرە ئایدیۆلۆژییەکەی گرتووە و فەرماندەیی پرۆسەکانی

گرتووەتە دەست.
یاسای ڕیشەیی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان، کە لەگەڵ بەردەوام هەڵکشانی ئاستەکەیدا پەیوەندیی بە پەرەسەندنی زانستەوە توندوتۆڵتر دەبێت، بڕێک پەیوەندیی نوێ لە نێوان چینی سەردەست و زانستدا دروست دەکات، بەتایبەتی زانستەکانی سروشت. لەنێو کۆمەڵە چینایەتییەکانی پێشوودا دژبەریی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا بەبێ چەند و چوون، هەروەها کۆتایی ڕابوونی زانستەکان دەگەیەنێت، بەتایبەتی زانستەکانی سروشت، بەڵام لە سەرمایەدارییدا ئەم زانستانە، وێڕای کۆت و پێوەندە زۆرەکان، تەنانەت لە قۆناغی داڕمانیشدا لە گەشەکردنیان بەردەوام دەبن. هەڵبەتە ئەم لەمپەرانە- کە کەمێک بەر لە ئێستا لەسەر ئاستی ئابووریی باسمانکرد- لێرەدا پێشوەخت ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن. با تێهەڵکێشیی نێوان جەنگە ئیمپریالیستییەکان و زانستەکانی سروشت بە نموونە وەربگرین، کە ئەم ئاراستەیە لێرەیشدا دیسان ڕوونتر دەردەکەوێت؛ لەلایەک، جەنگە ئیمپریالیستییەکان لە هەندێک لە لقەکانی تەکنەلۆژیادا هەنگاوێکن بۆ پێشەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە قەیرانی گشتیی فیزیای نوێ زۆر بەهێزتر توندتر دەکەن، وەک زانستێکی تیۆریی زیاتر و زیاتر بە ڕێگایەکی بنبەستیدا دەبات، بەڵام لە قۆناغی سەرمایەداریی هەڵکشاودا، پێشکەوتنی زانست بە شوێن پێشکەوتنی فەلسەفەدا دێت و زانست و فەلسەفە بەردەوام سوودەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن، لە قۆناغی داڕماندا هەراسانکردن ئاڵوگۆڕ دەکەن. بابەتێک کە بە فەلسەفەیەکی بۆرژوازیی داڕمان ڕەسەنایەتییەکی تایبەت دەبەخشێت، مۆرکە نەک تەنها نازانستییەکەی، بەڵکو دژ بە زانستەکەی، کە لە هەندێک لە ساتەکانی قەیرانێکی توندوتیژدا، بە شێوەیەکی دوژمنکارانە لە دژی ئەقڵ وەردەچەرخێت. ئەمە بارێکی هزریی تەواو نوێ دروست دەکات، چونکە لەلایەکی دیکەوە زانستەکانی سروشت، وێڕای ئەو لەمپەر و کۆت و پێوەندانەی کە دەربارەیان دواین، لەگەڵ

تەکنەلۆژیادا لەسـەر ڕێکردنی بەرەو پێشـەوە بۆ دەسـتگرتن بەسەر سروشتدا بەردەوام دەبێت. (چونکە لە سەرمایەداریی ئاوابوودا، مەنگیی و پاشەکشـێی هێزەکانی بەرهەمهێنان هەرگیز شـێوەی گەڕانەوەیەکی زۆرەملێ بەرەو بڕێک شـێوازی بەرهەمهێنانی پێشتر و نزمتر بەخۆوە ناگـرن). ئەو دۆخە نوێیەی سـەبارەت بـە فەلسـەفەی بۆرژوازیی لە کاتی ئێسـتادا لەوەوە هەڵدەقوولێت، کە دۆخێکیشـە مۆرکە چۆنایەتییە تایبەتەکان بە نائەقڵانییەتی نوێ دەستنیشـان دەکات، دەبینێت بە هۆی هەمیشە گۆڕانی هەنگاوەکانی پێشکەوتنی گەشەسەندووی زانستەکانی سروشـت و مێـژووەوە بـۆ قەوماوێکی نوێ لـە ڕووی چۆنایەتییەوە بووەتـە دوو هێندە. ئەنجامـە ئایدیۆلۆژییە بێچەنـد و چوونەکانی ئەم گەشـەکردنە و- کاریگەرییە تایبەتەکەی لەسـەر پرسـی ئایین لێرەوە هاتووە.

لێرەیشدا دیسان سـەرمایەداریی لە مێژوودا شوێن و جێیەکی تاک و تایبەتـی هەیـە. تا ئێرە، قەیرانـەکان، کە گواسـتنەوەی لە پێکهاتێکی کۆمەڵایەتییـەوە بـۆ پێکهاتێکی تر شـقڵ کردبوو، هەمیشـە ژمارەیەک قەیرانی ئایینیی هاودەمی بوون. بەڵام- ئەمە سەبارەت بە لەدایکبوونی سەرمایەدارییش دیسان دروستە- لە هەموو ئەو بۆنانەدا ئایینێک شوێنی ئایینێکی تری گرتەوە. ئەوەی شـیانی هەبێت پێکهاتنی سـەرمایەداریی وەک قەیرانێکی ناوخۆیی کریسـتیانیزم دەربکەوێـت، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. نەک هەر تەنها چاکسازیی ئایینێکی نوێ (ئایینێکی کریستیانی، ئەوە ڕاستە) دادەمەزرێنێت، بەڵکو دژە چاکسازییش[1] دیسان، سەبارەت بە کاتۆلیکیزم، بە بەراورد بە سەدەی ناوەڕاست، گۆڕانێکی چۆنایەتییە. بەڵام وێـڕای دەمارگیریی و دوژمنکاریی کڵێسـا جیاوازەکان، هیچ

١- دژە چاکسازیی هەروەها بە چاکسازیی کاتۆلیکیی، یاخود بووژاندنەوەی کاتۆلیکییش دەناسرێت، جووڵانەوەیەکی ئایینییە ئامانجی چاکسازییکردنی کڵێسای کاتۆلیکیی و هەروەها بەرهەڵستییکردنی چاکسازیی پرۆتێستانی بوو. لەگەڵ کۆنگرەی ترینتدا دەستپێکرد و بە شەڕی سی ساڵەی ساڵی (١٦٤٨) کۆتایی هات.

ڕۆژێک پێشتر بەو چەشنە بەهێز نەبوون، ئەوکات و لەوکات بە دواوە گواستنەوەی ئایین، لە بەرەی فەلسەفەدا، بەرەو سەنگەرەکانی بەرگریی، دەســت پێ دەکات. ئەو زانســتە نوێیانەی لە ســەردەمی ڕێنیسانســدا گەشــەیان کــرد، بەتایبەتــی زانســتەکانی سروشــت، لەو زانســتانەی ڕابوونیان دەکەوێتە قۆناغەکانی پێشووەوە؛ نەک هەر بناغە میتافیزیکی (کۆســمۆلۆژیی)ەکانیان و جیــاواز و ئەنجامەکانیان پێچەوانەی ئایینە، وەک چۆن فەلســەفەی سروشــت لە ســەردەمی کۆنــدا زۆر جار بەو جــۆرە بوو، بەڵکو بەتایبەتی کنەکردنە تایبەتــەکان لەگەڵ ئەو ئەنجامە وردانــە کــە دەیگەنــێ، بنەماکانــی ئاییــن پایەماڵ دەکەن، هیچ شــتێک لەوەیــش ناگۆڕێت کە ئەم، یاخود ئەو زانا خۆی لە پێگەکانی کڵێســادا بمێنێتــەوە، یاخود ئەگەر نەیەوێت و پێشــبینیی ئەنجامی دۆزینەوە دژ بە ئایینەکانی خۆی نەکات. هەرچی ئەوەیشە ئایین چی تر لە پێگەکانی بەرگرییکردندایــە، ئەمە ئەو شــتەیە کە بێتواناییەکــەی لەوەدا کە وەک چۆن لە ســەردەمی تۆمــا ئەکوینیدا، بەرمەبنای بــاوەڕ ڕوانگەیەک بۆ جیهانی ڕاســتەقینە پێکبهێنێت، ڕوانگەیەک بۆ جیهان وای پیشانبدات و وا دەربکەوێت کە بە کردەیی بنەما و شــێواز و ئەنجامەکانی زانســتی دونیایی و فەلســەفەی ناپیرۆز تێگەیشــتووە. پێشتر کاردینال بیلارمین (Bellarmin) ناچار بوو، بەرامبەر بە کۆپەرنیک، شــوێن هەڵوێستێکی نازانمخوازانە بکەوێت- قایل بوو بەهای ”گریمانە“ی کارێکی بەســوود بۆ بەجێهێنانی کردەیی زانستیی بە بیردۆزی چەقێتیی خۆر بدات، بەڵام هەمــوو لەبارییەکی زانســتی سەرزەنشــت دەکرد، مۆڵەتــی وتنی هەر شــتێک دەربارەی قەوماوی ڕاســتەقینە، واتە قەوماوی ئایینیی پێبدات. (لەڕاستییدا ئەم گۆڕانە لە هەڵوێستدا بڕێک نیشانە دەخاتەڕوو لەوەتەی سەدەی ناوەڕاستەوە لەگەڵ ناوخوازیی nominalismeلە بارەیانەوە مزگێنی دەدرێت، مشــتومڕەکەی قەوماوێکی ئابووریی دەداتەوە پێشتر دەربارەی دواین، ئەو قەوماوەیش ئەوەیە کە گەشەکردنی بۆرژوازییەت لــە قۆناغێــک لە قۆناغەکانــدا لەنێــو دەرەبەگایەتییدا دەســتپێدەکات و

توخمەکانی لەیەکترازانی خۆی هەڵگرتووە).

ئێرە دەرفەتی ئەوە نییە ئەگەر بە کورتییەکیش بێت باسی قۆناغەکانی ئەو پەرەسەندنە و قەیران و ململانێکانی بکەین. تەنها چەند سەرنجێکی سەرەتایی بەسە. یەکەم شت پێویستە تێبینیی ئەوە بکەین، لەو کاتەدا، سەرەتا لە ناوخوازییەوە، تێکۆشانی هزری نوێ کە لە ناوەڕۆکیدا لە دژی ئایین، لە دژی ئایینی کۆن، دەستیپێکرد و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە شێوەی ململانێیەک لە نێوان باوەڕێکی ئایینیی و باوەڕێکی تری ئایینیی و لە شێوەی ناکۆکی نێو ئایینێک، بەردەوامیی پێدرا. بابەتەکە لە شۆڕشە بۆرژوازییەکانیشدا- ئەگەرچی بە شێوەیەکی بەشەکییش بێت- بە شۆڕشی (١٧٨٩)یشەوە بە هەمان شێوە بوو؛ با لەو بارەیەوە پەرستنی بوونەوەری باڵا-ی ڕۆبیسپیریی بیر بهێنینەوە. بۆرژوازییەت وەک چینێک ناتوانێت هۆشیاریی ئایینیی لە ڕەگەوە ڕیشەکێش بکات. کاتێک ئایدیۆلۆژیستەکانی، بەتایبەتی ماتەریالیستانی هەردوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم، ویستی ئەوەیان دەربڕی، زانستەکان هێندەی پێویست پێشنەکەوتبوون بەس بێت بۆ خستنەڕووی وێنەیەکی تەواوی بێکەموکووڕ و یەکانگیر بەرمەبنای ناونشینێکی ڕیشەیی. ئەنگڵس دەربارەی ئەو سەردەمە دەڵێت: "سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ فەلسەفەی ئەو سەردەمە کە لێنەگەڕا لەلایەن دۆخی سنوورداری ئەو زانینانەی لەو کاتەدا مرۆڤ سەبارەت بە سروشت هەیبوون گومڕا بکرێت و — لە سپینۆزا تا گەورە ماتەریالیستە فەڕەنسییەکان- لەسەر لێکدانەوەی جیهان لە خۆیدا بەردەوام بوون و بابەتی شیکردنەوە و پاساودانە تێر و تەسەلەکانیان بۆ زانستی سروشتی داهاتوو واز لێ هێنا"[١].

توانای زانستیی لێکدانەوەی جیهان لە خۆیدا زیاتر و زیاتر ڕووندەبێتەوە. لە سەردەمی ئێستاماندا نزیکە بەدیهاتنە، چونکە ئامرازەکانی زانینمان پەیتا پەیتا بە بەدیهێنانی گواستنەوەی بەرهەست لە سروشتی نائۆرگانییەوە بۆ سروشتی ئۆرگانیی دەگات. گریمانە

١- ئەنگڵس، دیالەکتیکی سروشت، پاریس، م.ن. ، ١٩٥٢، ل٣٤.

گەردوونناسییەکانی کانت و لاپلاس (Laplace)، دۆزینەوەکانی جیۆلۆجیا، داروینیزم، شیکارییەکەی مۆرگان بۆ کۆمەڵی سەرەتایی، تیۆرییەکەی ئەنگڵس سەبارەت بە ڕۆڵی کارکردن لە وەرچەرخانی مەیمون بۆ مرۆڤ، بیردۆزەکەی پاڤلۆڤ دەربارەی دانەوە بێمەرج و مەرجدارەکان و سەبارەت بە سیستەمی دووەمی ئاماژە، پەرەپێدانی بەردەوامی داروینیزم لەلایەن میشورین و لیسینکۆ، لێکۆڵینەوە لە بنچینەی ژیان لەلایەن ئۆپارین و لیپشنسکایا-وە و... هتد، مەودانوێنە دەستنیشانگەرەکانی هەندێک لە قۆناغە سەرەکییەکانی ئەو ڕێگایە، بەڵام چەندێک کۆمەڵی بۆرژوازیی زیاتر لە کۆتایی خۆی نزیکبێتەوە و چەندێک بۆرژوازییەت پتر ڕۆڵی خۆی لە بەرگرییکردن لە دەسەڵاتەکەی لە دژی پڕۆلیتاریادا کورتبکاتەوە، لە دەرکی تا میحرابی، زیاتر دەبێتە چینێکی کۆنەپەرست، دەگمەنترین زانا و فەیلەسووفە بۆرژواکان ئامادەبوون لەو ئاکامانەوە کە زانست کەڵەکەی کردوون ئەو ئەنجامە فەلسەفییانە هەڵبهێنجن کە خۆیان دەسەپاند، هەروەها زۆرترین خۆدزینەوەکانی فەلسەفەی بۆرژوازیی بەرەو چارەسەرە نائەقڵانییەکان بوو، کە پەرەسەندن گەیشتبووە خاڵێک، هەنگاوێک بەرەو پێشەوەی لە لێکدانەوەی ناونشینی جیهان و تێگەیشتنی ئەقڵانی لە جووڵە دیالەکتیکییە تایبەتەکەی دەخواست.

قەیرانی لەو چەشنە هەرگیز سروشتێکی زانستیی پەتییان نییە. تەواو بە پێچەوانەوە؛ ئاڵۆزبوونی قەیرانێک لە زانستەکاندا و پێداویستیی هەڵبژاردن لە نێوان پێشکەوتنی دیالەکتیکی و خۆدزینەوە بەرەو نائەقڵانییەت، بەشێوەیەکی سروشتی و تا ڕادەیەک هەمیشە لەگەڵ قەیرانە گەورەکانی کۆمەڵدا ڕێکدێتەوە. لەو سۆنگەیەوە کە پەرەسەندنی زانستەکانی سروشت لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، یاخود بە شێوەیەکی سەرەکی بەرهەمهێنانی ماتەریالی دەستنیشانی دەکات، هەر بۆیە ئەنجامە فەلسەفییەکان کە هەڵقوولاوی ئەو پرسە نوێیانەن کە ئەم زانستانە پێشنیاریان دەکەن و فچقەکردووی ئەو وەڵامە

نوێیانــەن کە ئــەوان وەڵامدەدەنەوە لە هەمــوو قۆناغەکاندا گرێدراوی ململانێکانی چینەکانە. ئەوەی ئەو ئاراستەیە دەچەسپێنێت کە گشتاندنە فەلســەفییەکانی زانســتە سروشــتییەکان وەریدەگرێت؛ قەڵەمبازێک بۆ پێشــەوە، یاخــود کۆت و پێوەندێک کە پێشــکەوتن لــە ڕووی میتۆد و وێناکردنــی جیهانەوە پەکدەخــات، واتە بە دەربڕینێکی تــر پارتایەتیی فەلســەفە، - لە ئاگاییەوە بێت، یاخود لە نائاگاییەوە- شــوێن و پێگەی فەیلەسووفەکانە لە ململانێی چینەکاندا.

ئەمە هەروەها زیاتر ســەبارەت بە پەیوەندییەکانی فەلســەفە لەگەڵ زانســتە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستە، بەتایبەتی لەگەڵ ئابووریی سیاسی و مێــژوودا. لێرەدا پەیوەندیــی نێوان لاگرییە فەلســەفییەکان- لاگریی پێشــکەوتن، یاخود پاشەکشــێ- و ململانێکانی چینەکان، پەیوەندییەکی تۆکمەتــر و گیانی بەگیانیترە. ئەمــە بەتایبەتی لای هیگڵ دەردەکەوێت. ئەگەرچی فەیلەســووفانێکی زۆر لەنێو مەزنترین فەیلەسووفەکاندا بەو چەشــنە ڕاشــکاوە لاگرییان نەکردووە، کە لەبەردەم کێشە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ســەردەمەکەیاندا کردوویانە، ئاسانە ئەو پەیوەندییە ڕوونبکەینــەوە کە لە نێوان تیۆری زانینەکەیان و بیر و بۆچوونەکانیان دەربارەی کۆمەڵ و بنەما ئابوورییەکەیدا هەیە.

ئەم پێودانە ئێجگار گشــتییانە بەســن بۆ ڕوونکردنەوەی بێهودەیی ئەو هەوڵانەی بەو هەموو پەرۆشییەوە لەلایەن نائەقڵانییەتەوە دراون، بەتایبەتــی لەلایــەن نوێنــەرە نوێیەکانییــەوە، تاکو پێشــینان بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئاراســتەی ســەرەکیی فەلسەفە لە ســەدەی شانزەیەمدا تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جووڵانەوەیەکی بەهێز بوو بەرەو پێش ڕووەو دەســتدارییکردنی ئەقڵیی کۆی قەوماوی سروشت و کۆمەڵ وەکو یەک. هەر بۆیە دەستپێکردنی بروسکە ئاسای زانستەکان و فراوانبوونی کایەی کنەکردن لە هەردوو بواری (سروشت و کۆمەڵ)دا بەردەوام کێشــەی دیالەکتیکییان بزواند. ئەگەرچی قۆناغی پەیوەندیدار، یاخود مەبەســت تا سپێدەی فەلسەفەی کلاسیکیی ئەڵمانی

هــزری میتافیزیکــی بەســەریدا زاڵە، بەڵام لە هەموو شــوێن و جێیەک دیالەکتیکگەراکان ســەرهەڵدەدەن. هیچ گرنگیش نییە ئەگەر زۆرینەیان دیالەکتیکگــەرای خۆبەخــۆ بــن و لــە دیالەکتیکگەرابوونیــان بێئاگابن. کێشــەکانی دیالەکتیــک ئەوانەن کە زانســتەکان دروســتیان دەکەن و چارەسەریان دەکەن. تەنانەت بیریارانێک کە تیۆری زانینیان میتافیزیکییە لەنێو ئەم، یاخود ئەو پرســی بەرهەستدا کۆتە میتافیزیکییەکان لە کۆڵ دەکەنەوە و بۆ دیالەکتیک سەرزەمینی نوێ دەدۆزنەوە. ئەنگڵس دەڵێت: "فەلســەفەی نوێ... ئەگەرچی دیالەکتیکیش دیســان تیایــدا ژمارەیەک نوێنەری هەڵکەوتووی هەبوون (بۆ نموونە؛ دیکارت و سپینۆزا)، زیاتر و زیاتــر، بەتایبەتــی لە ژێر کاریگەریی ئینگلیزیــدا، نوقومی لیتاوەکانی ئــەو تەرزە لە بیرکردنەوە بــوو بوو کە بە میتافیزیکی ناودێر دەکرێت، کە تا ڕادەیەک بەبێ هەڵاوێرد بەسەر فەرەنسییەکانی سەدەی هەژدەدا زاڵە، لایەنی کەم لەنێو کتێبە فەلسەفییە تایبەتمەندەکانیاندا لە دەرەوەی فەلسەفەدا بە واتا ڕاستەقینە، یاخود تایبەتییەکەی دەرەوە، وێڕای ئەوە دەیانتوانی شــاکار لــە بــواری دیالەکتیکدا بنووســن و بەرهەم بهێنن، لــەم بارەیــەوە تەنها برازاکــەی ڕامو-ی دیــدرۆ (Diderot) گوتارێک دەربــارەی بنــج و بنەوانی نایەکســانیی نێوان مرۆڤەکان-ی ڕۆســو[1] (Rousseau) بە نموونە دەهێنینەوە.

لــەم قۆناغەدا وەک لە قۆناغەکانی تریشــدا، بەشــی زۆری ململانێ فەلســەفییەکان لە نێــوان ئایدیالیزم و ماتەریالیزمــدا ڕوودەدات. پاش ئــەوەی ماتەریالیــزم لە ســەدەی ناوەڕاســتدا (هەندێک جــار لە بڕێک شــێوەی ئایینیــی و ســۆفیزمانەدا دەرکەوتبــوو)، لــە دژی ئایدیالیزم یەکەمین شەڕی ئاشکرای بێپەردەی خۆی لە مشتومڕەکاندا دەربارەی تێڕامانەکانــی دیکارت لەنێو کەســی گاســیندی (Gassendi) و هۆبز (Hobbes)دا، ئەو دوو نوێنەرە دیارەی کە لە دژی دیکارت هەڵوێستێک وەردەگــرن کرد. چ ســوودی نییــە ڕانان بۆ ئەوە بکەین لە چ شــتێکدا

[1]- ئەنگڵس، دژی- دۆهرینگ، پاریس، م.ن. ، ١٩٥٠، ل٥٢.

سپینۆزا چەسـپاندنێکی ئەو ئاراسـتانەیە. دواجار، سەدەی هەژدەیەم، بەتایبەتی لە فەڕەنسا، لەگەڵدیدرۆ و هیلڤیتیۆس (Helvétius) و دۆلباخ (d›Holbach)دا، گەورەترین پشکوتنی ماتەریالیزمی فەلسەفی بەخۆوە دەبینێـت، بـەڵام نابێت وامان لـێ بکات ئەوە لە بیر بکەین فەلسـەفەی ئینگلیزیی- وێڕای ئەوەی هێڵە بە فەرمی باڵادەستەکەی (هێڵی بیرکلی و هیۆم، کە بە نیمچە- بوێرییەکانی لوک (Locke) گرێدراوە، بە هۆی ئەو پێکهاتنە ئایدیۆلۆژییەوە کە "شۆڕشـی شـکۆداری (١٦٨٩)" ئەنجامیدا، ئایدیالـی و نازانمخواز بوو- ژمارەیەک بیریاری ماتەریالیسـت، یاخود لایەنگری ماتەریالیزمی هەڵکەوتوو و دەستڕۆیشـتووی بەخۆوە بینی. هەرچی ئەوەیشە ژمارەیەک فەیلەسووفی ناسراو، بەبێ ئەوەی بەیداخی ماتەریالیـزم بەرزبکەنەوە و بڵێن سـەر بـە ماتەریالیزمن، وێڕای ئەوە بەتوندیی باوەڕیان وا بوو کە هۆشـیاریی بوون دەستنیشـانی دەکات، چونکە ئەمە ئەو شـتەیە نموونە هێماییە بەناوبانگەکان ڕوونیدەکەنەوە کـە لـە چەنـد شـێوە هەمەچەشـنانەدان کە وەهمـی ئایدیالیسـتانەی بیرۆکەی داوەریی- ئازاد (Libre-arbitre) شرۆڤە و ڕووندەکەنەوە؛ نەک تەنها وێنەی سـپینۆزایی دەربارەی ئـەو بەردەی کە دەیهاوێژین، یاخود باپێوەکەی بایڵ (Bayle)، بەڵکو هەروەها بەردە موگناتیسەکەی لیبنزیش.

ئاشـکرایە دژایەتییکردنـی ئـەم کشـانەی ماتەریالیـزم لەلایـەن کۆنەپەرسـتیی ئایینـەوە، دژایەتییکردنـی ئـەم ئاراسـتەیە ڕووە دامەزراندنی کۆزمۆلۆژیا "زانسـتی گـەردوون"، یاخود ئەنترۆپۆلۆژیا "زانسـتی مرۆڤ" بەبێ هیچ پەنابردنێک بە ترانسێندێنتال و وێناکردنی کۆمەڵێکی میتافیزیک، کە بەبێ ئاکارێکی کریسـتیانی و ترانسـێندێنتاڵ کار بـکات (کۆمەڵی ناخوداباوەڕان لای بایڵ، خراپەخوازیی وەک بناغە و بزوێنـەری پێشـکەوتن لای ماندڤیـڵ Mandeville و... هتد)، لەنێو برێک مشـتومڕی تونـددا دەردەکەوێت. هیچ کـەم ڕوونتریش نییە کە لەنێو ئەم مشـتومڕانەدا بەبێ چەند و چوون برێک بابەت دەردەکەون

لەدواییـــدا ڕۆڵێکی گرنــگ لە نائەقڵانییەتی نوێدا دەگێــڕن، بەتایبەتی لە هەر شــوێنێک کە فەیلەســووفە ڕۆحانییەکان لێرە بــە دوا زۆر و کەم ملکەچی هەستێک بوون کە دەڵێت بەڵگە لاهوتییە باوەکان- لایەنی کەم ســەبارەت بە شــێوازی بیرکردنەوە- چی تر بەس نین بۆ خەباتکردن لە دژی ماتەریالیزم، چی تر ئەرکی ســەر شان وا دەخوازێت بەرگریی لە ناوەڕۆکی بەرهەســتی ڕوانگەی مەسیحییانە بۆ جیهان بە یارمەتیی شــێوازێکی بیرکردنەوەی "نوێتر" و، "فەلســەفی" تر، بە واتا ڕاســت و تایبەتەکەی و بەم پێیە لە نائەقڵانییەتەوە نزیک، بکرێت.

بــەم پێودانە، دەشــێت کەســانێک لە تەرزی پاســکاڵ (Pascal) لە پەیوەندییەکانیــدا لەگەڵ دیکارتیزمــدا و فریدریش هاینریش یاکۆبی (F. H. Yacobi) لــە پەیوەندییەکانیــدا لەگەڵ فەلســەفەی ڕۆشــنگەریی و لەگەڵ فەلسەفەی کلاسیکیی ئەڵمانیدا، بە پێشینەکانی نائەقڵانییەتی نوێ دابنرێن. لای هەردووکیان زۆر بە ڕوونیی تێبینیی تۆقین و پاشەکشــێ لەبــەردەم پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانســتییدا دەکرێت بەو جۆرەی ڕیتمی پەرەسەندنی ئەو سەردەمەی کە تێیدا دەژین، فەرمانی پێدەکات و کــە لــە دژی پەنــا بە جۆرێــک لە بەرهەڵســتیی ڕۆمانتیکیــی دەبەن (بەتایبەتی پاسکاڵ) و دەیخەنە ژێر ڕەخنەیەکی ڕاستڕەوانەوە.

لای پاســکاڵ، دووفاقیی ڕەخنەکە بە ڕوونیی دیارە، چونکە ناوبراو بەچەشــنێکی خوێنشــیرینانەی کاریگــەر پەســن دەدات و ڕەخنــەی وەجاخزادەیی تەختی پادشــایەتی و ئەو نیهیلیزمە ئاکارییە دەکات، کە بەبێ چەند و چوون لە دارمانەکەیەوە هەڵدەقووڵێت کە دەستپێکردووە و چووەتە پێش. لەم بارەیەوە ڕێکەوت نییە کە لەگەڵ لا ڕۆشفۆکو (la Rochefoucauld) و لا برویێر (La Bruyère)دا یەکبگرێتەوە، بەڵام لە کاتێکدا ئەو دوو ڕەخنەگرە دلێرانە بەرەنگاری ئەو کێشــە ئیتیکییانە دەبنــەوە کــە لەم چوارچێوەیــەدا دەردەکــەون، ئەو کێشــانە لە دیدی پاسکاڵدا لە بابەتی سەردەم، یاخود بیرۆکەی سەردەمێک بەولاوە زیاتر نیــن وەک پارچە تەختەیــەک خزمەتی دەکەن کە لەوێــوە «قەڵەمبازی

مەرگ» (salto mortale) لە ئاییندا دەدرێت. لە کاتێکدا لا ڕۆشفۆکو و لا برویێر، ئەگەرچی تەنها لە شێوەی بڕێک کورتە ئامۆژیاریی، یاخود ڕاڤە، یان باس و خواسێکی پاساودەرانەدا، لە دیالەکتیکی ئاکار لەنێو کۆمەڵی سەرمایەداریی پێگەیشتوو زۆر نزیکدەبنەوە، بەڵام دژبەرییە ئیتیکییەکان لای پاسکاڵ ڕاستەوخۆ بەوپێیە دەردەکەون کە لەسەر ئاستی مرۆیی و زەمەنیی پەتیی لە چارەسەرکردن نایەن- بەوپێیەی نیشانەکانی دۆخێک لە دوورکەوتنەوە و گۆشەگیریی نائومێد و بێدەرمانە، گۆشەگیریی مرۆڤی جێهێڵدراو بۆ خۆی لەنێو جیهانێکدا کە خودا دەستی لێ هەڵگرتووە. (ئایا ئەوە ڕێکەوتە کە پاسکاڵ، لە باسی بێزاریی کوشندەدا، کە دەردێکی بێدەرمانە و بەوپێیەی دەردی سەردەمی چینە سەردەستەکانە، زۆر لە شۆپنهاوەر دەچێت؟).

ئەم ڕاڤەکردنە فەلسەفییەی دۆخی دوورکەوتنەوە و گۆشەگیریی، کە ڕایەڵی هەرە گرنگ لەگەڵ نائەقڵانییەتی دواتردا پێکدەهێنێت، ئەویش دیسان بناغەی بیرکردنەوەکانی دەربارەی پەیوەندییەکانی مرۆڤ و سروشتە. ئەو ماتماتیکناسە بلیمەتە داهێنەرە کە پاسکاڵە، لە وەرگۆڕینی ئەندازەگیریی دەستپێکراو بۆ شێوازەکانی سەرنجدان لە سروشت بڕێک ئەنجامی فەلسەفی هەڵهێنجا لەگەڵ ئەو ئەنجامانەدا لە دوو جەمسەری پێچەوانەدان، کە دواتر – لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکانی نێوانیاندا- لە دیکارت، یاخود سپینۆزا، یاخود هۆبز هەڵیدەهێنجێت. ئەوان، لەو پرۆسە ئەندازەگیرییەدا کە هێمای بۆ کرا، بڕێک توانای بێ سنوور بۆ باڵادەستیی ئەقڵیی و دەستگرتنی کردەیی بەسەر سروشتدا لەلایەن مرۆڤەوە، دەبینن. پاسکاڵ، بە پێچەوانەوە، وەرگۆڕینی کۆسمۆسی تێدا دەبینێت، کە تا ئەو کاتە پڕ و ئاوەدان بوو، بە شێوازە ئەنترۆپۆمۆرفی[1] و ئەفسانەیی و ئایینییەکە دەرک دەکرا، بێکۆتا نامۆ بە مرۆڤ و خاڵیی بە چەشنێکی نامرۆڤانە. تیایدا مرۆڤ وێڵ و سەرگەردانە، لەنێو ئەو گۆشە بچووکە بێنرخە لە گەردووندا

[1]- واتە لە شێوە، یاخود وێنەی مرۆڤێکدا.

که دۆزینەوەکانی زانســتەکانی سروشــت ئەویان تورهەڵداوەتە نێوی؛ لەبــەردەم ئەو مەتەڵــۆک و لەگەزانەدا کە چارەســەریان نییە، لەگەزی دوو ناکۆتاکە؛ ناکۆتا لە گەورەیی و ناکۆتا لە بچووکییدا، دۆشــداماو و نیگــەران دەمێنێتەوە. تەنها ئەزموونی گەرموگوڕی ئایین، ڕاســتیی دڵ (واتە کریستیانیزم)، دەتوانن واتا و ئاراستەکردنێک بە ژیانی ببەخشن. کەواتــە پاســکاڵ زۆر بەچاکیی لە یــەک کاتدا ئــەو ئەنجامانە دەبینێت کــە لە مرۆڤ مرۆڤایەتییەکەی دادەماڵن و زادەی ســەرمایەدارییین، کە ئەوکات هێشــتا لە چوارچێوەکانی سیســتەمی ڕەهای دەرەبەگایەتییدا گەشــەی دەکرد لەگەڵ ئــەو ئەنجامە میتۆدۆلۆژیی و پێشــکەوتنخوازە بێچەنــد و چوونانــەی لــە زانســتە سروشــتییە نوێیــە وێرانکەرەکانی ئەنترۆپۆمۆرفیــی بــەر لە خۆیــەوە هەڵدەقــوولان. هەروەهــا دەبینێت چ فەلســەفەیەکی نوێ لەســەر بنەماکــەی دادەمەزرێنرێت؛ کێشــەکان دەبینێت، بەڵام، لەو شوێنەدا کە هاوچەرخە مەزنەکانی بە ڕێگای هزر و بیرکردنەوەیەکی دیالەکتیکییانەدا بەرەو پێشەوە دەچن، یان لایەنی کەم هەوڵی بەرەوپێشــچوون دەدەن، ئەو کتومت کرداری «بەرەو پاشــەوە وەرگەڕێ» ئەنجام دەدات.

ئــەم وەرچەرخانــە، ئەم پاشەکشــێیە لە بــەرەی کێشــە نوێیەکان، ڕووی نزیکیــی نێوان پاســکاڵ و نائەقڵانییەتی نوێیــە، بەڵام جیاوازیی پاســکاڵ لەم نائەقڵانییەتە لــەو پەیوەندییە بە ڕادەیەک توندوتۆڵترەدایە کە ئەو بەراوردە تێدەپەڕێنێت، کە بە ئایینی پۆزەتیڤی و دۆگماتیکییەوە گرێــی دەدات؛ ناوەڕۆکــی ڕاســتەقینەی فەلســەفەکەی- کــە ئامانجی چارەسەرکردنی تۆوەکانی دیالەکتیکە بە هۆی بڕێک دژبەریی نائومێدانە و لــە بنەڕەتــدا لە چارەســەر نەهاتوو کە لە دیدی ئــەودا بڕێک بابەتن وا دەکــەن قەڵەمبــاز لە باوەڕی ئایینییدا پێویســت و ناچاریی بێت- لە کریســتیانیزمی دۆگماتیک زیاتر نییە لە شێوەیەکی پاش چاکسازییانەدا و هیچــی تــر کــە جانســینیزمە (Jansénisme). ئەگەرچی پاســکاڵ باوەگەورەی نائەقڵانییەتە، بەڵام باوەگەورەییەکەی هێندەی بە میتۆد و

فینۆمینۆلۆژیــای ئامۆژیارانەی ئەزموونی ئایینییانەی نائومێدییە، هێندە بە ناوەڕۆکی بابەتیی باشی هزرەکەی نییە. تەنها بەم پێودانە دەتوانرێت بە پێشــینێکی تــا ڕادەیەک ناگــەورە لێــی بڕوانرێــت. فینۆمینۆلۆژیای نائومێدیــی (کە بە چەندیــن پێودان "هاوچەرخ و نوێیــە")، کە ئامانجی بەدیهاتنە لەنێو ئاییندا، ڕووەو ددانپێدنان بە کۆی باوەڕی کرســتیانیزم پاڵیدەنێــت؛ بەڵام کتومت ئەوە ڕاســتیی پێڵێنانێتی لــە "ئەقڵانییبوون"ی بــاوەڕەکان، کە ئەو لە ڕەوتەکانی نائەقڵانییەتــی نوێ دووردەخاتەوە. بەڵــێ- زۆر جاریــش لێکنزیکبوونــەوە کــراوە- زۆر جــار هــزر و بیرکردنــەوەی لەگەڵ هزر و بیرکردنــەوەی کێرکەگارددا ڕێک دێتەوە، بــەڵام ئێمــە، کاتێک لــە کێرکــەگارد دەکۆڵینەوە، دەبینیــن ماوەی دوو سەدە بووە هۆی دروستکردنی گۆڕانێک لە چۆنایەتیدا؛ لای کێرکەگارد فینۆمینۆلۆژیــای نائومێدیــی بــە ڕادەیــەک زاڵە خواســتی بەدیهاتن و تێپەڕانــدن لە ئاییندا لە ڕیشــەوە، لە دژی خواســتی خودی کێرکەگارد خۆی، بابەتی ئامانجی ئایینیی، دەستکاریی دەکات؛ دروست هەڵوەشانی ناوەڕۆکــە ئایینییەکــەی لێ دەکەوێتەوە، کریســتیانیزم دەگۆڕدرێت بۆ بەڵگەنەویستێک، بە ڕشتەی خۆزگە خواستن باس دەکرێت، هەموو ئەم فەلســەفەیەیش قەوماو لــە ناخوداباوەڕییەکی ئایینیی و لە نیهیلیزمێکی بوونگەراییەوە نزیک دەکاتەوە. بەدڵنیاییەوە تۆوی هەموو ئەوانە لەنێو پاسکاڵدا هەن، بەڵام تەنها تۆون و هیچی تر.

لای هاینریــش یاکوبیی هاوســەردەمی ڕۆشــنگەریی و کلاســیکیی ئەڵمانی، ڕانانی بەرگرییکارانە لەبەردەم ماتەریالیزم و ناخوداباوەڕییدا دەســبەجێ زۆر ڕوونتر دەردەکەوێت. بەم پێیەیش ناوەڕۆکی ئەرێنیی ئەزموونە ئایینییەکەیشــی دیسان زۆر هەژارترە. دواجار هیچ چارێکی تری نامێنێت، بێجگە لە هەوڵێک- بە هەر نرخێک بێت- بۆ ڕزگارکردنی جۆرێــک لە ئایینداریی ئاڵۆز و ناڕۆشــنی ئایینی پەتیــی، لەنێو خوددا. هــەر بۆیــە ئەو لــە نائەقڵانییەتی نوێ لە یەک کاتدا هــەم دوور و هەم نزیــک دەکەوێتەوە. بە هۆی ئەو دژبەرییکردنە ڕیشــەییەوە لێی نزیک

دەکەوێتــەوە، کــە لــە نێــوان دیتن- ئەو شــتەی کــە ئەو بە "زانســتی ڕاستەوخۆ" ناودێری دەکات- و زانینی چەمکیی، گوتەیی، بە دەربڕینێکی تر میتافیزیکیی، کە تەنها ئاســتێکی پڕاگماتیی کردەیی پێدەبەخشــێت و توانای گەیشــتن بە ڕاســتیی بوون بۆ ئەزموونی ئایینیــی دەپارێزێت. (هەمــان دووفاقیی لە شــێوەیەکی زۆر پەرەپێدراوتردا لای بیرگســۆن دێتەوە بوون، کە لە ئێستادا لای یاکۆبی ئەگەرچی لە شێوەیەکی تەواو زۆر ڕووتیشدا بێت سیماکانی نائەقڵانییەتی نویێ دەردەخات)، بەڵام بە ڕادەی ئــەوەی ئەو قەڵەمبازەی وا لــە بیرکردنەوە دەکات بیدات، تەنها بیرۆکەیەکی ئێجگار ڕووت و ئێجگار کرچ و کاڵی دەربارەی خودایەتی لــێ شــین دەبێت، لێیەوە دوورە. ئەمە واتای ئــەوە دەگەیەنێتیاکۆبی لە کێشەیەکی ئاڵۆزدا وەستاوەکە لە دواییدا نائەقڵانییەتی پاشتر بە ئەفسانە و ئەم ئەزموونە ســۆزدارییە ئێجگار ڕوون، بەڵام کەم دروستەی هیچ کۆمەکــی دەکات، کــە، بەوپێیــەی بەناو تەقەللایەکە بە شــوێن چیەتیی ڕاســتییدا- دوور لە دیالەکتیک، شــێوازەکانی دیتن دەبەخشێت، چونکە بەتاڵیی "زانســتی ڕاســتەوخۆ"ی یاکۆبی هەمان ئەو وەهمانەی تێدایە، کە خودایەتیی ســەردەمی ڕۆشــنگەریی لێوانلێو کردووە، هەمان هەوڵ بۆ سازاندنی وێنای میکانیکیی زاڵی ئەو کاتە لە زانستە سروشتییەکاندا دەربــارەی "یەکەم جووڵە" لەگەڵ خودایەکدا، کــە ڕۆڵی بە جۆرێک لە جــۆران ئەوە دەبێت کاتژمێری دیواریی گــەردوون بچەرخێنێت. بەڵێ، یاکۆبی بەتوندیی بەرهەڵستیی نوێنەرانی ئەڵمانی ئەم فەلسەفەیە دەکات (بە نموونە؛ میندڵســۆن)، بەڵام تەنها خوداوەندنێکی دیتنی پەتیی وەکو خۆی خاڵیی دەتوانێت شوێنی ئەو خودایەیان بگرێتەوە، کە نە ناوەڕۆک و نــە دەســەڵاتی هەیە. بڕوانن هیگڵ بە چ دەســتەواژەیەکی دروســت و زرنگانە مۆرکی فەلســەفەکەی یاکۆبی دەستنیشان دەکات: "دواجار، زانینی ڕاستەوخۆ دەربارەی خودا، لەوە دوورتر ناڕوات کە دەگوترێت خــودا هەیە، بەڵام ئەوەی پێمــان بڵێت (واتە ئەو زانینە پێمانبڵێت) خودا چییە، ئەوە کردەیەکە لە کردەکانی دەرککردن پێویستی بە ناوەندگیریی

هەیــە، هــەر بۆیە خــودا بەقەدەر ئــەوەی دەبێت بە بابەتێــک بۆ ئایین وەردەگۆڕێــت و دەبێت بە خودا بە شــێوەیەکی گشــتی، یاخود دەبێت بەو ڕوونەکراوە و دەستنیشــانەکراوەی لە جیهانی ســەروو هەستدا هەیە، بەم چەشنە ناوەڕۆکی ئایین تا دوا ڕادەی کورتدەبێتەوە"[١]، بەڵام لەلایەکی دیکەوە یاکۆبی هاوڕای باڵی هەرە دواکەوتوو و کۆنەپەرستی ڕۆشــنگەرییە لە دوژمنایەتییکردنی فەلســەفیی ئەو بیریارە گەورانەدا، کە لە هەردوو ســەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا ویســتیان بۆ سەروو ئاســتی زانســتە سروشــتییەکان باڵا بکــەن و هێڵی دیدێــک بۆ جیهان بکێشــن خاوەنی یەک درێژبوونەوە بێت، بەڵام جووڵەیەکی دیالەکتیکی بیبزوێنێــت و پێشــوازیی لێبــکات، دیدێکی دامەزراو لەســەر جووڵەی خۆیــی خۆبەخــۆی شــتەکان خۆیــان (ســپینۆزا، لیبنز، ماتەریالیســتە فەڕەنسییەکان).

ئەمەیــش ئەنجامەکانــی هەمــوو ئەوانەیــە ســەبارەت بــە یاکۆبی: بەرامبەر بە ئاراستە دیالەکتیکییە هاوچەرخەکانی؛ (هامان Hamann، هێــردەر Herder، گۆتە) هەمان هەڵوێســتی نــاڕوون وەردەگرێت کە بەرامبەر بە نیمچە- ئەقڵانییەکانی ڕۆشنگەریی گرێدراو بە میتافیزیکی فێرگەی فۆڵــف (Wolff)ـەوە کە ڕەتیدەداتەوە، وەریدەگرێت. لە دواییدا لــە هەمان ڕوانگــەوە ڕەخنەی فەلســەفەی کلاســیکیی ئەڵمانی دەکات کــە ئەقڵــە گەورەکانی هەردوو ســەدەی حەڤدەیــەم و هەژدەیەمی پێ ڕەخنــە دەکات. لەنێو ئەو ئاراســتە نائەقڵانییانەیشــدا کە لای شــیلینگ دەردەکــەون، ناتوانێت پێشــوازیی لــە ڕێچکەیەکی هاوبــەش بکات؛ بە بەڵگە و بەهانەکانی جەنگانی لە دژی ســپینۆزا لە شــەڕکردن لە دژیان بەردەوام دەبێت.

بەم چەشــنە وێڕای هەموو شــتێک یاکۆبی-یش دیســان نوێنەرێکی ڕاســتەقینەی نائەقڵانییەتــی نــوێ نییــە. ئەگەرچــی بــە بــەراورد بــە نزیکبوونەوەی هاوســەردەمەکانی، لەم دوو تایبەتمەندییە سەرەکییەدا

١- هیگڵ، ئینسایکلۆپیدیا، بڕگەی٧٣.

زیاتــر لە نائەقڵانییەتی نوێ نزیکدەبێتەوە: یەکــەم؛ دیتن، یاخود دەرک، بــە جۆرێکی تەواو ڕیشــەیی و داماڵــراو، بەڵام هەروەهــا بە جۆرێکی ڕاســتگۆیانەتر و دڵســۆزانەتر لەوانــەی لەپــاش خــۆی دێــن، دەکاتــە تاکــە ڕێگای تاقانەی "فەلســەفەی ڕاســتەقینە"، چونکــە تێبینیی دەکات بەڵگەهێنانەوەکــەی وەک ئــەوەی کە بۆ نموونە لای ســپینۆزا دەیبینین، بەڵگەهێنانەوەیەکــە لایەنــی زۆر تاقــەت ناگیرێــت و مۆرکەکــەی کــە لــە ڕەتدانــەوە نایەت بەچەشــنێکی ڕێک و ڕاســت بــە ناخوداباوەڕیی دەگەیەنێــت. لە گفتوگۆکردن لەگەڵ لیســینگ دەڵێت: "پێموایە ســپینۆزا خــراپ نییە، بەڵام با ددان بەوەدا بنێین و بڵێین؛ ئەو ڕزگاربوونەی لای ئەو دەیبینین، ڕزگاربوونێکی لاوازە"[١]. ئەم هەڵوێستە، لە نێوان یاکۆبی و ســەرەتاکانی نائەقڵانییەتــی نوێــدا، بڕێــک نزیکیی دروســت دەکات، چونکــە چەندێــک دژبەرییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بچەســپێن، چەندێک دۆخــی ئاییــن زیاتر لە مەترســیدا بێت، نائەقڵانییــەکان توانا و هێزێکی زیاتر دەخەنە پێناوی ڕەتدانەوەی ئەوەی ئەقڵ بتوانێت قەوماو بناسێت- ئەمەیش وەرچەرخانێکە کە لەگەڵ شۆپنهاوەردا دەست پێ دەکات.

بە مەبەستی دوورگرتن لە لۆژیکێکی وەکو لۆژیکی سپینۆزا، یاکۆبی بە شــوێن ڕێگای «زانینی ڕاســتەوخۆ»دا دەگەڕێت، کــە لەنێو هەمان گفتوگــۆدا، لەبارەیــەوە دەڵێت: «دواییــن ئامانجی، ئەوەیــە ناتوانرێت لێکبدرێتــەوە؛ ئەوەیــە ناتوێتــەوە، یاخــود شــینابێتەوە، ئەوەیە ســادە و ڕاســتەوخۆیە»(٢). بــەڵام ئەمــە هەموو شــێوازی هزری فەلســەفی دەگوازێتەوە و بە ڕێگایەکی خودیی پەتیی ڕەوانەی دەکات. ســەبارەت بە یاکۆبی، ئەو شتەی شێوازی فەلسەفە دەستنیشان دەکات، لێکۆڵینەوە لــە جیهانی بابەتــەکان نییە، سروشــتی ناوەکیی ئەو بابەتانــە نییە؛ بە پێچەوانــەوە ئەوە هەڵوێســتی خۆیی بیرمەنــدە- بەگوێرەی کارکردنی

١- یاکۆبی؛ دەربارەی فەلسەفەکەی سپینۆزا، لە شێوەی نامەدا بۆ هێژا موسا میندڵسۆن، میونیش، ١٩٢١، ل٦٦.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

بــە هــزری چەمکیی، یاخود زانینــی ڕاســتەوخۆ، دەرک، یاخود دیتن-بڕیار دەدات بابەتی فەلســەفە ڕاســتە، یان چەوت. هەر بۆیە، هیگڵ، لە ســەردەمی نووســینەکانی قۆناغی لاوێتییەوە، فەلسەفەکەی یاکۆبی بە ئایدیالیزمــی خودیی کانــت و فیختە بەراورد دەکات، بــەڵام لە کاتێکدا کانــت و فیختە، لەســەر بنەمای خودێتیی خۆیان، برەو بە شــێوازێکی فەلسەفیی خودیی دەدەن، یاکۆبی پەنا بە ئەوپەڕی خودێتی دەبات.

نەک تەنها لە تیۆری زانیندا، بەڵکو لە ئاکاریشــدا. لەڕاستییدا یاکۆبی بــە برێــک دەســتەواژەی زۆر ڕوون گوزارشــتی لــە بۆچوونی خۆی بەرامبــەر بە فیختە کردووە، کتومت نووســیویە و دەڵێت: «بەڵێ، منی ناخودابــاوەڕ، بێخــودا، بە پێچەوانەی ئەو ویســتەوە کە هیچ شــتێکی ناوێت، دەیەوێت درۆ بکات، وەک چۆن دیسدمۆنە لە کاتی ئاویلکەداندا درۆی دەکــرد. دەیەوێت درۆ بــکات و فریو بدات، وەک پیلاد بکات، کە وەکو ئۆریســت لێی بڕوانرێت. دەیەوێت وەکو تیمۆلیۆن کاری کوشتن ئەنجــام بــدات. وەکو ئیپامینۆنــداس و یوان دە ویت دەیەوێت یاســا و ســوێند پێشــێل بکات. دەیەوێت وەکــو ئۆتۆ خۆی بکوژێــت. دەیەوێت وەکو داود پیرۆزیی پەرستگاکان ژێر پێ بنێت. بەڵێ، دەیەوێت لە ڕۆژی شەممەی پیرۆزدا گوڵە گەنمەکان ڕیشەکێش بکات و تەنها لەبەرئەوەی کە برســییە و لەبەرئەوەی کە یاســا بۆ مرۆڤ دروســتکراوە، مرۆڤ بۆ یاســا دروســت نەکراوە. من ئەو ناخوداباوەڕەم و من شۆخیی بەو فەلســەفەیە دەکەم، کە بە ناخوداباوەڕ بانگم دەکات، شۆخیی بە ئەو و بــە هەبــووە باڵاکەی دەکەم؛ من، بە هۆی ئەو بــاوەڕە هەرە پیرۆزەوە کە لەنێو ناخمدایە، دەزانم کە هەڤیازیی، یاخود مافی تایبەتی قایلبوونی پەیوەســت بــە تاوانــی لەم جــۆرە، بەچەشــنێکی دژبەر بە یاســاکانی ئەقڵی ڕەها و گەردوونیی، دروســت مافی شــکۆی مرۆڤ و ئەوپەڕی پایەبەرزیی و گەوهەرە خوداوەندانەکەیەتی»[١].

---

١- لەنێو؛ چەند نووسینێک دەربارەی ئەو داوایەی کە بە تۆمەتی ناخوداباوەڕیی لە دژی فیختە بەرزکراوەتەوە، میونش، ١٩١٢، ل١٧٦.

جێی خۆیەتی، بەمەبەستی خزمەتکردنی ڕاستیی مێژوویی، ئاماژە بەوە بدەین کە لێرەدا یاکۆبی، لەلایەک بە جۆرێکی دروست پەنجە دەخاتە سەر هەندێک لە خاڵە لاوازە سەرەکییەکانی نێو ئایدیالیزمە خودییەکەی فیختە، سەر «ئەو ویستەی کە هیچ شتێکی ناوێت»، سەر مۆرکی گشتییڕووتی ئیتیکەکەی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە مەرجە ئاکارییە تایبەتەکانی خۆی لە خودپەرستییەکی بێپرەنسیپ و لە ڕابواردنی خۆیی تاکی بۆرژوازییدا کورتدەکاتەوە، کە چاوی لە دوای بوونە بە «هەڵاوێرد». نایەوێت یاسا بداتە دواوە، بەڵکو تەنها دەیەوێت بۆ تاکی بۆرژوازیی مافی شوێن و پایەیەکی هەڵاوێرد دەستەبەر بکات؛ «مافی تایبەتی قایلبوون» مافی تایبەتی ئەریستۆکراتیی ڕۆشنبیری بۆرژوا (لایەنی کەم بەو چەشنەی کە ئەو بۆ خۆیی وێنا، یاخود ئەندێشە دەکات، چونکە گومانی تێدا نییە یاکۆبی بۆ تەنها ساتێک بیر لە ئەنجامدانی ئەو کارە خراپانە ناکاتەوە، کە دەیانژمێرێت، واتە ئەوەی بەسەر یاسای گشتییدا هەڵاوێردێک جێبەجێ بکات).

بەم جۆرە یاکۆبی کێشەکانی زانین و ئاکار دەکاتە بڕێک کێشەی سایکۆلۆژیی، ژمارەیەک کێشە کە کێشەی خودگەراییین. بەهەرحاڵ هەڵگرتنی سنوورەکانی نێوان تیۆری زانین و سایکۆلۆژیا، یەکێکە لە تایبەتمەندییە گەوهەرییەکانی نائەقڵانییەتی نوێ (بۆ نموونە فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیا)، سوودی خۆیشی هەیە ئەگەر تێبینیی ئەوە بکەین ئەم ئاراستەیە لای یاکۆبی هێشتا بەبێ پەردە خۆی دەسەلمێنێت، بابەتێک کە هیگڵی بەرەو ڕەخنەکردنی «زانینە ڕاستەوخۆکەی» بەم چەشنە دەبرد: «هەر ئەوەندە بەسە بڵێین زانینی ڕاستەوخۆ پێویستە بەو جۆرە وەربگیرێت کە فاکتە... تاقییکردنەوەیەیش، لەم چەشنە هەلومەرجەدا، بەرەو بواری ئەزموون و ڕووەو دیاردەی سایکۆلۆژیی ئاراستە دەکات. ئەگەر بابەتەکەیش بەو جۆرە بێت، ئەوا ئێمە تەنها پێویستمان بە ڕاکێشانی سەرنجە بۆ ئەوەیڕاستییە باوەکانی ئەزموون کە ئێمە زۆر چاک ئاشنایان هەین، بەوپێیەی ئەنجامەکانی ڕستێکی دوورودرێژ

لــە هــزری مامناوەنــد و بــە ڕادەیەکــی زۆر ئاڵــۆزن، ئەم ڕاســتییانە، ڕاستەوخۆ و بەبێ هیچ کۆششێکی ئەوتۆ، لەبەردەم زەینی هەر مرۆڤێدا دەردەکــەون... ئــەو ســادەییەیش کە لە هەر چەشــنێک زانیــن، یاخود هونــەر، یاخود ئەزموونی هونەریی (تەکنیکی) دەیچنینەوە، پشــت بەوە دەبەســتێت کە زانینێکی بەشەکیی، یاخود جۆرێک لە چالاکیی بەرچاوی زەینمانمان هەبێت لە هەر دۆخێکدا کە تیایدا ڕوودەدات، تەنانەت ئەگەر بڵێین چالاکییەکی تێپەڕی ڕاســتەوخۆ بوو تووشــی پەل و پۆی مرۆڤ هات. لەنێو هەموو ئەم نموونانەدا دەبینین ڕاســتەوخۆیی زانین هەرگیز میانگیریی ناداتە دواوە و هەردووکیان پێکەوە بەستراون، چونکە زانینی ڕاســتەوخۆ بە کردەوە بەرهەم و ئەنجامی زانینــی مامناوەندە»[1]. بەم جۆرە، هیگڵ بە زرنگیی هۆشیاری خۆی، ئەو وەهمە ئاشکرا دەکات کە لە مۆرکی ڕاستەوخۆی نامیانگیردا شتێکی نوێ، خولّقاندنێک لە هیچەوە دەبینێــت و نموونەی ڕەخنەیەک دەخاتەڕوو، تەنها یاکۆبی ناگرێتەوە و ناپێکێت، بەڵکو سەرجەم نائەقڵانییەکانی دواتریش دەگرێتەوە و دەپێکێت.

ئەو خاڵە گرنگەی پێویســتی بە بەرەنگاربوونــەوە هەیە، ئەوەیە کە «زانینی ڕاســتەوخۆ»ی یاکۆبــی نەک تەنهــا وەک خۆدزینەوەیەک لە لۆژیکی ناخوداباوەڕیی گەورە بیریارانی هەردوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم، بەڵکو هەروەها وەک گورزە وەڵامێک لە دژی ماتەریالیزمیش دەردەکەوێت. لەنێو ئەو گفتوگۆیەیدا لەگەڵ لیســینگ کە پێشتر باسکرا (کــە ســوودێکی هەلاوێــردی هەیــە و بەکورتیــی و پوختیــی هەموو فەلســەفەیەکی لەخۆگرتووە)، زۆر بەڕوونیی هێما بۆ ئەو مەترســییانە دەکات کــە دەیانبینێــت، ئەم جارەیش دیســان دژبەریی ژمارەیەک لەو نائەقڵانییانــە دەکات کــە دواتر دێــن، لەوانەی کە دەیانەوێت پرســەکە تاریک و ئاڵۆز بکەن بەوەی هێماکردنێکی ســەرنجبەرانە هێما بۆ بەناو «ڕێــگای ســێیەم» لــە فەلســەفەدا دەکــەن، وەک- «ماتەریالیزمێک» وایــە کە بە قەولــی ئەو دەکەوێتــە ئەودیو دژبەریی نێــوان ئایدیالیزم

[1]- هیگڵ، ئینسایکلۆپێدیا، بڕگەی٦٦.

و ماتەریالیزمەوە. تایبەتمەندیی ماتەریالیزم بەم چەشــنە دەستنیشــان دەکات: «بیر کانگای چیەتیی نییە، بە پێچەوانەوە چیەتیی کانگای بیرە. واتە ئەگەر بەر لە بیر شــتێکی تری بیرلێنەکراوە دۆزرایەوە، پێویســتە بەرتر بکرێت... هەر بۆیە هەق بە لیبنز بوو کە دەروونەکان بە ماشێنە ڕۆحییــەکان، بزوێنەرە لە ڕووی ڕۆحییەوە خودییەکان (automates spirituals)[1]ناودێــر بکات. ئەم گەڕانــەوە گەواهییە بۆ لیبنز بێگومان زیاتر دروستە ئەگەر بەسەر سپینۆزادا ساغ بکرێتەوە.

نائەقلانییەتــی یاکۆبی، لەپــاش ئەو قەیرانــە ئایدیۆلۆژییە گەورەیە، کــە شــێوە نوێیەکانــی نائەقلانییەتــی بەرهەمهێنا، بەو چەشــنە، وەک چڕکراوەیەکی کۆنەپەرســتانەی ململانێ ڕۆحییەکانی هەردوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم دەردەکەوێت. هەروەها پێشوەخت مایەپووچبوونی نائەقلانییــەت دەردەخات و دەریدەخات، تەنانــەت ڕەتدانەوەی ئەقڵ و خۆدزینــەوە بەرەو پووچگەرایی و بەتاڵیی، کە دژبەرییەکی ئاشــکرای بێناوەڕۆک و پووچە، نیهیلیزمێکی بە ئایین ڕەنگکراوە، بێجگە لە وەهمی بەرگرییکردن لە دژی فەلســەفەی ماتەریالیستی، هیچ شتێکی تریان لە هەگبــەدا نییە. ئەم ئاراســتەبوونە ڕووەو نیهیلیزم پێشــوەخت لەلایەن ژمارەیەک لە هاوســەردەمانی یاکۆبییەوە تێبینی کراوە. لیســینگ لەنێو ئەو گفتوگۆیەدا کە پێشتر باسکرا (کە یاکۆبی بە نووسین گواستییەوە)، دەڵێت کە ئەو پێیوایە یاکۆبی «تەواو دڕدۆنگە» فەلسەفەکەی دەیەوێت «پشــت لــە هەموو فەلســەفەیەک هەڵبــکات»[2]. فریدریش شــلیگڵ (F. Schlegel)ی لاو، لــە قۆناغــە کۆمارییەکەیــدا، هێــرش دەکاتە ســەر فەلسەفەکەی یاکۆبی، نەک تەنها لەبەرئەوەی "بەبێ چەند و چوون لەنێو بێباوەڕیی و نائومێدیی، یاخود خورافە و دەمارگیرییدا کۆتایی دێت"[3]،

[1] - یاکۆبی، دەربارەی فەلسەفەکەی سپینۆزا...، هەمان سەرچاوە، ل٧٤.
[2] - یاکۆبی، دەربارەی فەلسەفەکەی سپینۆزا...، هەمان سەرچاوە، ل٧٧.
[3] - نووسینەکانی گەنجێتیی فریدریش شلیگڵ وەک پەخشان، ڤیەننا، ١٩٠٦، ب٢، ل٨٥.

بەڵکــو لەبەرئەوەی نائاکارییشــە. دەربارەی کارەکانــی یاکۆبی دەڵێت: «دەبینین ڕۆحی فریودان و گومڕاکردن تیایدا دەژی و گەشــە دەکات، ڕابواردنێکی ڕۆحیی تــەواو و زێدەڕۆییەکی بێکۆتا دەبینین، ئەمانەیش هەموویــان لەو شــتانەن کە وێڕای بنەچــە خانەدانەکەیان، یاســاکانی دادگەریــی و ئــاکار بەتەواویی لەناودەبــەن. تەنها بابەتی پەرستشــی بتپەرســتانەی جادووگەرانەیە دەگۆڕێت، هەرچی جادووگەرانەیە وەک خۆی دەمێنێتەوە. هەموو هەوا و هەوەســێکی لەو جۆرە بە کۆیلایەتی کۆتایــی دێــت، تەنانەت بەتایبەتی هەواو هەوەســی بەهرەمەندبوون لە ئەوینــی هەرە پاکــی هەبووی هەرە بــاڵا. چ کۆیلایەتییەک ناشــیرینتر و ترســناکترە لــە کۆیلایەتیی ســۆفییانە؟»[1]. ئەوەی کــە ئەوە خودی فریدریش شــلیگڵ خۆیەتی لــە کۆتاییدا بووە نائەقڵانییەکی ســۆفیگەر، هیچ لە دروستیی ئەم دەستنیشانکردنە کەم ناکاتەوە.

ئــەوەی لە بەشــدارییەکانی یاکۆبیــدا لە هەر شــتێک بارگرانتر بوو بە ئەنجام، ئەو ئاشــکراکردنە بوو کە ســپینۆزا (شان بە شانی ئەویش لیســینگ و لەدواییشــدا هەموو فەلســەفەی کلاســیکیی ئەڵمانی) وەک ناخودابــاوەڕ ئاشــکرا دەکات. ئەمــە، بێگومــان، پێدانی چــەک بوو بە کۆنەپەرستیی، چونکە سپینۆزاییزم، لە ڕووی ئەو بابەتە گەوهەرییەوە کــە تیایدایەتــی- کــە پەرەدانە بــە دیالەکتیــک- بەبێ چەنــد و چوون چقڵی چاوی کۆنەپەرســتیی بوو. تۆمەتبارکردنیشی بە ناخوداباوەڕیی شــاراوە ئامرازێکی کاریگەر بوو بۆ ســەرکوتکردنی (فیختە، کە پێشتر ئەمیــش بــە ناخوداباوەڕیی تۆمەتبارکرا، ئەگەرچی ئــەم تاوانبارکردنە ڕاستەوخۆ لەلایەن یاکۆبییشەوە نەبووبێت، ناچار نەبوو کورسییەکەی لــە زانکــۆی یینا واز لــێ بهێنێت؟). ئەم بەراوردە ڕیشــەییە کە یاکۆبی بۆ بەراوردی ســپینۆزاییزم بــە ناخوداباوەڕیی دەیــکات، وێڕای ئەوە ســەبارەت بە مێژووی فەلسەفە گرنگە، چونکە وا دەکات ئەو ناجۆرییە کــە لە بنەمادا لە نێوان فەلســەفە و ئاییندا هەیە ڕوون بێت هەر لەگەڵ

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨.

هەردووکیـــان بـــەرەو ئەنجامـــە لۆژیکییەکانیان دەبرێـــن، لەبەرئەوەی ئـــەو ناجۆرییەی ســـەبارەت بە ئەمڕۆ دروســـت کـــردووە. لێرە بە دوا فەلســـەفەی پێشـــکەوتنخواز، کە بێچەند و چوون وەک فەلســـەفەیەکی ناخوداباوەڕ ناســـێنرا، بە هۆی فەلســـەفەیەکی کریســـتیانییەوە- یاخود لایەنی کەم بە هۆی فەلســـەفەیەکەوە کە جەخت لەسەر ڕێزی خۆی بۆ کریســـتیانیزم بکاتەوە بەرهەڵستیی ناکات- بەڵکو بە هۆی دەرکگەرایی پەتیی و نائەقڵانییەتێکی ئارایشتکراو و ڕەتدانەوەی فەلسەفەی چەمکدار و ئەقڵیی بە گشتی بەرهەڵستیی دەکات.

ئەنجامەکانـــی پێویســـتیی ئـــەم بژاردە قورســـە خێـــرا دەرنەکەوتن. هێـــردەر و گۆتـــە، کە لـــە بەڵگاندنـــی ســـپینۆزاییزمدا لاگری ســـپینۆزا (یاخود لیســـینگ)ن، لە فەلســـەفەی یەکبووندا دەمێننەوە و ئەو ئەنجامە ناخوداباوەڕانـــە دەدەنـــە دواوە کـــە یاکۆبـــی لێیـــەوە هەڵیدەهێنجێـــت. فەلســـەفەی سروشـــتی شـــیلینگ-ی لاو و لایەنگرانـــی و فەلســـەفەی هیگڵ- وێڕای نارەزاییەکانیان، ســـەرباری ئەو تۆمەتی ناخوداباوەڕییە، کـــە هەروەهـــا (لەلایەن خـــودی یاکۆبی خۆیەوە) درایە پاڵ شـــیلینگ و (لەلایەن تەوژمی ڕۆمانتیکییەوە) درایە پاڵ هیگڵیش- ئەوانیش دیســـان بەرەوپێشچوونێک نین لە لێکدانەوەی سپینۆزاییزمدا، بەڵکو باشتر بڵێین گەڕانەوەیەکـــن بـــۆ دواوە. بابەتەکە لێرەدا «دیپلۆماســـی» یەتێک نییە بەرامبەر بە دەســـەڵاتی ئەکلیریکی، کە وێڕای ئەوە «دیپلۆماسی»یەکی گرنگ و پێویســـتە لەم سەردەمەدا وەک لە سەردەمی پێشوویشدا هەر وا بوو. ئەم توخمە بێگومان ڕۆڵێک لە فەلســـەفەی کلاسیکیی ئەڵمانییدا دەگێڕێـــت، کـــە ناتوانرێت پشـــتگوێبخرێت، بەڵام بابەتـــە گەوهەرییەکە ئەوەیـــە، کە بە هۆی ناتەواویی و ناجۆریـــی و دیالەکتیکی ئایدیالییەوە، دیالەکتیکی ئایدیالیی لەڕاستییدا هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیتوانی بەسەر ئەو پاشماوە لاهوتییانەدا زاڵ ببێت کە لەنێو خۆیدا پاراستبوونی. لێرەدا فۆیرباخ ڕاســـتی گوتووە کاتێک دەڵێت: «یەکبـــوون ناخوداباوەڕییەکی لاهوتـــی و ماتەریالیزمێکـــی لاهوتـــی و ڕەتدانـــەوەی لاهوتـــە لەســـەر

خاکــی لاهوت خــۆی، چونکە یەکبوون، مــادە و ڕەتدانــەوەی خودا و نەرێکردنی، دەکاتە ســیفەت و گوزارەیەکی خودایەتی»[1]. لەنێو هەمان چەشن لە بیر و بۆچووندا، هیگڵ بە سپینۆزا بەراورد دەکات و دەڵێت: «فەلســەفەی شــوناس لەوەدا لە ســپینۆزاییزم جیاوازە شتی ساردی مردوو، کە شوناســی ســپینۆزاییزمە، بە ڕۆحێکی ئایدیالییانە ڕۆحدار دەکات و دەبزوێنێت. ئەوە هیگڵ بوو بەتایبەتی کە چالاکیی سەربەخۆ، هێــزی ســەربەخۆ، ئاگایی خودی کــردە گوزارەی چیەتیــی. دەربڕینە دژوازەکــەی هیگڵ، کە بەگوێــرەی ئەو دەربڕینە «ئــەو ئاگاییەی ئێمە دەربارەی خودا هەمانە، ئەو ئاگاییەیە خودا دەربارەی خۆی هەیەتی»، لەســەر هەمان ئەو بناغانــە دادەمەزرێنێت کە دەربڕینەکەی ســپینۆزا لەسەری دادەمەزرێت، کە هیــچ لە دەربڕینەکەی هیــگڵ دژوازتر نییە کە بەگوێرەی دەربڕینەکەی ســپینۆزا «کشــان، یاخــود مادە گوزارەی چیەتییــە» هیچ شــتێکی تر ناگەیەنێــت، تەنها ئەمە نەبێــت: خودئاگایی گــوزارەی چیەتییە، واتە خودایە- بە دەربڕینێکی تر: خودا، منە». ئەمە دژبەریــی و ناڕوونییەکی لــێ پەیدا دەبێت لەنێــو نیوهیگڵیزمدا دەگاتە لوتکەی خۆی و وا دەکات فۆیرباخ بڵێت فەلســەفەی دیتنەکیی دڕدۆنگ «لە یەک کاتدا خوداباوەڕیی و ناخوداباوەڕییشە»[2].

گەوهەری پەرەســەندنی فەلســەفەی ئەڵمانی دەستنیشــانکراو بەو چەشنە- کە لە بنەڕەتدا لەنێو فەلسەفەی خۆرئاوادا لە دیکارت تا هیگڵ هەمــان گەوهەرە لەگــەڵ ڕەچاوکردنی بڕێک گۆڕانی بەرچاو لە دۆخی هەڵکشــان و داکشاندا- پێویســتە بە توندیی جەختی لەسەر بکرێتەوە، چونکــە نائەقڵانییەتــی نــوێ پێیوایــە لــە لاوازییەکی لەم جــۆرەدا ئەو خاڵــی لێدوانە دەدۆزێتەوە، کە بواری دەدات ژمارەیەک فەیلەســووفی گەورە، کە بەگوێرەی هێڵی زاڵی بیرکردنەوەیان هەموو شــتێک بوون، تەنهــا نائەقڵانیی نەبێــت، وەربگۆڕێت بۆ نائەقڵانی و تێهەڵکێشــی ئەو

[1]- فۆیرباخ، سەرجەم نووسینەکان، لایبزیگ، ١٨٤٦، ب٢، ل٢٨٩.
[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥.

دالانەی باووباپیرانیان بکات کە بۆ خۆیی بونیاد ناوە، تەنانەتهەندێکجار ئـەو دەرکەوتنانـەی نائەقڵانییەتیـش، کـە لای هاوسـەردەمەکانیان دەیاندۆزینەوە، بۆ ڕەخنەیەکی وێرانکەرانە ڕام دەکرد. (دواتر، لە کاتی کۆڵینەوەمان لە نیوهیگڵیزم، دەبینین خودی هیگڵ خۆیشـیان لەم بەڵایە نەپاراسـت). ئەوەی جەخت لەسـەر دووفاقێتی گەوهەریی لەنێو کاری ئایدیالیسـتە مەزنەکانـدا دەکەینەوە، ئەو دووفاقێتییـەی بێگومان تەنها ماتەریالیسـتە هەرە هەڵکەوتـووەکان دەیانتوانی لە دەسـتی قوتاربن، بوارمان دەدات لەسـەر بنەمایەکیزاراوەیی پەتیی لە کێشەی ئەقلانییەت و نائەقڵانییـەت نەکۆڵینـەوە و بڕێـک لێـدوان نەکەینـە بنەمـا کـە لە بەستێن و نیازی سەرەکیی فەلسـەفەیەک لە فەلسەفەکان دابڕێنراون- ئەمەیش هەمیشـە توانا و شـیانی ئەوە دەڕەخسـێنێت وای لێ بکرێت زرنگانەوەیەکـی نائەقڵانیی دەربکات-، بەڵکـو لەجیاتیی ئەوە دەتوانین هەموو بایەخی خۆمان تەرخانی ئەم دووفاقێتییە بنەڕەتییە بکەین.

پرسـەکە گرنگـە لەبەرئەوەی تەقەلـلای تاقەتپڕووکێـن کران تاکو ڤیکۆ، یاخود هامان، ڕۆسـۆ، یاخود هێردەر، بکرێنە نائەقڵانی. لەلایەنی ڕوانگـەی «مێژوویەک بۆ ڕۆح»ی بونیادنراو بەگوێرەی دەربڕینەکانی ئایدیالیزمی هاوچەرخ، ئاشکرایە ئەو بیریارانە دەتوانرێت تا دەورووبەری نائەقلانییەت بگەڕێنرێنەوە. ڕاسـتە ئەوان، دەسـتپێک لە بەڵگاندنەکەی ڤیکـۆوە لە دژی دیکارت، لەگەڵ ئاراسـتەکانی سـەردەمەکەیاندا کە بە جۆرێکـی باو بە زاراوەیەکـی مۆدی هەرگیز نەشـیاو و تەواو ڕووت بانگ دەکرا؛ کە ئەقڵانییەت بوو، لە دژبەرییەکی توندا بوو. ئەگەر بەم چۆنایەتییە ڕواڵەتی و سەرپۆتە دژبەرییەک لە نێوان ئەقڵیی و نائەقڵییدا دروسـت بکەیـن، ئـەو بیریارانە دێن تاکـو بەچەشـنێکی «خۆبەخۆ» لـە پـاڵ نائەقڵانییەتدا ڕیز بگرن، بە هەمان شـێوەی ئـەو دۆخەی کە، ماوەیەکی زۆر بەر لە برەوسـەندنە زۆرەکەی، لەگەڵ ڕۆسـۆ و هامان باو بوو (ڕۆسۆ «کە نائەقڵانییەکی ڕۆمانتیکییە» بەرهەمی کاردانەوەی ئایدیۆلۆژیی دژ بە شۆڕشی فەڕەنسی بوو).

به پێچەوانەوە، بەو جۆرەی هەوڵی ئەوە دەدەین، ئەگەر نائەقڵانییەت بەشێوەیەکی بەرهەست وەربگرین، لە ناوەندی ململانێ ئایدیۆلۆژییەکانی سەردەمدا، بەوپێیەی تێهەڵکێشی شەڕی چینەکانی نێوان پڕۆلیتاریا و کۆنەپەرستیی بووە، ئەوکات بەبێ چەند و چوون لە بەر ڕۆشناییەکی تەواو جیادا دەردەکەوێت، لە شێوەیەکی تەواو جیاوازی نزیکتر لە ڕاستییەوە. ئەودەم هەروەها دەبینین ئەو بیریارانەی پێشتر ناویان هێنرا، ئەوانەی لە سەردەمێکدا ژیان ئامانجی هەوڵی زاڵ تیایدا ئەوە بوو وەک چەمک زانینی دیاردە میکانیکییەکانی سروشت پەرەپێبدات و هزرەکەیشی بەگوێرەی خودی ئەم هەوڵە خۆی میتافیزیکی بوو، بە شێوەیەکی دژبەر لەگەڵ ئەم ئاراستەیەدا، بۆ هزر داوای مافی ساغکردنەوە بەسەر جیهانی مێژووی ملکەچ بە گۆڕانەکان و مافی تێگەیشتنی پەرەسەندنەکەی دەکەن، بەڵام ئەگەرچی ئێمە بەو جۆرە دەربارەی قەوماوی مێژوویی دەدوێین، پێویستە خوێنەر لێنەگەڕێت ئاسۆی لەلایەن ئەم تیۆرییەوە بەرهەمی دارمانی بۆرژوازیی کەمبکاتەوە و سنووردار بکات، کە دیاردەی مێژوویی، وەک ئەوەی «کە لە نموونەی دەگمەنە»، «کە تەنها جارێک قەوماوە»، «کە لە بەراوردکردن بە هیچ شتێکی بێجگە لە خۆی نایەت»، واتە وەک لە هەر بیرۆکەی یاسایەک لاسار و بەم پێیە بە هۆی سروشتە نائەقڵانییەکەیەوە، فام بکرێت و بفامێنرێت. بەم نزیکانە ڕوونیدەکەینەوە ئەم وێناکردنە بۆ مێژوو، لە بەرهەڵستیی کۆنەپەرستی لە ڕیشەدا پادشایەتیی یاسایی دژ بە شۆڕشی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە و زانستی بۆرژوازیی، لە تیۆر و پراتیکدا، لەپێناوی پێویستییە تایبەتەکانی خۆیدا کردییە موڵکی خۆی و لەگەڵ گەشەکردنی بۆرژوازییەتی هەرە کۆنەپەرست؛ (ڕانکە Ranke و، ڕیکرت Rickert)دا، گونجاندی.

ئەو بیریارانەی لێرەدا گرنگییان پێدەدەین، هیچ پەیوەندییەکیان بەو ئاراستانەوە نییە. جیاوازییەکانی وێناکردنی جیهان و جیاوازییەکانی بەهرە، یاخود سەلیقەکان هەرچییەک بن (ئاشکرایە گوتە، کاتێک لە

ئیتاڵیا ڤیکۆی ناســی، نائاگایانە بە هزر و بیر کەمەندکێشی هامان بوو، کە یەکێک بوو لەوانەی لە گەنجێتیدا سروشیان پێ بەخشیبوو)، چونکە یەک هەوڵی هاوبەش کۆیدەکردنەوە؛ هەوڵدان لەپێناوی قووڵکردنەوەی یاســا ناوخۆییەکانــی گۆڕانــی مێژوویــی و پێشــکەوتنی مێژوویــی- کۆمەڵایەتی، هەوڵدان لەپێناوی دۆزینەوە و فامکردنی ئەقڵ لە مێژوودا- بــە دیارییکراویتر ئەقڵانییبوونی ناونشــینی مێــژووی مرۆڤایەتی، ئەو ئەقڵانییبوونەی دواجار جووڵەی خۆیی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕوونیدەکاتەوە. ئەم هەوڵە لەگەڵ بڕێک کێشەی دیالەکتیکیدا بەرەوڕووی کردنەوە، لە ســەردەمێکدا تیایدا کۆڵەکە ڕاســتەقینە و ماتەریالییەکانی یاســاکانی ئەو پەرەسەندنە مێژووییە بابەتی لێکۆڵینەوە نەبوون (با بۆ نموونە ئەو دۆخە وەبیربهێنینەوە کە زانســتی پێش مێژووی تێدا بوو)، هەروەها تیایدا ئەو تەوژمانەی هزر کە باڵادەست بوون، هیچ گوێیان بە پەرەدان بە دەزگایەک لە چەمک نەدەدا، بە شێوازێک کە بتوانێت بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ ببێت؛ تیۆری زانینی زاڵ (لەگەڵ ئەندازەگیرییدا وەک مۆد) باشتر بڵێین کۆسپێک بوو بووبووە لەمپەری سەر ڕێگای هەموو بەرەوپێشچوونێک بەو ئاراستەیەدا.

لەبــەر ئەم هــۆکارە گەڕان بە شــوێن ئەقڵی ناونشــین لە مێژوو و یاســاکانی پەرەســەندنی ناوخۆیی کۆمەڵــدا، لــە دژی تەوژمی زانینی باڵادەســت بــوو و بەم پێیە وەک نزیکبوونەوەیەکــی زۆر کات ئاڵۆزی پڕ لە وێنە- خواســتن- هێما بوو لە وتەزاکانی دیالەکتیکەوە. تەنها ئەو وتەزایانە دەیانتوانی گوزارشــتێکی بە یاســاکانی پەرەســەندنی مێژوو و کۆمــەڵ ڕێک و فیت بە دەســتەوە بدەن. بۆ نموونــە دوورکەوتنەوە و هەڵهاتنــی گۆتــەی لاو لە "ئەقڵانییــەت"ی ســەردەمەکەی خۆی و- بە چەشــنێک کە مایــەی دڕدۆکییە و تەنانەت بــە جۆرێکیش کە واتای خــۆی هەیە، ســپینۆزاییزم لــەم هەڵهاتــن و دوورکەوتنەوەیە قوتاری دەبێــت- کتومت بە قەوماوی ئەوە ڕاڤــە دەکرێت، کە ئەو ئەگەرچی بە جۆرێکی خۆڕســکانەیش بووبێت لە دوور مەودادا بە شوێن ئەو وتەزا

دیالەکتیکییانەدا دەگەڕا، کە دەتوانن دەربارەی پەرەسەندنی بوونەوەرە زینـدووەکان بدوێـن و بدرکێنـن، بـە شـوێن بۆچـوون و وێنایەکـی مێژوویيانــە بۆ سروشــتدا دەگەڕا. هەر بۆیــە نائەقڵانییە ژیانگەراکانی قۆناغی ئیمپریالیزم داوایان دەکرد بکرێتە پێشــین، بەڵام پەرەســەندنی هزریی گۆتە، سەرەتا لە هەوڵەکانی لاوییەوە، لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە بەچەشنێکی بەرهەســت دوودڵ و ڕاڕان، لەپاش قۆناغێکی ئەزموونیی ڕیشــەیی، بــەرەو باوەڕهێنان بە فەلســەفەی کلاســیکیی ئەڵمانیی لەو لایەنانەیــەوە کە لە دیالەکتیکەوە نزیکترن پاڵیان نا. پێویســتە ئەوەیش بۆ قسەکانمان زیاد بکەین و بڵێین؛ ئەو هەڵوێستە خۆپارێزانەیەی گۆتە بەرامبــەر بەو گەورە فەیلەســووفانەی نواند کە هاوســەردەمی بوون، ســەرچاوەکەی ئەوەیــە لەلایــەک ئەم لە ئــەوان زیاتر بەســەر ڕێگای ماتەریالیزمی فەلسەفییدا ڕێی کرد (ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە ماتەریالیستییەکەی خۆی، کە هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوئاهەنگ نەبوو، بــە هیلۆزۆیــزم hylozoisme {واتە؛ سروشــت ئاژەڵێکــی گەورەیە} ناودێر کرد) لەلایەکی ترەوە هەرگیز قایل نەبوو لێبگەڕێت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە زانســتییە تایبەتەکانی لە بۆتەی سیستەمێکی ئایدیالیستانەدا بەند بکرێت.

نموونــەی گۆتە بەڕوونیی ئــەم تایبەتمەندییانە دەردەخات، کە ئێمە دەیانبینیــن؛ گۆتــەی بەرهەڵســتی پۆلێنکردنی لینــە (Linné) بۆ ڕەها، گۆتەی پشــتیوانی جۆفروا سانت ئیلێر (Geoffroy Saint- Hilaire) لە دژی کوڤیێ (Cuvier)، گۆتەی پێشــینی داروین- نەک لە بڕێک پەند و ئامۆژیاریی لێرە و لەوێ، یاخود تەنانەت لە هەندێک هەوڵی گشــتیدا کە دەتوانرێت بە ڕاڤەیەک لە جۆری "زانستی ڕۆح" کە گرنگیی و گوێ بــە مەرجی مێژوویی نادات، شــتێک کە لــە نائەقڵانییەت دەچێت لێوەی هەڵبهێنجرێت.

تا ڕادەیەک کە بەس و پێویســتە وەک یەکــە ئەگەر پنتی گرنگییدان کــە لای گۆتــە مێژووی سروشــتە و لای ڤیکۆ، یاخود ڕۆســۆ، یاخود

هێـردەر مێژووگەرایـی هەمـوو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانە، بیرۆکەی خـودا لای زۆربــەی ئەوانی تر بە جۆرێک کە لــە بەراوردکردن نایەت ڕۆڵێکـی ئەرێنیتـر لــەو ڕۆڵە بگێڕێت کــە لای گۆتــە دەیگێڕێت. با بەو ئەرکــە مێژووییەی بــەراورد بکەین کە "خواسـتی خودایی" لای ڤیکۆ هەیەتی. ڤیکۆ ئەم "خواستە" وەک ڕۆحی "کە لە خواستی مرۆڤەکانەوە (کە هەموویان) وابەسـتەی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانن و بەم جۆرە ناچارن لە سـارایەکدا بژین وەک چۆن ئاژەڵە دڕندەکان تیایدا دەژین" کۆمەڵە شارسـتانییەکان پێناسـە دەکات، کە دەرفەتی ئەوەیان پێدەدات لەنێو بڕێک دەسـتەی دروسـت مرۆڤایەتییدا بژین"[1]. پێمانوایە ئەوەی دەیبیستین قسەی هیگڵە کاتێک ڤیکۆ لە کۆتایی کتێبەکەیدا هەمان بیرۆکە بەم چەشنە پوخت دەکاتەوە: «چونکە خودی مرۆڤەکان خۆیان و تەنها هــەر مرۆڤــەکان ئەم گەردوونەیان لە گەلان سـاز کـرد؛ ئەمە بنەمای یەکەم و مشتومڕ هەڵنەگری ئەم زانستە بوو، بەڵام بێگومان لە گیانێکی تری زۆر جار جیاواز و تەنانەت پێچەوانە بەو ئامانجە تایبەتانە لە دایک بوو، کە هەمیشە مرۆڤەکان و باڵاتر لە ئەوان بە دوویەوەن. ئەم ڕۆحە ئــەو ئامانجە تایبەتانەی بۆ ئامانجە باڵاکانی خۆی ڕامکرد و هەمیشــە لەپێناوی مانەوەی جۆری مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە بەکاریهێنا»[2]. وەک لە کاتێکی دواتریشــدا، لەگەڵ «هزری ئەقڵ»دا لای هیگڵ، بەدڵنیاییەوە لێـرەدا لەبــەردەم بڕێک دەربڕینی عیرفانیداین بەچەشـنێکی پێکهاتەیی گوێڕایەڵ گوزارشـت لــە پەیوەندییەک دەکات، تــا کۆتایی بەردەوامیی پــێ نەدرا، بــەڵام بلیمەتانە دەرککـرا، ئەمەیش بـۆ دیالەکتیک بوارێکی نــوێ واڵا دەکات، لەگەڵ دادانی پەردەی ئایدیالیزمی عیرفانیی فریودەر بەســەر پەیوەندییــە دیالەکتیکییەکانی کـرداردا، بەڵام بۆ کەسـێک کە بەبێ هیچ پێشــگومانێک ڤیکۆ بخوێنێتەوە، ئاشــکرایە ئەو لێرەداهێما بۆ

[1]- ڤیکۆ، زانستێکی نوێ {بە زمانی ئیتاڵی}، وەرگێڕانی ئەڵمانی، میونیش، ١٩٢٤، ل٧٧.

٢٣٧- ڤیکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٤.

مێژوویەکی سەربەخۆ دەکات، کە لەلایەن خودی مرۆڤەکان خۆیانەوە دروستکراوە و بەم پێیە شیاوە بۆ ئەوەی لە ڕووی ئەقڵییەوە بزانرێت. ئاشکرایە ڤیکۆ لەنێو شیکارییە بەرهەستەکانیدا وشەی «خواست» بە شێوازێک دەردەبڕێت کە لەگەڵ خۆیدا، لە ڕەوتی دیالەکتیکیی مێژووی بە ڕوواڵەت دژبەر و دژواز بە تێگەیشتندا و لەگەڵ ئەو بزوێنراوەدا لەلایەن ئەقڵانییبوونێکی باڵاوە، هەموو بەشدارییەکی ترانسێندێنتاڵ و هەر تێکەڵبوونێک لەلایەن ترانسێندێنتەوە دەکاتە دەرەوە. کەواتە پێویستە سەرمان سوڕ نەمێنێت ئەگەر ئەم دوژمنە ڕاشکاوەی تیۆری زانینی دیکارتیی، لەنێو تیۆریاکەیدا دەربارەی وتەزاکانی ئەقڵ، لەو ئەنجامەوە سەر دەردەکات کە لە سپینۆزاییزمەوە نزیکترە. دەربڕینی؛ «ڕێکخستنی بیر و بۆچوونەکان پێویستە بەگوێرەی ڕێکخستنی بابەتەکان ڕێ بکات»(١) تەنها لەو خاڵەدا لە سپینۆزا جیاوازە ئەویش ئەوەیە ئەم ماتەریالیزمە، ماتەریالیزمی وتەزا چەمکدارییەکان، ڤیکۆ بەتوندیی بەگوێرەی ئاراستە «مێژوویی»ەکەی خۆی، بەچەشنێکی بزواوتر و دینامیکییانەتر لە سپینۆزا وێنای دەکات. بە دەربڕینێکی تر بە هەمان ئاراستەدا کە لەدوای کەمێکی تر دیالەکتیکی ئایدیالیی ئەڵمانی، بەتایبەتی هیگڵ، دەیگرێتە بەر، سپینۆزاییزم دەستکاریی دەکات و درێژە پێدەدات.

لێرەدا بواری ئەوە نییە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی هێڵکارییانەیش بێت، فەلسەفەکەی ڤیکۆ بخەینەڕوو، کەمتر لەوەیش هەوڵدەدەین فەلسەفەکانی هێردەر، یاخود هامان، یاخود ژان ژاک ڕۆسۆ شیکاریی بکەین. تەنها ئەوە گرنگ بوو لە بنەڕەتدا ئەو ئاراستە دیالەکتیکییە شقڵ بکەین، کە پاڵی هەموو ئەو بیریارانە دەنێت مێژووی مرۆڤایەتی و کۆمەڵە مرۆڤایەتییەکان لە بزاوتی هاودەمیدا دەرک بکەن و لە گەمەی کردەوە و ئازارەکانی مرۆڤ وەدەربنێن و ئەقڵانیبوونە ناوخۆییەکەی، واتە یاساکانی پەرەسەندن، وێنا بکەن. چ دۆزەکە بنچینەی مرۆیی پەتیی

١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

زمان بووبێت، کە هێردەر (دژ بە لێکدانەوە لاهوتییەکەی بنچینەی زمان) وەک زادەی بڕێک هێزی مرۆیی چلۆنایەتی و ڕادەیەکی پەرەســەندنی ئەقڵــی مرۆڤ وێنــای دەکات، یاخود لای ڕۆســۆ لەدایکبوونی کۆمەڵی شارســتانیی بووبێت لەگەڵ نابەرابەرییەکەیدا، کە ئەنجامی پەیدابوونی موڵکایەتییە و ئاوســە بە شۆڕشــەکانی داهاتــوو، دۆزەکە لە هەردوو دۆخەکە هەر یەکە. بۆ ئاراســتەی لێکۆڵینەوەکانیشــمان هیچ گرنگ نییە بزانیــن ئایا تیۆرییەک لە تیۆرییەکان، یاخود چەمکێک لە چەمکەکان کە تیۆرییەکانی تێدا بەند کرا لەبەردەم پێشکەوتنەکانی دواتری زانستدا خۆی گرت. ڕۆشنکەرەوەتر ئەوەیە ئەو شێوازە هزرییە بخەینە بەر ڕووناکیی ڕۆژ کە لە ڤیکۆ تا هێردەر، پشــکوتنێکە لــە دیالەکتیکی مێژووییدا. ئەو وردەکارییانەی لەپاش ڕیشەکێشکردنیان لە بەستێنە مێژووییەکەیان بە ئاراســتەی نائەقڵانییەتدا لێکدراونەوە، لایەنی زۆر بڕێک مەیلی لاوەکی ملکــەچ دەگرنــەوە، دەربڕینــی عیرفانییانەی بڕێک قەوماو و ڕاســتین ئــەوکات شــیانی نەبوو بــە چلۆنایەتییەکــی دیالەکتیکانە بەچەشــنێکی هۆشــیارانە ڕوودەن. ئــەو ڕێچکەیەی لە ڤیکــۆوە دەچێت بۆ هێردەر، واتای دەوڵەمەندکردن و پشتیوانییکردنی تەلاری ئەقڵ دەگەیەنێت، وەک چــۆن لە ســەردەمی خۆیدا ئەو ڕێچکەیە وا بوو کــە بیکۆن و دیکارت گرتیانــە بــەر. ئــەو ناکۆکییانەی لێــرەدا لە نێوان بیریارێــک و یەکێکی تــردا تێبینی دەکرێت، تەنانەت دژوازییــە توندەکانیش، بڕێک ناکۆکی و دژوازیــن لە چوارچێوەی یەک ســەربازگەدا، لەپێناوی فەلســەفەیەکدا خەبــات دەکات کە لەســەر ئەقڵانییبوونی جیهان شــاندادەدات. لە هیچ شوێنێک لێکناترازێت بۆ ململانێیەک لە نێوان ئەقڵانییەت و نائەقڵانییەتدا.

## ٢

## دەرکی هزریی شیلینگ
## وەک یەکەمین دەرکەوتنی نائەقڵانییەت

نائەقڵانییەتـی نویٚ لـەو قەیرانە گەورە ئابووریـی و کۆمەڵایەتی و سیاسـی – هەروەها فەلسـەفی–یەوە لە دایک بوو، کە گواسـتنەوە لە سەدەی هەژدەیەمەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم شقڵ دەکات. ئەو ڕووداوە یەکلاکەرەوە و گرنگەی قۆناغە سەرەکییەکانی قەیرانەکە دەستپێدەکات، گومانی تێدا نییە شۆڕشی فەڕەنسییە، ڕووداوێکی جیهانیی بە واتایەکی جیـاواز لـەو واتایەی ئەو شۆڕشـانە هەیبـوو، کە بەر لـەو ڕوویاندا (مەبەست لە هەردوو شۆڕشی هۆڵەندی و ئینگلیزییە). ئەم دوو شۆڕشە تەنها لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیی وەرچەرخـان و کودەتایان بەرپا کرد. دانەوە نێودەوڵەتییەکانیان، وەک پڕۆژە، یاخود سەرەتاکانی ژمارەیەک وەرچەرخانـی کۆمەڵایەتی و بەم پێیـە ئایدیۆلۆژیی، بە جۆرێک کە لە بەراوردکردن نایەت، بایەخیان کەمتر بوو. شۆڕشی فەڕەنسی یەکەمین شـۆڕش بوو دانەوەی گرنگی لەسـەر بونیـادی کۆمەڵایەتیی چەندین دەوڵەت لە ئەوروپادا هەبوو. پاکتاوکردنی دەرەبەگایەتی لە کەنارەکانی ڕاینەوە دەسـتپێکرد، لە ئیتاڵیای باکووریش، گەرچی بە برێک پێوەری زۆر خاکەڕاتر وەک لە فەڕەنسـای (١٧٩٣)، تەنانەت لە هەر شـوێنێک ئـەم پاکتاوکردنـە نەقەوما، ئاتاجیی بۆ گۆڕینی ڕژێمـی دەرەبەگایەتی و سـتەمکاریی، بووە برگەیەکی هەمیشـەیی نێو خشتەی کارەکان. بەم جۆرە پڕۆسەیەکی پێگەیینی ئایدیۆلۆژیی لە هەموو جێیەک دەستپێکرد، تەنانـەت لـە دەوڵەتانێکی وەکـو ئینگلتەرا شۆڕشـی بۆرژوازیی خۆی ئەنجامـدا، چونکـە لـە بـەر ڕۆشـنایی ڕووداوەکانـی فەڕەنسـادا، لە پاکتاوکردنـی دەرەبەگایەتییدا لە ئینگلتـەرا چەندین کەموکووڕیی زەق و ئاشکرا دەرکەوتن.

نوێ ئەوەندە بە بەهێزیی خۆی دەسەپێنێت؛ هیچ دەرفەتێک نامێنێت نــە بــۆ بەرگرییلێکردنــی و نە بــۆ پەلاماردانــی بە هەمــان چۆنایەتیی پێشــوو. ڕێکەوت نییــە مێژووگەرایی نــوێ لەم ململانێیانــەوە لەدایک بووبێــت: چەمکــی دیالەکتیکیــی مێــژوو لەنێو فەلســەفەی کلاســیکیی ئەڵمانییــدا پەیدا دەبێت، زانســتی مێــژوو قەڵەمبازێکــی چۆنایەتی لای مێژوونووسە فەڕەنســییەکان لە ســەردەمی گەڕانەوەدا بەدیدەهێنێت، گیانــی مێژوویــی لەنێــو وێــژەدا لەگەڵ واڵتــەر ســکۆت و مانزۆنی و پوشــکیندا ســەرهەڵدەدات. ڕاســتە گیانی ناحەز بە مێژوو کە دراوەتە پاڵ ڕۆشــنگەریی خورافەیە، ئەمە پێشــگیریی لەوە ناکات ئەوەی ئێستا دەردەکەوێت زۆر لە بزوێنەرەکانی هێردەر دوورتر دەڕوات. لەلایەکی دیکەیشــەوە ئاشــکرا نابێــت کە کۆنیش دیســان چی تــر ناتوانرێت بە شــێوازە کۆنەکان بەرگریی لێ بکرێت. بورک (Burke) هەرچەند کەم ڕۆمانتیکیی بێت، مێژووگەرایی ســاختە، واتە؛ ڕەتدانەوەی پەرەسەندن و پێشــکەوتن لــە مێژوودا بە بیانــووی مێژووگەراییەکــەوە، کە دەڵێن گوایە قووڵیانکردووەتەوە، بەڵام لەڕاســتییدا ئەقڵیــان لێ داماڵیوە، لەو جیابووەتەوە.

بــەڵام هاوکات ئەو ئاســۆیەی شۆڕشــی فەڕەنســی والای دەکات، ئاســۆی چینی بۆرژوازیی تێدەپەڕێنێت. لــەم بارەیەوە لە ڕاپەڕینەکەی بابوف (Babeuf) گوزارشتێکی ڕاستەوخۆ دەربارەی ئەوە دەرکەوت (ئەمیش دیســان جیاوازییەکی واتادار لەگەڵ چەند قۆناغێکی پێشــتردا دەخاتــەڕوو؛ زایەڵــە نێودەوڵەتییەکەی بە جۆرێکی بەرهەســت زۆر لە زایەڵەی شۆڕشــەکانی تۆمــاس مونتزیر و "یەکســانگەرا" ئینگلیزەکان زیاتــر بوو). بابەتەکە لە کن سۆشیالیســتە یۆتۆپییەکان ڕوونترە، واتە ئەوانەیهەروەها ناتوانرێت سیستەم و میتۆدەکانی هزریان لەو بومەلەرزە گەردوونییە جیابکرێتەوە کە شۆڕشی فەڕەنسی دروستی کرد. قەیرانی گشتیی ئایدیۆلۆژیا، کە یۆتۆپییەکان زۆر بەڕوونیی نوێنەرایەتی دەکەن، لەنێو دژبەرییەکانی شۆڕشــی فەڕەنسی خۆیەوە سەری هاتەدەرەوە و

شتێکی له ناوەڕۆکدا نوێی بە دونیا هێنا، تەنانەت لەو شوێنەدا کە هێشتا هێڵی سەرەکیی پەرەسەندن لە بنەڕەتدا بە بۆرژوازیی دەمێنێتەوە. ئەنگڵس بە دەستەواژەیەکی کاریگەر پنتی سەرەکیی ئەم قەیرانەی خستووەتە ڕوو؛ فەلسەفەی ڕۆشنگەریی فەرەنسی، بوارخۆشکردنی ئایدیۆلۆژیی بۆ شۆڕشی فەرەنسی، چاوی لە دوای ئەوە بوو کە تیایدا و بە هۆیەوە "قەڵەمڕەویی ئەقڵ" بەدیبهێنرێت. شۆڕشەکە سەرکەوتوو بوو، قەڵەمڕەویی ئەقڵی بەدیهێنا، بەڵام ئێمە "لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەزانین کە ئەو سەردەمە، سەردەمی ئەقڵ، لە سەردەمی بۆرژوازییەتی بێکەموکووڕ پیشاندراو بەولاوە زیاتر نەبوو"[١]. ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت دژبەرییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵی بۆرژوازیی کە لای ئەم و ئەو فەیلەسووف، یاخود هاوچەرخی ڕۆشنگەریی (لە ماندڤیڵ و فیرگسۆن Ferguson تا ڕۆسۆ و لینگە Linguet) بەچەشنێکی پێشبینییگەرانە دەردەکەوت، لە ئێستادا چی تر لەلایەن قورسایی قەومەاوە ڕاستەقینەکانەوە ڕووەو پلەی یەکەمی گرنگیپێدان پاڵ دەنرێن. ئاستی ئەم ئەزموونەیش ئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازیی لە ئینگلتەرادا چەسپاندی، ئەگەرچی قەیرانە ئابوورییە سەرەتاییە گەورەکان، کە بەتوندیی دژبەرییەکانی سیستەمی سەرمایەدارییان ئاشکرا کرد، تەنها لە دەهەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بەرپا بوون. ئەنجامەکە لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیا ئەوە بوو مۆرکی دژبەری کۆمەڵی بۆرژوازیی، ئەو مۆرکەی تا ئەو کاتە تەنها هەستی پێ دەکرا، ئێستا لە پێش چاوی هەمووواندا وەک کێشە سەرەکییەکەی ئەم کۆمەڵە دەرکەوت. هەر بۆیە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی پێشتر مۆرکێکی مێژوویی و دیالەکتیکی وەرگرتبوو، ئێستا بە واتایەکی تەواو جیاواز بووە مێژوویی و دیالەکتیکی. ئەوەی پێشتر تەنها لە شێوەی خەمڵاندن و هەستپێکردندا هەبوو، بووە پرۆگرامێک زیاتر و زیاتر بەڕوونیی دادەڕێژرێت؛ کردنی دیالەکتیکی مێژوویی بە بڕبڕەی پشت بۆ فەلسەفە.

١- ئەنگڵس، دژی دۆهرینگ، ل٥٠.

ئەمەیە ئەو شتەی هەموو ئەو بایەخ و گرنگییەی کە هەیەتی بە هیگلیزم دەبەخشـێت. لە پێگەیاندنی میتۆدۆلۆژیی هزری هیگڵییدا، پرسی "چۆن تێگەیشـتنێکی مێژووییانە لە شۆڕشـی فەڕەنسـی تێبگەیـن؟" ڕۆڵێکی یەکلاکـەرەوە و گرنگی گێڕا. ئەو چارەسـەرەی هیگڵ بۆ ئەم پرسـەی دەخاتـەڕوو، لە ڕووی مەوداوە، زۆر لـە دیاردەی مێژوویی، دیاردەی شۆڕشـی فەڕەنسی، تێدەپەڕێنێت؛ گۆڕانی چەند بۆ چۆن، وێناکردنێکی نـوێ لە نێوان تاکەکەس و جۆری مرۆڤ و... هتد، بەڵام ئەو ڕاسـتییە نوێیانەی مێـژوو لەگەڵ خۆیدا هێنانی ڕەخنەی بەرەی ڕاستڕەویشـی دیسـان بە بناغەیەکی نوێ کۆمەک کرد؛ لە جووڵانەوەی ڕۆمانتیکی و "فێرگەی مێژوویی یاسا" تا کارلایل (Carlyle)، هێڵێکی بەرگریی تەواو نوێ لە ڕژێمە کۆنەکە (تەنانەت بە سـەدەکانی ناوەندیشەوە)، گرێدراو بە وێرانبوونی ئەقڵی مێژووییەوە، پەیدا بوو.

بەدڵنیاییـەوە ڕێکـەوت نییـە قەیرانـە گەورەکـەی بواری زانسـتە سروشتییەکانشان بە شانی قەیرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ڕێ دەکات. لەگەڵ دۆزینـەوەی زنجیرەیەکی تەواو لە دیاردە نوێیەکاندا، بەتایبەتی لە بوارەکانی کیمیا و بایۆلۆژیادا، ڕەخنەی بیرکردنەوەی میتافیزیکییانە و میکانیکییانە دەربارەی جیهان زیاتر و زیاتر دەچەسپێت. هەستکردن بەوەی هزری شانداداو لەسەر هەردوو زانستی ئەندازەگیریی و میکانیک، فیزیا و گەردوونناسـیی هەردوو سـەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمیش، هەروەهابـۆ سـەرکەوتنەکانیان قـەرزاری ئەوانـن، بێتوانایـە لەوەی کۆی دیاردە سروشـتییەکان تێبگات. قەیرانی گەشـەکردنی فەلسەفەی سروشـتیی تەنهـا لەنێو کێشـە سـادەکانی گەشـەپێدانی چەمکەکاندا قەتیـس نابێـت، هەروەهـا لەوێوە دیدێکـی مێژووییانەیش دەسـت بە دەرکەوتن دەکات؛ سـەرنج لـە؛ تیۆرییە گەردوونناسـییەکانی کانت و لاپڵاس، دۆزینەوەکانی جیۆلۆجیا و زانسـتی دێرینەناسی، سەرەتاکانی تیۆری پەرەسـەندن، بەرهەڵستیی ڕوو لە هەڵکشان لە دژی سیستەمە میکانیکییـە گەورەکان لە نموونەی سیسـتەمەکانی کوڤـێ و لینە، لای

گۆتە، جۆفروا سانت ئیلێر، لامارک و... هتد بدە.

تەنها بە گەڕانەوە بۆ ئەم چوارچێوەیە و لەنێو ئەم بەستێنەدا واتای فەلسەفەی سروشتی ئەڵمانیی و بەتایبەتی فەلسەفەی سروشت لای شیلینگی لاو بەڕوونیی دەردەکەوێت، چونکە لێرەدا یەکەمین هەوڵ بۆ تێگەیشتن لەو ئاراستانە بە شێوازێکی میتۆدۆلۆژییانە و فەلسەفییانە دەستپێکرد. لێرەیشدا دیسان، دۆزەکە چی تر بە دۆزی خۆدزینەوە، یاخود "زاڵبوون" بە هۆی لۆژیکی شێوەیی بەسەر ئەو دژبەرییە دیالەکتیکییانەدا نەما کە تا دێت ڕوونتر و ڕوونتر لەنێو ژمارەی هەرە زۆر و ڕوو لە زیادبوونی قەوماوەکانی ئەزموونیدا دەردەکەوێت، بەڵکو ئەو دژبەرییانە و تێپەڕاندنی دیالەکتیکییان، یاخود پێکهاتیانی لەنێو چەقی شێوازە دیالەکتیکییە نوێیەکەدا جێ کردەوە. ئەنگڵس پەرێزی دەکرد لەوەی تیۆر و میتۆدەکانی فەلسەفەی نوێی سروشت لە ڕوانگەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانەوە کە زۆر جار نوقومی نێو ئەستەم و پووچیی دەبن، داوەریی بکات، بەڵام لەگەڵ بڕێک هەڵاوێردی دەگمەندا، ئەمە ئەو کارە بوو زانایانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم کردیان. هەرچی ئەنگڵسە دەڵێت: "پەیوەندیی فەیلەسووفە سروشتییەکان لەگەڵ زانستە سروشتییە دیالەکتیکییە هۆشیارەکاندا وەک پەیوەندیی یۆتۆپییەکان وایە لەگەڵ کۆمۆنیزمی نوێدا"[١].

لە کاتێکدا سیستەمە گەورەکانی سەدەی حەڤدەیەم کاری پێکهێنانی فەلسەفیی بۆ ئەو ئەنجامانە دەکرد، کە لەسەر بنەمای دۆزینەوە گەورەکانی سەردەم بە یارمەتیی میتۆدێکی لە ناوەڕۆکدا چەسپاو و ئەندازەگیریی دەیانگەیشتێ، لە ئێستادا دەرکەوتنی هەوڵێکی نوێ دەبینین؛ وێناکردنی گەردوون بەر لە پەیدابوونی مرۆڤ و جیهانی کۆمەڵە مرۆییەکان وەک پرۆسەیەکی مێژوویی هاوشێوە. ڕۆح، شێوەی ناوەندیی ئەم پرۆسە بێکەموکوڕ پیشاندراوە، هاوکات وەک زادە و ئەنجامی ئەو پرۆسەیە وێنا کراوە. هەر بۆیە شیلینگ وەک

١- ئەنگڵس، دژی دۆهرینگ، ل٤١.

«گەشـتێکی داسـتانئامێزی ڕۆح» باس لە پێکهاتنی فەلسـەفە دەکات، ڕۆح لـەو گەشـتەدا، کە لە سـەرەتادا بە شـێوەیەکی نائاگایانە کار بۆ بەدەسـتهێنانی ئاگایی خـۆی دەکات، لە کۆتاییـدا، بەوپەڕی ئاگاییەوە، دەسـت بەسـەر ماڵی ڕاسـتەقینە و قەوماوی خۆیدا گـرت، چونکە لە چوارچێـوەی ئەو هەوڵانەدا کە لەپێناوی پێدانی دەربڕینێکی فەلسـەفی بەو کێشە گەورانەدا دەدرێن، کە پێشکەوتنی زانستیی لەپاش شۆڕشی فەڕەنسی هێنانییە پێش، لە سەردەمی کودەتا و وەرچەرخانە گەورەکاندا لە بواری زانسـتەکانی سروشـتدا، میتـۆدە دیالەکتیکییەکەی شـیلینگ لەدایـک بوو. ئەم میتـۆدە دەیەوێت بەو بەسـتە لەڕادەبەدەر گەورەیە لە کێشـەکان وەڵامێکی فەلسـەفی بدات و فەلسەفە بۆ ئاستی سەردەم بڵنـد بـکات. دۆخی کۆمەڵایەتیـی دواکەوتووی ئەڵمانیـا، بەبێ چەند و چوونکارێکـی وای کرد ئـەم وەرچەرخانە بەهێـزە ڕووەو دیالەکتیک، وەک کێشە سـەرەکییەکەی میتۆدی فەلسەفی، تەنها بە چلۆنایەتییەکی ئایدیالیسـتییانە توانی ڕووبـدات. هەروەها ڕێکەوت نییە ئەم گۆڕانە بە شـێوەیەکی سـەرەکی لە ئەڵمانیـا ڕوویدا، کە ئەوکات بـووە نەتەوەی پێشەنگ لە بواری فەلسەفەدا، وەک چۆن فەڕەنسا لە سەدەی هەژدەیەمدا نەتەوەی پێشـەنگ بوو و ڕوسـیایش لەپـاش (١٨٤٠) دەبێتە نەتەوەی پێشـەنگ. ئەو پێداگریی و سـۆزەی کە بە هۆیانەوە هزری بۆرژوازیی ئەم پرسـانە جێکەوت دەکات و وەڵامدەداتەوە هۆکارەکەیان بۆ بوونی دەگەڕێتەوە لە قۆناغی بوارخۆشـکردن بۆ شۆڕشی دیموکراتی، کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ڕێگای بۆ والا دەکات.

بەڵام، لەو سـۆنگەیەوە کە ئایدیالیزمی خاوەند ئاراستەی مێژوویی بـووە میتۆدی فەلسـەفیی باڵی پێشـکەوتنخواز، کۆنەپەرسـتیی ناچار بـوو لە کایەی فەلسـەفەدا پەنا بـە چەکی نوێ ببـات. ئەزموونگەرایی ئینگلیزیـی، بەو جـۆرەی لای بـورک (Burke) دەیبینین، لـە کۆتاییدا لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، تەنانەت هەوادارانیشی لە ئەڵمانیا بێهیوا کرد. پێویسـتیی بۆ تێپەڕاندنی بورک لە ڕووی فەلسـەفی و قووڵکردنەوەی

تیۆرییەکانی بە جۆرێکی نائەقڵانییانە هاتە پێش. هەمان شت سەبارەت بــە فەیلەســووفانی کۆنەپەرســتی ســەردەمی گەڕانەوە لە فەڕەنســا. جووڵــەی ڕووەو دیالەکتیــک ڕیتمی خۆی بەســەر هەموو فەلســەفەدا دەسەپێنێت، چۆنێتیی هێنانە پێشی کێشەکان دەستنیشان دەکات- دواجار کۆنەپەرستیی ناچار دەکرێت بنەما فەلسەفییە نوێیەکان بشێوێنێت؛ بەم جۆرە کتومت لە ئەڵمانیا، لەســەر خاکی تێکۆشــان لەپێناوی دیالەکتیکە نوێیەکــە و بۆ وەڵامدانــەوەی دیالەکتیکە نوێیەکــە، نائەقڵانییەتی نوێ دامەزرا.

لــە ســەرەتادا ئــەم پەیوەندییــە دژوازانــەی نێــوان دیالەکتیــک و نائەقڵانییــەت ئێجگار ئاڵــۆزە. ئەگەرچــی تەنها لەبەرئــەوەی هەردوو ئاراستە کاراکەی نێو سروشت، یاخود کۆمەڵ لە کۆتاییدا هاوئاهەنگن، بــەڵام کتومت هاوشــێوە نیــن، بەم پێیە لــە ڕووی هزرییــەوە لەبارن بــۆ ئــەوەی لێکجیاببنەوە. شــیلینگی لاو بەر لە هەر شــت بە پرۆســە سروشــتییەکانەوە ســەرقاڵە، لە یەکــەم تەماشایشــدا وا دەردەکەوێت بەرمەبنــای ئەمــە تیۆرییەکی گشــتی بــۆ دیالەکتیک دروســت دەکات. هەرچی خاڵی دەســتپێکردنی هیگڵ و پنتی قورسایی دیالەکتیکەکەیەتی، بــە پێچەوانەی ئــەوەوە، کۆمەڵە، گەرچی ئەو سیســتەمەی دایمەزراند ئەویش دیســان ترۆپکی فەلســەفیی میتــۆدی دیالەکتیکیی فەلســەفەی سروشــتە. وێڕای ئەوە بڕێک پەســمەندە لەم قۆناغەدا دەبینین کە زۆر کات بڕێــک دژوازیــی گرێئاژنــن. بەدڵنیاییەوە ئۆکــن (Oken)، کە لە فەلســەفەکەیدا دەربارەی دیالەکتیکی سروشــت پێشــکەوتنی سەردەم لە شــێوە هەرە بەرهەستەکەیدا پیشــان دەدات، لە بواری سیاسەتیشدا دیسان وەک لە بۆچوونەکانیدا دەربارەی کۆمەڵ و لە دیدیدا بۆ جیهان، ڕادیکاڵ و ڕیشەییە. بەڵام بادیر (Baader)، کە هاودەردیی بۆ ڕوانگەی دیالەکتیکانە بۆ سروشت دەردەبڕێت، یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی گەڕانەوە و کۆنەبیریی لە مێژوو و لە فەلســەفەدا. قەڵەمڕەویی شیلینگ لە ناخیدا بڕێک کەرتبوونی هاوشێوەی دروست کرد.

خودی شیلینگی لاو خۆی، له چەقی ئەم دووفاقییانەدایە. سەرچاوەی دووفاقییەکە لەنێو تایبەتمەندییەکەیدایە، ئەو تایبەتمەندییەی مارکس، له سالانی چلی (١٨٤٠)دا، له بارەیەوە بۆ فیۆرباخ دەنووسێت و دەڵێت: "بیرۆکە ڕاستگۆ و بەجێکەی لاوێتیی شیلینگ (دروست ئێمە دەتوانین بەو شتە باشانە باوەڕمان هەبێت کە نەیارەکانمان هەیانە)، کە لەپێناوی بەدیهێنانیدا بۆ بەدبەختیی لە ئەندامێکی تر بێجگە لە ئەندێشە و لە وزەیەکی تر بێجگە لە لووتبەرزیی نەبوو، لەگەڵ شیاویی بۆ بزواندن و شیاویی بۆ ئەوەی پێشوازیی لێ بکرێت تەواو ژنانەن..."[١]. ئەم داوەرییە تەنها لە ڕوواڵەتدا دژوازە؛ ئەوە کتومت ئەم تایبەتمەندییەیە شیلینگی بۆ ڕۆڵی بناغەدانەرێکی ئاڵۆزی ئایدیالیزمی بابەتیی شیاند. ئەو بە نیمچە-هۆشیارییەوە ئەم ئاراستەیە دەگرێتە بەر. ئەگەرچی لە دەورانی لاوێتییدا لەگەڵ هیگڵ و هۆڵدەرلین (Holderlin)، دڵبەستەی شۆڕشی فەڕەنسی بوو، بەڵام تەنها بەچەشنێکی ئێجگار کەموکووڕ دەرکی بە ئاست و ڕادەی فەلسەفیی ئەم وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە کرد. کاتێک کە لە کاتێکی دواتردا، کە بە فەرمی بوو بووە نوێنەری سەرەکیی فێرگە نوێیەکە، واتە فێرگەی ئایدیالیزمی بابەتیی، کۆمەڵ و مێژووی تێهەڵکێشی سیستەمەکەی خۆی کرد، دواتر گەڕانەوە، گەڕانەوەی پاش تیرمیدۆریی، بە جۆرێکی ئێجگار قووڵ کاری تێ کرد.

کەواتە بایەخی سەرەکیی شیلینگ لە بنەمادا لەسەر ئەو دۆخە نوێیە چەق دەگرێت کە لە کایەی زانستە سروشتییەکاندا هاتە پێش. لە کاتێکدا ئەو زانستانە سەرنجیان بردووە، ساویلکانە و تا ڕادەیەک بەبێ بیرکردنەوە لە بابەتەکە، بەبێ هیچ مەرج و هەڵاوێردێک، شێوەی هەرە پەرەسەندووی دیالەکتیکی ئەوکات پێ لێ دەنێت. دیالەکتیکەکەی فیختە بە شێوەیەکی کاتیی، خواستی خۆی لەنێو ویستی تەواوکردن و گەیاندنە کەماڵی ئەم دیالەکتیکە لە ڕێگای پراتیککردنییەوە بەسەر فەلسەفەی سروشتدا قەتیس دەکات. لەم سەروبەندەدا پێیوایە دیالەکتیکی

[١]- چاپی میگا، بەشی١، بەرگی ١، ٢، ل٣١٦.

بابەتیی فەلسەفەی سروشت لەڕاستییدا لەگەڵ زانستی زانین[1]دا جۆرە و ڕێکدێتــەوە. کەواتــە ئەو لە یەکــەم بینیندا پێیوانییە تەنها دروســتیی دیالەکتیکێک دەربارەی سروشــت بنەمای بابەتایەتییەک دەخوازێت، کە وا دەکات ئــەم دیالەکتیکە لەگەڵ دیالەکتیکە تەواو خودییەکەی فیختەدا نەســازێت. فیختــە دەســبەجێ پێیوابوو لێــرە بــە دوا دوو ڕێگا لێکدی جیادەبنەوە. لە ئەنجامی ئەمەیشــدا مشــتومڕێک بە نامەگۆڕینەوەی لە نێــوان خۆی و شــیلینگدا دروســت بــوو، بەڵام ئەوە هیــگڵ بوو توانی شیلینگ بەرەو پێشەوە و ڕووەو دابڕان لە ئایدیالیزمی خودیی پاڵبنێت. ئــەوە ئــەو بوو، لە ڕەوتی ڕێکردنی ئەم مشــتومڕانەدا، بە هۆکارەکانی ئەم دابڕانە دەربڕینێکی فەلســەفی بەخشــی. دەرەنجام، دەســتگیرۆیی شــیلینگی کرد تاکو- بەپێی توانــا- دەرکبە هەمان دۆزینەوەکانی خۆی بکات.

بەڵام شــیلینگ هیچ ڕۆژێک لــە ڕۆژان بەتەواویی دەرکی بە هەمان دۆزینەوەکانی خۆی نەکرد. تەنانەت لە ماوەی هاریکارییکردنیدا لەگەڵ هیگڵ لە یینا، هیچ شوێنێک نییە تێیدا ئەوە دەربکەوێت شیلینگ بەڕاستیی بەڕوونیــی دەرکی بــە شــێوازە دیالەکتیکییە نوێیەکە کــردووە. لەگەڵ ئەوەیشــدا، ئەم یەکەمین ڕەوتەی شیلینگ، لەو سۆنگەیەوە کە چەندین توخم لەو توخمانەی لەخۆگرتووە، کە موژدەهێنی داهاتوون و تەنانەت (بەچەشنێکی نائاگایانە) چەند هەنگاوێک بە ئاراستەی ئەو داهاتوویەیشدا دەنێت، ئەوەیە کە دەیکاتە ســیمای ســەرەکیی نێو فەلسەفە نوێیەکە و ئەوەیە ســەرەتاکانی دەکاتە ئەو خۆرە ســەرەکییە کە پرشنگەکەی، لە بــەری لای چەپەوە بە؛ گۆتە، ئۆکــن، تریڤیرانوس (Treviranus) و لە بەری لای ڕاستیشەوە بە؛ بادێر، گۆیرس (Goerres) ناودێر دەکرێت. (ڕۆڵەکانی ئیردمان Erdmann کە لە شیلینگ ئۆکن و بادێر لە هەمان کاتدا جیادەکاتەوە، بەم پێودانە ئێجگار زرنگە).

ئێســتا با برێک زیاتر لە نزیکەوە لە سەرەتا فەلسەفییەکانی شیلینگ

[1]- کتێبە سەرەکییەکەی فیختە (تێبینیی وەرگێڕی فەڕەنسی).

وردببینەوە. لە ڕێگای پاکتاوکردنی شت لەنێو خۆیدا-ی ئایدیالیزمی ترانسێندێنتاڵی کانتەوە، فیختە فەلسەفەکەی خۆی بۆ ئایدیالیزمێکی خودیی لە تەرزی ئایدیالیزمەکەی بێرکلی دەگۆڕێت، بەم جۆرە ئەو شتە جێبەجێ دەکات کە خودی کانت خۆی بە "ئابڕووچوون بۆ فەلسەفە" ناوزەدی دەکرد، بەڵام زانستی زانین، بەو جۆرە ناکات کە بێرکلی کردی، یاخود بەو جۆرەی لە کاتێکی دواتردا شۆپنهاوەر لەگەڵ "دەمامک"ەکەی، "دەمامکی مایا" کردیان، لەودیو زانستی ئەو دیاردانەوە کە بە شێوەیەکی خودیی پەتیی وێناکراون، گریمانی بوونی خودایەکی کریستیان، یاخود "ویست"ێک (کە هیچ پەیوەندییەکی بە کریستیانیزمەوە نییە) وەک کۆتا بنەمایەکی میتافیزیکی ناکات. دەیەوێت هەموو کۆسمۆسی زانین بەرمەبنای دیالەکتیکی من و نا من بە چۆنایەتییەکی گۆشەگیر، ناونشین، خۆبەخۆ خوڵقێنەر و بزوێنەر پەخش بکات، بە ئەندازەی ئەوەی میتۆدی سپینۆزا لە پەخشکردنی جیهانەکەیدا بەرمەبنای هزر و کشان بوو. بەم هۆیەشەوە منی فیختە لە مێژووی ئایدیالیزمدا ئەرکێکی میتۆدۆلۆژیی و فەلسەفیی نوێ دەپۆشێت. نەک لەبەرئەوەی فیختە ڕەتیدەداتەوە ئەم منە بە ئاگایی تاکەکەسیی بەراورد بکات- بە پێچەوانەوە ئارەزووی ئەوە دەکات بە ڕێگایەکی دیالەکتیکییانە، دووەم لە یەکەم هەڵبهێنجێت- ، بەڵکو لەبەرئەوەی منە (بە جۆرێکی سەربەخۆ لە نیاز و مەبەستە هۆشیارەکانی فیختە و تەنانەت لە دژیشی)، بە هۆی پێویستیی ناوخۆیی سیستەمەکەیەوە، تەنها دەتوانێت ڕۆڵی چیەتیی لای سپینۆزا بگێڕێت، یاخود هەروەها باشتر ڕۆڵی ڕۆحی گشتیی- گەردوونیی هیگڵ بگێڕێت. لەو کەلێنەدا کە ئەم دابڕانە ناوخۆییەی سیستەمی فیختەییزم کردییەوە- کەدەبوو دژبەرییە شاراوەکانی لەپاش قەیرانە هزرییەکەی بە ڕۆژی ڕووناک دەربکەون-، فەلسەفەی سروشتی شیلینگی لاو لە سەرەتادا دەتوانێت بەبێ زۆرلێکردن تێهەڵکێش ببێت. شیلینگ دەتوانێت خۆی بە قوتابی و درێژەپێدەرێکی هاوئاهەنگی فیختە بزانێت، بەوەی

کنه لەم لایەنە سـپینۆزییەی نێو فەلسـەفەی فیختەییزم بکات و بیکات بە کۆڵەکەی فەلسـەفە تایبەتەکەی خۆی، بێئـەوەی تێبینیی ئەوە بکات لەڕاسـتییدا هەموو پێکهاتی دروستکراو و هەڵبەستراوی زانستی زانین دەتەقێنێتەوە و دەکاتە دووکەڵ.

لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوە هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ پێشەوە؛ ئایدیالیزمی بابەتیی، دیالەکتیکی ئایدیالیی، چی تر دەتوانن بکرێنەوە و ئاشـکرا بن. بۆ بەدبەختیی، نەهێشـتنی ئاڵۆزیی فیختەییەکە بەرامبەر بە ئاڵۆزییەکی لە پلەدا بالاتردا دەسـتخرا. زانسـتی زانین بەردەوام لـە نێوان تیۆری زانینی پەتیی (ترانسـێندێنت- خودگەرا) و بنەمای ڕاستییەکی بابەتییدا جۆلانە دەکات، لە نێوان "هۆشـیاریی ڕەها"ی کانت و ئەم ئەفرێنەرەی سروشـت و مێژوودا، کە لە دواییدا ڕۆحی هیگڵ پێکیدەهێنێت. شیلینگ دووەم هەڵدەبژێرێت. ئەمەیش شتێک تێهەڵکێشی سیستەمەکەی دەکات کە لە یەک کاتدا بابەتییانە بەچەشنێکی سەربەخۆ لە هۆشیاریی مرۆڤ و بەچەشنێکی خودییانە، کە لە هۆشیاریی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، هەیـە. کەواتە لە سـەردەمی لاوێتیی شـیلینگەوە دەبینیـن دووفاقیی و فەلسەفەی ئایدیالیزمی بابەتیی دەردەکەوێت، چونکە ئەو لەلایەک بەتەنگ ئەوەوەیـە بەڕوونیی لـە ئایدیالیزمی خودیی جیـاواز بێت و دەیەوێت ئەو کێشـانە چارەسەر بکات کە (گەوهەری ڕاسـتیی بابەتیی، لەباریی شـت- لە نێو- خۆیدا بـۆ زانین) بەبێ چارەسـەرکردن جێیاندەهێڵێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە، هەمیشـە بەرەو بەربوونـەوە نێو تیۆری زانین، نێـو چەوتییەکانی ئایدیالیزمی خودیی، دەگەڕێتەوە. بابەتەکە بەتایبەتی لای شـیلینگ ئاشـکرایە، کە هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان بەڕوونیی لە فیختە پەیوەندیی نەبڕی.

دوایین بنەمای ئەم فەلسەفەیە بەبێ چەند و چوون ئاڵۆز و ناڕوونە، چونکـە لـە نێـوان لێکنزیکبوونـەوە لەگـەڵ ماتەریالیزم (ڕاسـتییەکی سەربەخۆ لە هۆشـیاریی) و وێناکردنێکی یەکبوونانەی ئایدیالیستانەی خـودادا گیـر دەخوات، وێنایەک هـەر لەگەڵ لە ڕێـگای پراتیککردنەوە

بەسـەر ژیانی سروشـت و کۆمەڵدا دەستنیشـان دەکرێت، دەسبەجێ هەمووەکێتیـی سـپینۆزا و تەڵبژێرییـە باڵاکـەی جێدەهێڵێت- ئەمەیش بابەتێکە بەبێ چەند و چوون گەڕانەوە بۆ خودایەتییەک ئەنجامی دەبێت.

بـەڵام بـا ئێمە برێک لە نزیکتـرەوە لە ڕەنگی تایبەت بـەم ئاڵۆزییە ئایدیالییە بابەتییە لای شـیلینگ و بەتایبەتی لای شـیلینگی لاو بڕوانین. دوودڵیـی لە نێـوان لەلایەک چەمکی ماتەریالیـی و ناخوداباوەڕی ئەم چیەتییـە سـپینۆزاییەدا، کـە کراوەتە زینـدوو و بـزواو و مێژوویی و لەلایەکـی تر لێکدانـەوە عیرفانیی و ئەفسـانەییەکەیدا، لای ئەو زبریی و بەدخوویییەکـی تایبـەت زبـر و بەدخـووە (ئەمە سـەبارەت بە هێڵە گشتییەکان و بەبێ چوونە نێو دەربڕینە وردەکان). هاینز فیدیرپۆرست (Heinz Widerporist) لەلایەک وێنایەک بۆ فەلسەفەی سروشت کە مۆرکێکی ماتەریالیی پەڕگیرانەی هەیە ئاشـکرا دەکات، بەڵام لەلایەکی تـرەوە ئـەو خاڵە شـقڵ دەکات کـە بەرمەبنای ئەو سـۆفیزمی یاکۆب بۆیهـم (Jacob Boehme)ی فەیلەسـووفی "مـۆد"ی ڕۆمانتیکیـی دەستپێدەکات، کاریگەرییەکی زۆر بەهێز لەسەر شیلینگ جێدەهێڵێت[١]. بەڵێ، لە فەلسەفەی فێرگەی ڕۆمانتیکییدا، ئەوە ئەم ئاراستە سۆفییانەن کە زاڵن و بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەو شـتەی شیلینگی لاو جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە لای ئەو هاوسـەنگکردنێکە بە برێک ئاراستەی ماتەریالییدا. لە دواییدا پێویسـتە ئەوە ڕوونبکرێتەوە؛ کە بۆچی دەبوو ئەم ئاراسـتە سۆفییانە بەبێ چەند و چوون سەربکەون، بەڵام جێی خۆیەتی سەرنجی ئـەوە بدەین لە کۆتـا قۆناغیدا لە بینا فەلسـەفەکەی خۆی دەخاتە ژێر سەرپەرشـتیی و چاودێریی جیۆردانۆ برونـۆ (Giordano Bruno) وە، ئەگەرچـی ئەو، لە کاتێکدا کە بیری لـەوە دەکردەوە دەتوانێت بەو هۆیەوە شیانی زانینی شتێک- لەنێو- خۆیدا دابمەزرێنێت، کە لە تیۆری

---

١- ئاڵۆزیی ئەم ئاراستە دووفاقە لە بنەڕەتدا لای خودی یاکۆب بویهم دەبینرێت و هەیە. بڕوانە مارکس و ئەنگڵز، خێزانی پیرۆز، بڕگەیەکە لەنێو؛ چەند لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی-دا هاتووە، پاریس، م. ١. ، ١٩٥١، ل٩٠.

نموونــه {ئایدیــا} ئەفلاتونییەکان نزیکببێتەوە، ئەمەیش دیســان جەخت لەســەر دووفاقیــی بابەتیبوونی ئەو دەکاتــەوە، چونکە ئەو، لەلایەک لە ڕێگای دژوازبوونێکی ڕیشەییەوە لەگەڵ کانت و فیختەدا، تیۆری دانەوە تێهەڵکێشــی فەلســەفەی ترانســێندێنتاڵ دەکات، بــەڵام لەلایەکی ترەوە شێوەیەکی خاوەن مۆرکێکی ئایدیالیی پەڕگیر و درێژخایان لە سۆفیزمی پێدەبەخشــێت. ئەم جۆلانە کردنە لە نێوان ئاراستە پێشکەوتنخوازەکان و بیر و بۆچوونە کۆنەپەرســتەکانی ناوجەرگەی ئایدیالیزمی بابەتییدا، تایبەتمەندیی قۆناغی بیناى ئەوە. لەو ســۆنگەیەوە کە ئەو بەچەشنێکی ئێجگار نزیک لەگەڵ ئەم، یاخود لەگەڵ ئەودا لێکدەچن، هەر بۆیە ئەوکات شوێنێکی ڕاستەقینە لە نێوان فەلسەفەی سروشتی گۆتە و "ئایدیالیزمی جادوویی"ی نۆڤالیس (Novalis)دا گرتووە.

"بیرۆکەی ڕاستگۆیانە و دروستی لاوێتی"ی شیلینگ لە دۆزینەوەی دیالەکتیک لە پڕۆسەی پەرەسەندنی سروشت و دەربڕینە فەلسەفییەکەیدا کورت دەبێتەوە. بە بڕوای ئێمە پێویســتیی وێناکردنی دیالەکتیکیانەی سروشــت و بەم پێیــە تێپەڕاندنی هــەردوو میتــۆدە میتافیزیکییەکەی ســەدەکانی حەڤدەیــەم و هەژدەیەم، ڕێچکە و ئاراســتەیەکی گشــتیی ســەردەمەکە بــوون. یەکێک لــە دەربڕینەکانی ئەو دەربڕینــە بوو، کە لە دواییدا وەک دەربڕینی هەرە کاریگەر لەســەر فەلســەفەی ئەڵمانیی دەردەکەوێت، "ڕەخنەی داوەریی" کانت بوو. کانت دەیەوێت دەربڕینێکی فەلســەفییانە بە کێشــەکانی ژیان ببەخشێت. ئەوکات لەگەڵ دیالەکتیکی شــیانیی و ڕاســتەقینە، یاخــود قەومــاو، هەمــوو و بــەش، گشــتیی و تایبەتدا، ڕووبەڕوو دەبێتەوە. تێپەڕاندنی دیالەکتیکیانەی بیرکردنەوەی میتافیزیکــی لای کانت لە شــێوەی قەدێکــی بــڕدراوەدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەم شــێوەیە کاری کردە ســەر هەندێک لەو بابەتانەی بەچاکیی دەستنیشــانکرابوون لە بابەتەکانی نائەقڵانییەتی نوێ لە سەرەتاکانیدا، بەتایبەتی بابەتەکانی شــیلینگی لاو، کارتێکردنێکی ڕوون و دیارییکراو بە جۆرێک کە پێویستە تایبەتمەندییەکەی بەکورتیی دەستنیشان بکەین.

پێــش هەر شــتێک کانت هزر- کــە دەڵێت "هزرمان"، هــزری مرۆڤ- لەگــەڵ شــێوەکانی هــزری میتافیزیکــی هــەردوو ســەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیــەم بــەراورد دەکات. لە ئەنجامی ئەوەیشــدا بــۆ نموونە، لە نموونەی دیالەکتیکی تایبەت و گشــتییدا، دەربڕینێکی لەم چەشــنە دێتە بەرهــەم: "کەواتە تێگەیشــتنی ئێمــە ئەو تایبەتمەندییەی ســەبارەت بە بەهــرە، یاخود توانای داوەرییکردن هەیە، ئەو تایبەتمەندییەیش ئەوەیە کە لە زانیندا بەشــەکیی لە ڕێگای گشــتییەوە دەستنیشــان نابێت، هەر بۆیە بەشــەکیی تەنها لە گشــتییەوە هەڵناهێنجرێت، بەڵکو بەشەکیی لە فرەیی سروشــتدا پێویستە لەگەڵ گشتییدا کۆکبێت (لە ڕێگای چەمک و یاســاکانەوە). تاکو بتوانێت لــە ژێریدا تێهەڵکێش ببێت. هەروەها دەبێت ئەم کۆکبوونە لە ســایەی ئەم هەلومەرجانەدا تەواو ناکاو و بەبێ هیچ بنەمایەکی سەبارەت بە بەهرەی داوەریی دەستنیشانکەر بێت"[١].

بــەڵام کانــت تەنها بەم بــەراوردە لە نێوان تێگەیشــتنی میتافیزیکی و تێگەیشــتنی «مرۆیی»دا بە شــێوەیەکی گشــتی بەس نــاکات، بەڵکو تێگەیشتنی مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی بە «گوتاریی»، یاخود «گوتەیی» (Discursive) ناودێــر دەکات و بە جۆرێکی تۆکمە بەرامبەریەکییەکی دژبەرانــە بەرامبــەر بــە دەرک دایدەنێت. لە ســایەی ئــەم مەرجانەدا، بێجگــە لــەم چارەســەرە ناتوانێت هیچ چارەســەرێکی تــر بدۆزێتەوە: دەرکردنــی داخوازیــی، یاخود مەرجی "تێگەیشــتنێکی دەرککارانە" "لە گشــتییەوە نــەڕوات بۆ تایبــەت و بەم جۆرە بۆ تاکەکەســیی (بە هۆی بڕێک چەمکەوە)، هەروەها سەبارەت بە ئەو، ئەم هاوتاسازییە ناکاوەی سروشــت لەگەڵ تێگەیشــتندا، ســەبارەت بە بەرهەمەکانی تێگەیشــتن بەگوێرەی بڕێک یاســای گشــتیی بوونی نابێت. ئەمەیش ڕیشــەی ئەو دژواریی و ئاستەنگییە ئێجگار گەورانەیە کە تێگەیشتنمان لە سەرلەنوێ گەڕاندنەوەی فرەیی ئەم یاســایانەدا بۆ یەکێتیی زانین دەیدۆزێتەوە"[٢].

١- کانت، ڕەخنەی داوەریی، برگەی٧٧ (وەرگێڕانی Gibelin، ل٢٠٨).
٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨.

بەم جۆرە کانت بیرکردنەوە، یاخود تێگەیشتن بەرەو «بیرۆکە»، یاخود «نموونە» «هــزری نموونەیەکی باڵا» (intellectus archetypes)، ”بیرۆکە“ی تێگەیشــتنێکی دەرکئامێزانە دەبات، ئەمەیش بیرۆکەیەکە بە قەولــی ئەو هیــچ دژبەرییەکی ناوەکیــی تێدا نییە، بەڵام ســەبارەت بە داوەریی مرۆیی وەک بیرۆکەیەکی پەتیی و هیچی تر دەمێنێتەوە.

ئاســانە لایەنەکانی لاوازیی ئایدیالیی و خودیی نێو ئەم هەڵوێســتە کانتییە ڕوونبکرێتەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە چوونیەکیی دیالەکتیک و دەرک، کە وا لە کانت دەکات ناتوانابێت لەوەی پەیوەندیی لەگەڵ داوەرییە نازانمخوازەکانیــدا بدۆزێتــەوە. نەک تەنها ”بیرۆکــە“ وەک کار، یاخود ئەرکێــک (aufgegeben، ســەروو پێدراو، پڕۆژە، نامــە...)، هەروەها نــەک وەک قەومــاو، یاخــود ڕووداو، یاخود ڕاســتییەک (gegeben، پێــدراو، بەرهەمهێنــراو، ئەنجــام...)، کەواتــە ئــەوە لەودیــو، یاخود لە ســەروو توانامانەوەیە، بەڵام بابەتەکانیشــی دیســان لە مەبەستەکانی لێکۆڵینەوەی زانســتیی کردەییەوە دوورن. کانت بە هۆی بڕێک وشەی گونجاو جەخت لەســەر ئەوە ســەبارەت بە پرســی زانینی ئەوەی ئایا دەتوانرێت پەرەســەندن لە سروشــتدا بزانرێت، دەکاتــەوە؛ ”گەمژەییە ئەگــەر مرۆڤــەکان نیازێکی لــەو جۆرەیان هەبێت، یاخــود تەمای ئەوە بکەن ڕۆژێک لە ڕۆژان نیوتنێک پەیدا ببێت، بتوانێت بەرهەمهێنانی چڵە ڕووەکێکمان بەگوێرەی بڕێک یاســای سروشــتیی تێبگەیەنێت کە هیچ مەبەست و نیازێک ڕێکینەخستووە...“[١].

لەگەڵ ئەوەیشــدا، تەنها هێنانە پێشی ئەم کێشانە پاڵێکی سەرەتاییە دەربڕینــی تیۆریــی و کردەیی کێشــەکانی دیالەکتیــک دەبزوێنێت.هیچ شــتێک لەو چۆنێتییە واتادارتر نییە کە لێرەدا گۆتە بە هۆیەوە وەڵامی کانت دەداتەوە. دانایی کردەییی ئەو لەوەدا دەردەکەوێت بە شێوەیەکی شــاراوە، بەڵام بەتەواویی، ئاراســتەبوونی تایبەتی کانت ڕووەو هزری دەرکئامێــز و ئەنجامگیرییــە نازانمخــواز و ڕەشــبینەکانی دەربــارەی

١- سەرچاوەی پێشوو، برگەی٧٥ (وەرگێڕانی جیبلین، ل٢٠٣).

ڕوانگەکانی زانینی سروشت لەلایەن مرۆڤەوە وەک یەک دەداتە دواوە. لـە ڕوانگەی ئەودا لێرەدا لە ئەرکێکی نوێ بەولاوە زیاتر بوونی نییە و دەتوانرێت بەرەو چارەسـەرێک ببرێت. سـەبارەت بە پراتیکە زانستییە تایبەتەکەی خۆیشی، بەڕوونیی هێما بۆ کانت دەکات و دەڵێت: «ئەگەر من بەبێ وەستان و بەرەو دوورتر و بە شێوەیەکی نائاگایانە، غەریزە ڕووەو ئـەم یەکەمین زەینە و ئەم زەینییـە نموونەییە پاڵبدەم، تەنانەت لە پێکهێنانی وێنەیەک بۆ سروشـتدا سـەرکەوتوو دەبم و لەپاش ئەوە هیچ شـتێک ناتوانێت ڕێگای سەرکێشیی ئەقڵم لێ بگرێت، بەو جۆرەی کۆنەسـاڵەکەی شاری کۆنیگسبێرگ دەڵێت»[1]. فەلسەفەکەی سەبارەت بە سروشـت و ئەیسـتاتیکاکەی وەک یەک پڕن لە پرسـیار و وەڵامی بەرهەسـت، تیایـدا ئەو دیالەکتیکـەی کە لێرەدا وەک بەڵگەنەویسـتێک جێگیری دەکات، بە کردەوە دەچەسپێنێت، بەبێ ئەوەی لە هیچ شوێنێک بووەسـتێت و لەسەر دژوازیی کانتییانەی نێوان تێگەیشتنی گوتاریی و تێگەیشتنی دەرکیی پێ دابگرێت.

بابەتەکـە لای شـیلینگی لاو تـەواو جیاوازە. سـەبارەت بە ئەو ئەم بڕگانـە لە ڕەخنـەی داوەریی کە چی تر ناویان ڕۆیشـتووە، هەروەها سـەبارەت بە گۆتەیش، پاڵنانێـک نییە لەپێناو پێشـکەوتنی هاوئاهەنگ لەسەر ئەو ڕێگایەی کە پێشتر گرتبوویە بەر، بەڵکو خاڵی ڕاستەقینەی فەلسەفیی دەستپێکردنی خەباتێکە لەپێناوی زاڵبوون بەسەر ئایدیالیزمی خودیـی فیختـە و بەسـەر هـزری میکانیکـی و میتافیزیکیـی نێو ئەو فەلسـەفە سروشـتییەدا کە بەر لە ئەو هەبوو. لەبەر ئەم هۆکارە، لەنێو فەلسەفەکەی شیلینگدا دژبەریی نێوان ئەقڵی گوتاریی و ئەقڵی دەرکیی، ڕۆڵێکـی یەکلاکـەرەوە و گرنگ دەگێڕێت. فەلسـەفەی ئـەو دەربارەی سروشـت، کە ئامانجی سەرەکییشی تێپەڕاندنی بۆچوونی میکانیکییانە و میتافیزیکییانـەی سروشـتە، هەوڵی وەرچەرخـان ڕووەو دیالەکتیک

---

[1] – گۆتە، هەوڵێک بە ناونیشانی: بەهرەی داوەریی دەرکیی. {کانت فەیلەسووفی کۆنیگسبێرگە}.

دەدات لــە شــێوەی فەرمانێک بــە دوورکەوتنــەوە، کە بــە وتەزاکانی تێگەیشــتنی پەتیی ڕۆشــنگەریی دەدات. ئەمە ناچاری دەکات سۆراخی «ڕێکخەر» («organon“)ی نویٚ بۆ زانینی فەلسەفەیی بکات، کە بوار بە لێکۆڵینەوە لە قەوماو و ڕاســتیی لە شــوێنێکی جیــاوازی لە ڕووی چلۆنایەتییــەوە باڵاتــر و دیالەکتیکییانــە دەدات. کەواتە دژوازیی نێوان دەرکیی و گوتاریی، کە زۆر لەوە توندتریشــە کە لای کانت دەبینرێت، بــەڵام بــە جۆرێکی جیــاواز گرنگیی پــیٚ دراوە، چەقی تیــۆری زانینی شــیلینگی لاوی گرتــووە و ئەو ڕووە بەخۆوە دەگرێــت، کە ماوەیەکی دوورودرێژ دەیپارێزێت، واتە ڕووی ”دەرکی زەینیی“.

ڕەنگــە سەرســوڕهێن بێت، بــەڵام واتادارە، کە دەبینیــن ئەم وتەزا ســەرەکییە لەنێو سیســتەمەکەی شــیلینگی لاودا، ئەگەر دەربڕینەکە لە شــوێنی خۆیدا بێت بەبیٚ ئەوەی هیچ ڕۆژێــک لە ڕۆژان دایبمەزرێنێت و بەبــیٚ ئەوەی لێکیبداتەوە، تێهەڵکێــش و پراتیکی دەکات. کتومت ئەو کەســە کێیــە گومان دەربــارەی قەوماوی مرۆیی و شــیانی بەدیهاتنی ”زەینــی نموونــە“ی بــە کردەیــی بە ســروش بــە کانــت دەدات، واتە تێپەڕاندنــی بەردەکانــی ســنووری هــزر گوتاریی (بــە دەربڕینێکی تر تێگەیشــتنی میتافیزیکیی)، شــیلینگ، بەبیٚ هیچ زیادێک، دەرکی زەینیی وەک بەڵگەنەویستێکی ئاشکرا ئەنجامگیریی دەکات.

لە ئەڵمانیای ئەو کاتەدا، کێشەی دیالەکتیک لە گۆڕێدا بوو. فەلسەفە ترانســێندێنتاڵەکەی کانت و فیختە لە بنەڕەتــدا پڕ بوو لە دیالەکتیک لە شــێوەی تۆودا. هەر هەوڵێکی پێشــکەوتن لەســەر بنەمایەکی زانستیی دەربارەی جێهێشــتنی کێشە گەورەکانی سەردەم بەبیٚ چەند و چوون دەبوو بە هێنانە پێشی ژمارەیەک پرسی دیالەکتیکیی و ڕوونکردنەوەی ســنوورەکانی هزری میکانیکیی میتافیزیکیی کۆتایی بێت. ڕووی هەرە باش و پەسەند و هەرە ئەرێنیی شیلینگی لاو، ئەوەیە بەردەوام دەیبینی بەیەدەســتی تێبینییکــردن و تۆمارکردنــی گەوهــەری دژبــەری دیاردە سروشــتییەکان و بــە هەمــان شــێوە بابەتێتیــی و یەکێتیی پرۆســەی

سروشتیی بوو و هەمیشە ئەم بۆچوونە نوێیانەی دەردەبڕی- تەنانەت کاتێک هیچ نرخێکی زانستیی و هیچ بناغەیەکی فەلسەفیی پێویستیشیان نەبوو- بەوپەڕی پێداگریی و بوێریی و ڕیشـەییانە دەریدەبڕین. ئەمە، سـەبارەت بـە ئـەو، پێویسـتیی جیابوونـەوە و دابڕان لە فەلسـەفەی ڕۆشـنگەریی و فەلسـەفەی کانـت و فیختەی وەک یەک لـێ کەوتەوە. ئەو شـتەی لـە یەکەمیان، واتە فەلسـەفەی کانـت-ی دووردەخاتەوە، ئەو پێداویسـتییەیە کە دەرکـی دەکات، پێداویسـتیی پێگەیاندنی بڕێک چەمکـی لـە ڕیشـەدا نوێ، کـە کتومـت توانـای پێدانـی دەربڕینێکی فەلسەفیی بە دژبەریی وەک بناغەی دیاردە سروشتییەکان هەبێت. لەم بارەیەوە هێندە بەسـە پرسـی ژیـان[1] بە نموونە وەربگرین، شـیلینگ دەنووسـێت: «ژیـان لە دژبەریی لە سروشـتدا لە دایـک دەبێت، بەڵام ژیان بە جۆرێکی خۆبەخۆیانە دادەمرکایەوە ئەگەر سروشـت لەگەڵیدا لـە ململانێدا نەمایەتـەوە... ئەگەرچی کاریگەریـی دەرەکیی و دژبەری ژیان بەدیارییکراویی خزمەتی هێشـتنەوە و پاراستنی ژیان دەکات، لە بەرامبەردا ئەوەی بۆ ژیان بەکەڵکتر و گونجاوتر دەردەکەوێت، ئەوەی وایلێـدەکات بە ڕەهایـی مل بۆ ئەم کاریگەرییە نـەدات، پێدەچێت ببێتە مایـەی لەناوچوونی، ئەمەیش ئەوە دەسـەلمێنێتدیاردەی ژیان تەنانەت لـە نەمانیشـیدا دژوازە. بەرهەمهێنراو[2]، مادام ڕێکخـراو و ئۆرگانیکە، هەرگیـز ناشـێت نوقومی نێـو ناجیاوازیـی ببێت... مـردن گەڕانەوەیە بەرەوناجیاوازیـی گشـتیی... بەشـە پێکهێنەرەکان، کە لـە ئۆرگانیکیی هەمەگیـر و لـە گشـتی ئۆرگانیکیـی ئەفەرۆزکرابـوون، سـەرلەنوێ تێهەڵکێشی دەبنەوە، لەو سۆنگەیەیشەوە کە ژیان هیچی تر نییە بێجگە لە بڕێک هێزی سروشـتیی لە چەند چەشـنێکی سـادەی باو، بەڵام بۆ دۆخێکی باڵاتر بارکراوە، هەر بۆیە لەگەڵ ئەم دۆخە لە بوون دەکەوێت دەسـبەجێ بەرهەمهێنـراو دەکەوێتەوە ژێر هەژموونـی ئەو هێزانەوە.

١- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ١، ٣، ل٨٩-٩٠.

٢- واتە ئۆرگانێتیی زیندوو (تێبینیی وەرگێڕی فەڕەنسی).

هەمان ئەو هێزانەی کە ژیانیان بۆ ماوەیەک هێشــتەوە، ئەو هێزانەیش دیسان دەبنە مایەی لەناوبردنی ژیان؛ هەر بۆیە خودی ژیان خۆی هیچ شتێک نییە، بەڵکو تەنها دیاردەی گواستنەوە، یاخود چوونی برێک لەو هێزانەیــە لــەم دۆخە باڵایەوە بۆ دۆخە ســادە و باوەکەیان، کە دۆخی گشتێکی ناجیاوازە».

لێرەدا بەڕوونیی ئەو شتە دەبینین کە فەلسەفەی سروشتی شیلینگ لــە هــزری میتافیزیکیــی جیادەکاتــەوە، بــەڵام هەروەها ئەو شــتەیش دەبینین کە دیالەکتیکەکەی ئەو لە دیالەکتیکی کانت و دیالەکتیکی فیختە جیادەکاتەوە، چونکە لای ئەو دووانە دژبەرییە دیالەکتیکییەکان هەمیشە لە پەیوەندیی نێوان وتەزاکانی تێگەیشتنی- خۆیی و قەوماوێکی بابەتیی (لای یەکەمیان گریمانکراوە و لە زانین نایەت و لای دووەمیان مۆرکێکی خودیی هەیە لە شێوەی «نا من»دا) لە دایک دەبن، بەڵام لای شیلینگی لاو دژبەریــی دیالەکتیکیی چۆنیی یەکلاکــەرەوە و هاودەمی قەوماوی بابەتیــی خۆیەتــی و ئــەم شــتەیش ناوبەنــاو بــەرەو نزیکبوونەوەی لەڕادەبــەدەر لــە ماتەریالیزم دەیبات. کەواتــە دیالەکتیک لە بنەڕەتدا لە خودی زاناوە وەرنەگیراوە. پێویســتە لەنێو خوددا گوزارشــت بکرێت، بەوپێیەی دیوەکەی تری خودیی قەوماوە لە هەموو پەیوەندییەکانیدا لە سای شێوەیەکی دیالەکتیکییدا، کتومت لەبەرئەوەی گەوهەری قەوماوی بابەتیی خۆی دیالەکتیکییە.

بەدڵنیاییەوە ئەمەیش ئەو شتەیە کە ئێمە پێشتر دەیزانین، ئەگەرچی دیالەکتیک لای شیلینگ بابەتییە، بەڵام ئەمە بە واتایەکی ئایدیالیستانەیە. لەســەر فەلســەفەی چوونیەکیــی، یاخــود شوناســی خــود و بابــەت شــاندادەدات بەوپێیەی دوایین بناغەی قەوماو- و وەک دەرەنجامیش، فەلســەفەیە. ئەم «گەشتە داســتانئامێزەی ڕۆح»، کە پێشتر دەربارەی دواین بەدیارییکراویی ئەو پڕۆسەیەیە کە بەگوێرەی وشەکانی شیلینگ خۆی بە هۆیەوە توانای سروشت سەبارەت بە ئەفراندن، کە سروشت دەرکی پێ ناکات، لەنێو مرۆڤدا بە ئاگایی، ئاگایی خود- دەگات، ئاگایی

ڕیشـــەیی بەو واتایەی زانینی فەلســـەفیی ســـەبارەت بە جیهان، کاتێک لەگەڵ بابەتەکەیدا ڕێک و فیتە، بەچەشـــنێکی دروســـت گوزارشـــتی لێ دەکرێـــت کتومت لەبەرئەوەی لە هەڵکشـــان و بڵندبـــوون بەرەو ئاگایی ئەوەی کە پڕۆســـە سروشـــتیی و بابەتییەکان بە شـــێوەیەکی نائاگایانە بەرهەمیهێنـــاون، زیاتر نییە، چونکە خودی ئـــەم ئاگایی خودە خۆی لە بەرهەمی باڵای ئەو پڕۆسە سروشتییانە بەولاوە زیاتر نییە.

لێـــرەدا دەبینین شـــیلینگ بە ئاراســـتەی دینامیکیـــزم و دیالەکتیک و مێـــژوودا، وەک چۆن ڤیکۆ-یش پێشـــتر هەوڵی ئـــەوەی دا، درێژە بەو تیـــۆری زانینەی ســـپینۆزا دەدات کـــە دەڵێت: «سیســـتەم و ڕیزبەندیی و ڕێکخســـتنی بیر و بۆچوونەکان، هاوشـــێوەی سیستەم و ڕیزبەندیی شتەکان خۆیانە». بەدڵنیاییەوە شیلینگ تەنها بە باج و نرخی بەهێزکردنی ئاڵۆزییە ئایدیالیستانەکە ئەو هەنگاوەی بەرەو پێش بە ئاراستەی هزری دیالەکتیکییانـــەدا نا. دەشـــێت بەرهەڵســـتیی بکەیـــن و بڵێین لای خودی سپینۆزا خۆی ئەو پەیوەندییانەی لە تیۆری زانیندا لە نێوان گوزارەکانی یەک چیەتییدا هەن، کە تێگەیشـــتن و کشـــانن، بەتەواویی ڕۆشـــن نین، بەڵام لە ئایدیالیزمی بابەتیی شـــیلینگ و هیگڵدا، هەموو تیۆری زانین لە یەکەم تەماشادا لە ژێر دەسەڵاتی ئاڵۆزییدایە کە ئەفسانەی چوونیەکیی خود و بابەت بۆی زیاد کردووە.

دەرکی هزریی شیلینگ شێوەی یەکەم-ی ئێجگار ئاڵۆز-ی بیرۆکەی دیالەکتیکی نێو ئایدیالیزمـــی بابەتییە. ئاڵۆزە بەو واتایەی نائەقڵانییەتی تێدایـــە بـــە ئەنـــدازەی ئـــەوەی دیالەکتیکی تێدایە. لە ســـای ئەم شـــێوە کاتییـــەدا، لەبەرئەوەی لە چارەی نووســـراوە (لەلایەنی ڕاســـت یاخود لەلایەنی چەپەوە) تێبپەڕێنرێت، بەڕوونیی ئەو ڕۆڵە دووفاقە دەردەخات کە ڕۆڵی شـــیلینگی لاو بوو لە مێژووی فەلســـەفەدا، با دووفاقێتییەکەی ڕوونبکەینەوە و لێـــی بکۆڵینەوە؛ لەلایەک تێپەڕاندنێکی دیالەکتیکییانەی دژبەرییەکانە بەو جۆرەی لە پێدراوی ڕاســـتەوخۆی قەوماوی بابەتییدا دەردەکەوێت، ڕێگایەکە ڕووەو تێگەیشتن لە گەوهەری شتەکان خۆیان،

بەرەوپێشچوونێکە لە تیۆری زانیندا سەبارەت بە وتەزاکانی تێگەیشتنی پەتیــی ســادە، کە ئەوەیە ئــەو دژبەرییانە نەچەســپێن و ڕەقهەڵنەیەن، ســەبارەت بە هــزری میتافیزیکییانەی ڕۆشــنگەریی، بەڵکــو هەروەها ســەبارەت بە هــزری کانت، یاخود فیختەیــش. لەلایەکی تر خودی ئەم دەرکە هزرییە خۆی ترسێکی نائەقڵیی بەرامبەر بەو ڕوانگانە دەردەخات، باعیســی ئەو خولخواردن و قەیرانە لۆژیکییــەن کە ئەم چوونە بەرەو تێگەیشــتنی ئەقڵانییانــە لە ئەقڵ (Vernunft)، واتە بــەرەو دیالەکتیکی ڕاســتەقینەی دروست دەســتپێکرد. لەنێو کتێبەکەمدا؛ گەنجێتیی هیگڵ، - بەرمەبنــای پەرەســەندنی تایبەتــی هیــگڵ، بە تێروتەســەلیی ئەوەم ڕوونکردەوە چۆن لێرەدا شــێوازەکانی بیرکردنەوەی شــیلینگ و هیگڵ دژبەر و ناکۆک بە یەکتر دێنەوە، ئەگەرچی هەردووکیان لەسەر بنەمای چوونیەکیی- شوناســی خود و بابەت شــاندادەدەن. با لێرەدا تەنها بە وەبیرهێنانەوەی شتە سەرەکی، یاخود گەوهەرییەکەبەس بکەین.

لای هیگڵ، گواستنەوە لە تێگەیشتنەوە بۆ ئەقڵ، تێپەڕاندنە بە واتای چۆنایەتیی و ســێیانەیی وشــەی تێپەڕاندن؛ لە یەک کاتدا ڕەتدانەوە و پاراســتن و بڵندبوونە بۆ ئاســتێکی بالاتر. ئەو دژبەرییەی تێگەیشتن و ئەقــڵ لە دژبەرییدا دادەنێــت، دژوازییەکی دیالەکتیکییە لە میانی هەموو سیســتەمەکەی هیگڵەوە پێچەوانە دەبێتەوە و دەکشــێتەوە و بەتایبەتی کرۆکی لۆژیکی گەوهەر پێکدەهێنێت. هەر بۆیە لای هیگڵ لۆژیک دەبوو ببێتە بناغە لە فەلسەفە نوێیەکەدا، واتە لە فەلسەفەی دیالەکتیکدا.

شیلینگ بەپێچەوانەوە لە نێوان تێگەیشتن و ئەقڵدا دژوازییەکی توند و ڕەها دەچەســپێنێت. لێرەدا گواستنەوەی دیالەکتیکیی و ناوەندگیریی بوونیان نییە. گواستنەوە بازدان، یاخود قەڵەمبازێکە بۆ ئەوەی بێتەدی؛ پێویســتی بەوەیە بە ناوی فەلســەفە نوێیەکەوە وتەزاکانی تێگەیشــتن پایەمــاڵ بکەیــن و بەتەواویی واز لێ بهێنین؛ شــیلینگ بــەردەوام و بە شێوەیەکی توند و ڕەق ئەم دژبەرییە ڕادەگەیەنێت. وەک دڵنیاییەک کە نابێت دەســتکاریی بکرێت لە دەرکی هزریــی دەڕوانێت؛ "گریمانەیەکی

سەرەتایی پەتیی و سادەی بەر لە هەر مەرجێکە و تەنانەت لەم ڕووەوە ناتوانرێت بەو جۆرە باس بکرێت کە بەڵگەنەویستێکە بۆ فەلسەفە"[1]. هەر بۆیە هەروەها بابەتی فێرکردنیش نییە؛ «ئاشکرایە شتێک نییە شیانی فێربوونی هەبێت. کەواتە هەموو هەوڵێک بۆ فێربوونی لەنێو فەلسەفەیەکی زانستییدا بە هەموو کلۆجێک بێسوودە و ناتوانرێت هەوڵ بۆ ئامادەکردنی بێجگە لە- فەیلەسووف بدرێت، ئەمەیش بابەتێکە تێهەڵکێشبوونێک بە فەلسەفەی بەرتر لە فەلسەفە و ڕانانی سەرەتایی شقڵکراو بە شقڵی کاتیی و... هتد دەخوازێت»[2]. لەدوای ئەم پەرەپێدانانە، شیلینگ، سەبارەت بە دژبەریی نێوان دەرک و تێگەیشتن، ڕایدەگەیەنێت و دەڵێت ئێمە: «هەروەها نازانین بۆچی پێویستە فەلسەفە گرنگییەکی تایبەت بەوانە بدات کە توانای ئەوەیان نییە. دروستتر وایە هەموو ئەو ڕێگایانە لە ڕیشەوە ببڕێت، کە ئەو ئەنجامەیان لێ دەکەوێتەوە، لە هەموو ڕووەکانەوە خۆی لە زانستی باو داببڕێت، لە هیچ تولەڕێ و تەنگە ڕەوتێکەوە پێیەوە گرێ نەدرابێت، چونکە لە خاڵێکدا کە کەوتووەتە دەرەوەی فەلسەفە، دەستپێدەکات، هەر کەس لە بنەڕەتدا لەنێویدا نییە، یاخود دەترسێت لەوەی بچێتە نێوی، با لە بەر دەرک بمێنێتەوە، یاخود بڕوات»[3]. بەرمەبنای ئەوەی پێشوو، شیلینگ بە هۆی دەرکەوە بەرهەڵستیی هەموو زانینێکی هزریی دەکات و دەرک بەم چەشنە پێناسە دەکات: «ئەم زانینە پێویستە زانینێکی بەڕەهایی ئازاد بێت، کتومت لەبەرئەوەی هەموو زانینێکی تری نائازاد، واتە بە دەربڕینێکی تر، زانینێکە بە هۆی بەڵگە، ئەنجامگیریی وبەشێوەیەکی گشتی بە یاریدەی چەمکەکان و دەرکەوە دەستناخرێت...»[4].

بەم جۆرە ئێمە، بەڕوونیی مۆدێکی نموونەیی، دەبینین چۆن

---

١- شیلینگ، سەرجەمی نووسینەکان، بەشی١، بەرگی٤، ل٣٦١.
٢- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو.
٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٢.
٤- سەرچاوەی پێشوو، ا، ٣، ل٣٦٩.

نائەقڵانییەت لە پاشەکشەکردنی فەیلەسووفێک لەبەردەم کێشەیەکی دیالەکتیکیی لەدایک دەبێت، کە سەردەمەکەی بە چەشنێکی ڕوون دەیهێنێتە پێش. ئەو ئەرکەی کە لە یەک کاتدا ڕێخۆشکەریی بۆ فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی دەکرد، لەناوبردنی سنوورەکانی هزری میتافیزیکی بوو (واتە، بەگوێرەی دەربڕینەکانی سەردەم، گوتەیی، یاخود گوتاریی، لە ئاستی تێگەیشتندا)، لەناوبردنیان لە ڕووی زانستیی و فەلسەفییەوە، بە مەبەستی پێکهێنانی ئامرازێکی هزریی و ئامێرێکی زانستیی شیاو بۆ بەکارهێنان و پێشکەوتنخواز بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکانی سەردەم. پێشتر بینیمان شیلینگ چەندین هەنگاوی گەورەی بەم ئاراستەیەدا نا. ئەو، ئەگەرچی زۆر شەرمنانە و بەبێ ئەوەی لە ڕووی فەلسەفییەوە دەرک بەوە بکات، خودگەرایی کانتیزم و فیختەی تێپەڕاند. لە بڕێکی تەواو لە گرنگترین کێشە سەرەکییە پەیوەست بە فەلسەفەی سروشتدا، لەلایەنی هێڵە گەورە و ڕووتەکانییەوە، کێشەی دیالەکتیکی بابەتیی هێنایە پێش، لایەنی کەم بە گیانی زانینێکی بەرتری سروشتیی باڵاوە هێنانییە پێش. هاتنەبوونی کەرەستەیەکی هزریی باڵاتر لە وتەزاکانی تێگەیشتنی ئەقڵیی سادەی چەسپاند وڕێی بۆ خۆش کرد. ئەو، لە بنەڕەتدا، هەڵهاتنی بۆ نائەقڵانییەت بەچەشنێکی کەم هۆشیارانە ڕوویدا، بە هەمان شێوەی ئەو تێپەڕاندنەی پێشتر خودگەرایی زانستی زانینی فیختەی تێپەڕاند. کتومت ئەم جارەیش، لە خاڵی یەکتربڕیندا؛ کاتێک پرسەکە پرسی دەستنیشانکردنی سروشتی زانینە نوێیەکە، واتە زانینی دیالەکتیک و پەیوەندییە فەلسەفییەکانی بوو لەگەڵ مۆرکی دژوازی وتەزاکانی تێگەیشتندا.

ئەم خاڵە سەرەکییە، هەمان وێنا و بۆچوونی دیالەکتیک خۆیەتی. بەڵێ، شیلینگ چەشنە ڕوونییەکی ڕێژەیی دەرکبە جیاوازیی و دژبەریی نێوان لۆژیکێکی شێوەیی و لۆژیکێکی دیالەکتیکی و نێوان هزرێکی میتافیزیکیی و هزرێکی دیالەکتیکییدا دەکات، چونکە ئەو، سەبارەت بە

یەکەمیان، دەڵێت: «ئەمە زانینێکی تەواو ئەزموونییە، یاساکانی تێگەیشتنی گشتی وەک ژمارەیەک یاسای ڕەها دادەمەزرێنێت. بۆ نموونە دەڵێت تەنها لە نێوان دوو چەمکی دژبەردا دەتوانرێت بەسەر بوونەوەرێکدا ساغبکرێتەوە، ئەمەیش لە بازنەی سنووردارێتییدا تەواو دروست و پاساودراوە، نەک لە پێشبینییدا، کە کتومت لەگەڵ هاودەقکردنی دوو دژەکەدا دەستپێدەکات». کەواتە هەمان لۆژیک، لەو شێوەیەیدا کە تا ئەو کاتە هەیبوو، لە دیدی شیلینگدا شتێکی ئەزموونگەریی پەتییە، بەڵام ئەو- بەڕوونیی لە ژێر کاریگەریی ڕاگوزاری هیگڵدا، ئەوکات شیلینگ هێشتا لەگەڵ هیگڵ لە پەیوەندیی هاوکارییەکی توندوتۆڵدا بوو؛ کاتێک ئەم لاپەڕانەی دەنووسی- باوەڕی بە شیانی بوونی پەیوەندییەکە لە نێوان لۆژیکی دیالەکتیکیی و فەلسەفەی دروستدا لەسەر بنەمای دەرکی هزریی. بەم جۆرە ئەو دەتوانێت سەبارەت بە لۆژیک، لەو بڕگەیەدا کە بەر لەو بڕگەیە دێت، کە پیچێک پێش ئێستا گواستمانەوە، بڵێت: «ئەگەر پێویست بێت لۆژیک زانینێک بێت کە زانینی شێوەیە، شتێکی وەکو ئەیستاتیکای فەلسەفە، ئەیستاتیکای تایبەت بە خۆی، ئەوکات پێویستە ئەوە بێت کە پێشتر مۆرکەکەیمان بە ناوی «دیالەکتیک» دەستنیشانکرد، بەڵام ئەم چەشنە لۆژیکە هێشتا بوونی نییە. ئەگەر پێویست بێت کە ڕانانی پەتیی شێوەکانی سنووردارێتیی بێت لە پەیوەندییدا لەگەڵ ڕەهادا، ئەوکات بەبێ چەند و چوون لەگەڵ گومانگەراییەکی زانستییدا هاوتا دێتەوە؛ تەنانەت لۆژیکی ترانسێندەنتاڵی کانتیش ناتوانرێت بەو جۆرە وەربگیرێت»[1]. بە دەربڕینێکی تر هەموو ئەو ڕۆڵەی شیلینگ بۆ ئەم چەشنە لۆژیکەی دەگەڕێنێتەوە، تەنها ڕێخۆشکردنە، لە ڕێگای چارەسەرکردنی وتەزا سادەکانی تێگەیشتنەوە، بە هۆی ئاشکراکردنی دژبەرییە ناوخۆییەکانی، دەرکی هزریی و قەڵەمبازی نێو فەلسەفەی «ڕاستەقینە»- واتە دەرکیی.

بەڵام فەلسەفە لە ڕوانگەی ئەودا هیچ پەیوەندییەکی بەم زانینە

[1]- سەرچاوەی پێشوو.

ڕێخۆشــکەرە و ئــەم پۆلــە یەکەمینەوە نییە. لەم ڕووەوە شــیلینگ- لە دواییدا لە شوێنێکی تردا ئەوە دەبینین- پێشینی ڕاستەوخۆی بۆچوونی کێرکەگاردییانەیــە بــۆ دیالەکتیــک، یاخود بــە دەربڕینێکی باشــتر، بۆ ڕەتدانــەوەی کێرکەگاردییانــەی دیالەکتیک وەک شــێوازێک بۆ زانینی قەوماو و ڕاستیی.

بەم جۆرە دەبینین چۆن لای شیلینگی لاو هەمان ئەو تەرزی زانینە دەبــوو بۆ واڵاکردنــی دەروازەی دیالەکتیک گاز بکات، دەرگا لەبەردەم دیالەکتیکی زانســتیی و ئەقڵیی، لۆژیکــی دیالەکتیکیی، زانین بەگوێرەی ئەقڵدا، دادەخات و بە پێچەوانەوە لەبەردەم نائەقڵانییەتدا دەیخاتە سەر گازی پشــت. ئەم ڕاســتییە بنەڕەتییە وەک خــۆی ماوەتەوە، ئەگەرچی شــیلینگ، بــە واتای نوێی وشــەی نائەقڵانیــی، نائەقڵانیی نییــە، بەڵکو تەنانەت بە واتای شۆپنهاوەر و کێرکەگاردیش نائەقڵانیی نەبوو، یاخود لایەنــی کەم نەیویســت نائەقڵانیی بێت، چونکە ئەو جیهانەی پێویســتە دەرکی هزریی دەستەبەری پێگەیشتنی بکات، بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئەوکاتی شــیلینگ، بە هیچ کلۆجیک نە نائەقڵیی و نە لە دیوی ئەودیوی ئەقڵەوەیــە. بەپێچەوانەوە، ئەو بازنەیەیە تیایدا جووڵەی پێشــکەوتن و پەرەســەندنی ڕاســتەقینەی گەردوون بــە هەمــوو ئەقڵانیبوونێکییەوە ڕووندەبێتەوە و دەردەکەوێت.

بەڵێ، هەر لەگەڵ شــیلینگ لە بەردەرکی پەرســتگاکەدا ئەو ئامرازە جێدەهێڵێت کە بوار بە دۆزینەوە و ناســاندنی پەرســتگاکە دەدات، واتە لۆژیکی دیالەکتیکیی، ئیتر هیچ شتێکی تری بە دەستەوە نامێنێت، تەنها ئامرازی لۆژیکی شێوەیی سەرەتایی نەبێت، بەڵام ئەم لۆژیکە شێوەییە، بە چۆنایەتییەک دەربارەی چارەســەرکردنی کێشــەکان، چۆنایەتییەکی شــڵکراو بە شــڵی پەتییترین لەڕێلادانی خۆیی، ئاگایی بەرهەستی بە شــێوازێکی نیمچە بلیمەتانە دروســت دەکرد. شتێکە لە واتا خاڵیی نییە کاتێــک ئەو ڕۆڵــە گەورەیە دەبینین کــە بەراوردکاریــی {analogie، هاوشــێوەیی} لەنێــو لۆژیکی فەلســەفەکەی شــیلینگی لاودا دەیگێڕێت.

کتومت بەوە ئەم قۆناغە سەرەتاییە، کە هێشتا دوودڵە، لە نائەقڵانییەت، دەویسترا ویڕای هەموو شتێک ببێت بە باوی میتۆدۆلۆژیی قۆناغەکانی دواتر؛ چونکە لۆژیکی شێوەیی هەمیشە بە تەواوکار و بنەمای ڕێکخەری کەرەستەی بەرهەستی نێو هەموو ئەو نائەقڵانییەتانە دەمێنێتەوە کە خواستیان لە تواندنەوەی هەموو گەردوون لەنێو فیچقەکردنێکی بێشێوەدا قەتیس نامێنێت، کە بە هۆی دەرکی پەتییەوە دەرک دەکرێت، ئەم شێوازە شیلینگییانەیە لە ئێستاوە دۆخی پرسەکان لای شۆپنهاوەر و هەروەها لەدواییدا لای نیچە و پاش ئەویش لای "سایکۆلۆژیای وەسفیی"ی دیلتای، "دەرکی گەوهەرەکان"ی نێو فینۆمینۆلۆژیا و ئۆنتۆلۆژیای بوونگەرایی و... هتد، دیاریی دەکات.

بەم چەشنە دیالەکتیکی شیلینگ پاشەوپاش دەگەڕێتەوە بۆ دەرکی ئەو بوارەی دەبوو تیایدا پیادە و پەیڕەو بکرێت. ئەمەیش پاڵنەرێکی تر دەردەخات کە دەردەکەوێت لەنێو مێژووی نائەقڵانییەتدا بایەخێکی زۆری هەیە، ئەویش ئەریستۆکراتییەتی تیۆری زانینە. هەموو ئەقڵانییەتێکی فەلسەفی، بەتایبەتی ئەقڵانییەتی ڕۆشنگەریی، کە بەچەشنێکی ئاگایانە زۆر، یاخود کەم وای هەست دەکرد ئایدیۆلۆژیای ڕێخۆشکەری وەرچەرخان، یاخود کودەتایەکی دیموکراتییانەیە، لەڕاستییدا ئەوە بە شتێکی بەڵگەنەویست لێکدەداتەوە، کە زانینی ڕاستیی وەک بنەمایەک نزیکە دەست، یاخود بەردەستی هەموو مرۆڤێکە، هەر لەگەڵ مرۆڤ سەرەتاکانی ڕاستیی (واتە؛ زانین، زانست و... هتد) کە بۆ زانینی ڕاستیی پێویستن، پەیدا دەکات. هیگڵوەک درێژەپێدەری مەزنی نەریت و باوی فەلسەفەی زانستیی، کاتێک فەلسەفەی دیالەکتیکیی دامەزراند بە لایەوە سروشتیی بوو پێشدەستی هەمووان بێت. بەڵێ، هزری دیالەکتیکیی بۆ "هەستی دروستی هەموو ڕۆژەکان" دژوازییەک دەردەخات، دەڵێیت جیهانە بە بەراوەژوویی، بەڵام کتومت لەبەر ئەم هۆکارە، هیگڵ بەو جۆرە بیری دەکردەوە ئەرکی سروشتیی فەلسەفە نوێیە دیالەکتیکییەکەیش دیسان ئەرکێکی پەروەردەکارانەی فێرکارانەی

پیداگۆگییانەیـــە؛ ئەرکی ڕوونکردنەوە، ڕێــک و خۆش و هەموارکردنی ئـــەو ڕێگایەیە کە ڕووەو ئەویٚ دەچێت. ئاشـــکرایە ئەو شـــاکارەی تاج لەسەری قۆناغی لاوێتیی هیگڵ دەنێت، واتە؛ فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح، لەنێو ژمارەیەک ئامانجدا ئەم ئامانجەی بۆ خۆی دەستنیشانکردبوو.

کتومت لەبەر ئەم هۆکارە، "فینۆمینۆلۆژیا" لە ڕووی گەوهەرییەوە دژ بە هیگڵ بەرەوڕوو بوو، بەتایبەتی لە دژی تیۆرییە ئەریستۆکراتییانەکەی دەربـــارەی زانیـــن. شـــیلینگ هیچی تر نـــا تەنها پێلێنـــان نەبێت پێی لیٚ دەنێت؛ "ئەوەی لە فەلســـەفەدا هەیە ناتوانرێت بە هۆی ڕاســـتیی واتای ئاخاوتنـــەوە فێربکرێـــت، ئەو شـــتەی کە وێڕای ئەوە دەشـــێت کەســـی ڕاهاتـــوو بە هۆی فێرکردنەوە لەســـەری ڕابهێت، ڕووی ئەیســـتاتیکیی، یاخود جوانیناسیی ئەم جیهانەیە، ئەو شتەیە کە بە ئاخاوتنێکی دروست، بە دیالەکتیک ناوزەد دەکرێت"[1]. هەروەها ئێمە زانینێکی بەرتر دەزانین کە دیالەکتیک لای شـــیلینگ لە باشـــترین دۆخدا لە پۆلێکی ڕێخۆشـــکەر بۆ فەلســـەفە بەولاوە زیاتر نییە بە واتای ڕاســـتەقینەی تایبەتی وشـــە، بـــەڵام ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی نەرێنیی پەتییە وێڕای ئەوە بەســـە بـــۆ ئەوەی وای لیٚ بکرێت بڵێت: بابەتێکی ســـەلمێنراوە کە «دیالەکتیک لایەنێکـــی هەیە فێربوون لێیەوە شـــیانی نییە و وەک چۆن بە ڕێژەیەک لە ڕێژەکان شـــاندادەدات و دەشـــێت ناودێر بکرێت، بە واتای ڕیشەیی وشـــە، هۆنراوە لە فەلسەفەدا[2] دەشـــێت فێرببێت و شاندابدات، لەسەر توانای داهێنەرانە و بەهرە و توانای داهێنان شـــاندادەدات». کەواتە، بە ئەندازەی ئەوەی دیالەکتیک دروست فەلسەفییانەیە، بە ئەندازەی ئەوەی بەرەو دوورتر لە کانت دەچێت، لەوە دەکەوێت کە بابەتێکە بۆ فێرکردن، لەوە دادەبڕێت کە بابەتێکە نزیکە دەســـت، یاخود بەردەستی هەمووانە. بەڵگەنەویســـتە ئەم ئەستەمێتییە بۆ جەماوەری مرۆڤەکان، ئەستەمێتیی

---

1- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.

2- بە یۆنانیی poesis {شیعر، هۆنراوە}= خوڵقاندن، داهێنان. (تێبینیی وەرگێڕی فەڕەنسی).

زانینی گەوهەری شـتەکان، ئەم دەستنیشـانکردنە قەتیسـکراوە لەنێو ئەوانـەدا کە بە لـە دایکبوون «هەڵبژێـردراون»، هەروەها، بە پلەیەکی بەهێزتر، سەبارەتبە دەرکی هزریی دروستە.

لەمـەدا نائەقڵانییـەت بابەتێکـی گنۆزیۆلۆژیی هاوبەشـی زۆربەی ڕوانگە ئایینییەکانی جیهان لە شێوەیەکی بەزانستییکراو و بۆرژواکراودا دەگەڕێنێتەوە؛ زانینی خودایەتیی تەنها بۆ ئەوانە شیانی هەیە و لە تواناداهەیـە کە لەلایەن خوداوە هەڵبژێردراون. ئەم هزرە، لەوەتەی جادووی بـەر لە مێـژووەوە وەک بڕشـت و مافی تایبەتی چینی کەشیشـایەتی دەبینرێت، لەنێو ئایینە خۆرهەڵاتییەکاندا، بەتایبەتی ئایینە براهمانییەکان، زاڵە و ئەمیش دیسـان لەگەڵ هەندێک دەسـتکاریی و گۆڕانکارییدا، لە سـەدەی ناوەندا باڵادەستە. یەکێک لە نیشانەکانی پێشکەوتن لە بوونە بـۆرژوادا لەوەتەی ڕێنیسـانس و چاکسـازیی ئەوەیە، کـە ئەم بابەتە ئەگەر دەربڕینەکە دروسـت بێت، لای پاسـکاڵ هیـچ ڕۆڵێک ناگێڕێت، یاکۆبییش دیسـان، وێڕای تاکگەراییە ئەریستۆکراتییانەکەی، هەست بە پێویسـتییبوون بۆ جەختکردنەوە لەسـەر مۆرکی ئەریسـتۆکراتییانەی دەرکەکـەی خـۆی، «زانینـە ڕاسـتەوخۆکەی» خـۆی نـاکات. تەنهـا لەگەڵ فەلسـەفەی مێژووگەرایی- سـاختە و دیالەکتیکییدا- سـاختەی گەڕانەوە، وەڵامدانەوەی ڕاسـتەوخۆ لە دژی فەلسـەفەی ڕۆشنگەریی وەک ڕوانگەیەکی جیهان بۆ شۆڕشـی فەڕەنسـی، ئەریستۆکراتیزم لە تیۆری زانیندا سـەرلەنوێ دەست بە داگیرکردنی شوێنێکی ناوەندیی و سەرەکیی لە فەلسەفەدا دەکات.

لە ئەڵمانیادا ئەم ئاراسـتەیە فڕانز بادیر بە شـێوەیەکی زۆر بەهێز نوێنەرایەتیـی دەکات. لای بادیـر، مۆرکـی «گەڕاندنـەوە» زۆر لـەوە ڕوونتریش دەبینرێت کە لای شیلینگ دەبینرێت، چونکە ناوبراو دەچێتە نێو شەڕێکەوەلە دژی هەموو فەلسەفە لەوەتەی دیکارتەوە و دروشمی ئـەوە بەرزدەکاتەوە، کـە گەمژەییە «ئەگەر بیانەوێت بەبێ خودا، خودا

بزانن و بناسن»[1]. زانینێکی بەدەستهاتوو بەبێ یاخود لە دژی ویستی ئەوەی دەزانرێت ناشێت لە زانینێکی کەموکووڕ بەولاوە زیاتر بێت. ئیتر ئەم ئەنجامە هەڵدەهێنجێت: دەستپێنەکردنی فەلسەفە بە خودا، لەگەڵ ڕەتدانەوەی خودادا چوونییەکە. کەواتە ڕوونە تەنها ئەوەی لەلایەن خوداوە هەڵبژێردراوە، دەتوانێت خودا بناسێت. زانینی فەلسەفی لە دیدی بادیردا بڕشت و مافێکی ئەریستۆکراتیی پەتییە.

گومانی تێدا نییە ئەریستۆکراتییەتەکەی شیلینگی لاو دوورە لەوەی بەو چارەنووسە شقڵ کرابێت. لەگەڵ ئەوەیشدا لە دواییدا دەبینین چۆن لۆژیکی- پەرەسەندنی کە بێبەزەییە هەمیشە بەرەو شوێن و پایەیەکی زیاتر و زیاتر نزیکتر لە بادیری بردووە. لە قۆناغی ییناداً، هێشتا، لە ڕوانگەی سیاسییەوە، هەوادارێکی ڕاشکاوی گەڕانەوە نییە. لەگەڵ ئەوەیشدا، لێرەیشدا دیسان دەبینین لۆژیکی پەرەسەندنەکەی دەکرا بیکاتە سروشبەخشی فەلسەفەی مافەکانی شتال (Stahl)، پاڵەوانی فەلسەفیی گەڕانەوەی ڕۆمانتیکیی لە سایەی فریدریک گلیۆمی چوارەم لە سالانی (١٨٤٠)دا. لەڕاستییدا مەیلە ئەریستۆکراتییەکانی ئەو لە بواری فەلسەفەدا، لە دژی جوولانەوەی ڕۆشنگەریی، لەوەتەی قۆناغی ییناوە، بە مەیلەکانی کۆنەپەرستیی لە کایەی سیاسەتدا گرێدراوە. مشتومڕ و بەڵگەکارییەکەی ئەو لە دژی فەلسەفەی تێگەیشتنی جوولانەوەی ڕۆشنگەریی، بە ئاشکرا دژ بە دیموکراتییە، ڕاستەوخۆ پێشینانی شۆڕش بە ئامانج دەگرێت؛ "دامەزراندنی تێگەیشتنی گشتی بە داوەری کاروبارەکانی ئەقڵ، بەبێ چەند و چوون جەماوەرکراتی لە بواری زانستەکاندا لێ دێتە بەرهەم، لێرەیشەوە، زوو یان درەنگ، ڕاپەڕینی سەرتاسەریی گجەی لێ دەکەوێتەوە"[2]. دژ بە ئەمە، دەبێت

[1]- بەگوێرەی ی. ئە. ئێردمان: هەوڵێک بۆ ڕانانێکی زانستییانەی مێژووی فەلسەفەی نوێ، شتوتگارت، ١٨٣١-١٨٣٢، ٣، بەرگی٣، ل٢٩٨ و پاشتر و ل٣٠٤.

[2]- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، I، ٥، ل٢٥٩.

فەلســـەفە ڕەتدانەوەی ئەریســـتۆکراتییانەی خـــۆی هەڵبگرێت: «ئەگەر شـــتێک هەبێت بشـــێت لەبەردەم ئەو شـــەپۆلەدا بەربەســـتێک دروست بـــکات کـــە هوروژم دەهێنێت و زیاتر و زیاتر شـــتی پایەبەرز و شـــتی پایەنزم تێکەڵاو دەکات، لەو کاتەوەی کە جەماوەر دەســـتی بە نووسین کردووە و هەر تاکێک داوەریی دەکات، ئەو شـــتە فەلســـەفەیە، کە ئەمە دروشمە سروشتییەکەیەتی: «من قینم لە جەماوەری بازاڕییە و خۆمی لـــێ دەپارێـــزم»[1][2]. کەواتە بناغەکانی پەرەســـەندن ڕووەو گەڕانەوەی پێداگرانە لەوەتەی لاوێتییەوە لەنێو شیلینگدا هەیە.

ئەم ئاراســـتانەی شـــیلینگی لاویش بە هەمان شێوە، بەو چۆنایەتییە پاڵپشـــتییان لـــێ کـــراوە کە بە هۆیـــەوە لای ئـــەو، بەپێچەوانەی ئەوەی لای گۆتـــە دەقەومێت، دەرکی هزریی لەنێو سیســـتەم و میتۆدۆلۆژیادا ڕیشـــەی داکوتـــاوە. ناتوانرێـــت بگوترێت کـــە لە ڕووی فەلســـەفییەوە دایدەمەزرێنێـــت، چونکـــە میتۆدەکـــەی بـــە ڕادەیـــەک جاڕکێشـــانەیە و دوورکەوتنەوەی لە هەر زانستێکی هزریی بە ئەندازەیەک ڕەق و زبرە، وەک کەندەڵانێک قووڵە. گۆتە پێیوابوو ئەو کێشەیەی ڕەخنەی داوەریی هێناویەتییە پێش، واتە کێشـــەی پێکەوەگرێدانی نێوان تایبەت و گشـــتی لەودیو بازنەی تێگەیشـــتنەوە، ئەرکی کردەیی زانســـتی سروشتییە کە فەلســـەفە ڕۆشـــنی دەکاتەوە. ئەو وەکو دیالەکتیک باوەڕێکی خۆبەخۆ، بڕێک پەیوەندیی قەوماو و ڕاستەقینەی لەم چەشنەی ئازاد کرد، یاخود لایەنی کەم لەو پراتیکە زانســـتییەیدا کە پراتیکی کرد، هەستپێکرد. هەر بۆیە دەتوانێت بە ویژدانێکی فەلســـەفییانەی چاکەوە بە «سەرکێشـــیی ئەقڵ» قایل بێت. سەبارەت بە هیگڵ، دیالەکتیکی گوتەزاکانی تێگەیشتن، کە لای ئەو بە «دەستنیشانکردنەکانی بیرکردنەوە» ناودێر دەکرێن، بە هۆی بڕێک گواســـتنەوەی لۆژیکەوە، ئەو ئەرکەیان لێ دێتە بەرهەم کە گۆتە ناســـاندوویەتی، یاخود دەستنیشـــانی کردووە. گرنگە ئەوە تۆمار

---

١- بە لاتینیی، هۆنراوەیەکی هۆراسە (Horace).

٢- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١.

بکەین ئەو دژبەرییە دیالەکتیکییانەی بە شـێوەیەکی خۆبەخۆ لای گۆتە و بەچەشـنێکی هۆشـیارانە لای هیـگڵ دەردەکەون، لەگـەڵ دژوازییە کانتییەکـەی نێوان زانینی گوتاریـی و زانینی دەرکییدا، چی تر بایەخی نەمـا. لای هیگڵـی تەمەنـی کاملّیی، ئـەم زاراوانە چی تـر هیچ ڕۆڵێک ناگێڕن.

بابەتەکە لای شیلینگ بەو جۆرە نییە. شیلینگ بەبێ هیچ ڕەخنەیەک دژوازیـی کانتییانەی نێوان «گوتاریی» و «دەرکیی» پەسـەند دەکات. ئەگەرچی ئەم بە بەراورد بە کانت هەنگاوێک دەچێتە پێشـەوە بە هۆی ئەو جەختکردنەیەوە، کە جەخت لەسـەر شـیانی - ئەو شـیانەی کانت دەیداتە دواوە- زانینی دەرکیی سەبارەت بە هۆشیاریی مرۆیی، لایەنی کەم سـەبارەت بـە هەڵبژێردراوان و بلیمەتە فەلسـەفییەکان دەکاتەوە. لێرەیشـەوە دەڵێـت ئـەو ناچارە بە هەر شـێوازێک بووە ئـەو توانایە بسـەلمێنێت کە بەردەسـتی مرۆڤە، توانـای بەدیهێنانی دەرکی هزریی. گەوهەری ئەم سـەلماندنە دەرخسـتنی بوونە، کە جێـی گومان نییە و ئەرکـی داهێنەرانەیە، بوون و ئەرکی هەڵوێسـتێکی مرۆیی ئەم دەرکە هزرییە کاری تێدا دەکات، کە بانگەشەی دەسبەجێ گەیشتن بە ڕاستیی دەکات. بەگوێرەی شـیلینگ ئەم هەڵوێسـتە هەڵوێستێکی ئەیستاتیکییە. ئـەو توانـای داهێنەرانەیەتیایدا دەردەکەوێـت و لەخۆگرتنی ئاڵوگۆڕ، یاخود پێداویسـتیی ئاڵوگۆڕی خود- بابەت کە ئەم هەڵوێستە ئاشکرای دەکات، ئەگـەر بـڕوا بەو بکەین، ئەوە دەسـەلمێنن خـودی مرۆیی بە کردەوە ئەو تایبەتمەندییانەی هەن کە ئەقڵی دەرکیی پێویستی پێیەتی.

خـودی کانت خـۆی هیچ ڕۆژێک لـە ڕۆژان بیری لـە پەنابردن بە ئەیستاتیکا لەپێناوی چارەسەرکردنی ئاستەنگییە نوێیەکانی تیۆری زانین نەکـردەوە. کاتێک کێشـەکە لای ئەو دەردەکەوێـت، ڕەخنەی داوەریی لەمێـژ بوو هەموو بازنەی ئەیسـتاتیکای لەپاش خۆیەوە جێهێشـتبوو، هەروەهـا کانـت بیر لەوەیش ناکاتەوە بۆ پاشـەوە بگەڕێتـەوە و پەنا بە هەڵوێسـتی ئەیسـتاتیکیی مرۆڤ ببات لەپێناوی چارەسـەرکردنیدا.

لەڕاستییدا ئەم پارێزەی کانت سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەڵوێستی ئەیستاتیکی بە ڕێگایەک نازانێت بۆ تێهەڵکیشبوون بە زانینی قەوماو و ڕاستییبابەتی، بەڵام لای شیلینگ ئەو هەڵوێستە دەبێت بە «ڕێکخەر»، یاخود دەستووری زانینی جیهان، چونکە گەوهەری هونەر لە دیدی ئەودا دەرککردن و دۆزینەوەی کۆسمۆسی شتەکانە لەنێو خۆیاندا. بە دەربڕینێکی تر، لای شیلینگ، ئەگەرچی لە چوارچێوەی شێوەیەکی ئایدیالی و عیرفانییدا، هونەر وەک دانەوەی قەوماو و ڕاستیی بابەتیی، دانەوەی جیهانی شتەکان لەنێو خۆیاندا لێی دەڕوانرێت.

بە پێچەوانەی کانتەوە فیختە پێشوەخت ئەم پەیوەندیی و گرێدراوییەی نێوان هونەر و زانین دەبینێت. لەنێو سیستەمی ئاکاردا دێتە سەر باسی پەیوەندیی نێوان دیدی ترانسێندێنتاڵ و دیدی ئەیستاتیکییانەی جیهان و بەوە لە یەکدییان جیادەکاتەوە کە دەڵێت؛ هونەر «ڕوانگەی ترانسێندێنتاڵ دەکاتە ڕوانگەی گشتی»...[1]، «ئەو شتەی فەلسەفە تەنها زۆر بە زەحمەت بەدیدەهێنێت، ڕۆحی ئەیستاتیکیی دەسبەجێ بەدیدەهێنێت... بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرک بەوە بکات»[2]. ئەوە زۆر بایەخی نییە شیلینگ سروشتی لەم چەشنە دەربڕینە وەرگرتبێت، یاخود وەرنەگرتبێت، کە بۆ سەردەمی هاریکارییکردنی لەگەڵ فیختەدا دەگەڕێتەوە. بەهەرحاڵ شیلینگ لە پێکەوە گرێدانی نێوان ئەیستاتیکا و فەلسەفە (لەسەر بنەمای دەرک) زۆر دوورتر لەوە کە فیختە بۆی دەچێت بەردەوام دەبێت. لەنێو سیستەمی ئایدیالیزمی ترانسێندێنتاڵدا ئەو شتەی شیلینگ بۆ خۆیی دەکاتە ئامانج لە ژێر ناونیشانی دوا بەشدا دەردەکەوێت؛ «هەڵهێنجانی ئۆرگانیک Organe بۆ فەلسەفە“. شیلینگ ئەم ئەنجامە لەم چەند وشەیەدا کورتدەکاتەوە: ”سەرلەبەری فەلسەفە لە بنەمایەکەوە دەستپێدەکات و پێویستە دەستپێبکات کە هاوکات

[1]- فیختە، «commun“ بە واتای ”général“ (گشتی) بەکاردەهێنێت نەک بە واتای (vulgaire) (عەوام، باو). (سەرنجەکە هینی لوکاچە).
[2]- فیختە، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٧٤٧.

لەگەڵ ئەوەدا کە بنەمایەکی ڕەهایە، بنەمای چوونیەکیی پەتیی سادەیە، شتێکی بە شێوەیەکی ڕەها سادەیە. شوناسی ڕەها لێناگەڕێت بە هۆی باسکردنەوە بکرێت، یاخود فێربکرێت، یان بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی چەمکەکانەوە، بەڵام ئەم دەرکە کە سروشتێکی هەستییانەی نییە، بەڵکو سروشتێکی زەینیی هزرییانەی هەیە، کە بابەتەکەی نە بابەتایەتی و نە خودێتییە، بەڵکو شوناسی ڕەهای هەردووکیانە، واتە ئەو شتەی لەنێو خۆیدا نە بابەتیی و نە خودییە، دەرکێکی گەرموگوڕ و نزیک، یاخود دڵنیایە، تەنها بە هۆی دەرکێکی ترەوە دەتوانێت لە ڕووی بابەتییەوە بگەڕێتەوە بۆ خۆی؛ ئەم دەرکەی دووەم دەرکی ئەیستاتیکییە"[1]. دەستنیشانکردنێک، کە ئەم دەستنیشانکردنەی تر، کە دەستنیشانکردنێکی گشتیترە، دەستنیشانکردنی شیلینگی لەسەر دادەمەزرێنرێت: «ئەم دەرکە هزرییە، پاش ئەوەی بووەتە بابەتیی، لە ڕووی گەردوونییەوە پێی لێ نراوە و هەرگیز و بەڕەهایی شیانی ڕەتدانەوەی نییە، لە هونەر بەولاوە پتر نییە، چونکە دەرکی ئەیستاتیکیی کتومت دەرکی هزرییە، پاش ئەوەی بووەتە بابەتیی»[2].

بەم جۆرە هونەر، جووڵەی بلیمەتیی داهێنەر، دەبێتە «ڕێکخەر-ئۆرگانۆن»ی فەلسەفە. ئەیستاتیکایش بووە کرۆکی میتۆدۆلۆژیی فەلسەفیی، نهێنییەکانی کۆسمۆسی ڕاستەقینە ئاشکرا دەکات، نهێنییەکانی جیهانی شتەکان لەنێو خۆیاندا.

«ئەگەر دەرکی ئەیستاتیکیی لە دەرکی هزریی بەولاوە زیاتر نەبێت کە بووەتە بابەتیی، بەڵگەنەویستە کە هونەر تاکە ئۆرگانییە، هەردووکیان دروست و هەمیشەیی و بەڵگەنامەیەکی فەلسەفیین، بەردەوام دڵنیابوونەوە لە نوێیەک کە فەلسەفە ناتوانێت بە شێوەیەکی دەرەکیی بینوێنێت، ئەویش نائاگاییە لە کار و داهێنان و شوناسە ڕیشەییەکەی لەگەڵ هۆشیاردا. ئەگەر هونەر بۆ فەیلەسووف ساتی

١- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، I، ٣، ل٦٢٥.

٢- سەرچاوەی پێشوو.

هەرە بالآیە، هۆیەکەی ئەوەیە کە، ئەگەر دەربڕینەکە لە شـوێنی خۆیدا بێت، دەروازەکانی ئەو پەرسـتگایەی بـۆ والآ دەکات کە تیایدا بە هۆی ئاگرێکەوە، بە یەکانگیریی و لە ڕیشـە و ئەزەڵدا، ئەو توخمانە، ئەوەی کە لەنێو سروشـت و مێژوودا هەیە جیایە، - تاو دەسـتێنن کە لە ژیان و کار و هەروەهـا لەنێـو هـزردا بەبێ چەند و چوون و بەچەشـنێکی ئەزەڵیـی دەبێـت لـە ڕوانگەی دژبەرییـەوە لە یەکـدی جیاببنەوە. ئەو بیرۆکەیەی فەیلەسووف دەربارەی سروشـت پێکیدەهێنێت، سەبارەت بە هونەر بیرۆکە ڕیشەیی و سروشتییەکەی هونەرمەندە»[١].

ئاشـکرایە ئـەم گرێدانـە- بەڵکـو ئـەم چوونیەککردنـە-ی نێـوان دەرکێکـی داهێنەرانـە و دەرکێکی هزریی چی تری لە تواناد‌ا نییە تەنها بەهێزکردنی ئەو ئاراسـتانەی شـیلینگ نەبێت، کە پێشـتر سەبارەت بە ئەریسـتۆکراتیزم لـە تیۆری زانیندا جەختمان لەسـەر کـردەوە. لەنێو فەلسـەفەکەی شـۆپنهاوەردا ئـەم ئەریسـتۆکراتیزمە ئەیسـتاتیکییە، هەروەها زۆر لەوە توندتر و ڕۆشنتر و کۆنەپەرستانەتر دەبێت کە لای شیلینگی لاو دەبینرێت. هاوکات لە دواییدا دەبینین ئەم هێڵە لای نیچە و فەیلەسووفانی قۆناغی ئیمپریالیی کە بەیدەستی کاریگەریی نیچە بوون، بنـج دادەکوتێـت و بەهێز دەبێت، بـەڵام ئێمە لە ڕانانی فەلسـەفەکەی شیلینگدا کە هێشتا بە ئاراستەی کۆنەپەرستییدا مەیلی پەیدا نەکردبوو، بێکەموکـووڕ و تەکـووز نابین ئەگەر ئەوەیش سـەربار نەکەین کە لە ئەیستاتیکاکەیشیدا ئاراستەیەکی بابەتیی زاڵە، شێوەیەکی عیرفانییانەی وێناکردنـی هونـەر وەک دانەوەیەکی قەوماو و ڕاسـتیی بابەتیی و لە ئەنجامدا ئاراستەیەک ڕووەو بەدیهێنانی هاوئاهەنگیی و پێکەوەگونجان لـە نێوان ڕاسـتیی و جوانییدا- ئەمانەیش بڕێک شـتن وا دەکەن هێڵی سەرەکیی ئەیستاتیکاکەی، وێڕای هەموو شتێک، زۆر بەڕوونیی لە هێڵی شۆپنهاوەر و باشتر بڵێین هێڵی قۆناغی ئیمپریالیی دووربکەوێتەوە.

میتۆدی شـیلینگ لە بناغەدانانی بابەتێتیی هونەردا چەندتان بووێت

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢٧ و لاپەڕەکانی پاشتر.

دەتوانێت عیرفانییانە بێت (پێشتر دەربارەی گەڕانەوە بۆ تیۆری نموونەکانی ئەفلاتونیزم لەم قۆناغە لە ژیانی شیلینگدا، بەتایبەتی لەنێو ئەیستاتیکاکەیدا، دواین)، دەتوانێت بانگەوازێکی هەمیشەیی ئاراستەی خودا بکات و ناوی ئەو لەپێناوی هەڵهێنجانی بابەتێتیی هونەردا بەکاربهێنێت، ڕاستیی و جوانیی بەراورد بکات؛ لەگەڵ ئەوەیشدا ڕوو بە تیۆری دانەوە دەمێنێتەوە، ئەم دانەوەیە بنچینە و بناغەی ئەیستاتیکاکەیەتی. لەم ڕووەیشەوە شیلینگ بەکردەوە و دروست ئایدیالیزمی خودیی کانت و فیختەی تێپەڕاند، چونکە دەنووسێت و دەڵێت: «ئەیستاتیکای ڕاستەقینە ڕانانی شێوەکانی هونەرە لەو ڕووەوە کە شێوەکانی شتەکان خۆیانن، بەو جۆرەی لەنێو خۆیاندا یاخود لە ڕەهادا هەن... شێوەکانی هونەر، لەو ڕووەوە کە شێوەکانی بڕێک شتی جوانە، هەروەها شێوەکانی شتەکانە بەو جۆرەی لەنێو خۆیاندا، یاخود لەنێو خودادا هەن، لەو سۆنگەیەیشەوە کە هەموو بونیادێک نواندنی شتەکانە لەنێو ڕەهادا، بونیادی هونەر- ئەیستاتیکا- بە شێوەیەکی تایبەتتر نواندنی شێوەکانی ئەیستاتیکایە وەک شێوەکانی شتەکان بەو جۆرەی لەنێو ڕەهادا هەن... ئەم تێزەیە خاڵی کۆتاییهاتن بۆ بونیادی بیرۆکەی هونەری گشتی دادەنێت، چونکە تیایدا هونەر وەک نواندنی قەوماوی شێوەی شتەکان بەو جۆرەی لەنێو خۆیاندا هەن، بەوپێیەی، بە دەربڕینێکی تر، نواندنی نموونە باڵاکانە، ئامادەیە»[١].

بەدڵنیاییەوە، ئەم میتۆدە ئەفلاتونیی و سۆفیستانەیە لە وێناکردنی دانەوەی شتەکان لەنێو خۆیاندا لەنێو هونەردا، لەسەر فەلسەفەکەی شیلینگی لاو بەبێ دانەوەیەکی گەورە نییە. ناتوانرێت لەمە هەموو سۆفیزمەکان پاکتاوبکرێن تاکو بە کرۆکە ئەقڵییەکەی بگەین. پێکهاتن و تێهەڵکێشییەکانی نێوان سۆفیزم و گەڕان بە شوێن زانینێکی ڕاستەقینەدا، هەردووکیان لێرەدا لەوە قووڵترن کە لەنێو لۆژیکی هیگڵدا هەیە. یەکەمین ئەنجام لەم دۆزینەوەیەی «ڕێکخەری» فەلسەفە

١- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، I، ٥، ل٣٨٦ و پاشتر.

کەوتــەوە، ئەوەیە ئەو شــتەی ئێســتا بینیمان، میتــۆدی «بونیادنانی» گەردوونــە، ئەو میتــۆدەی بەرمەبنای کۆکردنــەوەی زۆرەملێی بڕێک دیــاردەی ڕەگــەز جیــاواز بەیاریدەی ژمارەیەک هاوشــێوەی ســادە دادەمەزرێت. ئەم شــێوازە لای شیلینگ لە سەرەتاکانەوە دەردەکەوێت، بــەڵام دۆزینــەوەی هونــەر وەک «ڕێکخەر»ی فەلســەفە بــووە هۆی ئاڵۆزبــوون و فراوانبوونــی. ئەوکات بە شــێوەیەکی ڕەها توند و ڕەق بوو. لەمەیشــدا دیسان، شیلینگ پێشینی ئەو نائەقڵانییەتەیە کە لەدوای خــۆی دێــت، چونکــە دەرک وەک «ڕێکخەر»ێکی فەلســەفە لە توانایدا نییە کار بکات و نیمچە دیدێکی بەرهەست بۆ گەردوون نیگار بکێشێت مەگــەر زۆرەملێ لــە لێکنزیککردنەوەی بابەتەکان بۆ «شــێواز، یاخود میتۆد»ێک باڵا بکرێت.

ســەبارەت بە پەرەســەندنی خودی شــیلینگ خۆی، ئەم شێوازە کە فەلســەفە لەســەر بناغەی «ئۆرگانــۆن» وەک بناغە و دەســتەبەرێک بــۆ دەرکی هزریی دادەمەزرێنێت، پەرەســەندنێکی شــوم بــوو. مادام ئــەم «ڕێکخەر»ە بریتییــە لە هونــەر، دەتوانرا دووفاقێتیــی بنەڕەتیی ئایدیالیزمــە بابەتییەکەی بهێڵرێتــەوە کە ئەمەیە: ڕاڕایی و جۆلانەکردن لــە نێوان خوداباوەڕییەک کە جاروبار شــێوەیەکی ماتەریالیی بەخۆوە دەگرێــت، لەگــەڵ ســۆفیزمێکی لیوانلێــو لــە بیرۆکەی خــودا. تەنانەت پەســەندکردنی وشــەی «خودا» دەشــیا لە نێــوان جیۆردانــۆ برونۆ، یاخــود ســپینۆزا لەلایــەک و ســۆفیزم، یاخــود ئایینــی پۆزەتیڤیســت لەلایەکــی دیکەوە، دوودڵییــەک بنێتەوە، چونکە لە هونــەردا، هەروەها لە فەلســەفەی سروشتیشدا، دۆزەکە وێڕای هەموو شتێک بابەتەکان و ماتەریالیستیی جیهانی قەوماوە و دەستنیشانکردنی فەلسەفەیی، یاخود ئەیســتاتیکییانەی جیهانــی قەوماو لە توانایدا هەیــە زۆر جار چەندتان بووێــت بەرەو «برێک بونیــاد»ی زۆرەملێ دابڕووخێت، چونکە لەگەڵ ئەوەیشــدا مرۆڤ، لایەنی کەم بە شــێوەیەکی بەشــەکیی، وەرچەرخاو ڕووەو خودی قەوماوی بابەتیی خۆی دەمێنێتەوە.

## ٣
## کۆتا فەلسەفەی شیلینگ

بەڵام ئەو ئاڵۆزییەی بەو جۆرە بەبێ چەند و چوون باری سەر شانی هـەر ئایدیالیزمێکـی بابەتیی گران دەکات؛ تەنها بـە گۆڕانی بۆچوونی «ئۆرگانـۆن» کۆتایـی دێـت، چونکە بەم شـێوازە هەموو ئاراسـتە تا ڕادەیـەک پێشـکەوتنخوازەکانی شـیلینگ و هەمـوو کاریگەرییەکانـی «بیرۆکـە دروسـت و ڕاسـتگۆیانەکەی سـەردەمی لاوێتییەکەی» بە جۆرێکی ئاڵۆز بڕانەوە. ئەمە تا ڕادەیەک ڕاسـتەوخۆ لەپاش ڕۆیشتنی لـە یینـا ڕوویدا، دوابەدوای مانەوەی لە فورسـبۆرگ (لـە١٨٠٣)، واتە لـەدوای دابڕانـی لە تێکەڵبـوون لەگەڵ گۆتە و هیگڵ و دەسـتکردن بە وەرگرتنی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەوادارانی کە زۆربەیان بەئاشکرا کۆنەپەرسـتن. لەپـاش ماوەیەکـی زۆر کەم کتێبەکەی بە ناونیشـانی؛ فەلسـەفە و ئایین (لـە١٨٠٤) بڵاوبـووەوە، کـە وەرچەرخانە گرنگ و یەکلاکەرەوەکەی نێو ژیانی ئەم فەیلەسـووفە شـەقڵ دەکات و قۆناغی دووەمی دەسـتپێدەکات، ئەم قۆناغەیش بـە جۆرێکی بێچەند و چوون قۆناغێکی کۆنەپەرستانەیە؛ لێرە بە دوا «ئۆرگانۆن»ی فەلسەفە هونەر نییە، بەڵکو ئایینە.

ڕیشـەی ڕاستەوخۆی ئەو وەرچەرخانەی کارەکەی شیلینگ گرتییە بـەر، بەتەواویـی دەرەکیـی و تەنانەت لاوەکیی و لە جۆرێکی پاشـکۆ بـوو. یەکێـک لە قوتابییەکانی، نەک باشـترین قوتابی، ئیشـنمایەر (C. A. Eschenmayer) کتێبێکی بچووکی نووسـی کە بایەخێکی ئەوتۆ زۆری نییـە، بە ناونیشـانی؛ فەلسـەفە لـە چوونیدا بەرەو نافەلسـەفە، تیایـدا، ئەگەرچی لەگەڵ ڕێزێکی زۆردا، دووفاقیی فەلسـەفەی لاوێتیی شـیلینگ دەخاتە بەر نەشتەری ڕەخنەیەکی ڕاسـتڕەوانەی بێبەزییانە. ئیشـنمایەر بێ سـێ و دوو ئـەو هێڵکاریی زانینە پەسـەند دەکات، کە

شیلینگ نیگاری کێشاوە، ڕێگای دەرکی هزریی وەک زادەی دیالەکتیکی گوتەزاکانی تێگەیشتن. لەو شوێنەدا کە گومان و ڕاڕاییەکانی دەستپێ دەکەن، چونکە کاتێک لەم بوارە لە قەوماو دەکۆڵێتەوە کە پێویستە بە دەرکی هزریی دابپۆشرێت و والا بکرێت. ئالۆزییەکەی شیلینگ وەک بینیمان بەو جۆرەیە هەوڵ بۆ "پاکتاوکردنی" "ئۆرگانۆن"ی فەلسەفە لە هەر کاریگەرییەکی هزریی و هەموو کاریگەرییەکانی بیرکردنەوە و تێگەیشتن دەدات، بەڵام شانبەشانی هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی ئەم شوێنە وەک بواری زانین. جۆرە ڕیشەییەکەی ساویلکانە، ئیشنمایەر تا کۆتایی شێوازەکەی شیلینگ دەڕوات؛ "تێڕامان وەک کشان، یاخود درێژبوونەوەی خودی زانین خۆی دەکشێت و درێژدەبێتەوە. زانین تەنها لەنێو ڕەهادا مەحف دەبێت کە لەگەڵ زانراودا چوونیەک دەبێت، هەروەها هەر ئەمەیشە لوتکەی تێڕامان. کەواتە ئەو شتەی لەپاش ئەم خاڵە دەکشێت، یاخود درێژدەبێتەوە، ناشێت زانین بێت، بەڵکو زانستێکی بەرتر، یاخود پەرۆشییە. ئەو شتەی لە سەروو هەموو نواندنەکان و هەموو چەمکەکان و هەموو بیر و بۆچوونەکان و بەشێوەکی گشتی لەودیو و لەپاش و لە سەروو تێڕامانەوەیە، ئەو شتەی کە بە تەنها هەر پەرۆشیی هێشتا دەتوانێت دەستیبخات- ئەو شتە خودایەتییە- ، لێرەدا ئەم شتە شادە هەیە کە بەچەشنێکی بێکۆتا باڵاتر سەروو تاهەتیی کەوتووە"[1].

کاروانی هزری ئیشنمایەر هەرچەندێک سەرەتایی بێت، ئاشکرایە لێرەدا هەموو ئەنجامەکانی تێڕامانی شیلینگ هەڵدەهێنجێت، کە بانگەشەی تێپەڕاندنی هەموو چەمکێک و باڵاکردن بەسەر هەموو چەمکێکدا دەکات: ئەگەر تێڕامان- دیالەکتیک- لەبەردەرکی پەرستگای دەرکی هزریی و تاوی بازدان بێت بۆی و ئەگەر ئەوکات تیایدا مەحفببێتەوە، ئەوکات زانین لەگەڵیدا بە ڕەتدانەوەی خۆیی خۆی دەگات و ڕێگا ڕووەو ئەودیو، باوەڕ، پەرۆشیی، نوێژ ونزا چۆڵ دەکات؛ فەلسەفە

[1]- ئیشنمایەر: فەلسەفە لە چوونیدا بەرەو نافەلسەفە، ئۆرلانگن، ١٨٠٣، ل٢٥.

هیچ کردەیەکی تر نییە بێجگە لە ئامادەسازییکردن بۆ «نافەلسەفە». ئەمە ئەو شتەیە کە هەر پەیوەندییەک لەگەڵ سیستەم ناونشینەکانی لە تەرزی جیۆردانۆ برونو، یاخود سپینۆزا دەپچڕێنێت؛ دەرکی هزریی چی تر بە جۆری زانینێکی بەر- لە نەما (هەرچەندێک ئەو جۆرە سۆفیگەرانە بێت)، بەڵکو بووە قەڵەمبازێک لە پاش- لە دا. ئیشنمایەر دەڵێت: «ئەگەر ئەوە ڕاستبێت هەموو دژبەرییەکانی چوارچێوەی زانین لەنێو شوناسی ڕەهادا شیدەبنەوە، ئەوکات تەواو ئەستەمە ئەم دژبەرییە گەوهەرییە، یاخود سەرەکییە تێبپەڕێنرێت: دژبەریی نێوان پێش و پاش...پێش سەنگ و قورسایی ئەو ویستە لەبەرڕۆیشتووەیە، کە، لە بواری زانیندا، بە هۆی کۆتەکانی سنووردارێتییەوە کۆتکراوە... بەڵام پاش، بەپێچەوانەوە، ئازادیی هەڵبژاردنی هەموو ئاراستەکان و ژیانی جاویدانیی بلیمەتانەی لەخۆگرتووە»(١). ئیشنمایەر هەرچەندێک لەسەر بەکارهێنانی وشەکانی فەلسەفەی یەکەم و سەرەتای شیلینگ بەردەوامبێت، واتای ئەو شتەی لێرەدا دەیڵێت ڕوون و بەرچاوە؛ خۆبەدەستەوەدانی بێمەرجی بیرکردنەوە و بیرە لەبەردەم ئاییندا.

شیلینگ بەبێ هیچ دژوارییەک بەڵگەکارییە ساویلکە و سەرەتاییەکەی ئیشنمایەر دەداتە دواوە و- بە ڕووواڵەت- بەرگریی لە شوێن و پێگە ڕیشەییەکانی خۆی دەکات. بەڵام ئەم «گەمە ئاگرین»ە دیالەکتیکییانە، سەبارەت بە گەوهەری ناوەڕۆکە فەلسەفییەکە، ناتوانێت ئەو گەڕانەوە، یاخود پاشەکشێیە بشارێتەوە کە بەدرێژایی هێڵ ئەنجامی دەدات. بەڵێ، ئەو بەبێ وچان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەڕاستییدا داکۆکی لە هەڵوێستەکانی پێشووی خۆی لە دژی ئاڵۆزییەکانی تێگەیشتن دەکات، بەڵام سەبارەت بە پرسە گەوهەرییەکانی فەلسەفە، لە ئێستادا بڕێک شوێن و پێگەی نوێی داگیرکردووە و چەشنە گۆڕینێکی یەکلاکەرەوانە شوێن و پێگەکانی جەخت لەسەرکردن دەگۆڕێت، بە جۆرێک دووفاقێتیی درەوشەداری نێو فەلسەفەی یەکەم و سەرەتای سەبارەت بە سروشت

(١) - ئیشنمایەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

و سـەبارەت بە ئایدیالیزمی بابەتیـی وەرگیراو بەتەواویی دەپچڕێت و دواجار پەیوەندییەک هەیە لەگەڵ فەلسەفەی کۆنەپەرستیی، فەلسەفەی گەڕانەوە (Restauration)دا.

ئـەم پەرەسـەندنەی شـیلینگ پەرەسـەندنێکی واتـادارە و ئـەو وەرچەرخانـەی ڕوویداوە سـەبارەت بە کاری دواتـری بایەخی خۆی هەیـە- چونکـە لـە دواییـدا دەبینیـن هەموو توخـم، یاخـود ئۆرگانە سـەرەکییەکانی نێو "فەلسەفە ئەرێنییەکەی"، کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تـا ڕادەیـەک هەمـووی، لایەنی کەم لـە شـێوەی بنەتـۆدا، لەنێو ئەم نامیلکەیەدا هاتوون-، ئەمە بە ڕادەیەکە کە پێویستە لەسەرمان گرنگیی بە وردەکارییەکی برێک زیاتری ئەو کێشانە بدەین کە لێرەدا بزوێنراون. پێشتر سەرنجی ئەوەمان دا دابڕان لە ئایدیالیزمە خودییەکەی فیختە و گواستنەوە بۆ ئایدیالیزمی بابەتیی لای شیلینگ وەکو یەک هەردووکیان بەچەشـنێکی نائاگایانە ڕوویاندا. ئەمە ئەو شـتەیە کە هیگڵ گوزارشتی لێـدەکات کاتێـک کە دەڵێت شـیلینگ: "ئەو پەروەردە فەلسـەفییەی کە هەیەتـی بـە بەر چـاوی خەڵکییـەوە وەرگرتـووە"و لەنێـو کارەکەیدا "ڕێکخستن، یاخود ڕیزبەندیی بەشە جیاوازەکانی فەلسەفەی پێگەیشتوو بە شێوەیەکی یەک لەدوای یەک بوونی نییە، بەڵکو ئەو شتەی تێیدایەتی پێبەپێـی و بەدواییەکداهاتنـی قۆناغەکانـی ڕۆشـنبیرییە تایبەتەکـەی خۆیەتـی"[1]. ئەمە ڕاڤەکردنێکی سەرنجڕاکێشـی چۆنێتیی لەدایکبوونی کتێبەکانی شـیلینگە، بەڵام ئەو تاوانبارکردنەی بە شـێوەیەکی شاراوە لەنێو دەربڕینەکەدا هەیە ڕەخنەکردنێکی بەسـوود نییە بۆ پەرەسەندنی شـیلینگ. ئەو شتەی تایبەتمەندیی ئەم پەرەسەندنەیە ئەوە نییە شیلینگ بۆچوونی خۆی بەجۆرێ گۆڕی کەزۆر جار نائاگایانە و خۆبەخۆ بوو، بەڵکو ئەوەیە هەمیشـە بەتەنگ ئەوەوە بوو دەسـت بە وەهمی یەکێتیی و پەیوەندیـی و بەردەوامیـی لەنێو بۆچوونە فەلسـەفییەکانیدا بگرێت، لەکاتێکدا ئەو لەمێژ بوو دەسـتبەرداری بۆچوونە کۆنەکانی خۆی بوو

[1]- هیگڵ، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی١٥، ل٦٤٧.

بــوو، بەڵکــو بۆ پێچەوانەکەی گۆڕیبوون. بەم پێیە ئەگەر ئەوە شــیانی هەبێت و بتوانرێت سەبارەت بە دەورانی لاوێتییەکەی، سەروەختێک لە ئایدیالیزمی خودییەوە بۆ ئایدیالیزمی بابەتیی دەچوو، پێ لە ڕاستگۆیی تــەواو بنێین، بەڵام «نائاگایی» ســەرەتا و یەکەمجاری چی تر ڕووەو دیماگۆگیایەکی پەتیی و سادە وەردەگۆڕێت.

کەواتە با لەو پرسە گەوهەرییانە بکۆڵینەوە کە سەبارەت بە فەلسەفە و ئایین قســەیان لەســەر کراوە. شیلینگ بەر لە هەر شت، ئەگەرچی لە دژی ئەو «بەدحاڵیبوون»انە بەڵگەکاریی دەکات کە فەلســەفەکەی لای ئیشنمایەر دروســتیکردن، دابەشکارییەکی دووانەییانەی توند فەلسەفە دابــەش دەکات؛ تیایدا تایبەتمەندییەکانی ئەو دابەشــکارییە دەبینین، کە لــە دواییدا لە نێوان فەلســەفەیەکی ئەرێنیی و فەلســەفەیەکی نەرێنییدا دەیــکات. پاش ئــەوەی ڕەهــای دەستنیشــانکرد و زانینــی تایبەتی بە لــواو بۆی دیارییکرد، لێرەوە ســەر دەردەکات: «ئەمــە ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە ئامانجی فەلســەفە، ســەبارەت بە مرۆڤ، ئەوە نییە شــتێکی پێبدرێــت، بەئەنــدازەی ئــەوەی ئازادکردنێتی لــە هەموو ئەو دەرخســتنانەی کە جەســتەی باریانکردووە، جیهانی دیاردەکان، ژیانی هەستەکان، ئەمە بە تەواوترین شێوە کە لە تواناد‌ا هەیە و گەڕاندنەوەی بۆ ســەرچاوە ڕیشــەییەکانی. هەروەها ئەمە ئەوەی لێدەکەوێتەوە هەر ڕێخۆشکردنێک بۆ فەلسەفە بەر لەم زانینە بکەوێت، ناشێت لە نەرێنیی بــەولاوە پتر بێــت، لەوەدا کــە نەبوونی هەموو دژبەرییە ســنووردارە کۆتاهاتــووەکان دەردەخــات و ڕۆح، بە برێک ڕێگای ناڕاســتەوخۆدا، بەرەو تێڕامان لە ناکۆتا دەبات. ئەوکات، پاش ئەوەی گەیشتووەتە ئەم خاڵە، ئەو کەرەستانەی پاڵنان لەپاش خۆیەوە جێدەهێڵێت کە سەبارەت بە پێدانی ڕاڤەیەکی نەرێنییانە دەربارەی ڕەها هیچ خزمەتێکیان نەکرد، هــەر لەگــەڵ کاری پێیان نەما لە کۆڵ خۆیانــی دەکاتەوە»[1]. هەمووان دەتوانــن ببینن ئەم بۆچوونە بۆ زانین چەند لەو بۆچوونەوە دوورە کە

[1]- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ا، ٦، ل٢٦ و پاشتر.

له سەردەمی لاوێتییدا هەیبوو (وێڕای هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بە لادانی دیالەکتیکی شیلینگیی لەو خاڵە یەکلاکەرەوەدا ڕووەو نائەقڵانییەت دەربارەی دواین)، بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە چەند لە جیاوازییکردنەکەی ئیشـنمایەر لـە نێـوان فەلسـەفە و نافەلسـەفە نزیکدەبێتـەوە. ئایـا تا بەکارهێنانی وشـەی «نەرێنیی» بۆ دەستنیشانکردنی چوارچێوەی نزم لە زانیندا ناڕوات؟ بەڵێ، لە نێوان ئیشـنمایەر و شیلینگدا ئەم جیاوازییە دەمێنێتـەوە» شـیلینگ، تـا کۆتایی ژیانی، پێ لەسـەر تەماشـاکردنی «فەلسەفە ئەرێنییەکەی خۆی» وەک زانین دادەگرێت. کەواتە ئەو هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان بە چەشنێکی بنەبڕانە، لەنێو گنۆزیۆلۆژیاکەیدا، نرخی ئـەم چوارچێوە دانراوە- ئەرێنییە وەک زانینێک ناداتە دواوە. ئەمە ئەو شتەیە کە بە نائەقڵانییەتەکەی شیلینگ ئەو تایبەتمەندییە گواستنەوەییە دەبەخشێت کە هەیەتی و ڕاڤەی ئەوەیش دەکات بۆچی کاریگەریی کۆتا فەلسەفەکەی ماوە کورت بوو.

ئەم دابڕان، یاخود جیابوونەوە ڕیشەییە، وەک ئەنجامێکی سەرەکیی ئـەو ئەنجامـەی هەیە کە شـیلینگ لێرەدا لەگەڵ قۆناغـی لاوێتییەکەیدا لـە دژوازییەکـی تەواودایە، چی تـر ڕەها، کە بابەتـی دەرکی هزرییە، وەک کۆسمۆسی شتەکان لەنێو خۆیاندا وێنا ناکات، گەرچی لە شێوەی ئەفلاتونییانـەی جیهانێـک لـە نموونەکانیشـدا بێت، بەڵکـو تەنها وەک شـتێک کە ڕاسـتەوخۆ دەرک دەکرێت، وەک شـتێکی بەڕەهایی سادە، وێنا دەکات. هەر بۆیە شیانی ڕاڤەکردن، یاخود لێکدانەوەی ئەم جیهانە بەتەواویـی دەداتـە دواوە. دەڵێت: «کەواتە تەنها ئەو شـتەی لە بڕێک بـەش پێکهاتووە دەشـێت بە هـۆی ڕاڤەکردنەوە بزانرێت، ئەو شـتەی کە سـادەیە دیارییکردن بە هۆی دەرکەوە دەسەپێنێت»[1]. لە شوێنێکی تردا، لەنێو ئەم بوارە زانینەکییەدا، هەموو پەیوەندییەک لە نێوان گشتی و تایبەتـدا ڕەتدەداتەوە، کتومت بەم جۆرە هاوشـانی ئەم کێشـەیە کە وەک بینیمـان دەرکی هزریی لەپێناو چارەسـەرکردنی ئـەودا داهێنرا،

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

بەردەوام دەبێت. ئێستا دەڵێت: «... هەموو جیهانی ڕەها، لەگەڵ تەواوی پێپلیکانــەی قەوارەکانیدا، بــۆ یەکێتیی ڕەهای خــودا کورتدەبێتەوە، بە دەربڕینێکــی تر، دروســت لەنێو ئــەم جیهانەدا هیچ شــتێکی تایبەت و تاکەکەســیی بوونــی نییە»[١]. بــەم جۆرە زانینی جیهان، کە دەســتپێک بەرمەبنای فەلســەفەی سروشت دامەزرراوە، هەڵدەخزێتە نێو زانینێکی خودای سۆفیگەرانەی پەتییەوە.

شــیلینگ بەو شــێوەیە لە خوداباوەڕیی لاوێتییەکەی دادەبڕا- بەڵێ خوداباوەڕییەکی ئاڵۆز و ناڕۆشنیشــە- . لەکاتێکدا لە ڕابووردوودا بۆ خستنەڕووی ئەم بنەما سپینۆزاییە هەوڵی دەدا: «deus sive natura“ ”خودا واتە سروشــت“، بە ئاراســتەیەکی دینامیکی و دیالەکتیکییانەدا، بــەم پێیە وەرچەرخاندنی لە ڕووی مێژووییەوە، ئێســتا لە نێوان ڕەها و قەومــاو و خــودا و جیهاندا دووانەییەکی توند، کــە دانامرکێنرێتەوە، دەچەســپێنێت. گواســتنەوە لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی دیکەیان، تەنها بە هــۆی قەڵەمبازێکــەوە دەتوانرێــت بکرێــت. ”بەکورتیی، لــە ڕەهاوە بۆ قەوماو گواســتنەوەیەکی گرێدراوی بــەردەوام بوونی نییە، تەنها وەک دابڕانێکــی تەواوەتیی لە ڕەهاگەرایــی و تەنها بە قەڵەمبازێک، دەتوانین ڕیشــە و بنچینــەی جیهــان نوێنــە بکەیــن“[٢]. قەوماوێکــی تایبەتمەند: ڕاســتەوخۆ لەپاش ئەوە، تێڕامانی شــیلینگیی لەســەر ڕێگایەکی تەواو ســۆفیگەرانە ســەرگەردان دەبێت، چونکە بنچینەی جیهانی هەستەکان، نەک وەک زادەی پەرەســەندن و تەنانەت نــەک وەک خولْقاندن، بەڵکو وەک «کەوتن»ێک سەبارەت بە خودا دەبینێت. لەنێو خۆیدا جیاوازییەکە دەشــیا ســەبارەت بە ئێمە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت، بە هەمان شێوەی جیاوازییکردن لە نێوان شەیتانێکی سەوز و شەیتانێکی زەرد سەبارەت بە لینین، ئەگەر ئەم بۆچوونە لای شیلینگ هەمان کات دابڕانێکی توندی لە بیرۆکەی پەرەســەندنەکیی فەلســەفەی سروشتی لەخۆ نەگرتایە. لە

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.
٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ و دواتر.

کۆتایی نامیلکەکەدا، پەرەسەندنی مرۆڤ بەرمەبنای ئاژەڵبوون- ئاگایی دیالەکتیانەی مەزنی گۆتە و هیگڵ، ئەو ئاگاییەی پێشتر هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی لە سەرەتاکانی فەلسەفەی سروشت لای شیلینگ گێڕا، لە «گەشتی داستانئامێزی ڕۆحدا»- بەوپەڕی سادەیی دراوەتە دواوە. وەک چۆن تێکڕای گەردوون- هەیهو لەو سۆفیگەرییە قێزەونە- لە «بەربوونەوە» بە جیابوونەوە لە خوداباوەڕیی دێتە بوون، هەروەها «دوا سنووری تەمومژاویی مێژووی زانراو» «پێشتر بەربوونەوەی شارستانیی لە بەرزاییەکانی پێشوو، بڕێک پاشماوە کە لەلایەن زانستێکی کۆنەوە دووچاری شێوان هاتووە، ژمارەیەک سیمبوڵ، کە پێدەچێت لەمێژبێت واتاکەیان بزر و گوم بێت»[1] ڕووندەکاتەوە. کەواتە «سەلماندن»ی ئەم ئاراستە داکشاوە، ئەم هزراندنەی مێژووی مرۆڤایەتیی پێچەوانەی پەرەسەندنگەرایی، دەبێت بە ئەفسانەی چاخی زێڕین!

ئێستا دەبینین شیلینگ لەسەر چ خاڵانێکی سەرەکیی لە فەلسەفەی قۆناغی لاوێتییەکەیدا ئەو دابڕانەی ئەنجامدا، چۆن نائەقڵانییەتی دەرکی هزریی، کە ئەوکات هێشتا بە واتایەک لە واتاکان میتۆدۆلۆژیی پەتیی بوو، ناوەڕۆکی پڕ لە سۆفیزمێکی نائەقڵانیی پێکهێنا، بەلام بەر لە قۆناغی یینا و لە سەروەختی قۆناغی یینادا، فەلسەفەی سروشت لەنێو چەقی هزری شیلینگدا بوو، کاتێکتێکڕای لقەکانی تری فەلسەفە- تەنها ئەیستاتیکای لێ بترازێت- ئەگەر دەربڕینەکە بەجێ بێت، تەنها وەک تەواوکارییەکی سیستەمەکە پێشوازیی دەکران، بەڵام لە ئێستادا تێڕامانە دەرکییەکان دەربارەی دیاردەکانی سروشت دەچنە پاشەوە، پرسەکانی ئەیستاتیکایش تەنها بە شێوەیەکی ناکاو دەردەکەون؛ لێکدانەوەی نائەقڵانییانەی ئەفسانەکان و ئایین ئەو بابەتانە بوون چەقی تێڕامانەکانی ئەویان پێکدەهێنا.

لەگەڵ ئەوەیشدا، نزیکەی سی ساڵ تێپەڕی بەرلەوەی شیلینگ، لایەنی

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

کەم لەنێو ژمارەیەک وانەی گشـتییدا، فەلسەفە «ئەرێنیی»ـەکەی خۆی لە دۆخی کەماڵ و بێکەموکووڕیی خۆیدا ڕابگەیەنێت، بەرلەوەی بیکاتە فەلســەفەی فەرمیی کۆنەپەرســتیی ڕۆمانتیکیی پرۆسیی کۆمەڵگرتوو لــە دەوری فریدریک- گلیۆمی چوارەم، بەر لەوەی مار جەرجیســێکی نوێی تێدا ببینن، کە پێویســتە لەســەری ئەژدیهای فەلسەفەی هیگڵیی- بەتایبەتی باڵە چەپڕەوەکەی لەناوبەرێت.

لەکاتێکــدا کە هەوڵدەدەین، تەنها لە ڕووی هێڵە ســەرەکییەکانییەوە، ئەم قۆناغی سی ساڵە نیگاربکێشین، هێندەی ناساندنی وەرچەرخانەکانی دۆخــی کۆمەڵایەتیــی بابەتیی ئەڵمانیا و ڕێکخســتنی بەرەکانی شــەڕە فەلســەفییەکەمان لا گرنگە، هێندە شــقڵکردنی قۆناغەکانی پەرەسەندنی ناوەکیــی شــیلینگمان لا گرنــگ نییە؛ لەو سۆنگەیەیشــەوە کە پێشــتر ڕوونمانکــردەوە و گوتمــان وەرچەرخانــی یەکلاکەرەوە لە شــێواز و ناوەڕۆکــی پۆزەتیڤیی- ئەرێنیی و ئامانجی ســەرەکیی لە فەلســەفەی شــیلینگدا، لە ســاڵی (١٨٠٤)ەوە بەدیهاتووە، هەر بۆیە بناغە نوێیەکانی بە هەمان شــێوەی گۆڕانکارییــە مێژووییەکان- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئــەم بناغانــە و ئــەم گۆڕانکارییانە لە ماوەی ئەو قۆناغــەدا هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە- دەشــێت بە سادەیی دەرک بکرێت، بەبێ ئەوەی لە بەوردیی قســەکردن لەســەر قۆناغەکانی ناوەنــد دوابکەوین. لەلایەکی دیکەوە، شیلینگی پیر، کە لە ماوەی چەند دەهەیەک ساڵدا بیرچوونەوە دەوروخولی تەنی و ئیتر، ئەگەر دەربڕینەکە ڕاســت بێت، هیچ ڕۆڵێکی لە پەرەســەندنی فەلسەفەی ئەڵمانییدا نەگێڕا، چی تر ئەو شوێن و پایە ســەرەکییەی نەمــا کە- بە شــێوەیەکی کاتیی و نــاکاو- لەنێو ململانێ ئایدیۆلۆژییەکانــی ســاڵانی (١٨٤٠)دا هەیبــوو، تەنهــا بەیاریــدەی ئەم گۆڕانە لە دۆخی کۆمەڵایەتیی بابەتیی ئەڵمانیادا نەبێت.

کتێبی فەلسەفە و ئایین لە کاتێکدا بڵاوبووەوە تیایدا فیۆمینۆلۆژیای ڕۆحــی هیــگڵ تەواونەبووبوو. گومانــی تێدا نییە ئەو هێرشــەی تیایدا دەکرێتــە ســەر دەرکی هزریی ســەبارەت بە وەرگێڕانە نوێیەکەیشــی

دیســان دروســته، بەتایبەتی ســەبارەت بــەم پێکەوەگرێدانــەی نێوان «ســادەیی» و بیرۆکــەی ڕەهــا و ئەو شــێوازی بونیادنانەی لەســەر چوونیەککــردن شــاندادەدات. هیگڵ، زۆر بەتوندیــی، «ڕۆتین»ی ڕەها و «گشــتایەتییە ڕووتەکــەی»، «کەندەلانــی ئەو بۆشــاییەی تێڕامانی پەلکێش دەکرێت» لای شــیلینگ، ئاشــکرا دەکات، «ئەو شەوەی تیایدا هەمــوو چێڵەکان ڕەشــن». بەتایبەتــی لە پای ئەوە ڕەخنەی شــیلینگ دەکات کــە لای «ئەوانەی لێی {لەم ڕۆتینگەراییە لە ڕەهادا- ج. لوکاچ} قایــل نیــن، تەنها بێتوانایی لە دەستنیشــانکردنی دیــدی ڕەها و مانەوە لەگەڵیدا دەبینێت»[1].

لێرەدا بەڕوونیی دەردەکەوێت خەباتکردنی هیگڵ لە دژی شــیلینگ، ململانێیەکــە لــە نێــوان پێگەیاندنی دیالەکتیــک و هەڵهاتــن لێی بەرەو نائەقڵانییــەت. هیگڵ ئەم پرســەیش دیســان لە شــێوەیەکی مێژوویدا دادەنێت. فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح لەو سەرنجەوە دەستپێدەکات، کە دەڵێت جیهان پێی ناوەتە نێو سەردەمێکی نوێوە. من لەنێو کتێبەکەمدا دەربارەی هیگڵ ڕوونمکردەوە و گوتم هیگڵ ئەم ســەردەمە نوێیەی لە شۆڕشــی فەڕەنســی و لەو کودەتا و وەرچەرخانانەدا کە شــەڕە ناپۆلیۆنییەکان لەگــەڵ خۆیاندا هاوردیان بۆ ئەوروپا و لــە پاکتاوکردن و لەناوبردنی پاشــماوەکانی دەرەبەگایەتی بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا، بینی. گومانی تێدا نییــە ئەم نوێیە لای هیگڵ لە ســەرەتادا لە شــێوەیەکی ئێجگار ڕووتدا دەردەکەوێــت. چونکە بۆ نموونە ئەو دەڵێت کە؛ «یەکەمین دەرکەوتنی ئەو جیهانە نوێیە لە ســەرەتادا لە گشــت Totalitéی لە ســادەییەکەیدا ترســناک بــەولاوە زیاتــر نییە، بــە دەربڕینێکــی تر بناغــە هەمەکییە-گەردوونییەکەیەتی». هەر بۆیە لە یەکەم تەماشــادا وەک «موڵکایەتی-تایبەتمەندیی ناوەکیی هەندێک لە تاکەکان» دەردەکەوێت، بەڵام ئەرکی مێژوویی فەلســەفە سەبارەت بە هیگڵ، ئاشــنابوونە بە نوێ لە بزاوتی تایبەت و لە دەستنیشــانبوونە فرەکانیدا و بەم پێیە بە هۆی دیالەکتیکی

1- هیگڵ، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی٢، ل١٣ و پاشتر.

بەرهەســتەوە. «شتێک لە شتەکان دەبێت هەموو دەستنیشانبوونەکانی بەدەســتهێنابێت، تاکو ببێتە دەرەکیی- دیاردەیــی، واتە ڕوون بووبێت و شــیاوی فێربوون بێت، تاکو ببێتــە موڵکی هەمووان. زانین لە ڕووی تێگەیشــتنەوە ڕێگایەکــە بــەرەو ئــەو، بــۆ هەمــووان ڕێخۆشــکراو و چوونیەکە. گەیشتنە بە هۆی تێگەیشتنەوە بە زانین savoir بەگوێرەی ئەقڵ، ئەمە داخوازییەکی ڕەوای هۆشیارییە سەرباری زانین science دەبێت"[1].

کەواتــە بەڵگەکاریی هیگڵ لە دژی تیۆری- زانینی ئەریســتۆکراتیی شیلینگ-ی بەتوندوتۆڵیی پەیوەست بە وەرچەرخان ڕووەو نائەقڵانییەت- لــەم پرســیارە جیانابێتەوە: میتۆدێکی بەرهەســت و زانســتیی، یاخود میتۆدێکی ڕووت و نائەقڵانیی؟ - هەروەها بە هەمان ڕێژە لە دژبەریی نێــوان ڕوانگەی مێژوویی- کۆمەڵایەتیی بیرمەندان لە قەیرانی گەورەی ســەردەمەکانیان جیانابێتەوە، لەم پرســیارە جیانابێتەوە: ئایا ئێمە لەم قەیرانــەدا ڕووەو پاکتاوکردنی پاشــماوەکانی دەرەبەگایەتی و ڕووەو داهاتوو، یاخود ڕووەو گەڕانەوە و بەرەو ڕابوردوو مل دەنێین؟

ئــەوە یەکەمین شــەڕ بوو لە نێوان دیالەکتیکــی ئایدیالیی بابەتیی و نائەقڵانییەتدا. شێوە شیلینگییەکەی نائەقڵانییەت- هەم شێوەی یەکەم و دووفاقی، کە بە شــێوازی پەرەســەندنەکیی نێو فەلسەفەی سروشتەوە گرێ دراوە، یاخود شێوەی دووەمی بەئاشکرا سۆفیگەر و ئاینییانەی- دووچــاری شکســت دەبێت؛ شــێوە هیگڵییەکەی دیالەکتیک دەســت بە هەژموونکردن و زاڵبوون دەکات، ئەگەرچی بە شێوەیەکی پەیتا پەیتا و ئەگەرچی بێ هیچ دەســتکارییەکی چیەتییگەرانەیش بێت، چونکە دیدی هیگڵی لاو، کە بەتوندیی بەرەو داهاتوو دەچێت، لەبەرئەوەی لە ئێستادا دەرک بــە قۆناغێکــی نــوێ لە مێــژووی مرۆڤایەتییــدا دەکات، ئەویش دیســان، لەگــەڵ کەوتنــی ناپۆلیــۆن و هەژموونکردنــی هاوپەیمانێتیی پیرۆزدا، دووچاری قەیران دەبێت. فەلسەفەی مێژووی هیگڵی کۆنەساڵ

---

[1]- هیگڵ، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی٢، ل١١ و دواتر.

زۆر له فەلسـەفەی مێژوو لەنێـو فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح[1]دا قایلکەرتر و باوەڕدارتر و پڕتره له چارەسـەر، چونکه ئێسـتا چی تر وەک سەرەتا وێنا نەکراوە، بەڵکو وەک کۆتایی قۆناغێکی مەزن وێنا کراوە. فەلسەفە چـی تر ڕووەوپێشـەوە ناڕوانێت، بەڵکو ڕوو لـە ڕابوردوو دەڕوانێت، داهاتوو لەوە کەوت دەستنیشانکردنی ئێستا و بەدیهێنانە فەلسەفییەکەی بێت. ئەرکی فەلسەفەیش چی تر بە «پێشوازییکردن و پێلێنان لە هاتنی ڕۆح» نەما. بووە «کوندەپەپوو، یاخود زایەڵەی مینێرڤا»کە تەنها پاش ئەوەی شەو دادێت دەتوانێت لە شەققەی باڵ بدات و بفڕێت[2].

لەنێـو مێژوویەکـی نائەقڵانییەتـدا، دەرفـەت بـۆ خسـتنەڕووی ئەنجامەکانی ئەم وەرچەرخانەی هیگڵ سـەبارەت بە فەلسەفەکەی ئەو خـۆی نییە. تەنها بەو سـەرنجە بەس دەکەین کە فەلسـەفەی هیگڵیزم، وێڕای ئـەو وەرچەرخانە، بەهەرحـاڵ، بە کەناڵی لۆژیکـدا، پڕۆگرامی فینۆمینۆلۆژیای جێبەجێ کرد؛ خسـتنەڕووی زانستییانەی گوتەزاکانی دیالەکتیکـی بابەتیـی، ئەوەندەی بابەتەکە لە چوارچێـوەی ئایدیالیزمدا شـیانی هەیـە، شـێوازەکەی ئەویـش، دیسـان لـەم چوارچێوەیـەدا، پارێزگاریی لە بیرۆکەی پەرەسـەندن دەکات و دەیەوێت بەسەر برێک بـواری جیـاوازدا پراکتیکـی بـکات، بۆچوونی ئەو دەربـارەی کۆمەڵ ڕووەو پادشـایەتیی دەستوورییە؛ ئەگەرچی لە شێوەیەکی شەرمنانەدا ئەم بۆچوونە بەرەو پاش ئەو سیستەمە سیاسییە دەڕوات، کە ئەوکات لە ئەڵمانیادا هەبوو، ئەمەیش شتێکە ڕاڤەی ئەوە دەکات هیگڵ بەردەوام لـە دژی نوێنەرانی ئایدیۆلۆژیسـتی کۆنەپەرسـتیی ڕۆمانتیکیی (هالەر Haller و ساڤینی Savigny و... هتد) مشتومڕ دەکات.

ئەوە ئەم ڕووخسارەی فەلسەفەی هیگڵیزمە کە، لە ئەڵمانیا و بەتایبەتی

1- لەم بارەیەوە بڕوانە جۆرج لوکاچ؛ هیگڵی لاو، بەرلین١٩٥٤، ل٥٢٠ و پاشتر.

2- ڕوزانکرانتس: ژیانی هیگڵ، بەرلین١٨٤٤، ل٢١٤ و پاشتر. هیگڵ، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی٨، ل٢١.

لە پڕوسـیا، بووە ڕووخسـاریّکی گرنگ. بەڵێ، هەژموونەکەی تەنها تا ساڵی (١٨٣٠) بەردەوام دەبێت. لەگەڵ شۆڕشی تەمموزی {١٨٣٠}دا لە فەڕەنسـا، ئەڵمانیا دەچێتە نێو قۆناغێکی نـوێ لە قۆناغەکانی ململانێی چینەکانـەوە، دەبـوو ڕێتمە فەلسـەفییەکەی لە سـەرەتادا سیسـتەمی هیگڵیزم و پاشـان شـێوازە ئایدیالیسـتییە دیالەکتیکییەکـەی بلەقێنێت. ڕەوتی داڕووخانی هیگڵیزم سەروەختێک دەستپێدەکات هیگڵ لە ژیاندا ماوە، لەگەڵ ئەو مشتومڕەدا کە لە دژی گانس (Gans)ی خوێندکاری خۆی دەیکات- کە تا ئەو کاتە، سـەبارەت بە شۆڕشی تەمموز، لەسەر دڵسـۆزیی خۆی مابووەوە. هاینە (Heine)، داڤید فریدریش شتراوس (D.F. Strauss)، سـاڵنامەکانی شـاری هالـە، ئـازادان لـە بەرلیـن، فۆیربـاخ... هتـد، قۆناغەکانی ئـەم داڕووخانە باڵا دەکـەن، کە لەدوای شۆڕشـی (١٨٤٨) دەگات بـە کەماڵ و هەموو ئەو شـەڕ و کوشـتارە ئایدیۆلۆژییانـە ئامادەکاریـی ئەون- تا ئەو کاتـەی مارکس و ئەنگڵس ماتەریالیزمـی دیالەکتیک و مێژوویی دادەمەزرێنن و بەو هۆیەیشـەوە بەسەر هەر شێوەیەکی ئایدیالیستانەی دیالەکتیکدا زاڵ دەبن.

پرسـی سـەرەکیی نێو ئەم قۆناغـی گواسـتنەوەیە؛ خەباتکردنە لە دژی ئاڵۆزیـی دیالەکتیکـی ئایدیالیی هەڵکەندراو لەنێو سروشـتەکەی خۆیدا. ئازادکردن و ئاشـکراکردنی ئاراسـتە دواکەوتوو و بە خوایشت هەڵخزاوەکانی بۆ نێو لاهوت، یەکێک بوو لە مەزنترین سەروەرییەکانی فۆیربـاخ، کـە توانی بەو هۆیـەوە ئەو قەڵەمبازە بـدات، کە بە باڵاترین شێوەی دیالەکتیک دەگەیەنێت؛ دیالەکتیکی ماتەریالیی. کەواتە ململانێی ئایدیۆلۆژیی سەبارەت بە فەلسەفەی ئایین لای هیگڵ تەنها بە شێوەیەکی بەشـەکیی لەلایەن دواکەوتنی سیاسـیی ئەڵمانیاوە دەستنیشـانکراوە، کە لەوەتـەی ڕیماروس (Reimarus)و شـیلینگ و تەنانەت لەوەتەی لایبنیـزەوە گرنگتریـن بیریارانی ناچار کرد بەوەی بەرگ و پۆشـاکی لاهوتیـی، یاخـود نیمچە لاهوتیی لە بـەری فەلسـەفە خەباتکارەکەیان بکـەن؛ ئەوە، لەم قۆناغەدا، ڕێخۆشـکردنێکی پێویسـتە بـۆ تێپەڕاندنی

ئایدیالیزمی فەلســەفیی لە شــێوە هەرە باڵاکەیدا کە دیالەکتیکی هیگڵە. دووفاقیــی دیالەکتیکی هیگڵیی، لە نێوان خوداباوەڕییەکدا ڕاڕای دەکات، کە لێرەدا هەســت پێ دەکرێت و ماتەریالیزم و لاهوتێکی کریســتیانیی فەرمیی هەیە، دەبوو بە ڕۆژی ڕووناک ئاشــکرا و ڕەخنە بکرێن، تاکو ڕێگای تێپەڕاندنی ئایدیالیزم ئازاد بکرێت. ویڕای ئەوە، تێپەڕاندنی هیگڵ، تەنانەت لەو شوێنەیشــدا، بە هەمان شێوە وەک لای فۆیرباخ، بەرامبەر بە لەدەســتدانی برێــک ئۆرگانی ســەرەکیی لە دیالەکتیــک ڕوویدەدا- برێک ئۆرگانی پێشــکەوتنخواز کە تەنها ماتەریالیزمی دیالەکتیک بەرەو ئاستێکی زانستیی بەرزی دەکردەوە-، گرێدراوییەکی تۆکمە، گرێدراوی پێداویستیی کۆمەڵایەتی بوو، پێداویستیی چوون بەرەو پاش- فەلسەفە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی هیگڵ.

بەم جۆرە، ویڕای هەموو دەستنیشانکردنە بۆرژوازییەکان و هەموو نامۆیی و شــڵەژانە ئایدیۆلۆژییەکانی پێشــەوایانی هیگڵیزمی- چەپڕەو، هەڵوەشــاندنەوەی هیگڵیــزم بۆ ئەڵمانیا، لەدوای شۆڕشــی دیموکراتی، بنەمایەکــی ئایدیۆلۆژیی بۆ خەباتکردنــی ئەوپەڕی- چەپی دیموکراتیی بۆرژوازیی دروســتکرد، ئەمەیش بەبێ چەند و چوون کۆنەپەرســتیی کۆمەڵگرتــوو لــە دەوری فریدریــک- گلیۆمی چوارەمی پاڵنا شــیلینگ بانگهێشــتی بەرلیــن بکات تاکو لــە دژی ئەم هیــگڵ و هیگڵیزمە چاکی پیاوەتی لێ بکات بە لادا.

هەر بۆیە ئەوە گرنگییەکی زۆری نییە بزانین شیلینگ تا چ ڕادەیەک دەرکــی بــە دۆخەکــە دەکرد، تــا چ ڕادەیــەک پێیوابوو ئەرکــی ئەو لە تێکۆشان لە دژی هیگڵدا کورتدەبێتەوە، کە پێشتر فەلسەفەکەی ئەو واتە شــیلینگ-ی شاردبووەوە. لەوە گرنگتر ئەو پێویستییە ئایدیۆلۆژییانەن بەشــدارییە ئاشــکرا و گشــتییەکەی وەڵامی دەدایەوە. پێویستە لێرەدا پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی سەردەمەکە بەهەند وەربگرین. ئایدیۆلۆژیای گەڕانەوە پەرۆشــی گەڕانەوە بۆ ڕژێمە کۆنەکە بوو، بەڵکو هەندێک لە زمانحاڵانیشی بیریان لە گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەکردەوە،

ئەمە ئەو ئاراستەیە بوو نۆڤالیس (Novalis) لەنێو لێکۆڵینەوەکەیدا؛ کریستیانیزم و ئەوروپا، گوزارشتکردنێکی تەواو گوزارشتی لێ کرد، بەڵام چەندێک دەربڕینی ڕاشکاوانەی ئەم کۆڵینەوانە ڕوونتر و یەکلاکەرەوەتر بن، ناوەڕۆکیان ئاڵۆزتر و شێواوتر دەبن، چونکە کەندەڵانی نێوان ئایدیۆلۆژیا و قەومەاوی کۆمەڵایەتی بەردەوام ڕوو لە فراوانبوون بوو. لەبەرئەوەی هەژموونکردنی ئەو پاشماوەیە لە دەرەبەگایەتی کە لەدوای شۆڕش لە فەڕەنسا مابوو لە ناوەوە بەجۆرێک ئاڵۆز و خراپ بوو، وای دەکرد کۆمەڵی فەڕەنسی لە ساڵی (١٧٨٩)دا لە دەرەبەگایەتیی ڕاستەقینەوە و باشتر بلێینلە دەرەبەگایەتیی ئایدیالییانەی نۆڤالیسەوە زۆر دووربێت. ئەگەر ئەوە دروستە پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی شۆڕشیان کردبووە شتێکی بێچەند و چوون، ئەوا لە لەناوچوونی دەرەبەگایەتی و گەشەکردنی بەردەوامی ئۆرگانە سەرمایەدارییەکانەوە، ئەستەمایەتیی گەڕانەوە بۆ ڕژێمی بابەتیی کۆن لە دایک دەبێت. ئەو هەوڵە نائومێدانەی هاوپەیمانێتیی پیرۆز لەپێناوی گەڕاندنەوەی دۆخی سیاسی بۆ بەر لە شۆڕش دای، نەیتوانی پێش بە بەسەرمایەدارییکردنی ئەوروپا بگرێت، وێڕای هەموو ئەنجامە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان، لەوەی بە هێزی بارەشێک کە تاقەت ناگیرێت پێشڕەویی بکات. تەنانەت لە سەروەختی قۆناغی گەڕانەوەدا، ئەم وەرچەرخانە سەرمایەدارییە لەگەڵ سیاسەتی سەرمایەداریی و ئایدیۆلۆژیا فەرمییەکەیدا چووە نێو ململانێیەکەوە، بەردەوام تاوی دەسەند. لە فەڕەنسا، بەلزاک مێژوونووسی مەزنی ئەم پڕۆسەیەیە، لەوێ دەبینین دەسەڵاتی سەرمایە هەموو ڕووکارە خانەدانەکان لادەبات و ئەو تاکەکەسە دابڕاوانە، کە ئایدیۆلۆژیای گەڕانەوە بە شێوەیەکی لە شۆخیی بەدەر وەردەگرن لە شێوەی پاڵەوانانی مەرگەسات- بەزمەسات و لە شێوەی "ژمارەیەک سوارچاکی خاوەند دیمەنێکی خەمۆک"دا دەردەکەون.

ئەم دژوازییانە هەروەها فەلسەفەی گەڕانەوە لە ئەڵمانیا

دەستنیشــان دەکات، ئەگەرچی پرۆســەی ســەرمایەدارییکردن لێرەدا هەڵبەتــە بــە بەراورد بــە فەرەنســا زۆر خاوتر بــوو، ئەمەیش بواری ئــەوەی بە ژمارەیەکــی دیارییکراو لــە کۆنەپەرســتان و دەمارگیران، یاخود سەرکێشــانێکی بێپێشــگری لە نموونەی گۆیرس (Goerres) و ئادام مولێر (Adam Mueller)دا دەنگیان زیاتر و کاریگەرانەتر بەرز بکەنەوە. ڕووخســارە نموونەییەکان لە ئەڵمانیا، ئەو ئایدیۆلۆژیستانەن کە ئامانجیان هاوئاهەنگکردنی ئایدیۆلۆژیای گەڕانەوەیە لەگەڵ ئاراستە نوێیەکان لە بواری زانست و فەلسەفەدا، کە هەوڵ بۆ شێواندنی واتای ئەو ئاراســتانە دەدەن، بەجۆرێک وای لێ بکەن شــیانی ئەوەی هەبێت لەلایەن فەلســەفەی فەرمیی، کلیریکالی و کۆنەپەرستەوە، نوێنە بکرێت. ئێمە توانیمان تێبینی هەوڵێکی لەو چەشــنە لای شــیلینگ بکەین، بەڵام گرنگترین نوێنەری ئەم ئاراستەیە لە فەلسەفەی ئەڵمانییدا بادەر بوو.

ئەو شتەی گرنگیی بادەر پێکدێنێت بەر لە هەر شتێک ئەوەیە، کە ئەو لە ڕوانگەی ڕاسترەوانەوە ئاڵۆزیی ئایدیالیزمی بابەتیی لە پرسی ئاییندا ئاشکرا دەکات، لە هەموو شوێن و جێیەک خواستە شاراوەکانی ڕووەو ناخوداباوەڕیی دەردەخات. چەند شێوەیەکی هاوشێوە لە ئاشکراکردنمان لای یاکۆبــی بۆ دەرکەوت؛ بەڵام یاکۆبی بــە هۆی ئایینێکی پۆزەتیڤی- ئەرێنییــەوە بەرهەڵســتیی ناخوداباوەڕیی فەلســەفیی نــاکات. تەنها بە هۆی "زانســتە ڕاستەوخۆ" ڕووت و بۆشــەکەی خۆیەوە بەرهەڵستیی دەکات. لەبەر ئەم هۆکارە- لــە چوارچێوەی ململانێ ئایدیۆلۆژییەکانی گەڕانەوەدا- شیلینگ توانی تا ڕادەیەک بەئاسانیی خۆی لە هێرشەکەی بپارێزێــت. بەڵام بــادەر، لەنێو جبەخانەکەیدا ئاییندارییەکی بەرهەســت هەیــە. پێشــتر هێمامان بۆ ئەو شــتە کرد کە ناوەڕۆکی فەلســەفەکەی ئەو پێکدێنێت؛ ئەنجامەکانی پەرەسەندنی فەلسەفیی لە کانتەوە تا هیگڵ بەشــێوەیەک کۆکراونەتەوە، توخمە ناخوداباوەڕ و شۆڕشــگێڕییەکانی لێ پاکتاوکراوە و فەلسەفەیەکی لێ پێکهێنراوە، مرۆڤە خاوەند کلتوورە عەلمانییەکان و کۆنەپەرستە ئەرتۆدۆکسەکان وەکو یەک پێی قایلن. بەم

جۆرە بادەر، بە هۆی سەربەخۆیی منەکەی فیختەوە، فیختە بە تۆمەتی ناخوداباوەڕیی تۆمەتبار دەکات. لەنێو وێنای هیگڵییانە بۆ سروشتیشدا ماتەریالیزمێک دەبینێت هاوشێوەی دەرچوونی ڕۆح (خودا)[1]. قەوماوێک بـەم پێودانە بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە: بادەر لەنێو بڕێک دیاردەی سروشـتییدا کە تازەکی دۆزراونەتەوە- موگناتیسـێکی زیندەوەرییانە و گالڤانیـزم (galvanisme) {بزواندنـی ماسـولکە بـە هـۆی هێزی کارەباییـەوە} ...هتد- بڕێک هێز "ئەگەر دەربڕینەکە بەجێ بێت گوللەی بەزەیی" بەر لە هەر شتێک بە بۆچوونی سروشتی میکانیکیی لەوەتەی دیکارتـەوە دەنێت. لەو سـۆنگەیەوە بەڵگەکارییەکەی لـە ناوەڕۆکدا لە دژی فەلسـەفەی ڕۆشنگەرییە، دژ بە ئاکار و فەلسەفەکەی بۆ دەوڵەت، هەر بۆیە بە هۆی بڕێک وشەوە هەڵوێستی خۆی کورتدەکاتەوە وامان لـێ دەکات وەک ئـەوەی گوێمان لـە دەنگی جینـس (Jeans)، یاخود ئێدینگتـۆن (Eddington) بێـت؛ "پێیانوابـوو کاری ڕۆحداماڵینیان لە خـودی خۆیـان تەواوکـردووە و لە سروشـتی دەرەکییـدا، کە وێڕای ئەوە بە بێڕۆح، بێدەروون، بێخودا، دادەنرێت، بەڵگەی ئەم ڕۆحداماڵینە لـە خود و دەسـتەبەرە بابەتییەکەیان دۆزیوەتـەوە و کاتێکیش کە ئەو خۆی بە هۆی ئەم سروشـتەوە بە شـێوەیەکی زیاتر و زیاتر دەسـت بە دەرخسـتنی ئـەم دەروون و ڕۆحە دەکات، کە وێڕای ئەوە پێشـتر بـەردەوام شـێوە دوانـی وەرگێـڕدراو بۆ سـەر زمانەکەیـان، زمانی ژمارەکان، بۆمان دواون"[2].

لێـرەدا بە شـێوەیەکی هەروەهـا ڕوونتر وەک لەو شـێوەیەی لای شـیلینگی لاو دەیبینین، دەبینین چۆن دژبەرییەکانی وێنای میکانیکییانە بۆ سروشـت- ئەو دژبەرییانەی لای نوێنەرانی فەلسـەفەی سروشتی

١- بادەر: نووسین و هەوڵە فەلسەفییەکان، مونزیر، ١٨٣١، بەرگی٢، ل٧٠ و پاشتر. فریدریش شیلیگڵ لەو ڕاڤەکردنەیدا کە ڕاڤەی فەلسەفەی هیگڵیزم دەکات، فەلسەفەی هیگڵیزم بە شەیتانیی ناودێر دەکات: چەند وانەیەک دەربارەی فەلسەفە، بۆن، ١٨٣٧، بەرگی٢، ل٤٩٧.
٢- بادەر، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی١، ل١٦٠.

ئەڵمانیـی پێشـکەوتنخواز (لـە نموونەی ئۆکـن Oken) زیاتر و زیاتر ڕێگا بۆ دیالەکتیک- بەرەو نائەقڵانییەتێکی کۆنەپەرسـتانە، واڵا دەکات. لەبـەردەم هەژاریی ماشـێنی هزریـی میکانیکییـدا، بێتوانایی خۆی لە چارەسـەرکردنی کێشـە نوێیەکان بـە تای بەرژەوەندیـی ڕوانگەیەکی کۆنەپەرسـتانە بۆ جیهان لە زنجیرەیەک لە دۆزینەوەی خوداوەندییانە دەربـارەی ئەودیـوی ئەقڵ لەنێو خودی سروشـت خۆیـدا دەمامکدار دەکات، تاکـو بتوانرێـت لەسـەر ئـەم بنەمایـە لـە دژی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتـی خەبات بکرێت، لەو شـوێنەدا کە شـەیتان "شۆڕشـگێڕی یەکەم"ـە[1]، ئەمەیش شـتێکە گومان دەخاتە سـەر هەموو خواستێک بۆ ئازادیی و یەکسانی.

ئەو شتەی هەموو ئەم سۆفیزمە نائەقڵانییە تاوسەندووە، کە پێویست نییە زیاتر تیایدا بەرەوپێش بچین، سـەبارەت بەو وێنەیە جیادەکاتەوە کە هێڵـە سـەرەتاییەکانیمان دەربارەی گەڕانەوە نیگارکێشـا، ئەوەیە بادەر نایەوێت تەنها بە فەلسـەفەی نوێی سروشـت پشـت ببەسـتێت. کتومـت وەکـو شـیلینگ، هەروەها دەیەوێتلـە ئەوپـەڕی نائەقڵانییەت خـۆی بپارێزێـت. بەڵێ، فەلسـەفەکەی دەیەوێت بەسـەر کـۆی ژیاندا دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیی و کۆمەڵایەتیی ئایین دەستەبەر بکات، بەڵام ئەم ئایینـە، ئەگەرچی لەنێو خۆیدا هەمـوو توخمەکانی هەڵهاتنی نائەقڵانیی لەبەردەم دیالەکتیکدا پێشوازیی لێ دەکات، ئەو شتەی هەیەتی، نائەقڵ، ڕەتدانـەوەی هەر ئەقڵانییکردنێـک، نییە، بەڵکو ئەقڵێکـی باڵایە... ئەمە، لـە بەشـێکیدا، لاهوتـی کـۆن وەبیردێنێتـەوە، لاهوتی بەر لـە قەیرانە ئایدیۆلۆژییە گەورەکە، کە داواکانی هاوشێوە بوون. لە بەشەکەی تردا، دەسـتبەرداربوونێک بوو بۆ ئەو پڕۆسـەی بەسەرمایەدارییکردنەی لە ئەڵمانیا و سـەرەتاکانی بەبۆرژوازییکردنی گەڕانەوە دەستیپێکردبوو- دەسـتبەرداربوونێک وێڕای ئەوە بەرتریی بۆ ئۆرگان و توخمە لاهوتی و ئەریستۆکراتییەکان واز لێ دەهێنا. لەبەر ئەم هۆکارە بادەر بەتوندیی

[1]- سەرچاوەی پێشوو، بەرگی٢، ل٨٦.

لــە دژی فەلســەفەی کلاســیکیی ئەڵمانیــی ناڕەزایــی دەردەبڕێت، کە بەگوێرەی بۆچوونی ئەو، بە شــێوەیەکی قووڵتر لەوەیش کە ئینگلیز و فەڕەنســییەکان کردیان بووە مایەی قووڵکردنەوەی «کەندەڵانی نێوان ئایین و زانست» و هەوڵ بۆ ئەوە دەدات «تەنانەت لاوانی ئازیزیشمان بە هۆی ئەم چەوتییە ڕیشــەییە موتوربە بکات ئەویش ئەوەیە کە ئایین لە گەوهەریدا نائەقڵییە و ئەقڵیش لە گەوهەریدا نائایینییە»[1].

بەدڵنیاییەوە پەرەســەندنی ململانێ چینایەتییــەکان لە ئەڵمانیا تەنها لەســەر هیگڵیزمــی- چەپــڕەو دانەوەی نابێــت، واتە لەســەر تەوژمی ڕادیکالیــی لــە داڕووخانــی فەلســەفەی کلاســیکیی ئەڵمانییــدا، بەڵکو هەروەها لەســەر واتای کۆششەکانی کۆنەپەرستییش دانەوەی دەبێت. سەروەختێک شیلینگی پیر لەلایەن کۆنەپەرستیی بەمەیل ڕۆمانتیکییەوە، لەپاش تێپەڕبوونی دە ســاڵ بەسەر کۆچی دوایی کردنی هیگڵدا، گاز و بانگی بەرلین دەکرێت، بە مەبەســتی کۆتاییهێنان بەو ڕێچکە فەلسەفییە ڕێخۆشکەرانە بۆ شۆڕش، دەچێتە نێو گەردوونێکەوە، کە چی تر تیایدا ڕۆمانتیکیی پەتیی، لە ئەنجامی پێشــکەوتنی ســەرمایەدارییەوە، چی تر تیایدا لە جارانی سەردەمی هاوپەیمانێتیی پیرۆزدا بێکەڵکتر و گەمژەتر بوو. وەک چۆن بەلزاک شتەکەی بۆ هاونیشتمانییەکانی خۆی کردبووە شــتێکی بەرهەســت، هەروەها لە ئەڵمانیا، هاینــە (Heine)، مەزنترین هۆزانڤانی سەردەم، لە ساڵانی (١٨٤٠)دا لە ئەڵمانەکانی گەیاندبوو- بەبێ ئەوەی دەربارەی مارکس و ئەنگڵس هیچ بڵێین. لە ئەڵمانیا، چیرۆکێکی وەرزی زســتان بوو، هاینە گفتوگۆیەکی ئەندێشــەیی لەگەڵ ئیمپراتۆر فریدریک باربارۆس دەگێڕێتەوە، تیایدا بەچەشنێکی گاڵتەجاڕانەی توند ڕوانگەکانــی خۆی ســەبارەت بە پرۆژەی ڕۆمانتیکیی- کۆنەپەرســتی فریدریک گلێۆمی چوارەم و بازنەکەی دەردەبڕێت؛

ئیمپراتۆریای ڕۆمانیی پیرۆز و پیر،
بەتەواویی، بگەڕێنەوە،

[1]- بادەر، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی٢، ل١١٩.

هەرە بۆگەنترین کەوتنمان لەگەڵ درەوشانەوەکانیدا
بۆ بگەڕێنەرەوە.
سەدەی ناوەڕاست، با، ڕاستەقینە بێت- بەو جۆرەی
کە بوو،
من تاقەتی دەگرم- بەڵام تۆ لە دەست ئەو بوونەوەرە
ناڕەسەنە ڕزگارمان بکە.
لەو سوارچاکە مارتینیتیزمانە، کە تێکەڵەیەکی بێزئاوەرن
لە خەونێکی گۆتی و درۆیەکی سەردەمییانە، نەک گۆشت و
نەک ماسی.
ئەو پۆخڵەواتە لە کۆمیدیاکاران وەدەربنێ و،
هۆڵەکانی نمایشکردنیان کڵۆم بدە،
کە تیایاندا گاڵتە بە سەردەمەکانی ڕابووردوو دەکرێت...

دەبــوو مارکــس و ئەنگڵــس لــە دۆخەکــەدا بینینێکــی هەروەهــا ڕۆشــنتر لە هاینەیش دیسان ڕۆشــنتر ببینن. ئەوە ئەوانن لەم قۆناغی گواســتنەوەیەدا، لە ڕووی تیۆریی و هەروەها لە ڕووی پراتیکییشــەوە بەهێزتریــن هەنگاویان هەڵنــا، تاکو لەنێو کۆمەڵی ئەڵمانییدا هەموو ئەو هێزانــە کۆبکەنــەوە کە پاشــماوەکانی دەرەبەگایەتی و ســتەمگەرییان بــە کۆت و بەندی پەرەســەندنی خۆیــان دەبینی، هەمــوو هێزەخاوەن بەرژەوەندییــەکان لــە نوێکردنــەوەی ئەڵمانیای دیموکراتییــدا. هەر لە ســەرەتاوە چالاکیــی مارکســی لاو وەک نووســەرێک لــە ڕۆژنامەی ڕێنانییدا ڕووەو ئەم ئامانجە ئاراستە بوو. ئەو ڕەخنەکردنەی ڕەخنەی فەلســەفەی مافــی هیگڵیزمــی دەکات ئامانجی پەرەســەندنی هیگڵ بوو بەرەو پادشــایەتیی دەســتووریی کە مارکس بە شتێکی بەسەرچووی پێچەوانەی ســەردەمی دەبینی، کە تەنها دەیتوانی لە هەموو شــوێن و جێیەک شڵەژان و پشێویی بنێتەوە. لێرەدا بوار نییە ئەوە ڕوونبکرێتەوە چۆن ئەم هەڵوێستە کە مارکس و ئەنگڵس وەریانگرت ڕووەو بەڕوونیی ئاشــنابوون بــە باڵادەســتیی پرۆلیتاریــا لــە شۆڕشــی دیموکراتی و

ڕوانگەکانی شۆڕشی سۆشیالیستیی بردن، هەروەها بەرەو بناغەدانانی ماتەریالیزمـی دیالەکتیـک و مێژوویـی- بەتایبەتـی ئەو پڕۆسـەیە کە تیایاندا ڕوویداوە هێشتا بە کۆتاییەکەی نەگەیشتبوو کاتێک کە شیلینگ وانەکانی خۆی لە بەرلین دەستپێکرد.

ئەمە هیچی تری لەتوانادا نییە تەنها پترکردنی جەختکردنەوە لەسەر ئـەو خێرایـی و زرنگیی و دڵسـۆزییە نەبێت کە مارکـس و ئەنگڵس بە هۆیەوە ناڕاستگۆیی و دیماگۆگیای فەلسەفە "ئەرێنیی"ەکەی شیلینگیان ئاشـکرا کرد. لە نامەیەکدا بۆ فۆیرباخ[١]، مارکس دەنووسـێت و دەڵێت: «ئەو (واتە شـیلینگ) بۆ ڕۆمانتیک و سـۆفیگەرە فەڕەنسییەکان هاوار دەکات و دەڵێـت: مـن پێکهاتەی فەلسـەفە و لاهوتم. بۆ ماتەریالیسـتە فەڕەنسـییەکانیش هـاوار دەکات: من پێکهاتەی بیرۆکە و گۆشـتم. بۆ گومانگەرا فەڕەنسییەکانیش هاوار دەکات: من وێرانکردنی ئایینگەراییم. بەکورتیی، من... شـیلینگم!». ئەنگڵسـیش لەلایەنی خۆیـەوە، لەنێو ئەو نامیلکـە هێرشـگەرەوە کە بە نـاوی خوازراوی ئۆسـفالد-ەوە لە دژی شـیلینگ و وانەکانی لە بەرلین نووسـی[٢]، گوزارشت لە هەمان بیرۆکە دەکات و دەڵێت: «هەموو فەلسـەفەیەک تـا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان وەک ئەرکێـک ئەرکـی تیگەیشـتن لە جیهانی لـە ڕووی ئەقڵییـەوە بە خۆی سپاردووە»، چونکە ئەو شتەی ئەقڵییە، هەروەها پێویست و ناچارییشە، ئەوەیش کە پێویست و ناچارییە دەبێت قەوماو بێت، یاخود بەهەرحاڵ ببێتـە قەومـاو. ئەمە مەزەنـدە و گریمانـی بەرتری نێو ئـەو ئەنجامە کردەییە گەورانەیە کە فەلسـەفەی نوێ پێیگەیشـتووە. لەو سۆنگەیەوە شـیلینگ ئەم ئەنجامانە دەداتە دواوە، ئەوکات بە سادەیی لەگەڵ خۆی تەبـا دەبێت، کە هەروەهـا ئەقڵانییبوونی جیهانیـش بداتە دواوە، بەڵام ئەو زاتی ئەوەی نەکرد بە بڕێک وشـەی هاوشـێوە ئـەوە بڵێت، بەڵکو ڕەتدانەوەی ئەقڵانییبوونی فەلسـەفەی بە باشـتر زانی. هەر بۆیە ئەو،

١- مارکس، چاپی میگا، ١، ١، ل٣١٦.
٢- ئەنگڵس، چاپی میگا، ١، ٢، ل١٨٨.

هێندەی لەتوانادا بێت بە ڕێگایەکی پێچەبەدەورە، دزە دەکاتە نێوان ئەقڵ و نائەقڵەوە، ئەو شــتەی کە بەچەشــنێکی لەپێشترانە دەرک دەکرێت بە ئەقڵیی ناودێر دەکات و ئەو شتەیش کە بە چەشنێکی لەپاشترانە دەرک دەکرێــت بــە نائەقڵیی ناوزەد دەکات و یەکەمیان دەداتە پاڵ «زانســتی پەتیی ئەقڵ، یاخود فەلســەفەی نەرێنیی ڕەتــدەرەوە» و دووەم دەداتە پاڵ «فەلســەفەی ئەرێنیی پۆزەتیڤیــی»، کە چاوی لەدوای دامەزراندنە. لێــرەدا کەندەڵانــە قووڵەکە، کە لە جۆریــدا یەکەمە، لە نێوان شــیلینگ و فەیلەســووفەکانی تــردا، واڵا دەبێت. لێــرەدا یەکەمین هەوڵ هەیە کە ڕۆژێــک لــە ڕۆژان لەپێناوی ئەوەدا درا تاکو لــە ڕێگای دزەپێکردنەوە باوەڕ و بەڵگەی دەســەڵات، سۆفیزمی سۆز و ئەندێشە و نامۆییەکانی گنۆســتیزم، تێهەڵکێشــی کۆڵینەوەی ئازاد و هزری زانســتیی بکرێت». هەروەهــا ئەنگڵس[1] ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هێرشــی شــیلینگ لە دژی هیگڵ بەچەشنێکی زۆر توندوتۆڵ بە داڕووخان و هەڵوەشانەوەی خودی هیگڵیزم خۆیەوە پەیوەســتە؛ «شتێکی واتادارە کاتێک دەبینین هیگڵ لە ئێســتادا لە دوو لایەنــی دژیەکەوە پەلامار دەدرێت، لەلایەن شــیلینگی شــوێنگرەوەی و لەلایەن یەکێک لە لاوترین شــوێنپێهەڵگرەکانییەوە کە فۆیرباخە». بەرلەوە بە پیچێک، لە کاتی ئاخاوتنی سەبارەت بە ئاڵۆزیی فەلســەفەی ئایینــی هیگڵیزم، جارێکی تر پێ لەســەر ئەو پەیوەســتییە دادەگرێــت کە ســەردەمەکە دیاریی کــرد، لە نێــوان ڕەخنەکردنەکەی شیلینگەوە کە سەرچاوەکەی بەرەی ڕاستە و ڕەخنەکردنەکەی هیگڵییە لاوەکان کە لە بەرەی چەپەوە ســەرچاوە دەگرێت[2]: «ئەو فەلســەفەی ئایینەی سیســتەمی هیگڵیزم لەخۆیی گرتووە بوار بە ئەو دەدات (واتە بە شــیلینگ) لەنێو پێشــەکی و ئەنجامەکاندا بڕێک دژبەریی بدۆزێتەوە پێشــتر فێرگەی هیگڵیزمی- لاو ئاشنای بووبوو و لەمێژبوو ڕووناکیی خســتبووە ســەریان. بــەم جۆرە دروســت ئــەو دەتوانێت بڵێــت: ئەم

١- ئەنگڵس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥.
٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤-٢٠٥.

فەلســـەفەیە دەیەوێت کریســـتیانیی بێت، لەکاتێکدا هیچ شـــتێک بۆ ئەوە زۆری لـێ ناکات، ئەگەر لەســـەر باری یەکەمی بمایەتەوە کە زانســـتی ئەقڵە، ئەوکات خاوەنی ڕاستیی خۆی دەبوو لەنێو خۆیدا».

وێـــڕای هەموو ئەوانە، کارێکی گران و دژوار نییە دۆخی چینایەتیی و ئەرکی مێژوویی و ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیی کۆتا فەلســـەفەی شیلینگ ڕوونبکرێتەوە. ئەو خەباتەی دەستیداوەتێ چی تر ئامانجی بناغەدانانی دیالەکتیکێکـــی بابەتیـــی نییـــە، بەو جۆرە لای شـــیلینگی لاو کە پێشـــتر ئەوەمان بینی، خۆی دەخاتە مەترسییەوە و سەبارەت بە بڕێک پرس و بابەتی ورد ژمارەیەک نێزە ڕمی بوێرانە ئاراستەی دیالەکتیکی سروشت دەکات، بـــەڵام میتۆدۆلۆژیاکەی، لەگەڵ «دەرکـــە هزرییەکەیدا»، لەبەر دەرگای دیالەکتیکدا ڕادەوەســـتا و یەکەمین شێوەی نائەقڵانییەتی نوێی پێکدەهێنا. چۆن چۆنی ئەم هەڵوێستە فەلسەفییانە گرێدراوی هەڵوێستی سیاســـیی ئەو بوون بەرامبەر بە شۆڕش و گەڕانەوە، ئەمە ئەو شتەیە کە پێشتر وامان لێ کرد ببینرێت. دۆخی مێژوویی لە سەرەتای ساڵانی چلـــدا زۆر پێگەیشـــتووتر و بارگرژتـــر بـــوو؛ گەڕانەوەکـــەی فریدریک گلیۆمی چوارەم و هەوادارە مەیل ڕۆمانتیکییەکانی، وێڕای پشتبەستنی بـــە دەســـەڵاتی دەوڵەتی پڕوســـیی، هەروەها زۆر زیاتر لە ســـەرەتای گەڕانـــەوەی ڕۆمانتیکیـــی، گەڕانـــەوەی فەڕەنســـا لەپـــاش ناپۆلیـــۆن، شـــەڕی بەرەی پاشـــەوەیە. لـــە ماوەی ئـــەم چەند دەهەیە لە ســـاڵاندا، ســـەرمایەداریی لە ئەڵمانیا چەندین هەنگاوی گەورەی هەڵنا. نەک تەنها فشـــاری بۆرژوازییەت لەســـەر سیســـتەمێکی ســـتەمکار و دەرەبەگانە بـــەردەوام زیاتر دەبوو، بەڵکو ململانـــێ توندەکانی نێوان بۆرژواکان و پڕۆلیتارەکانیش، کە بڕێک هێما و ئاماژەی دڵنیان سەبارەت بە ڕابوونی ســـەرمایەداریی، ڕوونتر دەردەکەوتن. لەدوای تێپەڕبوونی تەنها چەند ســـاڵێکی کەم بەسەر سەرەتاکانی شیلینگدا لە بەرلین، لە ساڵی (١٨٤٤) دا ڕاپەڕینی گەورەی جۆلا سیلیلیزییەکان بەرپا بوو.

وەک ئەنجامێکی ئایدیۆلۆژیی لە ئاکامی ئەوەدا نەک هەر فەلسەفەی

هیگڵیزم دەرکەوت، کە گوزارشــتی برێک جیاوازیی چینایەتی تێپەڕاند- وەک ئەو گوزارشتانەی بەر لە شۆڕشی تەمموز لە فەڕەنسا هەبوون- ، بەڵکو هەروەها نەیارەکانیشــی ناچاربوون جبەخانەیەکی ئایدیۆلۆژیی گونجاوتر وەک لە جبەخانەی گەڕانەوەی ڕۆمانتیکیی، بۆ دۆخە نوێیەکە پێکبهێنــن. ئەوە شــیلینگیش بوو گوتی من ئەو جبەخانەیەم ســاز کرد، چونکە ئەم جارە شیلینگ وەک ناحەزێکی ئاشکرای دیالەکتیکی هیگڵیی خــۆی دەناســێنێت و تەمایەتی نــەک هەر ڕەخنەکردنێکــی وێرانکارانە ڕەخنــەی بکات و بە هەمــان جۆر ئەو مەیلــە ڕادیکاڵییانە لەناوبەرێت، کــە لەنێو شــوێنگرەوەکانی هیگڵدا پەیدا بووبــوون، بەڵکو هەروەها بە فەلســەفەیەکی نوێی ئاڵوگۆڕ بکات مەرجە ئایینییە گەشەسەندووەکانی کۆنەپەرستیی بە ڕەنگ و ڕوو ڕۆمانتیکیی بەجێبهێنێت، بەڵام بێئەوەی هێڵــی بەریەککەوتنــی ئایدیۆلۆژیــی نێوان ئــەم کۆنەپەرســتییە و ئەو ناوەنــدە بۆرژوازییانە ببڕێت، کە ئامادە و لەســەر پێ بوون بۆ ئەوەی شــوێنی بکەون.ئەم زیادبوونە لە ڕیا لە ئامانجەکانی شیلینگدا، ئەنگڵس، لەنێو ئەو شــایەدییەدا کە پێشــتر گواســتمانەوە، زۆر بەچاکیی شــقڵی کردووە؛ فەلســەفە نوێیەکەی شــیلینگ بە لوتکەی خۆی دەگات و لەنێو ســۆفیزمێکی لاهوتییــدا ســەرگەردان دەبێــت، نائەقڵانییەتێکی پەتیی و ســەرکەوتنی ناواتایە، بەڵام شــیلینگ ڕاشــکاوانە و بەڕوونیی باوەڕە نائەقڵانییەکــەی خــۆی ڕاناگەیەنێت، «برێک ڕێــگای پێچاوپێچ دەگرێتە بەر»، لەبەردەم دوا ئەنجامەکاندا دەکشێتەوە.

وێــڕای هەمــوو شــتێک، ئەمــە، لەنێــو پەرەســەندنی فەلســەفەی بۆرژوازییــدا، شــتێکی ڕیشــەیی و ڕەســەن نییــە، چونکــە پێشــتر ڕوونمانکردەوە و گوتمان هەموو فەلسەفەیەکی ئیمپریالییانە- تەنانەت ئەگــەر بــە هەمــان ئەو بــڕە قووڵە نائەقڵانیــی بێت، کە لە ســەردەمی ئیمپریالییــدا بەقووڵیــی نائەقڵانییە- ناچارە دەســتهەڵبگرێت و بۆ ئەقڵ و نائەقڵانییەت پێ لە هەموو ئەو شــتانە بنێت کە چەشنە پێویستییەکی ڕەها بۆ زانســت پێویستن کاتێک، کە زانست لە خزمەتی بەرهەمهێنانی

سـەرمایەدارییدایە، بەڵام پێویسـتیی و داخوازییەکانی سـەردەم، پاڵی شیلینگیان نا لە یەک کاتدا هەم پتر لە پێویست و هەم کەمتر لە پێویست بەو ڕێیەدا بڕوات. ئەو کاریگەرییە بەهێزەی کە سەرەتاکانی لە بەرلین هەیبوو، بەڵام هەروەها بەربوونەوەی ڕاستیی قەڵەمڕەوییەکەی لەپاش (١٨٤٨)، کاتێک کە سەرلەنوێ بونیادی کۆنەپەرستیی چینایەتی گۆڕانی بەسەردا هات، لێرەوە هاتووە.

بـەڵام شـیلینگ، لەو جاڕدانەدا کـە جاڕی نائەقڵانییەتی فەلسـەفیی بۆرژوازیـی کۆنەپەرسـتی دەدات، بەپێی پێویسـت دوور نەڕۆیشـت، ئەمـە، لـە بەشـێکیدا، هۆیەکەی بـۆ دەسـتهەڵگرتنی لـە بەرژەوەندیی ئایینباوەڕیی ئەرتۆدۆکسـیی دەگەڕێتەوە کە لەو سـەردەمەدا هێشـتا پێیوابوو نوێنەرایەتیی ئەقڵانییەتێکی باڵاتر دەکات، نەک نائەقڵانییەتێکی هـار و شـێت[1]، بـەڵام لەلایەکی ترەوە، لـە سـاڵانی (١٨٤٠)دا هەمان ئـەو جیاوازییەیـان نەدەکرد کە لەپـاش (١٨٤٨) لە نێوان زانسـتیی و ئەوەی زانستیی نییە دەیانکرد. ئەوکات هەموو ڕۆشنبیرانی بۆرژوازیی کەم تا زۆر ژێر کاریگەریی فەلسـەفەی کلاسـیکیی ئەڵمانیی و ڕێچکە و مەیلەکانـی ڕووەو هـزری دیالەکتیکیـی کەوتبـوون. کەواتـە ئـەو دەسـتهەڵگرتنانەی کە باڵی بۆرژوازیی نێـو نائەقڵانییەت ناچاربوو بۆ زانسـتیان بکات، دەبوو بەرەو دیالەکتیک بکشـێت، یاخود درێژببێتەوە. نائەقڵانییەتێکی لەم شێوەیە هێشتا شیانی ئەوەی نییە نازانمخوازییەکی ڕیشـەیی بێت. بەم پێیە، ئەگەرچی شـیلینگ هێشتا- بە گوفتار، وەک لە دواییدا دەبینین- بەو دیالەکتیکەوە پابەندە کە فەلسەفە سروشتییەکەی سـەردەمی لاوێتییەکەیلـە خۆیگرتووە، بـەڵام گومانی تێـدا نییە ئەوە

[1] - لەم ڕووەوە و بەم پێودانە ئەوە واتای خۆی هەیە کاتێک کە دەبینین بادەر نەک هەر لە دژی ناخوداباوەڕییەکەی فیختە و هیگڵ هەوڵ دەدات، بەڵکو هەروەها لە دژی خواناسییە نائەقڵانییەکەی هەوادارانی باوەڕی خواپەرستی (Piétistes)یش، خواپەرستیی بەتایبەتی دامەزراو لەسەر بناغەی سۆز، یاخود هەست، هەروەها لە دژی فەلسەفە دەرکییە پەتییەکەی یاکۆبی. سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل٧١، ١١٦، ١٢٦ و... هتد.

دەشـێت لە بڕێک هـۆکاری بایۆگرافیی، سـایکۆلۆژیی، بکەوێتەوە، لەو خۆباییبوونە بکەوێتەوە کە لە کارەکەی پێشوویی وەردەگرت، بەڵام لە کۆتاییدا لە مەیلێکی بابەتیی باڵادەستی ئەو سەردەمە دەکەوێتەوە، بەو جۆرەی هاوکات ڕاستیی و قەوماوی ئەوە جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە ژمارەیەک نەیاری دڕندەی هیگڵیزمی سـەر بە بەرەی ڕاست (فیختەی یەکـەم، بەتایبەتی ڤایس Weisse، بۆ نموونـە)، ئەگەرچی دەیانەوێت خوداباوەڕیی ڕێکبخەن و خودایەتیی بگەڕێننەوە، هەرگیز نەیانتوانی لە ئەنجامدانـی بڕێک دەسـتهەڵگرتنی گرنگ بۆ دیالەکتیک خۆیان بپارێزن (تەنانەت لای بادەر، فریدریش شـلیگڵ و... هتد، دەتوانین ئەو دیاردەیە بەدی بکەین). تەنها لەپاش شکسـتی شۆڕشـی (١٨٤٨) هەڵوێسـتی لە ڕیشـەوە دوژمن بە دیالەکتیکی شـۆپنهاوەر دەچەسـپێت. (دەربارەی ڕەخنەکردنی هیگڵیزم لەلایەن ترندلنبۆرگ بە شێوەیەکی دوورودرێژتر قسە دەکەین، لە کاتی قسەکردن لەسەر فەلسەفەکەی کێرکەگارد).

بـەڵام لەلایەکـی تـرەوە، نائەقڵانییەتـی کۆتـا قۆناغی شـیلینگ لە نائەقڵانییەتی پاش (١٨٤٨) دوورتر دەڕوات. ئەمەیش دیسان هۆکارەکەی بۆ ئەو دۆخە مێژووییە دەگەڕێتەوە، کە تیایدا بیرکردنەوەی فەلسەفیی خۆی پەیڕەو دەکرد. وەکو هەموو فەیلەسـووفانی گەڕانەوە، دەیویست لەگـەڵ نائەقڵانییەتەکەیـدا فریاکەوتنـی هزریـی بۆ ئەرتۆدۆکسـیزمی ئایینیی بکات. ئەو شتەیش کە سەبارەت بە شێوازی هزری بەکارهاتوو لەوە کەوتەوە، پێشـتر باسمانکرد. سەبارەت بە ناوەڕۆک، ئەنجامەکەی ئەوە بوو شیلینگ ناچاربوو کۆی ئایینی کریستیان لەگەڵ هەموو باوەڕ و ئەفسـانەکانیدا وەک ناوەڕۆکی نائەقڵانییەتە تایبەت و ڕاستەقینەکەی خۆی بخاتەڕوو و "بناغە"یەکی فەلسـەفەیی بە کریستیانیزم ببەخشێت. بەم هۆیەیشەوە هێشتا سەر بە قۆناغی یەکەمی نائەقڵانییەت و سەردەمی گەڕانـەوەی نیمچـە- دەرەبەگایەتییـە، بـەڵام نائەقڵانییەتـی خـاوەن هێڵ و ئاراسـتەی بۆرژوازیـی زاڵ، بەپێچەوانـەوە، ڕووەو بەڕوونیی دوورکەوتنەوەی زیاتر و زیاتر لە ئایینە پۆزەتیڤییەکان هەنگاو دەنێت؛

تەنهـا بەو هێندە بـەس دەکات بەچەشـنێکی لەپێشـترانە ناوەڕۆکێکی ئاییینیـی ئێجگار هەمەگیرانە دەچەسـپێنێت، کە شـێوە باڵادەسـتەکەی زیاتر و زیاتر، سەرەتا لە شۆپنهاوەر و لە نیچەوە، "ناخوداباوەڕییەکی ئاییینیـی" دەبێت. تەنانـەت لای بیریارانێکی لە نموونەی شـلایرماخەر و کێرکـەگارد، بەتایبەتـی لای کێرکەگارد، پەیوەسـتبوونێک بە ئاییینی بینراوی بە بەراورد بە شـیلینگ زۆر زیاتر دەردەکەوێت، کە لە شێواز و لـە توندکردنـی بابەتە سـەرەکییەکانیان، زۆر زیاتـر بە لای نەکهەر خواپەرسـتیی بەگشـتیی، بەڵکـو بـە لای ناخوداباوەڕیی ئاییینییشـدا. پێویسـتە لێـرەدا یەکێک لەو هۆکارە سـەرەکییانە ببینینکە ڕاڤەی ئەوە دەکـەن شـیلینگ لەپـاش (١٨٤٨) لەبیـر چـووەوە، بـەڵام کاریگەریی کێرکەگارد لەسـەر بوونگەرا ناخوداباوەڕەکان بۆ سەردەمی ئێستامان درێژ بووەوە.

کەواتـە شـیلینگی بەسـاڵاچوو، بە هەمان شـێوەی شـیلینگی لاو، ئەگەرچی لە بەستێنێکی تەواو جیاواز و لەگەڵ هزرێکی تەواو جیاوازدا، وێنـە یاخود شـێوەیەکی گواسـتنەوەییە. لەگـەڵ ئـەم جیاوازییەدا کە ئەویش ئەوەی فەلسەفەی سەرەتای گواستنەوەیەک بوو لە دیالەکتیکی تازەلەدایکبـووەوە بـۆ سـەرەتاکانی نائەقڵانییەتی نوێ، بـەڵام ئەو، لە ئێستادا، لە قۆناغی قەیرانی دیالەکتیکی بابەتییدا، دەبێتە بەرجەستەبوونی سـەرەکیی ئـەو بەرەنگارییەی کۆنەپەرسـتیی لە بەرهەڵسـتییکردنیدا دەیـکات، بـە ئامانجـی پێشـگرتن لـە باڵابوونـی دیالەکتیک لـە کاتی دەربازبوون لەم قەیرانە بەرەو ئاستێکی باڵاتر.

ئەوەیـش ئەنجامـی ئـەوەی لـێ دەکەوێتـەوە شـیلینگ هێـرش و پەلامارەکـەی لەسـەر هیـگڵ چڕدەکاتـەوە؛ هێرشـە فەلسـەفییەکەی فراوانییەکـی زۆر لەوە زیاتر بەخـۆوە دەگرێت کە لە لاوێتییدا هەیبوو سـەروەختێک قیـن و ڕقی تەنهـا ڕۆشـنگەرییان دەگرتـەوە، با بڵێین دەسـتپێک لـە لوک-ەوە. ئێسـتا، کۆی فەلسـەفەی نوێـی بۆرژوازیی بەتوندیـی تاوانبـار و سـەرکۆنە دەکات، لە دیکارتەوە تـا هیگڵ، وەک

گومڕابوونێکی گەورە شـــقڵی دەکات کە لای هیـــگڵ دەگاتە دوا ڕادەی. بەم چەشنە شیلینگ تێهەڵکێشی ئاراستەیەک دەبێت، کە دەبوو لە ماوەی قۆناغی نائەقڵانییەتی پەرەســـەندووی ســـەردەمی بەر لە فاشیستیی و فاشیستییدا، لای مێژوونووسانی فەلسەفە، ببێتە ئاراستە زاڵ و باوەکە، بەڵام هاوکات- لێرەیشـــدا ئەو مۆرکە نارِەســـەن و گواســـتنەوەییە، کە پێشـــتر دەربارەی دواین، دەردەکەوێت- بەو جۆرە خۆی پیشـــاندەدات کـــە هەرگیز فەلســـەفەی دەورانی لاوێتییەکەی ئازاد نـــاکات، ئەگەرچی توخمێکـــی پڕوپووچی نێو هەموو ئەم پەرەســـەندنە ڕۆحییە بوو کە لە کۆتاییدا تاوانبار و سەرزەنشتی دەکات.

ئـــەو هێڵکاریـــی هـــزرەی شـــیلینگ بەکاریدەهێنێت (ئەگـــەر هەندێک دەســـتکاریی، یاخود گۆڕانکاریی گرنگ بە لاوە بنێین) هێڵکاریی گشتیی نائەقڵانییەتە. ئەو فەلسەفە ئەقڵییە، کە بە نەرێنیی- ڕەتدەرەوە، ناودێری دەکات، ئەویـــش دیســـان، بە گوتەی ئەو، زانین- بەڵکو، بە شـــێوەیەکی گشتی، زانینێکە ناتوانرێت دەستی لێ هەڵبگیرێت، بەڵام بە سادەیی بدوێین تاکە زانینی شیانیی نییە، بەو جۆرەی کە فەلسەفە، لە دیکارت تا هیگڵ، بیردەکاتەوە، بەتایبەتی ئەوە نییە دەتوانێت دەرک بە قەوماوی دروست بکات. لەپاش شـــۆپنهاوەر، نائەقڵانییەتی گشـــتی، بـــەم جۆرە هەنگاوی هەڵنـــا: تیۆرێکی نازانمخوازی زانین هەر بانگەشـــەیەکیزانینی قەوماوی بابەتیی، ئەو بانگەشەیەی بانگەشەی ئایدیالیزمی بابەتیی و ماتەریالیزمی فەلســـەفی بوو وەک یەک و بە یەک ئەندازە، پاڵدەنێت، پاشـــان بە تەنها هەر دەرکباری توانای تێهەڵکێشـــبوون بەم بازنەیـــە دەکرێت. تیۆری- زانینی شـــیلینگی بەســـاڵاچوو تیۆرێکی شـــپرز و پشـــێو زیاترە، یەکەم شت لەبەرئەوەی لە نازانمخوازیی ڕیشەیی خۆی دەگرێتەوە (ئەگەرچی لـــە ڕووی بابەتییـــەوە ئەنجامەکانـــی ڕووەو زۆر نزیک لـــەم پایە زۆر دوورەی دەبەن)، پاشـــان لەو ســـۆنگەیەوە کاتێک سیستەمە نوێیەکەی خۆی بەرەو لوتکەی خۆی لە فەلسەفەی پۆزەتیڤیی- ئەرێنیی پاڵدەنێت، دەیەوێت خۆی لە جاڕدانی نائەقڵانییەتێکی تەواوەتیی بپارێزێت (وێڕای

ئــەوەی ئەنجامگیرییەکانــی ئەگەر بەرەو کۆتایی ببرێــن، نائەقڵانییەتی پەتییان پێویست دەبێت و گریمان دەکەن).

بە بۆچوونی شیلینگ فەلسەفەی نەرێنیی ڕاستەقینە لەڕاستییدا کارە تایبەتەکەی دەورانی لاوێتییەکەی نوێنەرایەتی دەکات، نەک فەلسەفەی هیگڵ. پێشتر- شیلینگ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە[1]- «ڕایگەیاندبوو فەلسەفەی نەرێنیی ڕاستەقینە کە دەرک بە خۆی دەکات، خاکەڕاییەکی خانەدانانە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا بەدیدێت، گەورەترین چاکەیە دەشێت، لایەنی کەم دەسبەجێ، لەپێناوی مرۆڤایەتیدا بکرێت، چونکە ئەم فەلسەفەیە لەو بوارەدا کە تایبەتە بە خۆی و بەبێ هیچ هاوبەشێک ئەقڵ فەرمانڕەوایی دەکات، ئەقڵ تێهەڵکێش دەکات و دەچەسپێنێت- واتە ئەرکی وێناکردن و دەرخستنی گەوهەرێک، لەنێو خودی شتەکاندا». بە پێچەوانەیشەوە[2]، «ئەو فەلسەفەیەی هیگڵ نوێنەرایەتی دەکات، فەلسەفە نەرێنیی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیەوە پاڵنراوە، چونکە ئەو ئەرێنییە ناداتە دواوە کە لە دەرەوەیدا هەیە، بەڵکو دەڵێت گوایە تێهەڵکێش و ڕامی خۆی کردووە».

ئەگەر ئێمە لێرەدا، برێک کات لە هۆش و سەرنج، بە ڕانانی بەرهەستی فەلسەفەی نەرێنیی لای شیلینگی بەساڵاچوو دەدەین و ئەگەر ئێمە دژبەرییە بنەڕەتییەکەیمان لەگەڵ فەلسەفەی لاوێتییەکەیدا لێ ئازاد کرد، ئەمە لەپێناوی چەسپاندنی ئەم پرسە سایکۆلۆژییەدا نییە: ئایا شیلینگ بە شێوەیەکی کەسیی و تایبەت لە بیرکردنەوە (یاخود لە پێداگرتنیدا) ڕایدەبوارد کە دەیگوت فەلسەفەی یەکەم و سەرەتای لە ڕووی تەواوکارییەوە بە کۆتا فەلسەفەکەی تێهەڵکێش و خانەبەند دەبێت؟ باشتر بڵێین، لەپێناوی ڕوونکردنەوەی تەواوەتیی دژواریی پێکهاتنی نێوان مەیلەکان و ناوەڕۆکە پێشکەوتنخوازەکانی هزری شیلینگی لاو و ئەو ڕێچکە نائەقڵانییەی لەنێو هەموو ئەو

1- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ٢، بەرگی٣، ل٨١.
2- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

کێشــە گەوهەرییانەدا دەردەکەوێت، کە کۆتا فەلسەفەکەی چارەسەری دەکات، تاکو بە چەشــنێکی ڕوونتر لەســەر ئەم نموونە تایبەتە مۆرکی کۆنەپەرســتی بنەمایــی هەمــوو نائەقڵانییەتێــک دەربکەوێت. پێشــتر، ســەبارەت بــە کتێبەکــەی شــیلینگ؛ فەلســەفە و ئایین، لــە بڕێک لەو پرسانەمان کۆڵییەوە.

ئەو وێنەیەی شیلینگی لاو دەربارەی «گەشتی داستانئامێزی ڕۆح» دەیخاتەڕوو، پێشــتر وەک چڕکردنەوەیەکی فەلســەفە سروشتییەکەی بۆمــان دەرکــەوت و تێبینیمانکرد کە لە ســنوورەکانی- بڕێک وشــەی ئایدیالییــدا، هێمایــە بــۆ پەرەســەندنێکی تــاک و تەنهای سروشــت لە خــوارەوە تا بە ســەرەوەی پلیکانەکە دەگات، مــرۆڤ و ئاگایی مرۆڤ بەو جۆرە تیایدا وێناکراون زادەی ئەم پەرەســەندنە سروشــتییەن (لە شــێوەی چوونیەکیــی خود و بابەتدا) و ســەبارەت بــە ئاگایی مرۆڤ شــیان و توانای دەستنیشانکردنێکی پرۆســەی سروشتیی چوونیەکی لەخۆگرتــووە، چونکــە ئەو خۆی لەنێو ئەم پرۆســەیەدا لــە یەک کاتدا هــەم ئۆرگان و هەم ئەنجامە. لەگەڵ ئــەم وێناکردنەی یەکێتییدا- بەڵێ وێناکراو لەنێو سنوورەکانی بڕێک وشەی ئایدیالییدا- کە یەکێتیی مرۆڤ و سروشــتە، شــیلینگ، بە پلــەی یەکەم، یاخود یەکەمجــار، کۆتا قۆناغ دەبڕێــت؛ «چونکە ئەو ئاگاییەی خود کە مرۆڤ دەســتدارێتی، هەرگیز ئاگایــی ئەو سروشــتە نییە کە بــەو هەموو قۆناغــەدا تێپەڕیوە، بەڵکو کتومت لە خۆئاگایی خۆی بەولاوە زیاتر نییە و بە هیچ جۆرێکیش شیان و توانــای ئاگاییەکی زانســتیی هەر گۆڕانێکــی نەگرتووەتە خۆ، یاخود نەکردووەتە پێویســت. ئەم گۆڕانە گشتیی- گەردوونییە لای ئێمە وەک خۆی هەر بە نامۆ دەمێنێتەوە و شیاوی دواییهاتن نییە بە هەر ڕادەیەک بێــت بــەو جۆرە دەبێــت ئەگەر هیچ ڕۆژێــک لە ڕۆژان لەگــەڵ ئێمەدا هیچ پەیوەندییەکی نەبووایە»(١). پرۆسەی سروشت، تا ئەو ڕادەیەی- بەو چەشنەی شــیلینگ ئێستا وێنای دەکات- دەشێت بزانرێت، هەرگیز

١- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

زانستی مرۆڤ ڕووناک ناکاتەوە، هەروەها چالاکییە کردەییەکەیشی ناتوانێت لە ئاشناکردنی بە قەوماوی دەرەکیی بەشداریی بکات؛ «تەواو دوورە لەوەی مرۆڤ و کردارەکەی وا بکات جیهان ڕوون و مایەی تێگەیشتن بێت، لەڕاستییدا ئەو خۆی دوورترین شتە لە شیان و توانای ئەوەی دەرک بکرێت»[1].

بەڵام شیلینگ، لە ڕێگای ئەو بڕینەوە کە ئەم ڕایەڵە دەبڕێت، بەڕوونیی هەڵوێستێکی دژ بە پەرەسەندنگەرایی وەردەگرێت. ئێستایش بە چەشنێکی گاڵتەجاڕانە باس لە بیرۆکەی پێشکەوتنێکی بێ سنوور دەکات کە بە بڕوای ئەو ناشێت لە «پێشکەوتنێکی بێواتا» بەولاوە زیاتر بێت. باس لەم «پێشکەوتنە کە نە ئۆقرە دەگرێت و نە دەبڕێت دەکات، کە تیایدا سەرەتای شتێکی دروست نوێ و دروست جیاواز و دیکە دەبینین، کە بەشێکە لە بەندەکانی باوەڕی دانایی نوێ»[2]. ئەم ڕەتدانەوەیەی بیرۆکەی پێشکەوتن، شیلینگ بەرەو ئەوە دەبات، کە هەروەها بیرۆکەی پەرەسەندن لە نزمترەوە ڕووەو باڵاتر و لە بڕێک سەرەتای سەرەتاییەوە بەرەو ژمارەیەک قۆناغی پتر و پتر بەرزتر بداتە دواوە. لێرەیشدا دیسان بەتوندیی بەرهەڵستیی ئەو تیۆرییە دەکات کە پێشتر بە شێوەیەکی گەوهەریی، یاخود سەرەکیی لە ژێر کاریگەریی ئاراستە دیالەکتیکییەکانی ئایدیالیزمی بابەتییدا لە ئەڵمانیا گەشەی کردبوو؛ «یەکێک لەو بەڵگەنەویستانە ئەوەیە هەموو زانست و هەموو هونەر و هەموو ڕۆشنبیرییەکی مرۆیی، دەبوو بڕێک دەستپێکی بەدبەختانەیان هەبووایە»[3].لەو سۆنگەیەوە کە پەرەسەندن، سەبارەت بە شیلینگ، ناشێت لە نزمترەوە بەرەو باڵاتر ڕووبدات، هەر بۆیە هەروەها ناشێت، سەبارەت بە ئەو، بەرهەمی ناونشینی هەمان

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل٧. لێرەدا شیلینگ پێش بیرۆکەیەکی شیرین لای بوونگەرایی نوێ لە هایدیگەر تا یاسپەرس دەکەوێت، بیرۆکەی ئەوەی کە؛ مرۆڤ لە بنەمادا دەرک ناکرێت.

[2]- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ٢، ١، ل٢٣٠.

[3]- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨.

هێزەکانــی خــۆی بــن، پەرەســەندنی مرۆڤ ناشــێت ئەنجامــی کار و کردەوەکانــی خۆی بن. لەبەرئەوە «ئەو بۆچوونە زاڵەی پێیوایە مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەر لە ســەرەتاکانەوە بۆ خۆیان جێهێڵراون، «کوێرانە»، بەبێ هانا و یارمەتیی (numen)ی خودایەک، بە شوێن ڕێگای خۆیاندا گــەڕان، ڕادەســتی ڕێکەوتی هــەرە بێبەزەیی بوون و شــوێنی خۆیان لــە دەیجورەکانی تاریکاییدا دەگەڕان“ لە دیدی شــیلینگدا ئەمەیش هەر دیسان هەڵەیە[1].

لــە کۆتایــی خەمڵاندنەکــەدا، لــە ڕوانگــەی شــیلینگدا چــی تر هیچ پەرەسەندنێک بوونی نەما، بەڵام لە لاوێتییدا، کاتێک کە گرێدراوی گۆتە بوو، ســەبارەت بە بناغەدانانی فەلســەفییانەی ئەم پەرەســەندنگەراییە دەســتگیرۆیی کردبــوو، کــە لــە دژی تیۆری سروشــتیی چەســپاوی ئەیســتاتیکی (یاخــود ئەوەی کــە «ژمارەیــەک داڕمــان» دەیبڕێت)ی کوڤــێ (Cuvier) و لینە (Linné) وەســتایەوە، ئێســتا لە دژی هەمان پەرەســەندنگەرایی کوڤێ بانگەواز دەکات و بە پشتبەســتن بە ئەویش، خــودی بنەمای پەرەســەندن خــۆی دەداتە دواوە، بەڵکــو تەنانەت ئەم پەرەســەندنگەراییە بەرەو گێلیی و ئەستەم دەبات کاتێک دەڵێت؛ «هەر کەس بە پەرەســەندنێکی مێژوویی ڕاســتەقینە بــاوەڕی هەیە، ئەوکات پێویســتە لەســەری چەنــد خولڤاندنێکــی یەک لــەدوای یەک پەســەند بــکات»[2]. کەواتــە بەڵگەنەویســتەکە، لە سروشــت و لە مێژوویشــدا، ناشــێت ڕووداوەکان دوا ئەنجامــی ئــەو هێزانە بن کە بەشــدارییان لە هاتنیانــدا کــرد، بۆ ئەوەی شــتێکی نوێ لــە ڕووی چۆنێتییەوە لەدایک ببێــت، پێویســتە «خولڤاندنێک» هەبێــت- بەڵام ئێمــە زۆر چاک ئەوە نازانیــن، کە لە چ شــتێکدا ئــەم دەســتوەردانە لەلایــەن هێزێکی باڵای ترانســێندێنتاڵەوە لە ڕووی کردەییەوە کاریگەرترە ئەگەر تەنها جارێک ڕوو بــدات، نەک چەند جارێــک. دیماگۆگیاکەی شــیلینگ بەو جۆرەیە،

١- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩.
٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٨.

که بەگوێرەی پێویســتییەکانی بابەتەکــە، گاهێک بە هۆی بڕێک بەڵگەی نیمچە زانســتییەوە لە دژی دیالەکتیکی هیگڵ مشتومڕ دەکات و گاهێک بە هۆی «بنەماکان»ی لاهوتی نائەقڵانییەوە لە دژی زانســت بە گشتی مشتومڕ دەکات.

ئــەم پەرەپێدانانەی شــیلینگ دەربــارەی مێژوو، گومانــی تێدا نییە دژوازییەکــی ڕەهــا لەگــەڵ «بیرۆکــەی دروســت و ڕاســتگۆیانەی لاوێتییەکەی» و لەگەڵ بیرکردنەوەی ســەرەتاکانیدا پێکدەهێنێت، بەڵام لەلایەک لە ناوەڕۆکدا لە زایەڵەی فەلســەفەی ڕۆمانتیکیی کۆنەپەرستی گەڕانەوە بەولاوە زیاتر نییە و لەلایەکی ترەوە لەڕاســتییدا تەنها درێژە بە ئاراستەی کۆنەپەرستی قۆناغی سەرەتای دەدات و درێژی دەکاتەوە، چونکە سەبارەت بە مێژووی مرۆڤ شیلینگ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە «چەشــنی مــرۆڤ وەک گشــتێک دەرناکەوێــت، بەڵکو بە شــێوەیەکی دابەشــبوو بەســەر دوو بەشــی گەورەدا دەردەکەوێت، بە جۆرێک کە مرۆیــی پێناچێت لە یەک لایەن زیاتردا هەبێــت»[1]. جیاوازییە بنەماییە چلۆنایەتییــەکان، لەنێو چەشــنی مرۆڤدا، کتومــت مولْکی گەوهەرەکەی خۆیــن، ناتوانرێــت بدرێنە دواوە؛ «بڕێک جیاوازیــی لە نموونەی وەک ئەو جیاوازییانەی لە نێوان کافر Cafres و حەبەشــی و میسرییەکاندا هەن، هەڵکشــاوانە بەرەو جیهانی هزر و ڕووەو گەردوونی نموونەکان دەگەڕێنــەوە"[2]. پــاش کەمێک (بە دەربڕینێکــی پێچاوپێچ، بەڵام واتاکە تەواو ڕوونە) بەرگرییکردنێک لە کۆیلەکردنی ڕەشپێستەکان لە ئەفریکا بە شــوێندا دێت (لێرەوە تا تیۆریــی ڕەگەزەکانی گۆبینو Gobineau هەنگاوێکە).

گومانــی تێــدا نییــە، شــیلینگ هێشــتا وەک بناغەیەک بۆ فەلســەفە نوێیەکــەی خــۆی دەربــارەی دەوڵــەت ئەمــە دەدات "ئەقڵــی بابەتیی، کــە نیشــتەجێی شــتەکان خۆیانــە"؛ بەڵام ئــەو ئەقڵەی کە بــۆ نموونە

١- شیلینگ، ل٥٠٠.
٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٣.

"نایەکسانیی سروشتیی دەکاتە مەرج"، کە "جیاوازیی، هەڵکۆڵراو لەنێو جیهانی نموونەکان، لە نێوان فەرمانڕەوایان و فەرمانبەرداران"دا[١] دەسەپێنێت. هیچ کەڵکێکی نییە ئەوە ڕوونبکرێتەوە لە چ ڕوویەکەوە ئەم ڕوانگانە، کە بناغە فەلسەفییەکەیان «ڕواڵەتبازیی»ی ڕۆمانتیکییە، ڕاستەوخۆ بەرەو نائەقڵانییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هالەر و ساڤینیی هەنگاو دەنێت، کە دەڵێن؛ دەستوور و ڕێسا و یاسا مافەکییەکان شیانی دروستکردنیان نییە. با تەنها بە ئاماژەکردن بۆ ئەوە بەس بکەین کە شۆڕش لە دیدی شیلینگدا ئەوەیە؛ «کاتێک خوازراو دەبێت، تاوانێکە بە هیچ شتێک بەراورد ناکرێت، هیچ هاوتایەکی نییە، ڕەنگە تەنها تاوانی کوشتنی باوک نەبێت»[٢]؛ لێرەدا باشتر لە هەر کاتێکی تر تێدەگەین چۆن فەلسەفەکەی شیلینگی بەساڵاچوو ئامادە بوو بۆ بۆ گێڕانی ڕۆڵی فەلسەفەیەکی فەرمیی کۆنەپەرستیی پرۆسیی لە سایەی گلیۆمی چوارەمدا.

هەروەها تێدەگەین بۆچی دەبوو سەری ڕمی مشتومڕی شیلینگ لە دژی فەلسەفەکەی هیگڵ بەرەوڕوو بێت، چونکە وێڕای کۆنەپارێزیی و دوودڵیی و یەکلاکردنەوەکانی و گەمەی ناڕۆشنی نێوان فەلسەفە و لاهوت، ناوەڕۆک و گەوهەری میتۆدە دیالەکتیکییەکەی هیگڵ بزاوتی چەمکی خۆیی خۆبەخۆیە، وەک بەڵگەنەویستێک یەکەیەکی ناونشینی سۆنگەیی تێهەڵکێش بە جیهانی سەرزەمینیی دادەنێت، هیچ شوێنێک بۆ هەر ترانسێندێنتێک لەنێو سروشت، یاخود لەنێو مێژوودا جێ ناهێڵێت. ئەمە سەرچاوەی تۆمەتە سەرەکییەکەی شیلینگە؛ «لای هیگڵ، فەلسەفەی نەرێنیی ڕەتدەرەوە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ڕاستیی بە تەنها لای خۆیەتی و هەست بە پێویستیی بۆ تەواوکردنی خۆی بە هۆی فەلسەفەیەکی خاکیی ئەرێنییەوە ناکات».

شیلینگ، لەو ڕەخنەکردنەیدا کە ڕەخنەی هەر ئەرێنیی و

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٧ و ل٥٤٠.
٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٧.

پێشــکەوتنخوازییەک –میتۆدی دیالەکتیکــی–ی لای هیگڵ دەکات، تەنها بــەو هێندە بەس ناکات ئەو ڕێچکەیە لای هیگڵ ڕوونبکاتەوە کە بەرەو ناخوداباوەڕیــی هەنگاو هەڵدەگرێــت. هێما بۆ ئەوە دەکات ڕادیکاڵیزمی سیاســی و ناخوداباوەڕیی لای هیگڵییە چەپڕەوەکان، کە پەیتا پەیتا بە ئاشــکرا خۆیــان دەردەخــەن، لەمپەرێکی لۆژیکیــی و بێچەند و چوون هیگڵیزمە. تاوانە بنچینەییەکەی هیگڵ ئەوەیە کە ئەو، واتە هیگڵ، ئەوەی تەنهــا بــە هۆی هێز، یاخود شــیانەوە لەنێو فەلســەفەی نەرێنییدا هەیە وەک «ڕەوتــی گۆڕانی ڕاســتەقینە» تەماشــا دەکات. – «لەپاش دانان و جێکردنــەوەی ئەوە، لەو ســۆنگەیەوە کە خــودا بەگوێرەی هەبوونی تایبــەت، یاخــود بنچینەیی خــۆی تەنها بــە ڕێگای هێز، یاخود شــیان لەنێــو ناجیاوازدا ئامادە بووە و لەو ڕوانگەیەوە کە جووڵە لەنێو خوادا دانەنرابــوو، یاخود جێــی نەکرابووەوە، بەڵکو لەنێــو هەبوودا دانرابوو و جێــی کرابــووەوە، هەڵهاتن لە بیرۆکەی پڕۆســەیەک کە تیایدا خودا بە شــێوەیەکی بەردەوام و تاهەتایی بەرجەســتە ببێــت و تەنانەت لەو ئەندێشــە نامۆیانــەی ژمارەیک مرۆڤی بەدتێگەیشــتن، یاخــود بەدنیاز ســەرباری ئەم بیرۆکەیەیان کرد، چی تر شیانی نییە...»[1]. شیلینگ، لە شــوێنێکی تردا، ڕاشکاوانە شــیوەن بۆ تێکەڵکردن لە نێوان فەلسەفەی ئەرێنیی و فەلســەفەی نەرێنیی دەکات؛ «ڕیشــەی ئەو شــپرزەبوون و گێلییانە لێرەدایە کە تێیکەوتوون: کاتێک ویســتیان خودا بە چەشــنێکی وەرگیراو لەنێو پڕۆســەیەکدا کە بێچەند و چوونیی داوەریی دەکات و پاشان لەو سۆنگەیەوە کە ئەمە بەس نەبوو، پەنایان بە ناخوداباوەڕیی پەتیــی ســادە بــرد. ئــەم تێکەڵکردنە پێشــگیریی کرد لە تێگەیشــتن لە جیاوازیی {نێوان فەلســەفەیەکی ئەرێنیی و فەلسەفەیەکی نەرێنییدا– ج. لوکاچ}»[2]. بەسەریدا تێناپەڕێت تێبینیی ئەوە بکات بیر و بۆچوونەکانی هیگڵ، لەدوای ئەوەی بەختی خۆیان «لە ناوەندە باڵا و ڕۆشنبیرەکاندا»

١– شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٤.
٢– شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ٢، ب٣، ل٨٠.

لەدەستدا (واتە لەنێو بیرۆکراتیزمی پڕوسییدا)، لە پلەوپایەکۆمەڵایەتییە نزمترەکاندا سەقامگیربوو و لەوێ پاریزگاریی لە خۆی کرد»[١].

ئەم ئاشکراکردنەی دیالەکتیک لە باڵاترین شێوەیدا کە پێیگەیشتووە، وەک ناخوداباوەڕ و شۆڕشـگێڕ و میللییگەرێکی- ڕەشـۆک، دەبوو تا دێت بەکێشتر بێت لەو ڕووەوە سەرچاوەکەی شیلینگی هاوڕێی لاوێتیی هیگڵـە، کـە دامەزرێنەری بەشـدارە لەگەڵیـدا لە دیالەکتیکـی ئایدیالیی بابەتییدا، ئەو مرۆڤەی فەلسەفەی لاوێتییەکەی (ئەو فەلسەفەیەی ئێستا بـە نەرێنیـی ناودێـری دەکەن)، بە بـڕوای خودی هیگڵ خـۆی، خاڵی ڕاسـتەوخۆی مێژوویی دەسـتپێکردن بوو بۆ گەشەدان بە دیالەکتیکی (هیگڵیـزم). شـیلینگ بیری لەوە دەکردەوە لـەو ڕێگایەوە، کە واتایەکی پێچەوانەی واتای ڕاسـتەقینەکەی لەنێو دیالەکتیکی هیگڵییدا دەربارەی فەلسەفەی نەرێنیی دەرخست، لەڕاستییدا گورزێک لە هەواردارانی هیگڵ دەوەشـێنێت کە جارێکی تر هەڵناسـنەوە و ئەوان، تەنها ئەوانەیان لێ بترازێت، کە بەبێ هیچ ئومێدێک بۆ گەڕانەوە «ڕیشـەیان داکوتابوو»- کەواتە لیبراڵیسـتەکان بە هەموو پلەوپایە و ڕەنگێکەوە-، پەیوەندیی بە سەربازگەی فریدریک گلیۆمی چوارەمەوە دەکەن.

بەڵام مشـتومڕەکەی شـیلینگ تەنهـا لە چوارچێوەی بەم شـێوەیە قۆسـتنەوەی دەسـەڵاتدا قەتیـس نامێنێت کە فەلسـەفەی لاوێتییەکەی دڵسۆزانە پێیبەخشیوە. بەڵێ، ئەو سەنگ و قورسایی هێرشەکەی خۆی دەخاتە سـەر ڕووی پێشـکەوتنخوازانەی دیالەکتیکی هیگڵیی، بەڵام لە مشـتومڕەکەیدا بڕێک بابەت دەردەکەون لێهاتووانە ڕۆشـنایی دەخەنە سەر لایەنەکانی لاوازیی لای هیگڵ. لە دواییدا دەبینین ئەم مشتومڕکردنە لـە شـێواز و میتۆدیدا دیماگۆگییانەیە و لە ڕووی ئامانجەکانیشـییەوە تاریکپەرسـتیی ئامانجێتـی، بـەڵام پێویسـتە سـەرنجی ئـەوە بدرێت بڕێـک خاڵی لاوازیی ڕاسـتەقینە دەردەخـات، کەمبایەخترین خاڵەکانی لاوازییـش نین لەنێـو دیالەکتیکی ئایدیالیزمی بابەتییـدا؛ ئەو خاڵانەی

١- هەمان سەرچاوە، ١، ب١٠، ل١٦١.

لاوازیی کە ڕەخنەکردنیان بەدروستیی دەتوانێت ڕووەو قەڵەمبازێک لە میتۆدی دیالەکتیکییدا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت. لێرەدا دەبینین قۆناغەکانی پەرەسەندنی نائەقڵانییەت لە هێڵی تایبەتی نائەقڵانییەت خۆیەوە هەڵناهێنجرێت، بەڵکو لە ئاستەنگ و کێشە بەرهەستەکانی قۆناغەکانی پێشکەوتنی ساز و هاوئاهەنگ لە کۆمەڵ و بەم پێیە لە ئایدیۆلۆژیادا هەڵدەهێنجرێت. لە سالانی چلدا ئەو کێشەیەی خرابووە ڕوو گواستنەوە و چوون بوو لە دیالەکتیکی ئایدیالییەوە بۆ دیالەکتیکی ماتەریالیی. کەواتە، لە دیدی میتۆدەوە، ڕەخنەکردنێکی ئایدیالیزمی بابەتیی لەلایەنی ڕاستەوە چەقی کۆششە نائەقڵانییەکان پێکدەهێنێت، چونکە ئامانجی پێشگرتنە لە گواستنەوە بۆ دیالەکتیکی ماتەریالیی و ئامانجی وەرگۆڕینی ئایدیالیزمی بابەتییە بۆ سۆفیزم. لە سەروەختی لەبەریەکهەڵوەشانی هیگڵیزمدا، ئەم ڕێچکانە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە مشتومڕ لە دژی هیگڵ گێڕا. پێشتر ئەوەمان ڕوونکردەوە.

ئەو کێشە سەرەکییەی لەبەریەکهەڵوەشانی هیگڵیزم دەیبزوێنێت، ئەو کێشە دێرینەیە کە هەموو سەردەم و کاتێک فەلسەفەی دابەش کردووە؛ ئایدیالیزم، یاخود ماتەریالیزم، بەرتریی بوون، یاخود بەرتریی هۆشیاریی. ئایدیالیزمی بابەتیی، لەگەڵ تیۆری شوناسی خود و بابەتدا، شتێکی دۆزیبووەوە لە چارەسەر دەچوو. پێشتریش، لەسەر بناغەی ئەم بنەما لەرزۆک و ڕزیوە، ویستی بونیادە سەرکەش و بڵندەکە دابمەزرێنێت، بونیادنانی سیستەمێکی دیالەکتیکیی. کاتێک لە شۆڕشی تەممووزەوە لە فەڕەنسا ململانێی چینەکان لە هەموو لقەکانی فەلسەفەدا تاوی سەند، بووە هۆی شەقبوونی ئەم چارەسەرە وەهمی و ساختەیە. لە فەلسەفەکەی فۆیرباخدا لەبەریەکهەڵوەشانی سیستەمی هیگڵیزم بە دوا لوتکەی خۆی دەگات، ئەمەیش لە هەمان ئەو سالانەدا کە لە ماوەیدا شیلینگ لە بەرلین وانەی دەگوتەوە.

بەهەرحاڵ، پرسی بەرتریی بوون لە هۆشیاریی، لەنێو تیۆری زانیندا کە بە هۆیەوە شیلینگ بەرهەڵستیی هیگڵ دەکات، ڕۆڵێکی سەرەکی

دەگیرێت. لەو شیکارییەماندا کە شیکاریی وەهمەکەی شیلینگ دەکەین، ئەو وەهمەی کە پێشتر وای لێ دەکرد لە فەلسەفە نەرێنییەکەیدا هەمان فەلسەفەی لاوێتییەکەی ببینێت و هەروەها وایشی لێ دەکات پێیوابێت کە ئەمە، بەبێ گۆڕین، شیانی ئەوەی هەیە تەنها بە هۆی فەلسەفەیەکی ئەرێنییەوە تەواو بکرێت، ڕوونمان کردەوە کە ئەو بەکردەوە دەستی لە پێگەکانی شوناسی-بابەتدار هەڵگرت. ئێستا کاتێک فەلسەفەکەی هیگڵ ڕزگار دەکات، چاری ناچارە پرسی بەرتریی بوون لە هۆشیاریی بچەسپێنێت. ئەو چەندین جار ئەو کارە دەکات، لایەنی کەم لەگەڵ یەکەم تەماشادا و بە ڕووالەت، زۆر بە ڕوونیی و وردیی. بۆ نموونە دەربارەی دژبەریی باڵا و یەکێتیی باڵا لە فەلسەفەدا دەدوێت و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە «بەرتریی لەم یەکێتییەدا لە لایەنی هزردا نییە، بوون یەکەمە، هزر لە دووەم بەولاوە زیاتر نییە، تەنها بە شوێندا دێت و هیچی تر»[١]، یاخود لە شوێنێکی تردا «نەک لەبەرئەوەی کە هزرێک هەیە بوونێک هەیە، بە پێچەوانەوە؛ لەبەرئەوەی بوونێک هەیە، هزرێک هەیە»[٢].

بەم نزیکانە دەبینین ئەو جەختکردنەوانە قەوماو بە چی دەگەیەنن. ئێستا با ئەو پرسە بنەماییە، یاخود سەرەکییە کە لێرەدا دەرکەوت بە پرسێکی تر تەواو بکەین کە لە پڕۆسەی لەبەریەکهەڵوەشانی هیگڵیزمدا هیچ لەو کەم «تاهەتایی»تر و ناوەندیتر نییە، بەڵام چارەسەرکردنی تەنها لە ماتەریالیزمی مێژووییەوە شیانی هەبوو؛ کێشەکانی پەیوەندییەکانی تیۆریی و پراتیک. سیستەمی هیگڵیزم بە چەشنێکی تەواو تێڕامانەکیی بە کەماڵ دەگات، لەگەڵ وەبیرهێنانەوەی هۆشیارانەی «theoria“ {ڕوانگە، تیۆری}ی ئەرستۆ، ئەگەرچی میتۆدەکەی هیگڵ پێش ئەوە ژمارەیەک لە کێشەی گرنگی پەیوەست بە کارلێکی نێوان تیۆریی و پراتیک بە دونیا هێنا- بەتایبەتی سەبارەت بە پرسی کارکردن، ئامرازەکان و...

١- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ٢، ب١، ل٥٨٧.
٢- سەرچاوەی پێشوو، ٢، ب٣، ل١٦١، کورتە تێبینی.

هتـد، کە هیگڵ بە تیۆلۆژیا {زانسـتی ئامانجەکان}ــەوەی گرێ دەدات. قۆناغــی لەبەریەکهەڵوەشــانی هیگڵیــزم لێرەدا لە نێــوان دوو دژبەری چەوتــدا دەبزوێن؛ لەلایەک، هەوڵە نموونەییــەکان لەپێناوی تێپەڕاندنی ئەنجامی تێڕامانەکیی سیســتەمەکەی هیگڵ زۆر جار لە خودگەراییەکی لە تەرزی فیختەدا کۆتایی دێت (برۆنۆ باوەر B. Bauer، موزس هیس M. Hese). لەلایەکی تر، فۆیرباخی سەرقاڵی تێپەڕاندنی خودگەرایی و لاهوتی هیگڵ شــێوە تێپەڕاندنێکی ڕیشەیی، دەکەوێتە نێو ماتەریالیزمی "تێڕامانەکیی"ــەوە. کەواتــە کێشــەکە، ئەگەرچی ئــەوکات بە ڕادەیەک تاوی ســەندبوو کردبوویە چەقی شەڕی فەلســەفیی، لەگەڵ ئەوەیشدا بەر لە پەیدابوونی ماتەریالیزمی دیالەکتیک بەبێ چارەسەر مایەوە.

جێی سەرسوڕمان نییە شیلینگ، لەگەڵ ئاگایی و هەستکردنی توندیدا بە هەنوکەییێتیی فەلســەفیی، ســەبارەت بەم پرســەیش دیســان، واتە پرســی تیۆریــی و کارکردن، بزمارێکی ڕەوانەی فەلســەفەی ئەقڵ لای هیگڵ کرد. لێرەدا ئەو ئامانجەی کە ئامانجی شیلینگە، تەنانەت لە ڕشتە هەرە گشتییەکانیشــدا ئامانجێکــی بینراوە، چونکە لــە جیاوازیی نێوان فەلســەفەیەکی نەرێنیی و فەلســەفەیەکی ئەرێنیــی دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ نموونە هێنانەوە بە "قەیران لە زانستەکانی سروشتدا"- ئەم قەیرانەیش ڕاســتییەکی قەومــاو بوو-، لەگەڵ بەشــێکی ڕەخنەیی لــە دژی هیگڵدا، دەچێتە ســەر باســی دژبەریی، یاخود کێشــەوبەرەی نێوان تیۆریی و پراتیک و دەنووسێت: "کەواتە زانستی ئەقڵیی بەرەو پاش خۆی دەچێت و بەرەو وەرچەرخان لە دژی پاڵدەنێت. بەڵام ئەم وەرچەرخانە ناشێت لــە خودی هزر خۆیــەوە ســەرچاوە بگرێت. بۆ ئەمەیــش ڕاچەنینێکی ســەرەتایی لە پراتیک پێویستە. لە هزردا شــتێکی کردەیی بوونی نییە؛ چەمکی تێڕامانیی بەتایبەتی، تەنها لەگەڵ بێچەند و چوونییدا پەیوەندیی هەیە، بەڵام پرسەکە لێرەدا شتێکە ئەودیو بێچەند و چوونیی دەکەوێت، شتێکی خوازراوە".

ئەگــەر لــە گشــتایەتییە ڕووتەکەیــدا وەریبگریــن، ئەم ڕشــتانە و

نموونەکانیـــان ئـــەوە دەســـەلمێنن کـــە شـــیلینگ لایەنـــی کـــەم ئاگایی، یاخود هەســـتکردنێکی ســـەرەتایی بە قەیرانی فەلســـەفیی ڕاستەقینەی ســـەردەمەکەی خـــۆی هەبـــووە. زۆر چـــاک دەرکـــی بـــەوە دەکرد کە کلیلی چارەســـەرەکە لە کێشـــەی بەرتریی بوون لە هۆشیاریی و لەنێو پراکسیسدایە وەک محەکی تیۆریی، بەڵام- ئەمەیش مۆرکی تایبەتمەندی لەدایکبوونی هەموو نائەقڵانییەتێکە کە دروست کاریگەرییەکی مێژوویی هەبووە- شـــیلینگ ئەم ڕشـــتانە، کە وێڕای مۆرکی گشـــتیی ڕووتیان و کە دەزانن چۆن لەو شـــوێنانەدا ئایدیالیزمی هیگڵیزم دەپێکن کە لاوازە، تەنهـــا بۆ ئەوە دەخاتە مشـــتومڕەوە تاکو فەلســـەفەی ســـەردەمەکەی خـــۆی دەربارەی پێشـــکەوتن، کە خـــۆی بۆ بەدیهێنانی ئامـــادە دەکرد، وەربچەرخێنێـــت، تاکـــو خەباتی ســـەردەم لەپێنـــاوی کۆمەڵێکی نوێ و فەلســـەفەیەکی دیالەکتیکیی خاوەند توانا سەبارەت بە گوزارشتلێکردنی بە شـــێوەیەکی چوونیەک بکاتە پووچگەراییەکی بێکەڵک، تاکو فەلسەفە ڕۆ بکاتە نێو سۆفیزمێکی خودان ڕوواڵەتێکی نوێ و ”هەنوکەیی“، بەڵام تەبا بە ئامانجە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی کۆنەپەرستیی.

ئەمـــە ئـــەو کاتـــە ڕووندەبێتـــەوە کـــە دەچینـــە نێـــو وردەکارییـــە بەرهەســـتەکانی ئەم پەرەپێدانە گشتییانەوە، چونکە شیلینگ هەوڵدەدات ناســـاندنێکی ڕوونتر و وردتر سروشـــتی ئەو بوونە بناسێنێت، کە هزر دەستنیشـــان دەکات و سەربەخۆیشـــە لێی، لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی سروشـــتیی دەچێتە سەر باسی شت لەنێو خۆیدا-ی کانت. گومانی تێدا نییـــە ئەو ڕەخنەیەی ئـــەو ڕەخنەی نیمچە تەگبیرە فەلســـەفییەکان لای کانـــت دەکات، دوورە لەوەی وەکو ڕەخنەکردنی هیگڵ بنەڕەتییانە بێت، چ ســـنوورە ئایدیالییەکانی هیگڵ بیەوێت، یان نەیەوێت. ئەو دەنووسێت و دەڵێـــت: ”ئـــەو شـــتە لەنێـــو خۆیدا، یـــان شـــتێکە une chose، واتە هەبووە، بەم پێیە ئەوکات شـــتێکە- شـــیانی زانینـــی هەیە، کەواتە لەنێو خۆیدا (بە واتا کانتییەکەی وشەکە نییە، چونکە مەبەستی کانت لە لەنێو خۆیدا ئەو شتەیە کە بەردەستی تێگەیشتن نییە). یاخود ئەو شتە لەنێو

خۆیدا دروست لەنێو خۆیدایەتی، واتە شتێکە شیانی زانینی نییە، شتێکە ناتوانرێت بنوێنرێت، بەم پێیە ئەوکات شتێک نییە une chose“[١].

بەڵام شـیلینگ کاتێـک بیر و بۆچوونەکانی خـۆی ڕووندەکاتەوە و دەستنیشـان دەکات لـەم دوالیزمەی نێـوان نازانمخوازیی خودگەرایی و ئایدیالیزمـەوە، لەنێـو جیهانی دیـاردەکان و نائەقڵانییەتی پەتیی نێو جیهانی شـتەکان لەنێـو خۆیانـدا(nouménes) سـەردەردەکات، کە بناغەی فەلسـەفەکەی شۆپنهاوەر پێکدەهێنێت (ئێمە تەنها وەکو یەکێک لـە تایبەتمەندییەکانـی نائەقڵانییەت هێما بۆ ئـەم نزیکایەتییە دەکەین- بەکردەوە شـۆپنهاوەر لەم بارەیەوە بەتوندیـی کارتێکراو بووە- نەک وەکـو پەیوەندییەکـی مێژوویی کە بوونی نەبـووە، یاخود تا ڕادەیەک بوونی نەبووە، لە نێوان شیلینگی بەساڵاچوو و شۆپنهاوەردا). شیلینگ دەنووسـێت: ”دەڵێین: بەڵێ، شـتێک هەیە سەرەتا و یەکەمینە، ئەو شتە ”لەنێو خۆدا“یە کە نازانرێت، بوون لەنێو خۆدا بێپێوانەیە و دەستنیشان نابێت، بەڵام شـتێک لەنێو خۆیدا بوونی نییە. هەموو بابەتێک objet بە لای ئێمـەوە بەرتر شـتێکی بیمارە بە خودگەرایی، واتە شـتێکە لایەنی کەم بە شێوەیەکی بەشەکیی وەک خودییەک جێگیر کراوە“[٢].

بەم جۆرە شیلینگ هەڵدەخزێتە نێو ئایدیالیزمێکی خودیی و هاوکات نێو نائەقڵانییەتێکی بێ بنیشەوە، نەک بە هۆی ویستە ڕاشکاوەکەیەوە، بەڵکـو بـە هـۆی میتۆدەکەیـەوە؛ ویسـتە هۆشـیارانەکەی بریتییە لە ماڵینـی ئاراسـتەبوون ڕووەو بیرۆکـەی شـیانی زانیـن و زانسـتی میتـۆدی دیالەکتیکیـی کـە لەنێو قەیرانی گەشـەکردندا هەیـە، نەک بە نـاوی نائەقڵانییەتێکی ڕیشـەییەوە، بەڵکو بە نـاوی «ئەقڵێکی باڵاوە»؛ «فەلسەفەی ئەرێنیی»، واتە گەڕانەوە، دامەزراو بە قەولی ئەو، ڕووەو لاهوت. هەر لەگەڵ پرسەکە بریتی دەبێت لە ڕاڤەکردنێکی بەرهەستانەی چوون لە فەلسـەفەی نەرێنییەوە بۆ فەلسـەفەی ئەرێنیی دەسـبەجێ و

---

١- شیلینگ، ١، ب١٠، ل٢٣٩.

٢- شیلینگ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

به شـێوەیەکی حـەز بزوێن بەرتریـی بوونەوەر لە هۆشـیاریی کە لە سـەرەتادا بەو هەموو پێداگرییە جەختی لەسەر کرابوو، دەڕەوێتەوە و لەبـەر چاوان نامێنێت. بە چەشـنێکی ڕوونتـر و وردتر؛ ئەو هەبووەی بـە هـۆی بڕێک وشـەی ئێجگار ڕووت و گشـتییەوە دەربارەی قسـە کرا، بە شـێوەیەک کە هەسـتی پێ ناکرێت، بێناوەندگیریی، بێلێکدانەوە، وەردەگۆڕێت بۆ هەبوویەکی ترانسـێندێنتی باڵا بەسـەر هەر ئەقڵێکدا- واتە خودا. شـیلینگ دەڵێت: «پێموایە من، پێشـتر، ئەوەم ڕوونکردەوە ئەگـەر هەبوویەکـی ژێر بوونـی هەبێت، یاخود پێویسـت بێت هەبێت، دەبێت بە شێوەیەکی بەرتر گریمانی ئەو ڕۆحە بکەم، بەڵام ئەمە هێشتا بوونـی ئەو ڕۆحـە دانامەزرێنێت، تەنهـا بە هۆی ئەقڵـەوە دەتوانرێت دابمەزرێنرێـت ئەگـەر ئەوە شـیانی هەبێت وەکو ڕەهایـەک هەبووی ئەقڵیـی و خودی ئەقڵ خۆی بچەسـپێنین. بناغەی ئەقڵ، یاخود باشـتر بڵێین سـۆنگەی ئەقڵ، ڕاستتر بڵێین تەنها لەنێو ئەم ڕۆحە بێکەموکووڕ و تـەواوەدا پێدراوە. ئەقڵ سـۆنگەی ڕۆحی بێکەموکووڕ و تەواو نییە، بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی کە ڕۆح هەیە، ئەقڵ هەیە. بەم هۆیەوە دەبینێت بناغەکانی هەموو ئەقڵانییەتێکی پایەماڵ کردووە، واتە هەر سیستەمێک کـە ئەقڵ ڕووەو بڵندیـی بنەما بەرز دەکاتەوە. تەنهـا ئەوەی ڕۆحێکی تـەواو و تەکـووزە، ئەقڵـە، بەڵام ئەو خۆیشـی بێبناغەیـە، تەنها و بە سادەیی لەبەرئەوەی هەبوویەکە il Est"[1].

ئەم «هەبوو»ە {Est} بوونی هەبوویەکە کە شیلینگی بەساڵاچووە- پێویستە، بەگوێرەی ئەو جەختکردنەوەیە ئەو جەختی لەسەر دەکاتەوە، وەک بناغـەی ئەقڵ دەربکەوێت، بەڵکو پێویسـتە دەسـەڵاتی ئەقڵ لەو بوارەدا دەسـتەبەر بکات کە بواری خۆیەتی؛ "فەلسـەفەی ئەرێنیی لەو شـتەوە کە بە شـێوەیەکی ڕەهـا لە دەرەوەی ئەقڵدایـە هەنگاو دەنێت، ئەقڵیـش تەنها بۆ ئەوە بەرقەولی دەبێت تاکو ڕاسـتەوخۆ تێهەڵکێشـی

---

[1]- شیلینگ، ٢، ب٣، ل٢٤٧ و دواتر.

دەستداریی مافەکانی ببێت"[١]. کەواتە، ئەگەر باوەڕ بە شیلینگ بکەین، ئەوە «وەهم»ێکی پەتییە ئەگەر فەلسەفەی ئەرێنیی بەو شێوەیە سەرهەڵبدات وەک ئەوەی «زانستێکی بەرهەڵستی ئەقڵ بێت»، بەڵام خودی وشەکانی خۆی پەردە لەسەر نەگونجانی لەگەڵ خۆی و دووفاقێتییە دیماگۆگییەکەی لادەدات، چونکە دەربڕینی گێلانەی؛ «زانستێکscienceی پێچەوانە و بەرهەڵستی ئەقڵ" بەڕوونیی دەریدەخات تا چ ڕادەیەک شیلینگ دەیەوێت لەنێو فەلسەفە ئەرێنییەکەی خۆیدا بڕێک شت بگونجێنێت کە ناتوانرێت پێکەوە بگونجێنرێن. بەیارمەتیی ماشێنی چەمکیی باڵای پەرەسەندنی دیالەکتیکی دەیەوێت لاهوتێکی سکۆلاستیکی و دژبەرییەکانی ئەم لاهوتە زیندوو بکاتەوە، کە هیچ چارەسەرێکی نییە.

ئەم دژبەرییە ناوخۆییانە کە هیچ چارەیەکیان نییە، گوزارشتێکی گوێڕایەڵ و نەرم لە چەمکە میتۆدۆلۆژییەکانی کۆتا فەلسەفەی شیلینگدا دەدۆزێتەوە. هەموو جیاکارییە بەناوبانگەکەی نێوان فەلسەفەیەکی نەرێنیی و فەلسەفەیەکی ئەرێنیی، لەسەر بنەمای ئەو قەوماوە شان دادەدات، کە شیلینگ دژبەرییەکی بنەبڕ و میتافیزیکی لە نێوان گەوهەری شتەکان و بوونەکەیاندا گریمان دەکات؛ "دوو شتی بە ڕەهایی لێکدی جیاوازن، کە بزانین ئەوەی هەیە ئەمەیە؛ quid sit- و ئەوەی کە بزانین ئەوە {هەبووە}- quod sit-. وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم دەمخاتە نێو گەوهەری ئەو هەبووەوە، یاخود هەروەها وا دەکات من تێیدەگەم، کە لە بارەیەوە تێگەیشتنێکم هەیە، یاخود کە من ئەو خۆی لەنێو چەمکێکدا دەستداریی دەکەم. وەڵامدانەوەی دووەم، ڕاستیی ڕوانگەی ئەوەی ئەو هەبوویەکە، تەنها و بە سادەیی چەمکێک بە من نادات، بەڵکو شتێکم پێ دەدات بەرەو ئەودیو چەمک دەچێت و بانگەشەی بوون دەکات"[٢]. ئاشکرایە شیلینگ، بە هۆی ئەو جەختکردنەوەیەوە کە بەو

١- شیلینگ، ل١٧١.
٢- شیلینگ، ل٥٧ و دواتر.

چەشــنە جەخت لەســەر ئەوە دەكاتەوە؛ بــوون ناتوانرێت لە چەمكەوە هەڵبهێنجرێــت، لەڕاســتییدا پەنجــە دەخاتە ســەر یەكێك لــە خاڵەكانی لاوازیــی نێو ئایدیالیزمە ڕەهاكــەی هیگڵ، گەرچی ڕووگەی ڕەخنەكەی كۆنەپەرســتانەیە. كاتێك بەرهەڵســتیی فەلســەفەی نەرێنیی دەكات كە برێــك ئەنجامگیریی لەپێشــترە بەگوێــرەی ئەقڵی پەتیی بەو فەلســەفە ئەرێنییــەی كە بەوپێیــە ئامادەیە، كە گەڕانەوەیەكە بــۆ ئەزموون، ئەو توێژە لە بۆرژوازییەت هەڵدەفریوێنێت كە ســووكایەتییكردنی هیگڵ (لە دوێنێدا سووكایەتییكردنی شیلینگیش)ی بە ئەزموونگەرایی و شێوازی خۆی لە بونیادنانی هەموو شــتێك بە چەشــنێكی لەپێشــترانە، پەسەند ناكات و پەســەند نەدەكرد، بەڵام ئەوەی لەسەر بیرۆكەیەكی ئەزموون كار دەكات كە بە ڕادەیەك بەتەواویی ســاختە كراوە كە ســروش بەو شــێوەیە دەردەكەوێت، وەك ئەوەی بابەتی تایبەتی ئەم ئەزموونە بێت، ئەمــە ئەو شــتەیە كە شــیلینگ دەكاتە پێشــین و باوانــی نائەقڵانییەتی نــوێ؛ چونكــە ئەویش دیســان، لە ماخ-ــەوە تا بوونگەرایــی هەنوكە، بــە تێپەڕبوون بــە پراگماتیزمدا، پەنا بــە بەكارهێنانێكی لەڕادەبەدەری وشەیەكی «ئەزموون» لە هەمان چەشن دەبات.

ئــەم ڕەخنەكردنەی هیگڵیزم لەلایەن بەرەی ڕاســتەوە لار دەبێتەوە و دەكەوێتــە نێــو ئەســتەمەوە، چونكــە بــۆ ئــەو چەمكە، واتــە؛ ئەقڵ، هەمــوو پەیوەندییەك بە قەوماوەوە دەداتە دواوە، بەڵكو شــیلینگ لەوە دوورتریــش دەڕوات. تێبینیــی دەكات كە ئەقڵ لای هیــگڵ لەگەڵ لەنێو شــتەكان خۆیاندا مامەڵە دەكات، بەڵام ئەو دەپرسێت؛ ئەو لەنێو خۆدا-یە چییە؟ ئایا بوونێتیی شــتەكانە، ڕاســتیی ئەوەی كــە هەن؟ «نەخێر، هەرگیــز، چونكــە لــە نێو- خۆ، بــوون و، چەمك و سروشــتی مرۆڤە، بۆ نموونە، وەكو خۆی دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر مرۆڤێكیش لەســەر زەوی نەبێت، وەك چۆن لە نێو- خۆ شێوەیەكی ئەندازەییە وەكو خۆی دەمێنێتــەوە، چ ئەو شــێوەیە بوونی هەبێت یان نــا». بەراوردكردنەكە بەراوردێكــی سۆفیســتانەی پەتییــە، چونكــە ئــەم شــێوە ئەندازەییــە

دانەوەیەکــە لەنێو بیــردا دەربارەی ژمارەیــەک پەیوەندیی گەوهەریی. هەروەها «فەلســەفەی ئەزموون» لای شــیلینگ دەبینێت ڕووبەڕووی ئەرکێــک کراوەتــەوە، هیــچ چارەســەرێکی نییــە ئەگەر پێویســت بێت لەســەری چەمکی مرۆڤ «بە شــێوەیەکی ســەربەخۆ» لە بوونەکەی پێکبهێنێــت. خەوشــی ئایدیالیزمــی هیــگڵ ئەوەیــە، لە کاتێکــدا کە ئەو لەســەر ئەم خاڵە هەمیشە لەسەر ئاستی کردەیی و میتۆدۆلۆژی پێ لە پەیوەندییەکی پاشکۆیەتی دەنێت، بەڵام لە سیستەمەکەدا بە پێچەوانەوە بــە جۆرێــک کار دەکات وەک ئەوەی بزوانی چەمکەکە بە شــێوەیەکی خۆبەخۆ هەموو دەستنیشــانبوون، یاخود دیارییکردنە بەرهەســتەکان بە دونیا بهێنێت. ڕەخنە ڕاســترەوانەکەی شیلینگ، لەبری ئەوەی لێرەدا بە هەمان ئەو شــێوەیەی ڕەخنە چەپڕەوانەکەی دواتری فۆیرباخ ئەوە دەکات، پەیوەندیــی گنۆزیلۆژیی ڕاســتەقینەی نێــوان قەوماو و دانەوە واتاییەکــەی بگەڕێنێتــەوە، هەموو بابەتایەتیی، هەمــوو دامەزراندنێکی چەمــک و بوونی شــتەکان لەنێو قەوماودا، دەداتــە دواوە. ئایدیالیزمی بابەتیی دەکاتە کاریکاتێرێکی خودیی، لەو پەیوەندییانە بێبەشــی دەکات کە پێشتر، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە، یاخود ناهاوئاهەنگیش بووبێت، لەگــەڵ قەوماوی بابەتیی (گەوهەر وەک دەستنیشــانبوونێکی هەبــوو لای هیگڵ) هەیبوو. بونیادی پێگە تایبەت و تەنهاکەی شــیلینگ بــەو جۆرەیــە کــە فەلســەفە نەرێنییەکەی ئەو، لــە ســایەی ڕوواڵەتە مەبەستدارەکاندا، واتە ڕوواڵەتەکانی ئایدیالیزمێکی بابەتیی، تا دوا ڕادە دەبێتــە خودیی و پڕاگماتیی. تەنانەت ئەو خۆی بە هەوڵی دامەزراندنی ئەو کاتیگۆرییانەیشــەوە ماندوو ناکات، کە تازەکی لەنێو خود (Sujet) دا نووســیونی (لــە هەمــوو قەوماوێکی بابەتیــی خاڵییــان دەکاتەوە)، بــەو جــۆرەی نوێنەرانی ئایدیالیزمی خودیی پێشــتر کردیان. ئەمە ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە بوون، لە ڕوانگەی شــیلینگدا، (ڕاستیی و قەوماوی ئەوەی شــتێک لە شــتەکان بوونی هەیە) لە هەموو ناوەڕۆک و لە هەمــوو ئەقڵانییبوونێک، داماڵراوە؛ کەنــدەڵان، یاخود ژاوەژاوێکە

لــە نەبــوون، لە ژێــر بانگەشــە و گەزافــی ئەقڵانییبوونێکــی خودابیدا شاردراوەتەوە.

بونیادی میتۆدە ناوخۆییەکەی شیلینگ، کاروان و ڕەوتە نادڵنیاکەی، کۆششــەکانی لەپێناوی یەکخستنی ئەو شــتەدا کە لە یەکخستن نایەت، لەڕاســتییدا تایبەتمەندیــی فەلســەفەیەکە کە لە نێوان دوو ســەردەمدا وەرگیــراوە، لەنێــو ڕابەرایەتیــی ئایدیۆلۆژیــی جووڵانەوەیەکــدا جێی کراوەتەوە، مۆرکە چینایەتییەکەی ئاڵۆز و شێواوە. ئەو ڕۆڵەی شیلینگ لــە هەوڵەکەی فریدریــک گلیۆمی چوارەمدا دەیگێڕێــت، واتە لە هەوڵی گەڕانەوەی ڕۆمانتیکیی و ڕەهاگەرایی و خانەدانگەراییدا، ئەو ڕۆڵەیە کە ئەم ڕووە "بونیادگەر"ەی نێو سیستەمەکەی دەستنیشان دەکات و هەر ئەویشــە وای لێ دەکات لە کۆتاییدا ببێتــە درێژپێدان و تەواوکردنێکی فەلســەفەی گەڕانەوە و ئاراســتە و ڕێچکەکانی بــادەر و نموونەکانی. هەرچــی پێکهاتــە بۆرژوازییەکانــی نێو کۆنەپەرســتیی پرۆســییە، بە پێچەوانەوە دەبنە مامانی توخمە نائەقڵانییەکان و ڕێچکەی ئایدیالیزمی خودیی نێو کۆتا فەلســەفەکەی، ئەو توخــم و ڕێچکەیەی کە لە دواییدا بوار بەو دەدەن، وێڕای ئەوەی فەلسەفەکەی بەگشتیی بەخێرایی چووە ساڵەوە و پیر بوو، ببێتە پێشینی ڕێگاخۆشکەری نائەقڵانییەتی نوێ، کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت.

هەمان کەلێن لە پەرەپێدانە بەرهەستەکانی شیلینگ دەربارەی کێشەی پراکسیس دەپەڕێتەوە. پێشتر بینیمان چۆن شیلینگ، شێوە دروستییەکی ڕێژەیی، ڕەخنەی مۆرکی تێڕامانەکیی سیستەمەکەی هیگڵ دەکات، بەڵام دەمێنێتــەوە ئەوەی ئەم ڕەخنەیــە، وێڕای ڕەوایەتییــە مەرجدارەکەی، کۆنەپەرســتانەیە و گەڕانەوەیەکی گەورەیە بەرەو پاشەوە بە بەراورد بە فەلســەفەی کلاسیکی. پێشتر فەلســەفەی کلاسیکی، لە چوارچێوەی ئایدیالیزمــدا، هەوڵیدا بابەتایەتیی کاری مــرۆڤ لە ئابووریی و کۆمەڵ و مێــژوودا ئازاد بکات و دەربخــات. ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی کە ڕوانگەی

چەشـنی گشـتی[1] (générique) لای هیگڵ دەیگیرێـت، لەلایەک ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو لە بونیادی چینایەتیی کۆمەڵ تێنەگەیشتووە، چونکە پەرەسـەندنەکەی بۆ پەرەسـەندنێکی چەشنی مرۆڤ بە گشتیی دەکاتە پەرەسـەندنێکی سـۆفییانە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە هیگڵ خاوەنی مەیلێکە بۆ دەستنیشانکردنی بوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لـە ڕووی فەلسـەفییەوە وەک مۆرکێکی گەوهەریی ژیـان و پراتیکیی مرۆڤایەتی کە ناتوانرێت بە شـێوەیەکی ئەبسـتراکت پشتگوێ بخرێت. مەیلە دژبەرەکانی نێو سیسـتەمەکەی شـیلینگی بەساڵاچوو، لێرەیشدا دیسـان لەنێو قەوماو و ڕاسـتیی ئەوەدا دەردەکەوێت، کە بەشـێک لە فەلسـەفەکەی ئامانجی دەسـتەبەرکردنی ڕەوایەتییەکی فەلسەفییانەی کۆنەپارێزیی دەرەبەگایەتیی و ستەمکارییە (ڕێکەوت نییە فەیلەسووفی مافەکان و سیاسەتوان؛ شتال Stahl شیلینگی کردووەتە بناغە و خاڵی دەسـتپێکردن تاکو ببێتە ئایدیۆلۆژیسـتی کۆنەپارێزیی پڕوسیی ژمارە یەک).

کەواتـە پێویسـتە تووشـی سەرسـوڕمان نەبین ئەگـەر بیرۆکەی پراکسیس لەنێو فەلسەفە ئەرێنییەکەی شیلینگدا بە شێوەیەکی ڕیشەیی دژ بـە کۆمـەڵ بێت و ئەگەر ببێتـە مامانی ئەوپـەڕی تاکگەراییەک کە لـە دواییـدا تەنهـا لای کێرکەگارد و لـە قۆناغی ئیمپریالیزمیشـدا لای بوونگـەراکان لە نموونـەی دەبینین. شـیلینگ دەنووسـێت: "پێمانوایە پێویسـتیی تاکەکەس بۆ دەسـتدارییکردن لە خودا لـە دەرەوەی ئەقڵدا (واتـە نـەک هەر بە تەنهـا لەنێو بیرۆکـە، لەنێو هزردا) لەڕاسـتییدا لە پراتیک و لە کارکردنەوە بە دونیا دێت. خواسـتەکەی خواستێکی ناکاو نییە، بەڵکو ویسـتی ڕۆحـە، کە بەگوێرەی پێداویسـتییەکی ناوەکیی و لـەو تامەزرۆییەیـدا کە بۆ ئازادبـوون هەیەتی، ناتوانێت بـە بەندکراو لەنێو هزردا بمێنێتەوە. ئەگەر ئەم داخوازییە شـیانی نەبێت لە هزرەوە

[1]- واتە مرۆڤ نەک لەو ڕووەوە کە تاکێکە بەڵکو وەک چەشنێکی گشتی، وەکو (genre) (تێبینیی وەرگێڕی فەڕەنسی).

ســەرچاوە بگرێت، ئەوا هەروەها شــیانی نییە بەڵگەنەویســتێکی ئەقڵی کردەییــش بێت. ئەوە ئەقڵی کردەیــی نییە بەرەو خودا ڕێنوێنی دەکات، بەو جۆرەی کانت ئەوەی دەوێت، بەڵکو ئەوە تەنها و تەنها تاکەکەسە، چونکە ئەوە ئەو گشــتیی و هەمەکییە نییە لەنێو مرۆڤدا هەیە کە داوای شــادیی دەکات، بەڵکــو ئەوە تاکەکەســە داوای شــادیی دەکات. ئەگەر مرۆڤ (بە پاڵنەری ویژدانی خۆی، یاخود پاڵنەری ئەقڵی کردەیی) بیری لــە گونجاندنی پەیوەندییەکانــی خۆی لەگەڵ تاکەکانی تر لەســەر ئەو نموونەیــە، کە لەنێــو جیهانی نموونەکاندا هەیە، کردەوە، ئەمە ناشــێت تیایدا لە هەرە شــتە گشــتییەکانی بەولاوە زیاتر قایل بکات، واتە ئەقڵ، بــەڵام ئــەوە ناتوانێت وەکو تاکێک ئەو قایل بکات، چونکە تاک ناتوانێت داوای هیچ شتێکی تر بۆ خۆی بکات، بێجگە لە شادیی"[١].

لێرەدا دەرکەوتنێکی ســەرباری ئەو دژبەرییــە ناوخۆییەمان هەیە، کە هەموو فەلسەفەی پیریێتیی شیلینگ تێدەپەڕێنێت، وێنەی دووفاقێتیی بنکــە کۆمەڵایەتییەکــەی. ئەمــە لەباریدایــە وەک دەستنیشــانکردنێکی مۆرکی نائەقڵانییەت بەس بێت، بەبێ ئەوەی هیچ پێویســت بە چوونە نێــو وردەکاریــی ئەو بونیادەی بــکات، کە میتۆلۆژیا {ئەفســانەکان} و ســروش بونیــاد دەنێــت. وەک سیســتەم و نموونــەی سیســتەمێک، فەلســەفەکەی شــیلینگ تەنها کاریگەرییەکی ڕاگوزار و تێپەڕی لەسەر مێــژووی نائەقڵانییەت دانا. لە بەرامبەردا، پێشــتر تێبینی ئەوەمان کرد بڕێک بابەتی دابڕاو توانییان- بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یاخود بە هۆی ژمارەیــەک نێوانکارەوە- ببێت بە بڕێک بەش کە لە نائەقڵانییەتی دواتر جیا ناکرێنەوە. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەیشــدا پێویستە لەسەرمان باس لە هەندێک لەو بابەتانە بکەین، بەبێ ئەوەی پێویســت بێت شــوێنی لەنێو سیستەمەکەدا دەستنیشان بکەین.

بینیمان شیلینگ، بە پێچەوانەی خواستی ناڕەزاییەکانی، دەستبەرداری ڕەوتــە پێشــکەوتنخوازەکانی لاوێتییەکەی بوو و تەنانەت گۆڕینیشــی

١- شیلینگ، ٢، ب١، ل٥٦٩.

بـۆ دژەکانیان. بـە پێچەوانەی ئەوەوە، لە هەر شـوێنێکدا کە لەوەتەی لاوێتییەکەیـەوە ڕێگایەکی کۆنەپەرسـتانەی گرتبووە بەر، درێژەی بەو ڕێگایە دا و لەسەری بەردەوام بوو. ئەمە بەتایبەتی سەبارەت بە تیۆریی ئەریستۆکراتییانەی زانین بەو جۆرەیە. لای شیلینگی لاو بلیمەتیی هونەر بناغە وەهمییەکەی ئەو ئەریستۆکراتیزمەیە. ئێستا سروشی کریستیانی «ئۆرگانۆن»ی دەسـتەبژێری ژمـارە کەمە، ئەمەیـش بابەتێکە بەرەو ئـەو جیهانە تەلیسـماوییەمان دەبـات کە بنچینـە مێژووییەکەی بووە. سـروش، بە وتەی شیلینگ، «نە شتێکی بنچینەیی و نە شتێکی گشتییە فراوانییەکەی بۆ هەموو خەڵکی بکشـێت، نە پەیوەندییەکی هەمیشـەیی و تاهەتاییشە».

ئاوازێکی تری شیلینگ هەیە هەروەها بە شێوەیەکی ڕوونتر مزگێنی نائەقڵانییەتـی دواتـر دەدات؛ ئەو ئاوازەیش وێنایەتـی بۆ کات. با ئێمە کۆنەپەرستیی تیۆرییەکەی بۆ مێژوو وەبیربهێنینەوە، کە لێدەگەڕێت ئەو بیرۆکەی پەرەسـەندنەی لە دەورانی گەنجێتییدا پشـتیوانیی لێ دەکرد، بـە تەواویی بکەوێت. ئێسـتا بۆ ئەم دەسـتبەرداربوونە لەنێو تیۆریای زانینـدا پاکانەیـەک دەدۆزێتـەوە؛ بابەتایەتیـی کات دەداتـە دواوە، بە تەواویی دەیکاتە خودیی، لەگەڵ هۆشـیاریی ڕۆیشتنی کاتدا بەراوردی دەکات. لێرەیشـدا دیسـان، پێویسـتە، بـە مەبەسـتی بەراوردکـردن ئـەوە وەبیربهێنینـەوە یەکێـک لە توخمە هـەرە پێشـکەوتنخوازەکانی نێـو فەلسـەفەی کلاسـیکی لە کانتەوە تـا هیگڵ (هەروەها شـیلینگیش بە شـێوەیەکی بەشـەکیی) هەوڵدانێتی، کـە کەوشـەنەکانی ئایدیالیزم دەستنیشـانی کردووە، هەوڵدانێتی بۆ دامەزراندنی بابەتێتیی شـوێن و کات.

سەروەختێک شـیلینگ سەرلەنوێ، لەنێو کۆتا نووسینەکانیدا، خۆی تەرخانـی خوداندن، یاخـود بەخودکردنی کات دەکات، ئەم شـتە دوو تێبینـی دەخوازێـت. یەکەم: ئەم خوداندنەی کات گەڕانەوەیەکی سـادە نییـە بۆ پێشـتریی، یاخود لەپێشـترییەکەی کانت، بەڵکـو وەکو بناغە-

چونکە شیلینگ زۆر کەمتر لە شۆپنهاوەر و لەدوای ئەویش کێرکەگارد کێشـــەکە چارەســـەر دەکات- لەناوچوونـــی هـــەر بابەتایەتییەکی کاتە لەنێو ئەزموونی خودییـدا، کە تاکەکەس دەربارەی هەیەتی. دووەم: بە پێچەوانـــەی شـــۆپنهاوەرەوە، کە بە یەک جۆر و بە یەک پلە شـــوێن و کات دەکاتە خودیی و بەم چەشـــنە لە کانتەوە دەگەڕێتەوە بۆ بێرکلی- شـــیلینگ دەیەوێت بـــۆ کات پێگە و شـــوێنێکی نایاب لەنێو سیســـتەمی زانینـــی فەلســـەفییدا مســـۆگەر بکات. ئەوە ئەم ئاراســـتەیەیە پێویســـتە بەوپێیە جەختی لەســـەر بکەینەوە، کە ڕاســـتەوخۆ نائەقڵانییەتی دواتر ڕادەگەیەنێـت، چونکـە لەنێـو سروشـتی نائەقڵانییەتـی دواتـردا، لەو سۆنگەیەوە دەرک «ئۆرگانۆن»ی هەموو دەستنیشانکردنێکی قەوماوی «ڕاســـتەقینە»یە، مۆرکی خۆی وەکو گوزەرانکراوێک بەو ئاراستەیەدا گەورە دەکات، کە کاتی گوزەرانکراو دەکاتە گەوهەری قەوماو. لە دواییدا «فەلســـەفەی ژیان» لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا، هەروەها بە شـــێوەیەکی بەهێزتـــر لـــە شـــیلینگ ڕووەو کردنی شـــوێن بە بنەمای چەقبەســـتوو و مـــردوو و کاتـــی گوزەرانکراویـــش بـــە پێچەوانەوە بـــە بنەمای ژیان وەردەگۆڕێت و بە هەر یەکەیان بەرهەڵستیی ئەوی تریان دەکات. ئەمە لای شیلینگ تەنها بە شێوەیەکی کاتیی، لە بۆنەکاندا، دەردەکەوێت. بەم چەشـــنە ئەو ئەوە ڕاڤە دەکات کە فەلســـەفەی نەرێنیی «بە شێوەیەکی بەرتر، بە فەلســـەفەی فێرگەیی و فەلســـەفەی ئەرێنیی فەلسەفەی ژیان دەمێنێتـــەوە»[1]، بـــەڵام ئەمە لای ئەو هەر بە شـــتێکی ڕاگوزار و کاتیی دەمێنێتەوە. بەرترییەکەی کە بۆ کاتی خودێنراو و گوزەرانکراو جەختی لەســـەر دەکاتـــەوە، بە هۆیەوە تەنها لـــە بایەخی زیاتـــر دەبێت. بواری دەدات مێـــژوو بخودێنێ و بابەتێتیی پەرەســـەندن بداتەوە دواوە؛ «لەو ســـۆنگەیەوە ئێمە بە شێوەیەکی گشتی کاتەکەمان لە ڕووی بابەتییەوە ئاشـــنا نین و نازانین، بێجگە لەوەی کە، لەگەڵ جیهانی ماوەی ئێســـتادا، بابەتە pose، ئێمە خۆمان لە ئەســـتەمی گەمژانە ناپارێزین تەنها بەوە

[1]- شیلینگ، ل١٥٥.

نەبێـت، کە بڵێین: لەڕاسـتییدا، دوایین ماوە لـە کات ئەوەیە کە یەکەمی چەسـپاند، ئەوەی ماوەکانی تر تەنها بە شـوێنیدا دێن، لەوەدا کە تیایدا وەک ڕابووردوو دەردەکەوێت و ڕابووردووتریشە بە ئەندازەی ئەوەی لە دوورترەوە پێشی دەکەوێت..."[1].

ئەنجامـی ڕاسـتەوخۆی هەمـوو ئەمانـە ئەوەیـە، مێـژوو بـەر لە پەیدابوونی مرۆڤ بە جۆرێکی لێ دێت نارەوایانە لە هەموو بابەتێتییەک بێبـەش دەبێت. ئـەو ڕووداوانەی تیایـدا ڕوویاندا، بە وتەی شـیلینگ، «لـە واتا و لـە ئامانجداریی داماڵـراون، لەبەرئـەوەی پەیوەندییان بە مرۆڤـەوە نییە»[2]. ئەم بۆچوونە دەربارەی کات، هەموو فەلسـەفەکەی ئەو سـەبارەت بە مێژوو ڕەنگڕێژ دەکات. شیلینگ وەکو «سیستەمێک بـۆ کاتـەکان» لـە مێـژوو دەڕوانێـت کە «کتومـت و بە شـێوەیەکی ڕەهـا کاتـی بەر لە مێژوویـی و کاتی بەر لە مێژوویی بە شـێوەیەکی ڕێژەیـی و کاتی مێژوویـی دەگرێتەوە». ئەم کاتـە جیاوازانە لای ئەو لـە ڕووی چلۆنایەتییـەوە جیاوازن، هەموو جارێکیـش جیاوازییەکە لە ڕادەی تەواوکامڵبوونی میتۆلۆژیادایە. دەربارەی کاتی یەکەم، شـیلینگ دەڵێـت کە «بە شـوێن یەکداهاتنێکی کاتیی ڕاسـتەقینە» نەبوو، بەڵکو «بـە سـادەیی، کاتی هاوشـێوەی خودی خـۆی بوو، کاتـی ناکاتیی». ئەمەیـش ئەنجامـی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە «بە شـێوەیەکی سـادە سنووری کاتێک لە کاتەکان پێکناهێنێت، بەڵکو سنووری کات بە گشتیی پێکدەهێنێـت، ئـەو دواهەمینەیە کە هەیە، ئەوەی دەشـێت، بە شـێوەی هەڵکشـان لەنێو کاتدا، بـۆی بگەڕێینەوە. لەپاش ئەو ڕۆیشـتن، یاخود چوون لەنێو کاتی مێژووییدا شـیانی نییە. ئەو کاتە، بەڵام لەنێو خۆیدا بـەو جۆرە نییـە، تەنها لە پەیوەندییـدا لەگەڵ ئەوەی بە شـوێندا دێت

1- سەرچاوەی پێشوو، ٢، ب١، ل٤٩٧.
2- شیلینگ، ل٤٩٩. ئەم چەشنە لە پەیوەندییەکان لە نێوان هۆشیاریی ڕاستەوخۆی مرۆڤ هاوچەرخ و قەوماوی بەر لە مێژوویی جارێکی تر لەنێو ماخیزمدا دەبینین. بڕوانە: لینین؛ ماتەریالیزم و ئەزموونگەرایی ڕەخنەیی.

بــەو چەشــنەیە. لەنێو خۆیدا کات نییــە، چونکە تیایدا نە لەپێشــترێکی ڕاســتەقینە و نە لەپاشترێکی ڕاســتەقینە هەیە، لەبەرئەوەی جۆرێکە لە تاهەتایی...»[1].

ئــەم ســۆفیزمە دەربازبــووە، ئەنجامــی لۆژیکیــی ڕەتدانــەوەی دەمارگیرانەی پەرەســەندن لە مێژووی سروشــتیی و مرۆییدا، بەرەو چەقی بونیادی شــیلینگییانەی گەردوونمان دەبات، چونکە سیستەمەکە پێویســتە لەنێو «بەڵگە»ی فەلســەفی دەربارەی سروشــدا بە لوتکەی خۆی بگات. ئێمە سروشــتە ئەریســتۆکراتییانەکەی ئاشــناین. شیلینگ، کە هەمیشــە دەیەوێت بڕیــارە نائەقڵانییەکانی خۆی بــە بڕێک بەڵگەی نیمچە ئەقڵیی پشتئەستوور بکات، یاخود دەڵێت «سەر بە ئەزموون»ن، وای لێکدەداتەوە ســروش پێویســتە بــە هۆی ڕووداوێکی ســەربەخۆ لە سروشــەوە بســەلمێنرێت. «ئەم ڕووداوە ســەربەخۆیە لە سروش کتومــت ســەرهەڵدانی میتۆلۆژیایــە»(٢). بــەم چەشــنە دەبینین چۆن «کاتی ناکاتیی» کە ئەفســانەکان بە دونیا دەهێنێت، وەکو «بەڵگە»یەک دەربارەی ڕاستیی سروشی مەسیحیی خزمەت دەکات.

ئەم بونیادە سۆفیستانەیە لەنێو خۆیدا سەبارەت بە مێژووی فەلسەفە گرنگییەکی زۆری نییە. لەپاش (١٨٤٨)یش، ئەگەر دەربڕینەکەمان لە جێی خۆیدا بێت، چی تر هیچ ڕۆڵێک ناگێڕێت. ئەگەر پێشــتریش باسمانکرد، لەبەرئەوە باسمان نەکرد تاکو دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆتا فەلســەفەکەی شــیلینگ تەواو بکەین، بەڵکو باشــتر بڵێین لەبەرئەوەی ئەم میتۆدە ســەبارەت بە مســۆگەرکردنی بناغەکانی ئەو ئەفســانانەی بــە بەرهەمهێنانــی خوڵقێنەر «ڕەســەن»انەی کاتێکی «ڕەها و شــێوە هەبوونێکــی بــەر لە مێژوو هەبوو» ڕەپاڵ ئێســتا دەدرێــت، یەکێکە لە توخمــە گەوهەرییەکانی نێو نائەقڵانییەتی بەر لە فاشیســتیی «کلاگیس Klages و هایدیگەر“ و فاشــیزمی (بوملەر-Bauemler). گرنگییەکی

---

[1]- شیلینگ، ٢، ب١، ل٢٣٤ و دواتر.

[2]- شیلینگ، ٢، ب٣، ل١٨٥.

زۆری نییــە ئەگــەر ڕاســتەوخۆ کەوتبێتە ژێر کاریگەریی شــیلینگەوە، چونکە بابەتە ســەرەکییەکە بینینی ئەوەیە چۆن ئەم چەشــنە ئەفسانانە و "بناغەکانیــان" بە شــێوەیەکی لۆژیکی لەســەر بنەمــای ڕەتدانەوەی ڕیشــەییانەی پەرەســەندن لــە دایک بوون، چــۆن وێرانبوونــی ئەقڵی پاڵپێوەنەر لە مێژوودا هزر بەرەو ســۆفیزمێکی بێ بن پاڵ پێوە دەنێت. هەروەهــا ئەوەی گرنگــە ئەوەیە تێبگەین هیچ ڕۆشــنبیرییەکی هزریی، یاخود ئەیســتاتیکی و هیچ زانستێکی بەرهەســتی هەبوو نییە پارێزێک لە دژی ئەم ژاوەژاوە لە بێواتا پێشنیاز بکات، ئەگەر ململانێی چینەکان توێژێکــی کۆمەڵایەتــی و ئایدیۆلۆژیاکــەی و جەمــاوەری کارتێکــراو پێی بــەرەو ڕەتدانەوەی ڕووداوە هــەرە ڕوون و هەرە بنەڕەتییەکانی قەوماوی کۆمەڵایەتیی، یاخود گومانکردن لەو قەوماوانە پاڵ پێوە بنێت.